- من لە دڵی خۆما گوتم ((ئەمە مانای وایە ئەگەر خەونیش ببینیّ خەونی هیچ و پووچ و گەندەڵ دەبینیّ)) (پیربالّ،٢٠٠٧، ٢٣٥)

بەکارهێنانی وشەی (گەندەڵ) چ بۆ ئەو سەردەمە چ بۆ منداڵ شیاو نییە، چونکە منداڵ کەمتر ئەو جۆرە وشانە بەکاردەهێنن. هەر لەبارەی ئەو شێواز و قسانەی لە هی منداڵ ناچن، کەچی نووسەری ڕۆمانەکە لەسەر زاری منداڵەوە دەریبڕیون لە ڕۆمانەکەدا، سەرنجی ئەم گفتوگۆیە دەدەین:

- هەر چۆنێك بێت ... من واتێدەگەم ئەو بەرهەمە عەقڵییەی خەون پێشکەشی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو هێزە دەروونییانەی لە ڕۆژدا بەرهەمی هاوشێوەیان هەیە... تد.

- لەوانەیە ئەو توخمانەی گرفتە ڕۆژانەکە پەرەپێدەدەن، هەڵە و بێ بەڵگە بن ئێ ئەو کاتە خەونەکەش مایەپووچ دەبێت و خەوبینین سەرچیغ دەبات، وانییە بابە. (پیربالّ، ٢٠٠٧، ٣٠٨-٣٠٩)

لەم دەقەی سەرەوەدا ئەوەی هێڵی بەژێردا هاتووە قسەی منداڵەکەیە، بە هچ شێوەیەك لە زمانی منداڵ ناچێ واتە شێواز و زمانەکە هی ئەو تەمەنە نییە، بۆیە ناتوانرێت لە ڕێگەی زمانەکەیەوە ناسنامەی خاوەنەکەی بزانرێت لە رووی تەمەنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەر زۆر بەوردی جۆراوجۆریی زمانی پەیڕەو نەکردووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، لە هەندێك شوێندا وەك کارەکتەرەکە قسەیکردووە و لە هەندێك شوێنیشدا وەکو نووسەر (خۆی) قسەیکردووە.

- من لەوەتەی هەم و بەبیرم دێ .. هەولێر شەڕی تێدا نەبڕاوەتەوە.

- ئەم شەڕەش تەواو بێت .. شەڕێکی دیکە دیسان یەخەی ئەم هەولێرە دەگرێتەوە. (پیربالّ، ٢٠٠٧، ١٣)

لەمەی سەرەوە بەهۆی زمانی قسەکردنەکەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە قسەکە هی کەسێکی کامڵە یان بەتەمەنە، بەتایبەت بەهۆی ڕستەی (من لەوەتەی هەم و بەبیرم دێ)

**٣/٢/٢. زمان و پیشە:** زمان پەیوەندیی پتەوی بە باری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەهەمان شێوە پیشەش پەیوەستە بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، بەمەش دەشێت هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبێت. زۆر جار دەتوانین لە ڕێگەی زمانەوە کار و پیشەی کەسەکان بزانین، بەوپێیەی هەر پیشەیەك کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە. هەوڵدەدەین ئەم بابەتە بەسەر ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)دا جێبەجێ بکەین و شیبکەینەوە لەڕێگەی هێنانەوەی چەند دەقێك وەکو نموونە:

- مام پیربالّ سبحان الله.

- چی؟

- ئەو کوڕە چەند بە کوڕەکەی حاجی ئەلیاسی بازرگان دەچی

- کوڕەکەی حاجی ئەلیاسی شکۆمەند و چاپووکە.

مام موراد بە پێش من کەوت

- خەڵکی ئێرەش نییە

- لە ڕێگەیەکی دووریشەوە هاتووە

- برسی دیارە

- پارەشی هیچ پێنییە. (پیربال، ٢٠٠٧، ٨٨)

لەم دەقەی سەرەوەدا ئەوەی هێڵی بەژێرداهاتووە قسەی کەسێکە کە پیشەی چایەچییە، بەڵام ناتوانرێت بەهۆی زمانەکەیەوە بناسرێتەوە چونکە هەروەك کەسێکی ئاسایی قسەیکردووە.

نموونەیەکی تر:

- من یەکسەر گوتم

- ئەرێ بەڕاست ئەوە مەلافەندی مەلایەکی دوازدە عیلم و هێندە ئیماندارە چۆنی لێ قبوڵ دەکات.

حاجی پووشۆ گوتی

- مەلافەندی شەهابەی خۆشدەوێ، چونکە وەك کوڕی خۆی لە منداڵییەوە بەخێوی کردووە، هەر لەماڵی خۆی و لە ناو دیوەخانی خۆی گەورەی کردووە. (پیربالّ، ٢٠٠٧، ١٠٨)

ئەمەی سەرەوە دەقی یەکەم قسەی کەسیکە کە پیشەی قەسابە و هی دووەم قسەی کەسێکە پیشەی بازرگانە، کەچی هیچ جیاوازییەك لە شێواز و زمانەکەیاندا نابینرێت، ناتوانرێت بەهۆی زمانەکەوە لە یەکتر جیابکرێنەوە.

**٤/٢/٢. زمان و (شێواز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی):** هەندێك جار تاکێك لەناو کۆمەڵگادا لە یەك کاتدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین هۆکار، بۆیە هەریەکێك لەو هۆکارانە کاریگەری لەسەر زمانەکەی دەبێت، بۆ نموونە یەکێك لە ماڵەوە لەژێر کاریگەری خێزانەکەیدایە، لەلایەکی تر سەربە گرووپێکی ڕێکخراوەییە یان تێکەڵ بە گرووپێکی ڕۆشنبیری یان سیاسی دەبێت، ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر زمانەکەی دەبێت، بەمەش شێوازی قسەکردنی جیاواز دەبێت، ئەم بارە لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) دا ڕەنگی داوەتەوە، وەك:

**- بۆچی من دەبێ ئەو هەموو جەنگ و برسیەتی و دەربەدەری و گرانی و شەڕو شۆڕە یەك لە دوای یەکترانەش ببینم بەڵام بۆم نەبێ بتوانم بەلای کەمییەوە سەفەرێك بکەم؟ هیچ نەبێ ژنێك بەدڵی خۆم بهێنم.** (پیربال، ٢٠٠٧، ٣٧)

من بیرم لەوە دەکردەوە کە قسەکەی شەهابە ڕاستە

- نە ئاغایان هەیە بەری ماندووبوونیان لێ بسەنێتەوە ، نە سەرۆك عەشیرەتیان هەیە ماڵ و سامان و ناموس و کەرامەتیان پێشێل بکا، نە مەلایان هەیە بەناوی غەزاوە بیاننێرێتە جەنگەکان و یەکتر قڕبکەن و ... تد (پیربال، ٢٠٠٧، ٣٣٤)

- شەهابە ڕاستی دەکرد هەولێر بەخۆی و قەڵاکەیەوە لە دوورەوە لە دەمەکانی خۆرئاوابووندا نوقمی تەپوتۆزێکی خۆڵاوی و دێرین، عەینەن کتێبێکی گرمۆڵەی کۆن و پەڕپووت لەسەر پشتی خۆی ڕاکشابێ پر لە حەسرەت و دەرد و هاواری تاسا و بەڵام بەهیچ شێوەیەکیش دەنگی لێوە نەیەتە دەرێ.

- لەم هەولێرە هەموو ڕێگاکانی بەردەم ئینسان پڕە لە کۆسپ و چاڵ و چەوێڵ. (پیربال، ٢٠٠٧، ٣٣٨)

ئەم دەقەی سەرەوە گفتوگۆی نێوان دوو کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەیە یەکێکیان هونەرمەند و ئەویتریان قەساب، ئەو دەقەی تۆخکراوە قسەی کەسێکی هونەرمەندە، ئەوەی تریش هی پیاوێکی قەسابە بەڵام لە ڕێکخراوێکی سیاسی کاردەکات، جا لەبەرئەوەی یەکێکیان بەهۆی هونەرەکەیەوە و ئەویتریان ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی (حزبی شیوعی عیراق) یە ، بۆیە هەست بەوە دەکرێت کە شێوازی قسەکردنیان جیاوازە و پلە و پایە و گرووپەکان کاریان کردۆتە سەر زمان و شێوەی ئاخاوتنیان.

نموونەیەکی تر:

- ئینجا دینۆ بە ژنێکی ئەسمەری ... گوت
- هەجەسە ... حەمایل. (پیربال، ۲۰۰۷، ۳۲۸)
- وازبێنە جانم من بەو تەمەنەوە ژنم بۆ چییە (پیربال، ۲۰۰۷، ۳۰۰)
- مندالە ئیشتەم (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۹۱)

بەکارهێنانی دەستەواژەی ( هەجەسە ) ڕێگامان بۆ خۆش دەکات بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ ڕوونبێتەوە کە ئەمانە سەر بە تاخمێکن یا عەشیرەتێکی جیاوازن، چونکە ئەم دەربڕینە لەلای دۆمەکانی هەولێر بەکاردێت واتە (بیشۆ)، هەروەها بەکارهێنانی دەربڕینی ( جانم، ئیشتەم ) ئەوە دەگەیەنێت کە خاوەنی قسەکان هەولێرین چونکە ئەم شێوازە لەلایەن هەولێرییەکان بەکاردێن.

هەندێك جار ئەمەی سەرەوە لە ناو ڕۆمانەکەدا پێچەوانە بۆتەوە، واتە بەهۆی زمانەوە ناتوانرێت پلە و پایەی کەسەکە بزانریت. چونکە کەسەکە پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی هەیە بەڵام شێوەی قسەکردنی هەر وەکو هی خەڵکی ئاسابیە. وەك:

- گوێبکرن ئێوە هەرسێکتان ، قەرە بە قەرە، بەردەوام لەگەڵ شەهابە دەبن ... بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئاهەنگەکە تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە، ئاگاداری شەهابە دەبن، شەهابە کوڕی خۆمە و ئێوە لەوێ پاسەوانی لێدەکەن... (پیربال، ۲۰۰۷، ۲۰۰-۲۰۱)

ئەم دەقەی سەرەوە قسەی مەلافەندییە کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، بەڵام دەبینین شێوازی دەربڕین و زمانی دەقەکە لەوە ناچێت هی مەلایەك بێت، بەتایبەتی مەلافەندی کە جگەلەوەی پیشەکەی مەلا بووە، لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی دیار و خاوەن پلە و پایە بووە، بەڵام زمانی قسەکردنی هەروەکو زمانی کارەکتەرەکانی ترە.

چونکە پیاوانی ئاینی لە کۆندا وشەی عەرەبییان زۆر لە زمانەکەیاندا بەکارهێناوە، بۆ نموونە ئەگەر ئەم دەقە لەسەر زاری مەلایەك بکرێت لەو سەردەمەدا دەبێ بەم شێوەیە بێت:

(مستەمڕ لەگەڵ شەهابە دەبن خصوصەن دوای ختامی حەفلەکە، ئیحتفازی پێبکەن چونکە شەهابە ئەولادی خۆمە و ئێوە لەوێ حیمایەتی بکەن)

**ئەنجامەکان:**

١- نووسەر لە چەندین شوێنی ناو ڕۆمانەکەدا هەوڵیداوە بەزمانی کارەکتەرەکان وەك خۆیان قسە بکات و شێوازی ئەوان بەکاربهێنێت، وەك ئەوەی کاتێك ڕووداوێکی لەسەر زاری ئافرەتێك یان منداڵێك یان کەسێکی خوێندەوار گێڕاوەتەوە، هەوڵیداوە بە زمانی ئەوان قسە بکات، واتە جۆراوجۆری زمانی بەکارهێناوە.

٢- لە هەندێك شوێنی تری ناو ڕۆمانەکەدا پێچەوانەی ئەنجامی یەکەم هەستی پیدەکرێت، واتە جۆراوجۆری زمانی لە شێواز و زمانی کارەکتەرەکاندا ڕەنگی نەداوەتەوە و بەرجەستە نەبووە، لە هەندێك باردا ئافرەت و منداڵ و گەورە و بازرگان و ... تد هەموویان بەیەك زمان لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن و زمانەکەش بریتییە لە زمانی نووسەر خۆی.

٣- لە هەندێك شوێنی تری ناو ڕۆمانەکەدا جۆراوجۆری زمانی بە پێچەوانە ڕەنگی داوەتەوە، واتە جاری وا هەیە خەڵکی نەخوێندەوار بە شێواز و زمانێك قسەیکردووە، لە زمانی کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار دەچی، یاخود پیاوێك بە زمانێك قسەی کردووە ئەگەر سەرنجی زمانەکەی بدرێت وەکو زمانی ئافرەت دێتە بەرچاو.

٤- ئەمانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە نووسەر بە شێوەیەکی ورد و بەرنامە بۆداڕێژراو پەیرەوی جۆراوجۆری زمانی نەکردووە لە زمانی کارەکتەرەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم قسەیە ئەوە ناگەیەنی کە نووسەر بەتەواوی پێشێلی ئەو بابەتەی کردبێت، چونکە هەردوو بارەکە واتە (پەیڕەوکردن و پەیڕەونەکردن) ی جۆراوجۆری زمانی لە زمانی قسەکردنی کارەکتەرەکاندا هەستی پێدەکرێت.

## لیستی سەرچاوە:

### کوردییەکان:

١. ئەلوافی، عەبدولواحد (٢٠٠٧)، زانستی زمان، و/ ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.
٢. برزو و عەزیز، ئومێد بەرزان، عومەر ئەحمەد (٢٠١٩)، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەجۆری لەزماندا، مجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية، المجلد (٣)، العدد (٢)، کانون الاول.
٣. برزو، ئومێد بەرزان (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
٤. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٧)، حیکایەتەکانی باوکم، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، هەولێر.
٥. حەمەڕەشید، ئارام عبدالواحد (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا.
٦. حەمەغەریب، شالاو سالح (٢٠١٧)، زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان –زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٧. حوسێن، ڕێژنە مەعروف (٢٠١٠)، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٨. خەرما، نایف (١٩٧٨)، چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، و. شهاب شیخ طیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
٩. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر
١٠.سلیم، پەیمان حسن محمد (٢٠١٠)، پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
١١.سەعید، یوسف شەریف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٢.شەریف، بێریڤان محمد (٢٠١٠)، جۆراوجۆریا زمانی ل دەڤەرا بهدینان زمانێ پیشەیی وەك نموونە، نامەی ماستەر، کۆلیژا ئادابێ - زانکۆیا دهۆکێ.
١٣.عارف، زوبێر علی (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
١٤.فتاح، محمد معروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٥.فتاح، محمد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٦.موحسین، بەهزاد (٢٠٠٨)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩)، هەولێر.
١٧.محمد، بەهار زاهیر ( ٢٠٠٩)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**عەرەبییەکان:**

١. لطفي، مصطفى (١٩٧٦)، اللغة العربية في اطارها الاجتماعي، دراسة في علم اللغة الحديث، معهد انماط العربي، بيروت.
٢. نهر، هادى (١٩٨٨). علم اللغة الاجتماعي عند العرب، الطبعة الاولى، بيروت.
٣. هدسن (١٩٨٧)، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة محمود عبدالغني عياد، بغداد.

**الملخص:**

**التنوع اللغوي في رواية (حكايات والدي) لفرهاد بيربال:**

اللغة ظاهرة اجتماعية ، وهي بوصفها هذا تؤلف موضوعا من موضوعات علم اللغة الاجتماعي ، هذه الدراسة ركزت على الأسباب الرئيسة لوجود لهجات متنوعه في المجتمع ، إذ لا تخلو المجتمعات الإنسانية منها ، ذلك أن المجتمعات تتكون من أفراد مختلفة الأجناس ، والافراد بصورة عامة تتمثل في فئات منها: النساء ، الرجال، الاطفال، تباين العمر، شخصيات مثقفة، الفلاحون، وغير المتعلمين ...الخ، ولكل فئة من هذه الفئات لغة خاصة بها تختلف عن الاخرى، واتخذ البحث رواية ( حكايات والدي) نموذجا لمعرفة مدى تجسد اللغات المختلفة في لغة شخصيات الرواية، هل تنوعت لغة الشخصيات داخل الرواية؟ وهل أثرت الاختلافات المهنية والمكانة الاجتماعية والثقافية ...الخ في لغة الشخصيات؟ أم أنها تحدثت بنفس الوتيرة والأسلوب واللغة.

هذا البحث تضمن مبحثين اثنين ، الاول تمثل في الجانب النظري، والثاني تمثل في بيان الجانب التطبيقي

**الكلمات الدالة:** التنوع اللغوي، علم اجتماع اللغة، المجتمع النموذجي، اسلوب التعبير .

## Abstract

### Language Varieties in Farhad Pirbal's Novel 'My Father's Tales'

This research, which shows the phenomenon of language varieties in society, is a sociolinguistic study. The phenomenon exists in all languages all over the world. this is because any society consists of some social classes which may include genders, different ages, educated and uneducated, etc. It is obvious that each individual has his/her own particular language which is distinguished by specific terms. The study has chosen an typical sample, which is 'My Father's Tales'. the researcher intends to know whether the story has befitted from the varieties or not. The study aims to find out if women speak like women, farmers like farmers, and so on. Another objective of the study is to know if the social and cultural difference have any impact on their languages. The study comprises two parts: the first part is theoretical and the second part is practical.


**Key words**: Language Varieties, Sociolinguistics, Exemplary society, Speech Style

# مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی) شێرزاد حەسەندا

م. ی. ئامینە یاسین محەمەد
بەشی پاراستنی ڕووەک، پەیمانگەی تەکنیکی خەبات،
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
amin.mohammad@epu.edu.iq

**پوختە**

مۆنۆلۆگ بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی چیرۆک هەژمار دەکرێت کە لە لایەن چیرۆکنووسانی سەرەتای سەدەی بیستەوە گرنگیی زۆری پێدراوە، بەتایبەتی لە بواری ڕۆمان و چیرۆکەکانی (جیمس جۆیس، ڤێرجینیا وەڵف و مارسیل پرۆست)دا ئەم تەکنیکەیان بەکارهێناوە، پاشان لە بەشێکی زۆری چیرۆکی جیهاندا پەنای بۆ براوە و (شێرزاد حەسەن)یش بایەخێکی زۆری بەم تەکنیکە داوە، بۆ ئەوەی لایەنی شاراوەی ناو دەروونی کارەکتەرەکانی چیرۆکی پێ ئاشکرا بکرێت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی تیۆرییەوە باسی ئەم تەکنیکەمان کردووە و دوای ئەوە هەوڵمانداوە لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی) ئەم نووسەرەدا جۆرەکانی شیبکەینەوە بە نموونە بخەینە بەرچاو و لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشتووە، کە دیارترینیان مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵە چیرۆکی ناوبراودا هەیە، کەچی خۆدواندن بەکارنەهاتووە.

وشە سەرەکییەکان بریتین لە: (مۆنۆلۆگ، مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، خۆدواندن).

## پێشەکی

**٠-١: ناونیشان و سنووری باسەکە :**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( مۆنۆلۆگ لە کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی (شێرزاد حەسەن )دایە و سنووری باسەکەش تایبەتکراوە بەم کۆمەڵە چیرۆکە .

**٠-٢: میتۆدی توێژینەوەکە :**

بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی (فرۆید) وەرگرتووە و لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە باسی تەکنیک و جۆرەکانی مۆنۆلۆگمان لە چیرۆک بەگشتی و لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی) (شێرزاد حەسەن)دا بە تایبەتی کردووە .

**٠-٣: کەرەستەی توێژینەوەکە :**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە چەندین سەرچاوەی تایبەت بە ڕەخنەی چیرۆک وەرگرتووە و پاشان کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)مان کردووەتە کەرەستەی سەرەکی توێژینەوەکە .

**٠-٤: بەشەکانی توێژینەوەکە :**

بەشی یەکەم : مۆنۆلۆگ لە ڕووی تیۆرییەوە کە ئەم تەوەرانەی لە خۆ گرتووە :

( پێناسەی مۆنۆلۆگ، مانای زاراوەی مۆنۆلۆگ، گرنگی مۆنۆلۆگ لە چیرۆکدا). لە بەشی دووەمدا جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)، کە بریتین لە: (مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ، خۆ دواندن)ە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بە گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی پێ هاتووە .

**١-١: بەشی یەكەم : مۆنۆلۆگ لە ڕووی تیۆرییەوە**

**١-٢: پێناسەی مۆنۆلۆگ :**

مۆنۆلۆگ لە ئەنجامی (خەم، ترس، شەرم، تەنیایی، دڵەڕاوكێ و دوودڵی، رق، كینە، تۆڵە، خەمۆكی، بێ چارەیی، ئەرك، (Stress ) فشاری دەروونی و كاتی دژوار ...هتد) دروست دەبێ، ئەم بارە دەروونییە لە ناو چیرۆكدا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێ و بە شێوەیەكی هونەری دەبێتە هۆكاری ئەوەی بەشێوەیەكی كاتی بەشێک لە خەم و تەنیایی و ئازارەكان بڕەوێنەوە، واتە: دەرگایەكە بۆ كارەكتەری چیرۆک كاتێ لەناو ڕووداوەكاندا ئاڵۆزی دروست دەبێ ڕووی تێدەكات. ئەم كاریگەریەش لەم چیرۆكانە ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش وایكردووە ئەم تەكنیكە لەم ڕەگەزە ئەدەبییەدا گرنگیی زۆری هەبێ، چونكە هۆش و نەستی كارەكتەرەكانمان بۆ ئاشكرا دەكات. هونەری مۆنۆلۆگ بریتییە لە بیری شاراوەی ناو دەروونی كارەكتەرەكان بەشێوەی جیاواز دەخرێتەڕوو، هەروەها (جیمس جۆیس) دەڵێ: ((مۆنۆلۆگ گفتوگۆیەكی فراوانە لە لایەن یەک كەسەوە ئەنجامدەدرێ، ئەم زاراوەیەش زۆر مانای لە یەک نزیكی هەیە، لەوانەش (تەنیایی یان خودی)، ئەوەش بەشێكە لە مۆنۆلۆگ كە كارەكتەر تیایدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای چیرۆكگێڕەوە لە ناو چیرۆک و ڕۆماندا بۆ خوێنەر، یان بۆ بینەر دەدوێ لە كاتێكدا كارەكتەرەكانی تر بێ دەنگ دەبن)).( (https!//www.britannica .com (Encyclopedia Britannic art monologue.)

بەشێوەیەكی گشتی مۆنۆلۆگ واتە: تاک دووانی، لەگەڵ خۆ دوان، لەبەرخۆدوان و نواندن لە لایەن یەک ئەكتەرەوە. ئەمەش دیاردەیەكی دەروونییە لە ئەنجامی ڕووداوێک یان هەرشتێكی كاریگەر ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنی دەروونی كارەكتەرەكان دەردەكەوێت و لە گۆڕانی ڕەنگی

ڕوخساری ئەواندا خۆی دەنوێنێ. مۆنۆلۆگ بەهۆی فشاری دەروونی دروست دەبێ. بە شێوەیەکی گشتی (مۆنۆلۆگ) لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، هەندێ جار بەهۆی تەنگەژە دەروونییەکانەوە سەرهەڵدەدات جاری واهەیە بۆ پتر قووڵبوونەوە و تێگەیشتن و بەستنەوەی زانیاریی دیکە فراوانکردنی بابەتەکە دەبێ. ئەم هونەرە لە درامادا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە دەنگ بەرزکردنەوە پێشکەش دەکرێت کەچی لە چیرۆک و ڕۆماندا کارەکتەر بێ دەنگ بەرزکردنەوە لەناو ناخی خۆیدا دەدوێ و پاشان حەکایەتخوان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێشکەشی خوێنەری دەکات. لەسەر شانۆ لەگەڵ دیمەنەکان پێشکەش دەکرێ، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە (چیرۆک و ڕۆمان) هەروەها چیرۆکگێڕەوە لە زاری کارەکتەرەوە پێشکەشی دەکات.

بەم پێیە ((مۆنۆلۆگ ئامرازێکی گرنگی ڕۆماننووسە (چیرۆکنووسە) بۆ ئەوەی تایبەتترین بیر و هەستە شاراوەکانی کارەکتەر لە زەینەوە پێشکەش بە خوێنەر بکات)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ١٥٦). کەواتە مۆنۆلۆگ نیاز و مەبەستی ناخی کارەکتەر لە چیرۆکدا لە ڕێگەی حەکایەتخوانەوە ئاشکرا دەکات، هەروەها چێژ و رازاندنەوە دروستدەکات، ئەمەش لە تەکنیکییەکانی دیکەی ناو چیرۆکی جیا دەکاتەوە. ((مۆنۆلۆگ ئەو هونەرەیە کە بەمەبەستی پێشکەشکردنی دیوی ناوەوەی کەسەکان بەکار دەهێندرێت)) (همفری،٢٠٠٠،٣٦).

(مۆنۆلۆگ) یەکێکە لە هونەرە پێویستەکانی ناو چیرۆک، چونکە لە ڕێی ئەم تەکنیکە لایەنە شاراوەکانی ئاشکرا دەکرێ و لەزاری کارەکتەر و لە ڕێگای چیرۆکگێڕەوەی (من و ئەو)ەوە دەگێڕدرێتەوە، بۆنموونە: ئەگەر لە چیرۆکدا نهێنییەکانی (بیر و هۆش)ی کارەکتەر لە ڕێی (مۆنۆلۆگ )ەوە نەزانرا، ئەوا ئەو چێژ و جوانییەی هەیەتی نامێنێ، لەهەمان کاتدا مرۆڤەکان زۆربەی زۆری

حەزدەکەن لایەنە شاراوەکان بزانن  بە هەر شێوەیەک بێ، لەبەرئەوەی ئاشکراکردنی نهێنییەکان چێژیان پێ دەبەخشێ و سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێ، بۆیە سروشتی مرۆڤ لەگەڵ ئەم هونەرە نزیکایەتییەکی هەیە، ئەمەش وایکردووە لەلای خوێنەر خۆشەویست بێ، هەروەها خوێنەر بە خوێندنەوەکە پەیوەست دەکات، زۆرجاریش حەزدەکات بە دوای نهێنییەکان بگەرێ تا لە رێگای (مۆنۆلۆگ)ەوە دەدۆزێتەوە، ئەمانە هۆکاری ئەوەن ئەم هونەرە لە ناو چیرۆکدا جێی بۆ کراوەتەوە.

**١-٣: مانای زاراوەی (مۆنۆلۆگ) :**

زاراوەی مۆنۆلۆگ زاراوەیەکی جیهانییە لە لای نەتەوەکان بە شێوەی جیاواز بەکاردەهێندرێ . (محمود فلکی) دەڵێ: ((زاراوەی (مۆنۆلۆگ) وەک زۆربەی زاراوەکانی دیکەی بواری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی زاراوەیەکی گریگییە کە لە لێکدانی هەردوو : وشەی (monos ) (تاک) و (logos ) قسەکردن دروست بووە)) (حاجی، ٢٠٠٨،١٨٣ ).

ئەم پێناسەی سەرەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە یۆنانییەکان زاراوەی (monologos )یان بەکارهێناوە، بەشێوەیەکی گشتی لەناو سەرچاوەکان ئەم زاراوانە هەیە و بەریتانیا و ئەمریکاش زاراوەی (monologues)یان بەکارهێناوە، بەڵگەی ئەم بۆچوونەش بۆ فەرهەنگی ئەدەبی زمانەکەیان و توێژینەوەکانیان دەگەرێتەوە.

هەروەها عەرەبەکانیش زاراوەی (مونولوج، حوار داخلي، مونولوج داخلي)یان بەکارهێناوە، بۆنموونە: لە سەرچاوەکانی ( ابراهیم محمود خلیل، نقد الادب الحدیث من المحاکات الی التفکیک، ابراهیم ابوطالب، تطویر الخطاب القصصیة،...هتد) بەکارهاتووە. بەهەمان شێوە کوردەکانیش هەندێکیان (monologs) و هەندێکیشیان (monologues) بەکارهێناوە. بۆ نموونە:

هەروەکو لە سەرەتا ئاماژەمان پێدا (سەنگەر قادر حاجی) لە نامەی ماستەرەکەی (مۆنۆلۆگ و monologs )ی بەکارهێناوە .

(نەجم خالید ئەڵوەنی) لە سەرچاوە جیاجیاکانی وەکو: (تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان) (ئەڵوەنی، ١٤٧،٢٠١٧)، کارەکتەرسازی لە (ئێوارەی پەروانەی بەختیار علی) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ١٥٩) دا، تەکنیکی دیالۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ... ) (ئەڵوەنی،٢٠٠٥، ٢٩١) زاراوەی (مۆنۆلۆگ )ی بەکارهێناوە .

(پەرێز صابر) بەم شێوەی بەکارهێناوە ((جۆرێکی گفتوگۆ پەیدابوو کە تەنانەت یەک کەسیش توانای سازدانی هەبووە ئەویش مۆنۆلۆژە (monologue)) (محمد، ٢٦١،١٩٩٢ ). هەروەها ((مەنەلۆگ و monologue)) (خدر، ١٨،٢٠٠٧) بەکارهاتووە و (( monologs – مەنەلۆگ)) بەکارهێنراوە. (خورشید، ١٣،٢٠٠٨ ).

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە کورد لە توێژینەوەکان و سەرچاوەکانیاندا پەیڕەوی زاراوە یۆنانی و ئینگلیزی و فۆرمە کوردییەکەیان کردووە، بەڵگەی ئەم بۆچوونەش لە سەرچاوەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها ئەمانە هەمووی بۆ هۆکاری بەهێزی زاراوە ستاندەرە جیهانییەکە دەگەڕێتەوە جگە لەمەش توێژەران پێیان باشە بە هەرشێوەیەک بێت هەر زاراوە ستاندەرەکە بەکاربهێنن، بۆیە ئێمە لە روانگەی خۆمانەوە وا بە باش دەزانین یان زاراوە جیهانییەکان بەکاربهێنین یان زاراوەکە بە فۆرمی کوردی بەکاربهێنین، چونکە زاراوەیەکی جیهانییە و جێگەی خۆی کردۆتەوە. لەئەنجامدا نووسەرانی کورد وەکو نووسەرانی جیهانی هەمان زاراوەی مۆنۆلۆگیان بەکارهێناوە، بۆنموونە : وشەی مۆنۆلۆگ لە وشەی لێکدراوی (mono + logue) پێکهاتووە، کەواتە هەردووکیان هاومانای یەکترن (وشە یۆنانییەکە = وشە ئینگلیزییەکە ) .

| | |
|---|---|
| واحد- یەک – تاک، (پێشگرە ) | - mono |
| (مۆنۆلۆگ) گفتوگۆ، (پێشگرە ) | - logue |
| گفتوگۆی تاک دوانی یان (لەگەڵ خۆ دوان ) | - monologue |
| فقط- تەنها- یەک - تاک، (پێشگرە ) | - mono |
| سبب – سەبەبەکان، (پێشگرە ) | – logos |
| الحوار الداخلی – مۆنۆلۆج | - monologos |

-(mono + logs)= ( mono + logue)
- (monologs) = ( monologue) (Google translation)

### ١-٤: گرنگی مۆنۆلۆگ لە چیرۆکدا :

دەتوانین بڵێین (مۆنۆلۆگ) بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی ژانرەکانی ئەدەبی گرنگی خۆی هەیە وەک: (شیعر، ڕۆمان، چیرۆک ...هتد)، بەڵام ئەوەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین لەناو (چیرۆک)ە، چونکە لە دەروونی مرۆڤەکان/کارەکتەرەکان نزیک دەبێتەوە ((ئەدیب ناتوانێت داهێنانی ئەدەبی خۆی بکات لە پێناو دەربڕینی ئارەزووە کپکراوەکانی، بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ئارەزووانە لە دەروونیدا بە شێوەی بێ ئاگا لە خۆیەوە کە لەڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکەوە ڕەزامەندی خوێنەری پێ وەدەست دەهێنی)) (خلیل، ٢٠٠٣، ٥٩).

ئەدیب ناتوانێ داهێنانی خۆی ئەنجام بدات لە پێناو دەربڕینی ئارەزووە کپکراوەکانی، بۆیە بۆ بەرگریکردن و خۆپاراستن لە سەرهەڵدانی ئەو ئارەزووە کپکراوانەدا لە ناو دەروونیدا بە شێوەیەکی بێ ئاگا و لە ڕێگای چیرۆکەوە باسی دەکات و ئەوەش لە ئەنجامدا ڕەزامەندی خوێنەری پێ بەدەست دەهێنێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە تەواوی چیرۆکەکە (مۆنۆلۆگ)ی بەسەردا زاڵ بووە، لە هەمان کاتدا گرنگی (مۆنۆلۆگ) مەبەست و ئامانجی لایەنی دەروونی

دەخاتەڕوو، وەک هونەرێکی گرنگی چیرۆک، هەروەها لە ڕێی ئەم هونەری نووسەری چیرۆک باس لە کێشەکانی تاک بە تایبەتی و کۆمەڵ بە گشتی دەکات، کە لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری وەکو: ( ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، داب و نەریت، سیاسی، ئاینی ...هتد) دروست بووە و لە ناو چیرۆکدا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها ((یەکێکی تر لە سیما گرنگەکانی مۆنۆلۆگ گواستنەوەی ڕووداوە لە دەرەوە بۆ ناو زەینی کارەکتەر بەمەش زەین دەبێتە ململانێ دژوارەکانی ناو دەروونی کارەکتەر)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩،١٥٩). واتە: یەکێک لە سیما دیارو گرنگیەکانی ئەم هونەرە ئەوەیە کە ڕووداوەکان لەدەرەوە بۆ ناو زەینی کارەکتەر دەگوازێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە زەین ببێتە ململانێ دژوارەکانی ناو دەروونی کارەکتەر.

گرنگی مۆنۆلۆگ لەوە دەردەکەوێت، کە: ((مۆنۆلۆگ ئاخاوتنێکی دەروونی داخراوە، گوزارشت لە هەڵچوون و تێکچوون و شڵەژانی دەروونی کارەکتەر دەکات لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی ناو ژینگەی دەقەکە، یاخود لە مەیدانی ململانێی نێوان کارەکتەرکان دروست دەبن، بە بیرکردنەوە لەو ڕووداوانە و گەڕان بە دوای چارەسەری کێشەکاندا)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٥، ٢٩١).

بەم پێیە یەکێکی تر لە گرنگییەکانی هونەری (مۆنۆلۆگ)، لەناو چیرۆکدا ئەو کێشە و گرفتانەیە کە بەشێوازێکی ئەدەبی جوان ڕەخنەی پێدەگیرێ و لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە دەخرێتەڕوو، هەروەها داوای چارەسەری لە لایەنی پەیوەندیدار بە بابەتەکە، یان کێشەکە دەکات، هەروەها (مۆنۆلۆگ) لایەنی (زیرەکی بیری) نووسەرمان لە ناو زەینی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک بۆ دەردەخات، کە ((بە هۆی مۆنۆلۆگەوە شتە تایبەتییەکانی ناو دەروونی کارەکتەر لە چوارچێوەی داخراودا دەردەکەون)) ( ئەڵوەنی، ٢٠٠٥، ٢٩١) و گرنگییەکی تری ئەوەیە: ڕەهەندی فکری هەندێک لە کارەکتەرەکان بە هۆی ئەم باری

دەروونییەوە گۆڕانی بەسەردا نایەت، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە هەندێکی تریان ئەم ڕەهەندە دەروونییە گۆڕانکاری بەسەردادێت، وەک لە چیرۆکی (ترس)ی (شێرزاد حەسەن) کارەکتەر رق و کینەی بەرامبەر بە (سەگ) بۆ خۆشەویستی دەگۆڕێت.

گرنگترینی ئەوەیە کە ئاستی (بیری، زیرەکی) نووسەری چیرۆک لە لایەنی دەروونییەوە دەردەخات و ((پەیوەندییەکە لە وێنە و ڕووداودا وەکو هێڵێکی پەرش و بڵاوە دەڕوات بۆ سنووری نێوان لەوانەیە و نابێ، شتەکان هەندێ بۆ هەندێکی تر دەگۆڕێ و هەندێکیش ناگۆڕێت و هیچ شتێک لە زنجیرەی هەبوون لە کام جیاکاری لە نێوان (رووەک، مرۆڤ، گیاندار ...) و لەم کاتەدا رابردوو لە ناو ئێستا و بە داهاتوو دەگات هەروەها بە ژێربێژی نامۆ دەگات)) (ایلیا الحمادی،١٩٧٩،٢٨).

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بە هۆی ئەم هونەرە لە چیرۆکدا بە شێوەیەکی زۆر هونەری گەمەی کاتی تێدا ئەنجامدەدرێ، ئەوەش شتێکی جوانە و هەم دەروازەیە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم گەمە کاتییە لە ناو چیرۆکدا، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە هونەرەکانی تر ڕۆڵیان نییە، بەڵکو ئەوانیش گرنگیی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە کرۆکی باسەکەمانە، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر ئەم هونەرە دەکەینەوە.

سەبارەت بە مۆنۆلۆگ (Ed Merhoff Hans) دەڵێ: ((مۆنۆلۆگ لە چیرۆکدا بۆ ئەوە بەکاردێت تا لەڕێی ئەوەوە ناواخنی دەروونی کارەکتەر و بارە دەروونییەکانی بێ قسەکردن کەم یان زۆر پێشکەش بکرێت، چونکە مۆنۆلۆگ بریتییە لە پێشکەشکردنی ناواخنی هەست پێش قۆناغی تەواوبوون و دەربڕین)) (ئەلوەنی، ٢٠٠٥، ٢٩٢).

لە ئەنجامدا گرنگی هونەری (مۆنۆلۆگ) لەوە دەردەکەوێت کە دەروازەیێکی باشە بۆ ئاشکراکردنی نهێنی دڵی و بیر کارەکتەرەکان، لە

چارەسەرکردنی کێشەکان بە وردترین ڕێگە لەناو هۆشی کارەکتەرەکانەوە لەسەر زاری حیکایەتخوانەوە لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک پاڵنەر دەردەکەون، بۆیە (تزیتیان تۆدۆرۆف) دەڵێت: ((مۆنۆلۆگ شیکردنەوەی هۆشی کارەکتەرە)) (حاجی، ٢٠٠٨، ١٨٣) هەروەها ئەم تەکنیکە بە سێ جۆری جیاواز لەیەکتر پێشکەش دەکرێن. ئەمەش تایبەتمەندییەکانی گرنگی مۆنۆلۆگمان بۆ دەردەخات .

## ٢-١: بەشی دووەم : جۆرەکانی مۆنۆلۆگ لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)دا:

مۆنۆلۆگ بە شێوەکی گشتی بریتییە لە (حاڵەتی دەروونی قسەکەر) ئەگەر کەسێک لە ناو گێژاوێکی سەختدابێ بە (مۆنۆلۆگ ) لە ناوخۆیدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێ و لەگەڵ خۆی دەدوێ، ئەم تەکنیکە لە ڕووی دەروونی بەگشتی و لە ناو چیرۆکدا بەتایبەتی بەکار دەهێنرێت، هەر وەکو گوتمان سەرەتا لە ناو شانۆ بووە دواتر ناو بواری ئەدەبی (چیرۆک) گۆزراوەتەوە و بە شێوەی مۆنۆلۆگ بەکاردەهێنرێ و لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ناو چیرۆکدا تایبەتمەندیی چیرۆکی وەرگرتووە، کەواتە: (مۆنۆلۆگ)، بریتییە : لە هونەرێک لە پێکهاتەی بنیاتی چیرۆک ئەمەش لە لایەن چیرۆکنووسەوە لەسەر زاری چیرۆکگێڕەوە و لەگەڵ (کات، شوێن، ڕووداو، کارەکتەرەکان...هتد) هونەریانە بەکارهاتووە، لە هەمان کاتدا جوانییەک بەم بەرهەمە ئەدەبییە دەبەخشێ، لەگەڵ بنیاتەکانی تری ناو چیرۆکدا بە نهێنییە شاراوەکان و وردترین چارەسەر دەگەن.

(رۆبرت همفری) دەڵێ : ((مۆنۆلۆگ لە ناو چیرۆکدا (تەکنیکێکە باری دەروونی کارەکتەر و کردارە دەروونییەکان – کەم و زۆر بە بێ قسەکردن دەخاتە ڕوو، چونکە بریتییە لە خستنە ڕووی ناواخنی هەست پێش قۆناغی تەواوبوون و دەربڕین هەر ئەمەشە لە خۆدواندی جیادەکاتەوە)) (مستەفا، ٢٠٠٧، ١٧١).

بەم شێوەیە کارەکتەر باری دەروونی و کردارەکانی کەم و زۆر بە بێ قسەکردن لە جیهانی خۆیدا لەسەر زاری حیکایەتخوان لە ڕێگای (راناوەکان یان شەپۆلی هۆش)ەوە دەخاتە روو، لە بارەی ڕووداو و کێشەکان بە بێ قسەکردن بە دوای ڕێگە چارە دەگەڕێ و لەژێر فشاری دەروونی هەوڵی دۆزینەوەی دەدات، یاخود ڕووداوێک لە ناکاو ڕوودەدات هەستی کارەکتەر دەورووژێنێ، ئەمەش لە ناو چیرۆکەکە زۆر جار گەمەی هونەری پێ ئەنجامدەدرێت، لە هەمان کاتدا رەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە سەردا زاڵ دەبێ، بۆ نموونە : لەوانەیە لە ژێر کاریگەری ڕووداوێک پێشبینی بۆ داهاتوو بکات و بە دوای چارەسەر بگەڕێ، بەمەش تەکنیکی جوانی هونەری و تێکەڵاوکردن دروست دەبێ، دەکرێ بڵێین ئەمە ئازادییە بە چیرۆکنووس دەدرێ لە ڕێی ئەم هونەرە لەو کاتەدا لە ژێر باری یاسا و ڕێساکان رزگاری دەکات، بەڵام کاتێ تەواوبوو بۆ باری ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە .

بەکورتی مۆنۆلۆگ ((تەکنیکێکە پەیوەندی بە جیهانی دەروونی کارەکتەرەوە هەیە، چیرۆکنووس بەکاری دەهێنێ بۆ پیشاندانی هزر و بیری شاراوەی ئەوان،بە تایبەتی ئەوەی ناکرێ بە دیالۆگ، یاخود گفتوگۆ باسیان بکرێ، چونکە ئەو هزر و بیرانە تایبەتن و هەموو کەسێک بۆی نییە زانیاری لە بارەی ئەوە هەبێت)) (ئەڵوەنی،٢٠١٥، ٧٦) جۆرەکانی مۆنۆلۆگیش بەپێی خەسڵەت و تایبەتمەندی لە یەکتری جیادەکرێتەوە، لەوانە: ((مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، خۆدواندن)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ١٦)، وەکو:

**٢-٢: مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ :**

ئەم جۆرە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چیرۆکگێڕەوە لە زاری کارەکتەرەوە لە ڕێگای ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) زانیارییەکان بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە واتە، بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە لەبەر خۆی دەدوێ، هەروەها زۆر نزیکی لە نێوان حیکایەتخوان و کارەکتەر هەیە، وا هەست دەکەی حیکایەتخوان

کارەکتەری چیرۆکەکەیە، بەڵام خۆشی وانییە، بەڵکو لەسەر زاری حیکایەتخوان ئەم کاریگەرییە دەگێڕدرێتەوە و ڕووداوەکانی دەرەوە ئەم کاریگەرییە دروستدەکەن و بۆ ناخی کارەکتەر دەگوازرێتەوە، بۆیە ئەم تەکنیکە دروستدەبێت ((لەم گفتوگۆیە ڕاستەوخۆ جۆری بیرکردنەوەی کەسەکان دەردەبڕێ)) (محمد،١٩٩٢،٢٧٣ ). کەواتە: مەبەست لەم جۆرەیان ئەوەیە کە چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان ڕووداوەکان بێ دەستکاری لە زەینی کارەکتەرەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ڕاناوی (من)ەوە پێشکەشی خوێنەری دەکات، وەکو کاتێ دەڵێی: (لەدڵی خۆمەوە گوتم، وام گوت، وام بیرکردەوە)، لێرەدا ئامادەبوونی چیرۆکنووس تەنیا وەکو ڕێ پیشاندەر دەردەکەوێت وەکو(ڕۆبرت همفری) دەڵێ: ((ئەوهای گوت، ئاوای بیرکردەوە)) (همفری، ٢٠٠، ٤٤). ئەمەش مانای ئەوە دەگەیێنێ کە هەندێک جار چیرۆکنووس وەکو ڕێ پیشاندەر دەردەکەوێت.

**٢-٣: مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ :**

ئەم جۆرەیان لە ڕێگای ڕاناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاک بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حیکایەتخوان پێشکەشی خوێنەری دەکات، بە هەمان شێوەی جۆری یەکەم بە بێ دەنگ بەرزکردنەوە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ جۆری یەکەم ئەوەیە، کە ڕووداوەکان لە زەینی کارەکتەرەوە بە دەستکارییەوە پێشکەشی خوێنەری دەکات. هەروەها کاتی تێدا پارێزراوە ((قسەکەر راستەوخۆ قسەکانی ناگاتە وەرگر لە دەرەوەی کەسێکی دیکەوە قسەکانی دەگەیێنرێتە وەرگر)). (محمد، ١٩٩٢، ٢٧٢) هەر لەبارەی جۆرەیان دەڵێ: ((مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە کە نووسەرێکی فرەزان حیکایەتخوانی هەمووشتزان بابەتێک پێشکەش دەکات کە باس نەکرابێ)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ١٦٣). هەر ئەمانەشە لە جۆری یەکەمیانی جیادەکاتەوە و بە ناڕاستەوخۆ دادەنرێت.

**٢-٤: خۆدواندن (ئاخاوتن) :**

ئەم جۆرەشیان لە ڕێگەی خۆدواندن (ئاخاوتن)دا پێشکەش دەکرێ، وەکو: ((خۆدواندن پڕۆسەی گواستنەوەی ناواخنی کێشە و گرفتە دەروونییەکانی کارەکتەرە، کە بەهۆی فشاری دەرەکی قەیرانەکانی ئەو کۆمەڵگەوە دروست دەبێت کە کارەکتەرەکە تێیدا دەژی و دەبێتە هۆکاری پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. حیکایەتخوان وەکو خۆی بێ دەست تێوەردان ئەم ناواخنە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ١٦٦)، کە ئەمەش دەچێتە ناو (شەپۆلی هۆش)ەوە، واتە ئەوەی لە جۆرەکانی تر جیای دەکاتەوە ئەوەیە، کە بەدەنگی بەرز پێشکەش دەکرێ، یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کە بنیاتی کاتی تێدا شێواوە هەروەها لە زنجیرەی ئێستا و رابردوو و داهاتوو گەمەی تێدا ئەنجام دەدات، ئەمەش کاریگەری شەپۆلی هۆشی دەکەوێتە سەر ((هۆش تەکنیکێکی کۆنی شانۆگەرییە لە مناجات (بەڵێن دانەخۆ - رازیکردنی خۆ) و شیکردنەوەی ناوەوە)) (ابو طالب، ٢٠١٧، ١٢٠).

ڕابەرانی ئەم هونەرە وەک: (جیمس جۆیس، ڤێرجینیا وەڵف و مارسیل پڕۆست...) کەوتنە خۆ لە گواستنەوەی لە ناو شانۆ و دەروونناسی و فەلسەفە بۆ ناو بواری ئەدەبی بەگشتی و چیرۆک بە تایبەتی، چونکە لە ڕێگەی ئەم هونەرە نووسەر هەوڵی خۆڕازیکردن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان دەدات و پێشکەشی خوێنەری دەکات: ((خۆ دواندنەکە و شێوەیەک شێواوی پێوە دیارە بەتایبەتی لە رووی زەمەنەوە. هەروەها کارەکتەر ئاگای لە بوون و ئامادەیی ئەوانی تر نییە)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٥، ٦٨ ). کەواتە: مەبەست لە خۆدواندن ئەوەیە کە کارەکتەر بە دەنگێکی بەرز دەریان دەبڕێ بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە کەسانێک لەدەوروبەری هەن، وەک : منداڵێک کاتێ گەمە لەگەڵ

بووکەڵەکەی دەکات بێ ئەوەی گرنگی بەوەبدات کە لە نزک دایک و باوکیەوەیە و گوێیان لە قسەکانی دەبێت.

**٢-٥: شیکردنەوەی پراکتیکی چیرۆکەکان :**

هونەری مۆنۆلۆگ لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)ی (شێرزاد حەسەن) بریتین لە :

**٢-٥-١: نموونەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ :**

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری ناوی چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسن) بکەی، لە ناوەکانی (ترس، گرێ، بێوەژن، شاعیر، تەنیایی شەوێکی باران ...) لایەنی دەروونی لە ناونیشانی چیرۆکەکان ڕەنگیداوەتەوە باس لە دەروونی کارەکتەرەکان دەکەن، چونکە ژینگەی دەوروبەریان کاریگەری لەسەر ئەو بارە دەروونییە دروست کردووە و لە بەرهەمەکانی ڕەنگیداوەتەوە بەهۆی (کەلتوور و داب و نەریت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی، ...هتد )، بۆ نموونە: لە رووی دەروونییەوە ترس لە ئەنجامی ناخۆش و دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی دروست دەبێ هەروەها هەر ناوی کۆمەڵە چیرۆکەکە (تەنیایی)یە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە لە ژێر کاریگەری بارێکی دەروونی بەرهەمەکەی بەرهەمهێناوە، بۆیە ڕەنگدانەوەی لەسەر کارەکتەرەکان دەرکەوتووە و چیرۆکگێڕەوەکان لە زاری کارەکتەرەکانەوە بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، لە نموونەی شیکردنەوەی پڕاکتیکی چیرۆکەکانیشدا دەڵێ:

هەروەها لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگێکم تیا خۆش ویست)یش باس لە کارەکتەرێک دەکات ڕابردوویەکی ناخۆشی لەگەڵ (سەگ) هەیە، بۆیە حەزی پێ ناکات و ڕقی لێدەبێتەوە و دەکەوێتە ژێر ئەو بارە دەروونییەی ناو ناخی خۆی و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە بە هۆی سەگەکەوە، ئەمەش کاریگەری دەروونی لەسەر دروست دەکات، بۆیە چیرۆکگێڕەوە دەڵێت :

((چەند دڵ پڕ لە کینە بووم ... ئەم دوژمنایەتییەش بۆ سەردەمی منالێم دەگەڕێتەوە ... هەر شەوێک گوێم لە وەڕین و لوورەی سەگێک بێ ... بە تەواوی خەوم لێ دەزڕێ )) (حەسەن، ۲۰۰۲، ۳۰).

چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان بە گەڕانەوەی (فلاش باک) بۆ ناو ڕابردووی کارەکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە و لە ڕێگەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) لەناو زەینی کارەکتەری بێ دەست تێوەردان باس لەو ڕووداوەی کە لە سەردەمی منداڵی بەسەری هاتووە دەکات، کە لەگەڵ سەگەکەیە و ئەو کات باوکی لە بەر چاوی خەڵک لێی داوە هەروەها بەسەرخۆیدا شکاوەتەوە ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی دروستکردووە بۆیە لەگەڵ خۆی گفتوگۆ دەکات، لە ئەنجامی ترس و و ڕق و کینە گرێی دەروونی بەرامبەر بە سەگ بۆ دروستبووە، ئەمانەش وای کردووە کارەکتەرەی سەرەکی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مۆنۆلۆگ ئەنجامبدات .

لە چیرۆکی (خوشکەکان) چیرۆکنووس باس لە سێ خوشک دەکات،کە دووانیان شوو دەکەن و ئەوەی تر ماوەتەوە تەمەنی گەورەیە پێی دەڵێن (قەیرە)، بەهۆی تەنیاییەوە لە ژوورەکەی خۆیدا بارێکی دەروونی ناخۆش تێدەپەڕێنێ، هەروەها کەس نییە گوێی لێ بگرێ، بۆیە چیرۆکگێڕەوە دەڵێت : ((بۆ لەم دنیایەدا یاسایەک بۆ ناشرین و سەقەت و پەککەوتەکان نییە ؟! کێ خاوەنی چیرۆکی ئەم گاڵتە غەمگینەیە ...؟ )) (حەسەن، ۲۰۰۲، ٤۳). کەس نییە وڵامی بداتەوە و گوێی لێ رابگرێ .

هەمان شتزان بە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە ناو زەینی کارەکتەری سەرەکییەوە بۆ ناشرین و سەقەت و پەککەوتەکان بە دوای ڕێگە چارەیەک دەگەڕێ، چونکە کارەکتەر خۆی یەکێکە لەوانە، بۆیە بۆ پرسیارەکانی بە دوای (وەڵامێک دەگەڕێ، کەچی دەستی ناکەوێ ئەمەش لە ڕێگەی ڕاناوی کەسی

یەکەمی تاک (من) پێشکەش کراوە. کەواتە ناشرینی و تەنیایی و تەمەنی گەورەیی ئەو بارە دەروونییەی دروستکردووە .

هەروەها چیرۆکی (بێوەژن) باس لە بێوەژنێک دەکات، کە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی هەیە و لەژێر کاریگەری ترسی خزم و کەسی خۆی و کوڕەکەی گرێیەکی لە ناو دەروونی ئەو کارەکتەرە بە شێوەیەکی نهێنی دروستکردووە و دەڵێ: ((لە دڵی خۆیەوە گوتی: یەکەم ساڵ ئێمەش هەر وا بووین... هەر ئەم ساڵە و هیچی تر...!)) (حەسەن، ۲۰۰۲، ۸۷).

لەم چیرۆکەش هەمان شتزان لە رێگەی راناوی کەسی یەکەمی تاک (من)ەوە لەزەینی کارەکتەری سەرەکییەوە و بێ دەست تێوەردان بە مۆنۆلۆگی راستەوخۆ و گەڕانەوەی (فلاش باک)ەوە پێشکەش کراوە ، بەهۆی رووداوی هاوسەرگیریی کوڕەکەی (بێوەژن) هاوسەرگیریی خۆی بیر دەکەوێتەوە. ئەمەش گوزارشت لە حەز و ئارەزووەکانی دەکات، بۆیە بێ دەنگ بەرزکردنەوە لە دڵی خۆیەوە بە شەرمەوە باسی دەکات.

چیرۆکی (گرێ) باس لە کارەکتەرێک دەکات، کە (نابینایە) چاوەڕێی منداڵێکی چاو ساغ لە (مەنیج)ی خێزانی دەکات، لەم کاتەدا کارەکتەری سەرەکی لە ژێر کاریگەری دڵەڕاوکێ و بارێکی دەروونی سەختدایە، کاتەکە لە ژێر کاریگەری ترس و دڵەڕاوکێ و خەفەت و فێڵی ژنەکەی ناڕوات، بۆیە پێشبینی بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەی دەکات بۆنموونە: لە داهاتوو چۆن دەبێ ؟ و چی دەکا ؟ و دایکی چۆن پەروەردەی دەکات ؟ چیرۆکگێڕەوەش دەڵێت: ((کێ بە خەمی کێ دەزانی ...؟ ئەم خەڵکە زۆر لەوە بێ ئابڕووترە کە من تێدەگەم ...؟ چ دۆزەخێکە تێی کەوتووم .... چیم بۆ دەکرێ...؟ ماڵی تەنیا و کابرایەکی کوێریان نەوتووە ...)) (حەسەن، ۲۰۰۲، ۱۰۰).

هەمان شتزان بە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ڕاناوی (من)ی کەسی یەکەمی تاکەوە ڕووداوەکانی دەرەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر بەدەست تێوەردانەوە پێشکەش دەکات، ئەویش لە ئەنجامی (نابینا)ی کارەکتەری سەرەکی ترس و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی لە دایکبوونی منداڵە چاوساغەکەی دروست بووە و بێ دەنگ بەرزکردنەوە ئەو گفتوگۆ شاراوەیە ئەنجامدەدات .

لە درێژەی چیرۆکەکاندا چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران) باس لە کارەکتەرێک دەکات لە شەوێکی تەنیایی لە هوتێلێکدا دەچێتە سەر شەقام هەروەها لەوێ باران دەبارێ و خەیاڵ جۆرا و جۆر دەکات، لە ژێر کاریگەری هەژاری و تەنیاییدا هەر شیعری شاعیر گۆران دەڵێ بۆ ئەوەی لەو بارە دەروونییە ناخۆشە رزگاری بێ. حیکایەتخوان دەڵێت : (( خەریکە لە ڕۆحی خۆم ون دەبم و تێی ناگەم ..... وشەیەک نییە بۆن کڕووزی ئەم دڵ و دەروونە سووتاوەم بدا ... هەروەها دەڵێت من کێم ...؟ تەنیام ...)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ١٢٣).

کەواتە: هەمان شتزان لە ڕێگای (من)ی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک پێشکەشی کردووین، لە ئەنجامی تەنیایی و هەژاری و ڕووداوەکان ئەم بارە دەروونییە درووست دەبێت، کارەکتەر بێ دەنگ بەرزکردنەوە بە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆدا بەدوای ڕێگە چارەی خەمەکان دەگەڕێ .

چیرۆکی (شاعیر) لە چیرۆکەکانی تر جیاوازە، چونکە چیرۆکەکە بەشێکی زۆری لە ڕێگەی خەون و خەیاڵ پێشکەش کراوە هەروەها دەڵێت: ((بۆچی مرۆڤ باڵی لێ نەڕواوە ...؟ نابێ ... ئەوسا سەری بە هەموو کون و کەلەبەرێکی شارا دادەگرت... هەر ڕۆژە و چەندەها مرۆڤی باڵندە لە ئاسمانا بە ڕووی یەکدیدا دەکەوتن... لەسەر تاق و پەنجەرە و بانی حەمامی ژنان باڵیان دەشکا... ئای مرۆڤ...؟ مووچڕکێک سەرتاپای جەستەی گرتەوە... دوورتر کەوتەوە لە شار... شار یا... زەڵکاوی لیک و خوێن ...؟ )) (حەسەن، ٢٠٠٢، ٣٢).

لە چیرۆکی ناوبراو مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆیە، ڕووداوەکانی دەرەوە بە بێ دەنگ بەرزکردنەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر گواستراونەتەوە، چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان لە ڕێگەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) لە ناو زەینی کارەکتەر بێ دەست تێوەردان پێشکەشی کردووین کە لە ئەنجامی تەنیایی و هەژاری و بەجێهێشتنی (چیمەن)ی خۆشەویستی...هتد دروستبووە، چونکە ئەمە وایکردووە نەتوانی ڕۆمان بخوێنێتەوە، بۆیە بیر لە فڕین دەکاتەوە بۆ سەر تاق و پەنجەرەکانی حەمامی ژنان و ((ڕێکەوتێکی گەلێ سەیرە تووشی بووم... کێ دەڵێ دەمناسێتەوە ؟ خەیاڵێکی پووچە ...ئەم خەون و خەیاڵە لە زووێکەوە بەسەرچووە)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ١١٦). ئەمەش ڕاستەوخۆیە لەڕێگای تووشی بووم (م ) واتە (من) چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان لە ڕێگەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) لە ناو زەینی کارەکتەر بێ دەست تێوەردان پێشکەشی کردووین لەئەنجامی تەنیایی و غوربەت و برسیەتی.

کەواتە: مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی بەهێزی لە رەوتی گێڕانەوە و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکان هەیە، بەهۆیەوە پرسیارە سەر سوڕهێنەرەکان، یان ئاڕاستەی خوێنەر کراوە، یان بەشێوەی ئاسایی پێشکەش کراوە .

**٢-٥-٢: نموونەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ :**

چیرۆکی (ڕیشۆڵە) باس لە خێزانێک دەکات، کە کوڕەکەیان لێیان زیز بووە و بێوەژنێکی هێناوە، هەروەها کچەکەشیان تازە شووی کردووە، باوکی هەژارە ژیانی ڕۆژانەی بە ڕاوە ریشۆڵە بەسەردەبات و (هەمین)یش لەگوندی ڕۆژانە هێلکە بۆ ماڵی ئاغا دەبات، بەم شێوەیە بژێویی ژیانیان پەیدادەکەن، بەهۆی ئەو چاوەڕوانییەی کە لە ڕاوە ڕیشۆڵەدایە گومانی جیا جیا دەکات، باس لەوە دەکات زستانێکی ساردە و دەچێ بۆ ڕاو و چیرۆکگێڕەوە لە چیرۆکەکەدا دەڵێت: ((چۆن لە بیرت دەچێتەوە؟! ئەوسای کە ئەسپ و تانجی ئاغایەکان

دەوریان دەدا ... ئەو کاتەی باسی جوانی هەمین شەوچەرەی شەوانی کوڕگەلی ئەو گوندە بوو ... زۆر لە تۆ بە پشتەوەتر دەڵیان بۆ ڕادەخست ... خەڵکی بەدوای سێبەریدا ڕایان دەکرد... ئەویش هات و خۆی بەدوای تۆدا عەوداڵ کرد ... ! چەناگەی چوار برا و باوکی لە قوڕنا ... سەری هەمووانی شۆڕ کرد ... کە وتیان (ئەوە نابێت و ناکرێت!) شۆڕشێکی بەرپاکرد ... گوێی لە کەس نەگرت و ڕەدووت کەوت ...)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ١٥).

کەواتە لە چیرۆکی ناوبراو هەمووشتزان لە ڕێگای ڕاناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاک باس لە جوانی (هەمین) دەکات، ناو زەینی کارەکتەر (دەروێش بایز)ەوە بە دەست تێوەردانەوە پێشکەش کراوە، تایبەتمەندی ئەم چیرۆکە لەوەدایە بە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای (فلاش باک)ەوە باسی نهێنیی ڕابردووی (هەمین) بە بێ دەنگ بەرزکرنەوە دەکات. هەروەها کەرەستەکانی واتادارن .

حیکایەتخوان لە چیرۆکی (خوشکەکان)دا دەڵێت: ((بە درێژایی قەروێلە خۆی راکێشا ... کەوتە سەر پشت ... غەڵبەغەڵبی خەڵکەکە کپ نەدەبوو ... ئاژاوەی دوای زەماوەند ...نارۆن و ماڵە گۆڕستانەکەی بۆ بەجێ ناهێڵن ...!تەنیا تەرمی-زۆر بێ نازی- ئەو ماوەتەوە ...)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ٤٣).

ئەمەش مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان لە ڕێگەی ڕاناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاک ڕووداوەکان لە زەینی کارەکتەرەوە بە دەست تێوەردانەوە بە بێ دەنگ بەرزکردنەوە پێشکەش دەکات، ڕووداوەکەش بریتییە لە : قەیرەیی و تەنیایی و خوشکی گەورە هەروەها خوشکە بچووکەکەی هاوسەرگیری دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر باری دەروونی کارەکتەرەکە دروست دەکات . بەم هونەرە بێ دەنگ بەرزکردنەوە بەدوای چارەسەر دەگەڕێ، بەڵام دەستی ناکەوێ بەهۆی قەیرەیی و تەنیایی و هاوسەرگیری خوشکی و بەتەنیایی مانەوەی ئەو بارودۆخە دروستبووە.

حیکایەتخوان لە چیرۆکی (ترس)دا دەڵێت: (( قلّیشی پاژنەی هەردووکیان کە لە ژێر لێفەوە بە دەرەوە بوون ... خوشکەکەی فەرهادی هاوڕێی وە بیر هێناوە ... ئەو ڕۆژەی بەکراسێکی تەنکی سوورەوە لەناو چیمەنەکەی خۆیان یاری دەکرد ... پاژنەی وەک هێلکە دەبریسکاوە ... حەزی دەکرد بە دەست بیگرێ...)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ٥٦).

مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، هەمووشتزان لە ڕێگای خوشکی (فەرهاد)ەوە ڕووداوەکانی ناو زەینی کارەکتەر بەدەست تێوەردانەوە دەگوازێتەوە، هەروەها کارەکتەر بە بێ دەنگ بەرزکردنەوە بیر لە خوشکەکانی خۆی و خوشکی (فەرهاد) دەکاتەوە بەراوردیان دەکات، ئەمەش گوزارشت لە (هەژاری و دەوڵەمەندی)ی هەردوو خێزان دەکات. هەروەها بەهۆی ئەو ڕووداوەی کە (مام عەولا) دێتە حەوشیان وا دەزانێ دز هاتووە، لەگەڵ ڕووداوەکانی تر ئەو بارە دەروونییە لەسەر کارەکتەر دروستدەکەن .

چیرۆکگێڕەوە لە چیرۆکی (بێوەژن)ەوە دەڵێت: ((بیری کەوتەوە ... شەوێکیان کوڕەکەی چی پێکرد ... زانیبووی مامە عەبەی توتنچی داوای کردووە ... ئەو شەوە هەزار جار توایەوە ... هەر ئابڕووی برد...)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ٨٧). بە شێوەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، حیکایەتخوانی هەمووشتزان ڕووداوەکان لە ناو زەینی کارەکتەر بەدەست تێوەردانەوە پێشکەش کراوە، هەروەها بێ دەنگ بەرزکردنەوە دەیخاتە ڕوو، کاتێ بێوەژن داخوازی هاتووە کوڕەکەی کاردانەوەی خراپی هەبووە، ئەمانە کاریگەری لەسەر باری دەروونی کارەکتەر دروستکردووە .

هەروەها چیرۆکگێڕەوە لە چیرۆکی (گرێ)دا دەڵێت :((ترسێکی مەزنتر بەسەر دڵ و دەروونتا دەبارێنی ... نەک مەزنتریش لە خەم و نەهامەتی چاوەڕوان نەکراوی ئەم ژانە خامۆشەی ئەم شەو ...خوانەکا ... وابێ تۆ دەمریت

... وەک ماسی لە ئاو دەربهێنین هەناسەت لەبەر دەبڕی)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ٩٣). ئەم جۆرەشیان مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، بەهۆی ڕووداوی ناو زەینی کارەکتەر کە بریتییە لە : مەلا کە نا بینایە و چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵەکەی دەکات، ئەم چاوەڕوانییە گریمانەی جیاجیا لە ناو دەروونی دروستدەکات، لەوانە : ترسی لەدەستدانی منداڵەکەیتی، ئەمانەش دوودڵی و گومان و فشاری دەروونی دروستدەکەن، هەروەها حیکایەتخوانی هەمووشتزان پێشکەشی کردووین، کارەکتەر بێ دەنگ بەرزکردنەوە ئەنجامی داوە .

لە درێژەی کۆمەڵە چیرۆکەکان حیکایەتخوان چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران )دا دەڵێت: ((ئاخۆ دەبێ (هودا )ی ئەسمەر و چاوڕەش لە کوێ بێ ...؟ کێ دەڵێ ئێستا مێردی نەکردووە ...؟ )) (حەسەن، ٢٠٠٢، ١١٦).

ئەمەش مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە لە ڕێگای (هودا)وە و ڕووداوەکانی ناو زەینی کارەکتەر هەمووشتزان بە دەست تێوەردانەوە پێشکەشی کردووین، کارەکتەر بێ دەنگ بەرزکردنەوە بۆ تەنیایی خۆی بەدوای چارەسەرێک دەگەڕێ. بۆیە خەیاڵی (هودا) دەکات، ئەمەش بەهۆی (فلاش باک)ەوە باس لە رابردووی دەکات، کە کچێکی جوان بووە و شەیدای بووە، نهێنی دڵی خۆیمان بۆمان ئاشکرا دەکات .

هەر لە هەمان چیرۆکدا دەڵێت : ((بەڵام بە دڵ تێر دەگری ...ڕوحە پڕ ئازارەکەی دەکەوێتە سەر لەرەی خەم ... دنیاش وەک ئێستا چەند تاریک تاریکتریش دابێ ... ئەو ئەوەندە زڕەی زەنگی خەمێک و کارەساتێک لە گوێیدا دەزرنگێتەوە ... کە دنیای غەریبی و تەنیایی دەگیرێتە باوەش – زەنگی زوێر ی (گۆران) ی بیر دەکەوێتەوە:

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری ....)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ١١٧).

ئەمەش مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە، ڕووداوەکان بێ دەنگ بەرزکردنەوە، لە زەینی کارەکتەر پێشکەش دەکرێ، ئەوەی لە چیرۆکەکانی تر جیای دەکاتەوە ئەوەیە حیکایەتخوان لە ڕێگەی شیعری شاعیر (گۆران )ەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و گوزارشت لە باری دەروونی خۆی دەکات .

هەروەها لە چیرۆکی (شاعیر)دا دەگوترێ: (( شیعرێکی ئەو کارەساتەی بۆ نەهاتووە ... دەستێکی بۆ قەروێڵەکەی برد... شلتری کردەوە ... هەموو ئەو پردانەی ڕووخاند کە ئەمیان بۆ شاری پڕ لە یادی ترش و تاڵ دەبردەوە ... هەزار نەفرەتی لەو حەزەش کرد ... رایهێنا کە شەو نیوەشەو و سەر بە باڕەکاندا بکا ... لەو رۆژەوە نەفەسی کورت بووە ...رۆمانێکی تەواو بۆ نەخوێندراوەتەوە ... مانگێکە کۆتایی بە (بەرزاییەکانی وێزرینگ) نەهێنا و ... کەی وا تەمبەڵ بووە...)) (حەسەن، ٢٠٠٢، ١٣٠).

کەواتە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆیە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان لەناو زەینی کارەکتەر بە دەست تێوەردان، بۆمان دەگێڕێتەوە ئەمەش بە هۆی (چیمەن )ەوە ئەم بارە دەروونییە دروستبووە، بۆیە کارەکتەر لە ناخی خۆیدا بێ دەنگ بەرزکردنەوە بە دوای چارەسەرێک دەگەڕێ تا لە بیرخۆی بباتەوە، ئەمە کاریگەری لەسەر دەروونی کارەکتەر دروستکردووە، بۆیە (ڕۆمان و چیرۆک...)ی پێ ناخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی  بە خوێندنەوەیان یادگاریەکانی ئەوی بیر دەکەوێتەوە .

**٢-٥-٣: نموونەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەیەکەوە واتە ئاوێتەی یەکتر کراون :**

هەروەها لە دەقی چیرۆکی (لەو دیوی دەرگا ئاسنینەکەوە) باس لە گەنجێک دەکات، کە بۆ ژوان ماڵی خۆشەویستە کۆنەکەی دەچێ، بەڵام پێش ئەوەی بچێ لەگەڵ خۆی مۆنۆلۆگێکی قووڵ ئەنجامدەدات، لە کۆتایی لەپشت دەرگا ئاسنەکەوە دەردەکەوێ کە ماڵی (نەسرین) لە شوێنی خۆی نەماوە.

چیرۆکگێڕەوە دەڵێت: ((کەوتیتە خەیاڵ : ئەم ئەم دیدەنییەم ...گەر خەمناک بێ ...چاوەڕوان نەکراوە ... یا پڕ کارەسات و فەرتەنە بێ ... دوورە لەوەی ئاسایی بێ ... کتوپڕ و سەیر لای ئەو دەکەوێتەوە کۆڵان نەبووایە... سوورم دەخوارد...دوای ئەوەندە ساڵە ... زۆرشتم لێ گۆڕاوە ...دەشێ من هەست بەخۆم نەکەم ... ئەو ئاگادار بێ ... کاتی خۆی پێم دەگوتی تۆ ئاوێنەمی ... )) (حەسەن، ٢٠٠٢، ١٧).

ئەگەر سەیری ئەم کۆپلەیە بکەین هەردوو جۆری مۆنۆلۆگی تێدایە، زۆر هونەریانە بەکارهاتووە سەرەتا لە ڕێگای هەمان شتزان (من)ەوە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆیە ، دواتر دەبێتە ناڕاستەوخۆ و لەڕێگای (ئەو)ەوە لەهەمان کاتدا دێتەوە سەر (من) بە شێوەیەکی زۆر هونەریانە ئەم گەمەی ئەنجامداوە، هەروەها لەژێر کاریگەری ئەو بارە دەروونییە،سەرەتا ڕووداوەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر و دواتر ڕووداوەکان بە دەست تێوەردانەوە لە ناو زەینی کارەکتەرەوە پێشکەش دەکات. کەواتە لەم چیرۆکەدا هەژاری یەکێکە لەو هۆکارانەی لەدەستدانی یارەکەی و ئەو بارە دەروونییەی لەسەر کارەکتەری سەرەکی دروست کردووە. ئەم فشارە دەروونییەی بە هۆی هەژاری و ترس و دڵەڕاوکێ و دابڕان... دروستبووە، ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی ئەم پێشکەشکردنە بەم شێوازە ئەنجامبدرێ .

هەروەها چیرۆکگێڕەوە لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگێکم تیا خۆش ویست) دەڵێت: ((هەستم کرد دوو چاوە زەرد و خۆشەویستەکانی دەستگیرانەکەمن... لەباتی هەردوو چاوی سەگەکە ... دووچاوی ((ئەو)) هاتنە بەر دیدەی خەیاڵم ... ئەو دووچاوەی بۆی دەژیم و دەمرم و شێت دەبم و بەشەڕ دێم و دەخۆم و دەخۆمەوە و خەونیان پێوە دەبینم ... )) (حەسەن، ٢٠٠٢، ٣٣).

ئەم چیرۆکە لە ڕێگای چیرۆککگێڕەوەکانی هەمووشتزان و هەمان شتزان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای (م) واتە: من و (ئەو)ەوە دەگێڕدرێتەوە، لە ناو زەینی کارەکتەر بێ دەست تێوەردانەوە بە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ بەدوای یەکەوە پێشکەشی ئێمەی دەکات، کە لە ڕێگای سیحری دوو چاوەی (ئەو) ناڕاستەوخۆیە، کە دەستگیرانەکەیەتی خۆشەویستی بۆ سەگ پەیدا دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی نهێنیی زانیاری ناو دەروونی کارەکتەری سەرەکی، کە بریتییە لەو رق و کینەی بەرامبەر بە سەگەوە لە کۆتایی بەهۆی چاوە زەردەکانی سەگەگە دەکەوێتە مۆنۆلۆگە و لە ئەنجامدا ئەو ڕق و کینەی لە ڕابردوو بەرامبەر بە سەگ هەیەتی بەهۆی چاوە زەردەکانی بۆ خۆشەویستی گۆڕانی بەسەردا دێ، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم هونەرەیە.

کەواتە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆش کاریگەرییەکی بەهێزی لە ڕەوتی گێڕانەوە و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکان هەیە، کە پرسیارە سەر سوڕهێنەرەکان، یان ئاڕاستەی خوێنەر کراوە، یان بەشێوەی ئاسایی پێشکەش کراوە، بەهۆیەوە هەندێ لە پرسیارەکان بە وەڵام گەیشتوون و هەندێکیشیان ڕووداوەکانیان درێژکردۆتەوە و ئەمەش چێژی خوێندنەوەی چیرۆکەکان لای خوێنەر زیاتر دەکات.

**٢-٥-٤: نموونەی مۆنۆلۆگی خۆدواندن / ئاخاوتن :**

بە گوێرەی ئەو شیکردنەوانەی کە ئەنجاممان داون... ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە (خۆدواندن – ئاخاوتن) لەناو ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، بۆنموونە: (ریشۆڵە، ئەو شەوەی سەگێکم تیا خۆش ویست، خوشکەکان، ترس، لە دیوی دەرگا ئاسنینەکەوە، بێوەژن، تەنیایی شەوێکی باران، گرێ و شاعیر) نییە.

**ئەنجام**

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١- لە چیرۆکی (خوشکەکان) مۆنۆلۆگ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە جیا لە ڕێگەی (من، ئەو) پێشکەش کراوە، بەهۆی قەیرەیی و تەنیایی خوشکە گەورەکەیان ئەم بارە دەروونییە دروستدەبێ.

٢- لە چیرۆکی (ترس)دا مۆنۆلۆگ بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێشکەش نەکراوە، تەنیا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای (ئەو)ەوە پێشکەش کراوە، ئەمەش لە ئەنجامی (ترسی باوک و مامۆستا، هەژاری، ڕووداوی مام عەولا...هتد) ئەم بارە دەروونییە سەریهەڵداوە.

٣- لە چیرۆکی (بێوەژن) و (شاعیر)دا مۆنۆلۆگ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەڕێگای (من، ئەو) پێشکەش کراوە، بەڵام ڕاستەوخۆ بە (فلاش باک) پێشکەش کراوە، کە بێوەژن بەهۆی زەماوەندی کوڕەکەی زەماوەندی خۆی بیر دەکەوێتەوە، ئەمانەش لە ئەنجامی (ترس، شەرم، کەلتوور، دابونەریتی کۆمەڵگا) ئەم بارە دەروونییەی بۆ دروستبووە و لە چیرۆکی (شاعیری)شدا لە ئەنجامی خەم و تەنیاییدا ئەم بارە دەروونییە دروستبووە .

٤- لە چیرۆکی (گرێ)دا مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای (من) پێشکەش کراوە (کارەکتەری نابینا) کە چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵەکەی دەکات دەکەوێتە ئەو بارودۆخە، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پێشکەش نەکراوە .

٥- لە چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران)دا بە شێوەی جیاواز پێشکەش کراوە، لەوانە: مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای (من) پێشکەش کراوە، هەروەها پەنای بۆ شیعری (گۆران)ی شاعیر بردووە، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بەهۆی (فلاش باک)ەوە باس لە ڕابردووی (هودا) دەکات کە لە کاتی خۆیدا کارەکتەر شەیدای بووە، واتە لەڕێی ئەم مۆنۆلۆگە نهێنییەکەی ئاشکرا دەبێت و لە چیرۆکی (ریشۆڵە)دا (مۆنۆلۆگی) ناڕاستەوخۆیە و ڕاناوی (ئەو)ەوە

بەکارهاتووە، ئەمەش پەیوەندی بە باری دەروونی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە و (هەمین )ەوە هەیە، کە بەهۆی باری هەژارییەوە تووشی دڵەڕاوکە بووە، هەروەها بەهۆی ئەو گومانەی کە لەسەر (هەمین) دروست بووە، بە(فلاش باک) باسی ڕابردووی دەکات، کە پێشتر ڕەدووی (دەروێش بایز) کەوتووە .

٦- لە چیرۆکی (لە دیوی دەرگا ئاسنینەکەوە، ئەو شەوەی سەگێکم تیا خۆش ویست) مۆنۆلۆگ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای (من، ئەو) بە شێوەی ئاوێتە پێشکەش کراوە. ئەمەش لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ و ترسی کارەکتەرەکان دروست دەبێ، چونکە دەچێ بۆ ژوانێک لە پشت دەرگاکەیە و نازانی چی ڕوودەدات  و ئەوەی تریان بەهۆی ئەو چیرۆکە ناخۆشەی لە ڕابردوودا بەرامبەر بە سەگ هەیەتی کە لە ئەنجامدا کۆتایی بە ڕق و کینەکە هاتووە و بۆ خۆشەویستی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم هونەرە.

٧- لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت، کە (خۆدواندن) بەکارنەهاتووە، چونکە چیرۆکنووس هەوڵیداوە تەنیا لە ڕیگەی هەردوو جۆرەکەی ترەوە ناخی کارەکتەرەکان بخاتە بەرچاو.

٨- بەشێکی ئەم مۆنۆلۆگانە بەشێوەی پرسیار ئاڕاستەی خوێنەر کراوە، وەکو لە چیرۆکەکانی (شاعیر، خوشکەکان، تەنیایی شەوێکی باران)، هەروەها لە چیرۆکی (ڕیشۆڵە)ش بەشێوەی پرسیار و سەرسوڕمان پێشکەش کراوە، بەڵام ئەوانی تر بەشێوەی ئاسایی پێشکەش کراوە، ئەمانەش کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر ڕەوتی گێڕانەوە و ڕووداوەکان هەبووە.

٩- لە درێژەی شیکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)دا بۆمان دەردەکەوێت کە (٨) جار بەشێوەی ڕاستەوخۆ و (٨) جاریش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پێشکەش کراوە، کەچی بەشێوەی ئاوێتەش (٢) جار پێشکەش کراوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### ١-سەرچاوە کوردییەکان

#### أ-پەرتووک:


- حسن، شێرزاد (٢٠٠٢)، کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)، چاپەمەنی تیشک، چاپی دووەم، سلێمانی.
- خدر، ڕێزان رەحمان (٢٠٠٧)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- خورشید، بەهزاد فەتاح (٢٠٠٨)، هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانەکانی (ڕێواس ئەحمەد)دا، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید (٢٠١٧)، تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید (٢٠١٥)، دەسەڵاتی حیکایەتخوان لە کۆ چیرۆکدا بە نموونە چیرۆکی: کێ وەستا کەریمی کوشت لە نووسینی (موحسین چینی )، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید (٢٠٠٩)، کارەکتەرسازی لە ئێوارەی پەروانەی (بەختیار علی)دا، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم ، هەولێر.


#### ب-نامەی ئەکادیمی:


- حاجی، سەنگەر قادر (٢٠٠٨)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار علی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
- محمد، پەرێز صابر (١٩٩٢)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی و نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .
- مستەفا، ڕێزان عوسمان (٢٠٠٧)، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی باشووری کوردستان ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**ج- گۆڤار :**

- ئەڵوەنی، نەجم خالید (٢٠٠٥)، تەکنیکی دیالۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، گۆڤاری (زانکۆ)، زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر، ژمارە (٢٤).

**٢ -سەرچاوە عەرەبییەکان**

**أ- پەرتووک :**

- ابوطالب، ابراهيم (٢٠١٧)، تطوير الخطاب القصصي (من التقليد الى التجريب القصة اليمنية نموذجا)، دار غيداء للنشر والتوزيع، ط ١، القاهرة .
- الحاوي، ايليا (١٩٧٩)، في النقد و الادب، دار الكتاب اللبناني، ط٤، بيروت .
- خليل، ابراهيم محمود (٢٠٠٣)، نقد الادب الحديث من المحاكات الى التفكيک، ط . اولى، دار المسيرة، الاردن .
- همفرى، روبرت (٢٠٠٠)، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت. محمود الربيعي، دار غريب، القاهرة .

**٣-سەرچاوە ئیگلیزییەکان :**

1-Explore the fact-cheked online encyelopedia . From Encyelopedia Britannica with hundreds of thonsands of objective articles cl.braran ) https//www. Britannica . Com – monologue )

## الملخص

## مونولوج وانواعها في مجموعة من قصة (شيرزاد حسن)

تعدد المونولوج إحدى التقنيات المهمة في القصص الذى اهتم بها كاتب القصة في بداية القرن العشرين خصوصا في مجال الرواية والقصص ل(جيمس جويس، فيرجينيا ولف و مارسيل بروست) فقد استخدمت هذه التقنية ومن ثم فقد لجأ إليها في كثير من القصص العالمية كما اهتم (شيرزاد حسن) بهذه التقنية ليكشف الجانب المختفي في نفوس الشخصيات القصصية وقد تكلمنا في هذا البحث عن هذه التقنية من النظير، ثم حاولنا ان نطبق هذه التقنية على مجموعة قصص (تەنیایی) للكاتب من خلال طرح الانموذج المختار وقد توصلنا في نهاية البحث الى مجموعة من الاستنتاجات ومن ابرزها المونولوج المباشرة و غير مباشرة في مجموعة القصص المذكورة، في حين ان الحوار الذاتى لم يستعمل فيها.


كلمات الدالة: ( المونولوج، المونولوج المباشره، المونولوج غير مباشر، الحوار الذاتي) .

## Abstract

### A monologue and types in a collection of the story (Sherzad Hassan)

Monologue is one of the most crucial narrative devices stressed by storytellers in the early 20th century. James Joyce, Georgina Woolf, and Marcel Proust all incorporated this method into their novels and stories. This technique has been applied in several stories all around the world to disclose the characters' innermost thoughts. This strategy has also caught the attention of Sherzad Hassan. This academic study discusses this approach, and the researchers use Sherzad Hassan's collection of short stories (Loneliness) to illustrate the several varieties of this technique. Finally, this scientific study concluded that there are direct and indirect monologues in his collection of stories, but no self-talk is used.

Keywords: (monologue, direct monologue, indirect monologue, self-talk) .

# بۆنەکانی دەشتی هەولێر

## بە نموونەی بۆنەی کارکردن و دەقە فۆلکلۆرییەکان

**پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**
کۆلێژی زمان، بەشی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین
mawlud.hassan@su.edu.krd

**مەسعود عەبدوڵلا مستەفا**
قوتابی ماستەر لە زمانی کوردی
کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین
masoudabdullah32@gmail.com

**پوختە:**

هەموو گەلانی دونیا بۆنەی تایبەت بە خۆیان هەیە، گەلی کوردیش کۆمەڵێك بۆنەی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەدا مەبەستمان بۆنەکانی دەشتی هەولێرە، ئەوەش بە نموونەی بۆنەکانی کارکردن وەك (دروێنە، شەنەبا، دەورکردنەوەی گەنم و جۆ، ساوارکوتان، مەشکەژەنین، تەشی ڕێسی).

هەموو ئەم بۆنانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، هەندێك لە بۆنەکان ساڵانەن، بۆنەمان هەیە وەرزینە، کۆمەڵێك بۆنەشمان هەیە گشتینە، لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دونیاش هەروایە.

بۆنەکان بەخۆشی و ناخۆشییان لە کوردستان تام و چێژێکی کوردەواریی تایبەت دەبەخشن. بۆنموونە کاتێك ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات لە نێوان کوڕ و کچێك، یان منداڵێك لەدایك دەبێ ، یاخود کەسێکی ئازیز لە دەستدەدەین، ئەمانە هەموو بۆنەیە و ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە.

دیارە ژیانی سادە و پڕ کۆششی دەشتی هەولێر وای کردووە، فۆلکلۆری ئەم دەڤەرە دەوڵەمەند بێت بە کۆمەڵێك بۆنەی تایبەتی و گشتی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر هەندێك لەو بۆنانە.

وشە سەرەکییەکان: (دەشتی هەولێر، بۆنەکان، کارکردن، فۆلکلۆر).

## پێشەکی

کارکردن هۆکارێکی سەرکەوتنی مرۆڤە و هۆیەکی چالاك و زیندووە لە کۆمەڵگای کوردیدا ، لە دەشتی هەولێردا بەهۆی کەمی ئامێری کشتوکاڵ لە ڕابردوودا زۆربەی کارەکان بە دەست ئەنجام دراون وەك (دروێنە و شەنەبا و دەورکردنەوەی گەنم و جۆ و ساوارکوتان ، .....).

بەهۆیێ ئەوەی شتێکی کەم لەم بوارەدا نووسراوە و کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەمە هۆکارێك بوو وای لێکردین، توێژینەوەکەمان بۆ ئەم ناونیشانەی سەرەوە تەرخان بکەین. بۆ ئەوەی لە ئاستی کۆشش و بنیاتی زمان و بیر و ریشەیی ئەو ڕابردووە تێبگەین.

ئەو ڕێبازەی لە توێژینەوەکەماندا پەیڕەومان کردووە، ڕێبازی وەسفی ـ شیکارییە.

بەهۆی کەمی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بوارە، دەستکەوتنی سەرچاوە کەمێك ئەستەم بوو. بۆیە هەوڵمانداوە کەسانی بە ئەزموون و پیر بدوێنین، کە ئەم جۆرە کارانەیان ئەنجامداوە.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە پوختە و پێشەکی ، دوو بەش و ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان ، ناونیشانەکە بریتییە لە (بۆنەکانی دەشتی هەولێر بە نموونەی بۆنەی کارکردن و دەقە فۆلکلۆرییەکان).

بەشی یەکەم تایبەتە بە باسێکی بۆنەکان بە شێوەی تیۆری، لە چوار تەوەرە پکهاتووە، بەم شێوەیە: تەوەرەی یەکەم: پێناسە و چەمکی بۆنە، تەوەرەی دووەم: زمانی دەقی بۆنەکان، تەوەرەی سێیەم: ئەدەبیاتی بۆنەکان، تەوەرەی چوارەم: جۆری بۆنەکان و گرینگیان. هەموو ئەمانە باسکراون.

هەرچی بەشی دووەمە، تیشك دەخاتە سەر (بۆنەکانی کارکردن) لێرەشدا ئەو بۆنانەمان باسکردووە لە دەڤەرەکە ئامادەیی بەردەوامییان هەبووە . لەم تەوەرانە پێکهاتووە: (تەوەرەی یەکەم: کارەکانی دروێنە، تەوەرەی دووەم: شەنەبا، تەوەرەی سێیەم: دەورکردنەوەی گەنم و جۆ، تەوەرەی چوارەم: ساوارکوتان، تەوەرەی پێنچەم: دەستاڕ، تەوەرەی شەشەم: مەشکە ژەنین، تەوەرەی حەوتەم: تەشی ڕێسی) باسکراوە.

لە دوای ئەمانە توێژینەوە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك لە چوار خاڵ خراوەتەڕوو. لیستی سەرچاوەکان دوا بەشی توێژینەوەکەیە ، بەپێی ئەلف و بێی ناوی نووسەرەکان ریزکراوە.

## بەشی یەکەم

### تەوەرەی یەکەم: چەمك و پێناسەی بۆنە:

بۆنە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاری موکریانی بە واتای (هۆ، سەبەب، سۆنگە، بەهانە، بیانوو) هاتووە. (هەژار، ١٣٤٩ هەتاوی، ٨٤).

لە فەرهەنگی ( ئەناهیتا )ش بۆنە بە واتای (بەهانە، بۆ خاتری بیانوو، لەبەرمایە، هۆ) هاتووە. (ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، یوسف ڕەشید).

لە فەرهەنگی خاڵ مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بەم شێوە باسی بۆنەی کردووە: (بۆنە: هۆی شت: بە (بۆنە)ی تۆوە هاتم. (خاڵ،٢٠٠٥، ٣٨).

بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە: بۆنە هەموو یادەوەرییەکی شیرین، یان تاڵ، شادی یان کارەسات دەگرێتەوە، کە بە سووڕانەوەی ساڵ، بە دەوری خۆیان زەخت کەنەوە زۆرجار کۆڕ و ئاهەنگی تایبەتییان بۆ دەگێڕێ.

لەلایەکی ترەوە بۆنە بە واتای یادەوەری پیشە جۆراوجۆرەکانیش دێ، وەکو ئەو بۆنانەی بەهۆی دروێنە یان ساوارکوتان .... زۆری تر.

(خەڵك لە قۆناغێکی سەرەتایی گەشەکردنەوە، بۆنە خۆشەکان و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناسیون).(الحداد، ١٩٩٥، ٧٨).

کاتێك مرۆڤ هاتۆتە سەر زەوی سەرەتا بە تاك ژیاوە، دواتر بە کۆمەڵ لە ئەشکەوتەکان ژیاوە، سەرەتا بیریان لە ئایین کردۆتەوە بۆ پاراستنی خۆیان و ئەو شتانەی دەستیان دەکەوت، کەواتە کۆنترین بۆنە، بۆنەی ئایینە.

تا وای لێهاتووە، بۆنەکان بوونەتە زانست. جەلیل القدرە و ژمارەیەك لە زانایان ئاماژەیان بە گرنگی زانستی بۆنە کردووە، دیارترینیان (الغفر الرازی) دەڵێت (زۆربەی وردبینەکانی قورئان لە ڕێکخستن و پەیوەندییەکان دادەندرێت) وێب سایتی www.hefzmoyaser.cor .

ئەلسویتی دەڵێت (زانستی ئەو بۆنەیە زانستێکی شەڕەفمەندە).

جەژن و بۆنەی ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە هزری ئیسلامیدا و کاریگەری عەقیدەییە بە جۆرێك ، کە فەرمانی حوکمی لەسەر پێویستی بە بوونی سوودێك هەیە، یان بە پەرچدانەوەی خراپەیەکی ڕەوا.

ابن عاشور لەبارەی بۆنەکان دەڵێت (واتایەك لە یەکێك لە کردارەکانی خەڵکدا، کە وا دەخوازێت ئەو کارە واجب بێت، حەرام بێت یان شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێدابێت). (وسو، ٢٠١٦، ٧٠).

بۆنەکان بۆ ئەدەبیات و شاعیران (دەرفەتێك بوو، بۆ ئەوەی هەست و سۆزی بیرکردنەوەی خۆیان بەتاڵ بکەنەوە، پێگە و دیدگای خۆی بۆ خودی ژیان و گەردوون پێناسە بکات.) (وسو، ٢٠١٦، ٨).

هەموو بۆنەکان گرنگی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، کاتێك بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی یاد دەکەینەوە، پێویستمان بە ئامادەکاری دەبێت وەك: (ئەو خەڵکانەی دیاریان دەکەی بۆ بانگهێشتکردن، بودجەیەکی دیاریکراوی دەوێت، کات و شوێنی بۆ دیاری دەکرێت. لەگەڵ ئەو خواردنانەی پێشکەش دەکرێ، دانانی بەرنامەیەك بۆ یادەکە، ......).

کەواتە بۆنە خۆش و ناخۆشەکان کۆبوونەوەی خەڵکەکان و شوێنی دیاریکراو، ئەم بۆنانە لە ڕابردوو ڕوویانداوە، لە داهاتوو یاد دەکرێنەوە. وەك بۆنە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان (لەدایکبوون، هاوسەرگیری، جەژنەکان، نەورۆز، مردن،..... ).

**تەوەرەی دووەم: زمانی بۆنەکان:**

هەر بۆنەیەك شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە (شێوازی بابەتێکی زانستی جیاوازە لە شێوازی بابەتێکی ئەدەبی، یان یاسایی، یان دڵداری شێواز و پێشوازیکردن لە میوان جیاوازە، لە شێوازی دەرکردنی کەسێك). (شەمس، ٢٠٠٦، ٨).

هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە لە بۆنەکان ئەنجام دەدرێن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، لە ڕووی زمانەوە جیاوازن، بۆ نموونە: کاتێك یادی بۆنەیەکی ماتەمینی دەکرێتەوە، زمانی گفتوگۆ و قسەکردنی جیاوازە لەگەڵ بۆنەیەکی لەدایکبوون. ئەو وشە و دەستەواژانەی لە بۆنە ماتەمینییەکان بەکاردێت دڵ خەمناك دەکات، مرۆڤ هەست بە بێزاری و بێ بەهایی ژیان و دونیا دەکات. بەڵام لە بۆنەیەکی لەدایکبوون نوێبوونەوە و دڵخۆشی دەبیسترێ.

کاتێك بۆنەیەکی سەربەخۆیی وڵات دێ، هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە بە ئاهەنگ و خۆشی بەشداردەبن. شێوازی قسەکردنیان بۆ پاراستنی نیشتیمان و خۆبەختکردنە بۆ نیشتیمان.

لەکاتی جەژنەکانی ئایینی لەگەڵ جەژنێکی نەتەوەیی نەورۆز لەمانەش شێوازی قسەکردن جیاوازە.

بۆ نموونە لە یادی کارەساتی هەڵەبجە دەگوترێ: (هەڵەبجە زامێکە و تیمار نابێت). ئەم زمانە زمانی حەسرەت و خەمێکی قووڵ چنیویەتی، هیچ ئومێدێکی نەهێشتۆتەوە، بەڵام لە بۆنەی ژنهێناندا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بووك

و زاوا دەکرێت، ئەوەی بەشداره لە ئاهەنگەکە دەڵێ: (یاخوا پیرۆزی یەك بن، لەگەڵ یەك پیر و خەڕۆبن، بەختەوەر بژین،....).

دەبینین ئەم زمانە هەمووی ئومێد بەخشە، هەمووی لە دەروونی پڕ لە خۆشی دەرچووە، هەمووی پەیامی شادومانی هەڵگرتووە.

کەواتە هەر بۆنەیەك شێواز و زمانی قسەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە.

**تەوەرەی سێیەم: ئەدەبیاتی بۆنەکان:**

مەبەست لە ئەدەبیاتی بۆنەکان، (ئەم گوتار و نوکتە و شیعر و پەند و کینایە و گوتە ئامادانەی سەر زارانن، کە لە هەر یەکە لەو بۆنانەدا دووبارە بوونەتەوە و بەردەوام دەوڵەمەندیش کراون، بۆ نموونە:

هەدروونە دروونە

دەسکێ داسم بە ڕوونە). (عەباس،٢٠٠٨ ، ٣٨)

ئەم هۆنراوەیە وەکو دەقێکی ئەدەبی دروونەکردن دروست نەدەبوو، ئەگەر ئەم بۆنە گشتییە بوونی نەبووایە.

یانیش:

هەیاران و مەیاران

یاخوا بیکاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

ئەگەر جووتیار و تۆکردن نەبووایە، ئەم دەقەش دروست نەدەبوو.

یانیش دەقێکی وەك: ((ژنم دەوێ ژنانە پیستەی بکاتە هەمبانە)). (لەك،٢٠٠٦، ٣٦)

ئەو گوتە شیعرییەش، وەکو دەقێکی ئەدەبی دروست نەدەبوو، ئەگەر بۆنەی مەڕداری و بەرهەمهێنانی سپیەمەنییەکان بۆ بەردەوامبوونی ژیان بوونیان نەبووایە.

كەوابێ هەر بۆنەیەك ئەدەبێكی مەعقولی جوانی تایبەت بەخۆی بەرهەمهێناوە، بە هەموو ئەوەش دەڵێن خاوەنی فۆلكلۆرێكی دەوڵەمەندین.

**تەوەرەی چوارەم: جۆری بۆنەكان و گرنگییان:**

هەموو بۆنەكان لەناو كۆمەڵ ئەنجام دەدرێن. هەر بۆنەیەكیش گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئێمە پۆلێنی بۆنەكانمان كردووە بەم شێوەیە: بۆنەكانی ساڵ، جەژنەكان، شەوی بەرات، لەدایكبوونی پێغەمبەر (د.خ) مەولوودی نەبەوی، نەورۆز.

_ بۆنەكانی وەرزی، چوار وەرزەكەی ساڵ.

_ بۆنەكانی كۆمەڵایەتی: لەدایكبوون، ژنگواستنەوە، خەنەبەندان، مردن، شینگێڕی،.....).

_ بۆنەكانی كاركردن: وەك: دروێنە، شەنبا، دەوركردنەوەی گەنم و جۆ، ساواركوتان، مەشكەژەنین، تەشی ڕێسی،....).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بۆنە بۆتە زانستێك_ زۆر فراوانە_ بۆ هەموو شتێك بۆنەیەكی بۆ داندراوە، بە شێوەیەك لە هەموو جیهان پەیڕەودەكرێت.

وەك: بۆنەی ڕۆژی دایك، زمانی دایك، ڕۆژی منداڵان، باوكان، خوشكان، ڕۆژی پەرستاران، ڕۆژی نەخۆشییەكان بە گشتی، ...... ) هەر یەك لەم بۆنانە لەلایەن دەستەیەك و كۆمەڵەیەكی دیاریكراو یاد دەكرێتەوە.

# بەشی دووەم

## بۆنەکانی دەشتی هەولێر

دەشتی هەولێر دەشتێکی پان و فراوانە، خەڵکەکەی ماندوون، بە بەردەوام کاریان دەکرد، تاوەکو بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵیان دەستبخەن. هەموو بۆنەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەموو بۆنەکان تێکستی تایبەت بەخۆیان هەیە، هۆنراوەی فۆلکلۆری بێت یان حەیران و لاوك یان بەیت بێت. یان حەکایەت و بەسەرهاتی خۆش بێت. لە بەشی دووەم بۆنەکانی کارکردن وەردەگرین و باسی جۆری کارەکان دەکەین.

_ بۆنەکانی کارکردن:

**تەوەرەی یەکەم: دروێنە:**

لە کۆتایی وەرزی بەهار و سەرەتای وەرزی هاوین دەستدەکرا بە دروێنەکردن لە دەشتی هەولێر، جوتیارەکان لەگەڵ چەند سەپانێك دەستیان بە دروێنەکردن دەکرد، ژمارەی سەپانەکان چەند زۆربایە ئەوەندە باشترە بۆ کارکردن. زۆرجاریش بە هەرەوەزی هاوکاری یەکتریان دەکرد، سەرەتا جۆ دەدووراوە و دروونە دەکرا، دواتر گەنم.

ئەو ئامێرانەی بەکاریان دەهێنا بۆ دروێنە: (داس، قەرانگ، قەیناغ، مەرەغان، کارتیخ ....هیتر)، قەیناغ، لەسەر پەنجەکان دەکرا. ئەم قەیناغەش دوو جۆرە: (لە پێست دروستدەکرا، یان لە ئاسن دروستدەکرا). (شێخانی، ٢٠٠٣، ٣٠).

زۆر جار پیاو و ژن بەشدار دەبوون لەکاتی دروێنەکردن، پیاو لە پێشەوە وەك سەپان بەدەست درەویان دەکرد، ژنەکانیش لە دواوە گوڵەکانیان هەڵدەگرتەوە (تێلەگیشە یان گیشەکار)، بوون، دەسك دەسك بەرهەمەکە کۆدەکرێتەوە، گوریسێکی دەستیان شێوەی قولابی پێوەبوو، داسێکی بچووکیان

لەدەست بوو بۆ کۆکردنەوە، پێیاندەوت داسوکە، دەیانکردە (شەغرە) لەسەر پشتی وڵاخی بەرز دەیانگواستەوە بۆ سەر جۆخین. لەپێش نوێژی بەیانی دەهاتن، نوێژی بەیانیان لەسەر تەبارە دەکرد، دواتر دەستیان بە دروێنە دەکرد، تاوەکو چێشتەنگاو، یان چێشتان کاریان دەکرد، دواتر پشوویان دەدا، کەمێك خواردنیان دەخوارد، خواردنیان بریتی بوو لە هەندێك (دۆ یان قەسپ و پیاز لەگەڵ نان)، کۆتك بۆ ئاو و دۆ خواردنەوە بەکاردەهات، هەروەها کوندەیان دەبرد بۆ ئاوتێکردن و ساردبوونی ئاو دۆدان بۆ ئەو دۆیەی دەیانبردە پەرێز و دروێنەکردن.

کە داسەکانیان کول دەبوون، بە جۆرێك لە بەرد تیژیان دەکردەوە، ناوی بەردەکە (هەسان) بوو یان بە چەوری ڕۆنی حەیوان چەوریان دەکرد. سەپانەکان کڵاوی خورییان لەسەر دەکرد، تاوەکو لە گەرمای ڕۆژ پیستی سەریان و دەموچاویان نە سووتێ.

سەختترین کار لە گوند دروێنەکردنە، ماندووبوونی زۆری تێدایە، مرۆڤی دەست و بازوو بەهێزی دەوێ، زۆرجار بەهۆی بەهێزیی سەپانەکان ڕکابەری دروستدەبوو، کامەیان زۆرترین ماوە پشتی بەرز نەکاتەوە، بەردەوام بێت لە دروێنەکردن، ئەو براوە بوو. هەندێك جار پشیەکیان دەدا ناویان دەنا (جغارە خۆرێك)* دواتر دەستیان دەکردەوە بە کارکردن.

ئەم کارە دروێنەکردن بە کۆمەڵ ئەنجامدراوە، تاوەکو کەمێك ماندووبوونی خۆیان لەبیر بکەن، لەگەڵ ئاوازی داس و قەیناغ و جۆری ڕۆشتنیان، گۆرانییان دەوت، دڵ و دەروونیان پێ ئارام دەبوو.

یەکێك لە پێشەوە گۆرانییەکەی دەوت ئەوانیتر لە دواوە دەیان وتەوە. ئەم جۆرە گۆرانییە لە هەموو کوردستان باو بووە، بەتایبەت لە دەشتی هەولێر. بەهۆی زار و بنزارەکەی تایبەتمەندی خۆی هەبوو.

*(جغارە خۆرێك). ئیدیۆمێکی دەشتی هەولێرە، بۆ وەستانی کاتێکی کورت، ماوەی پشوودان کورتە.

ئەمەش بەشێك لە تێکستەکانی گۆرانی دروێنەکردنە:

**دروێنەی گەنم .....**

هێ برا سەرێ من دێشی
کاکە سەرم زۆر دێشی
دەردێ لە درم دەرنایێ
دەردێ لە درم دەرنایێ
کانیێ سەید عوبێدی
کاکە لە بن کەنداری
ئاشقان دەستی لێ بشۆن
خانمەکی چەند نازداری
ئەو کەریم و ستینە.**
چەند ئاشقی یەکدینە... (فیچەری رووداو ٢٠٢٠، ٣٧)

یاخود هەندێك جار بە شێوازێکی تر گۆرانی دەڵێن، بە ئاوازێکی تر، پێهەڵدانیان بەسەر ئافرەتان دەبێت، بۆ نموونە:

سەری بەندانم ستییە — لەدوا بەندان ستییە
زەندی سپی پڕ بازن — وەك بالیفی مارییە
هەتیم وەرە مار ئێمە — بنێ لە من سەرییە
بابم چوویتە هەولێرێ — کاکم لە کن مەڕییە
ئەوان لە مارێ نەبن — داکیشم بێ قەیدییە
دەوم لە گەردەنی نا — دوو ماچم لێ کردیە.....

(شێخانی، ٢٠١٠، ١٧٣).

پاش ماندووبوونێکی زۆر و کۆتاییهاتن بە دروێنەکردن، جا بۆ هەر کەسێك بێت، پێویست بوو حەیوانێك سەربڕێ، شیوەك بۆ سەپانەکان بکات، یاخود گۆشتەکەی دابەش دەکرد لە نێوان سەپانەکان، دەیانبردەوە، لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی پێکەوە دەیانخوارد. (چاوپێکەوتن، کانەبی زاهیر، کۆلێژی زمان، ٢٠٢١/١١/١٤).*

*(هەموو چاوپێکەوتنەکان تایبەت بوو بەکارەکانی دەشتی هەولێر، ئەم جۆرە کارەیان کردووە)

**(کەریم و ستی دوو ئاشقی یەکتر بوون لە دەشتی هەولێر، مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی زۆر بەدرێژی باسی کردووە، لە کتێبی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی).

لەسەر جۆخینان بەهۆی جەنجەڕ بەرهەمەکە دەکوتراوە، تاوەکو گەنم یان جۆ تێکەڵی یەك دەبوون. جەنجەڕ ئامێرێك بوو بەرهەمی گەنم و جۆی پێ دەکوترا. منداڵێك یان ئافرەتێك لەسەر جەنجەڕەکە دادەنیشت، بە دوو ئاژەڵ جا کەر بێت، یان هێستر جەنجەڕەکەیان ڕادەکێشا. (جەنجەڕ لەم بەشانە پێکهاتووە، ١- حوشترۆکە، دارێکی چەند پارچە بوو لە شێوەی لەشی حوشتر بوو لەولاو ئەولای جەنجەڕەکە دەبەسترا. ٢- شێرۆکە، رووی پێشەوەی حوشترۆکەکە بوو. ٣- تیرەی حوشترۆکە. دارێکی پتەوی لوولەیی بوو هەردوو لای حوشترۆکەی لە رووی پێشەوە بەیەك دەبەستا. ٤- بپاڵتە: دوو تایەی لوولەیی نزیکەی مەترێك درێژ بوون. ٥- تۆپ: تەنها بە دارە لوولەکەی پاڵتە دەگوترا.) (قادر،٢٠٢٢، ٢٢٨)

لە کۆمەڵگای کوردی هەر کارێك ئەنجامی دەدەی دابونەریتی خۆی هەیە، دروێنەش کۆمەڵێك داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە: کاتێك سوارێك بە میوانی دەهاتە سەر تەبارەی، گیشەکەر یان سەپان،

سوارەکەیان ڕادەگرت، کەمێك دۆیان پێشکەش دەکرد، دەبوو سوارەکەش لە پای ڕێزگرتنی بەخشیش یان خورما یان قەسپ وەك دیاری پێشکەش بکات.

هەندێك جار گیشەکەر ڕقی لە سەپان دەبۆوە، یاخود بە پێچەوانەوە روویداوە، ئەگەر هاتوو کەسێك لە کارکردن تەمبەڵ بووایە، کاری تریان پێدەکرد. هەندێك جاریش بەریەککەوتن لەنێوان سەپانەکان و گیشەکەرەکان دروستدەبوو، دەمەقاڵێ یان لێکیاندەدا.

هەندێك جار سەپانێك لە کارکردن زۆر ئازا بووە، لەکاتی کارکردن بەسەر سەپانەکانی تر دەسووڕاوە، ئەمەش شەرم بوو بۆ سەپانەکانی تر بەسەریدا بسووڕێنەوە.

زۆر جار وا ڕێکدەکەوت، دوو چینی دروێنەکردن دەبوون، هەر یەکەیان بۆ جوتیارێکی جیاواز کاریان دەکرد، پێیان دەوترا هاوپەرێز. پاش نیوەڕۆیان لە دروونە دەبوونەوە، یان چێشتانان کاتێك بۆ پشوو دەستیان هەڵدەگرت، دەڕۆیشتن بۆ لای یەکتری، زۆر جاریش یارمەتی یەکیان دەدا، پێیان دەوترا (زبارەی هاوپەرێز). (شێخانی، ٢٠١٠، ١٨٠).

**هەندێك زاراوەی تایبەت بە دروێنە:**

_ تەبارە: ئەو دەغڵەی تەواو پێگەیشتبی هێشتا نەدوورابێتەوە.

_ بەر: دروێنەکردنی بەشێکی تەبارەی دەغڵ بەپێی توانای سەپانەکان.

_ دوورنە بە گاز: بریتی بوو لەو جۆرە دروێنەی، کە دوو کەس یان سێ کەس بە گۆرانی دروێنەیان دەکرد. پشتیان ڕاست نەدەکردەوە، هەتا خەتە دروێنەکەیان تەواو دەکرد.

_ بەرە دروونە: بریتییە لەو بەشە دەغڵەی، کە لەلایەن سەرپاڵە دابڕاوە.

_ سوارە، سواڵە: ئەو قامکە گەنم و جۆیە دووراوانەی لەناو دەست و پەنجەی سەپاندا، کە پڕ بە قامکی سەپانییە و دوایی دایدەنێتە سەر زەوی.

_ گیشەکەر: بەو ئافرەتە دەگوترا لە دوای (٤ _٥) سەپانان بوو سواڵەی خڕ دەکردەوە.

_ تێلەگەکێش: بەو ئافرەتە دەگوترا، کە گیشەی بە پشتی خۆی دادەدا و دەیهێناوە سەر جۆخین.

_ وشی: هێشوو: ئەو قلە گەنمە دووراوانەیە، لەدوای سەپان بەجێماون.

_ دەستەڕنە: ساڵ هەبوو باران کەم بوو، گەنم و جۆ باڵای زۆر کورت بوو، کەمیش شین دەبوو، جوتیار ناچاربوو بە دەستی بیڕنی بە خاوخێزانی، تاوەکو کەمێك بەرهەمی دەستبکەوێ.

_ بەرکوت: وادەبوو هەندێك جوتیاری خێزاندار باراشی لە سەرەتای دروونان لێدەبڕا و دەچوو لە(تەبارە)ی جۆ یان گەنم، بەقەدەر پێویست دەدووریەوە و بەگێرە دەیکوتا و بە بای دەکرد.

ئەمە بەرکورتی پێ دەگوترا ئەوجا دەیبردە ئاش، (مەلای ڕەش،٢٠١٢ ، ٥٧)

_ قەلەخەرمان: گەنمی رەشگوڵ لەکاتی قۆناغی شیری، هەندێکیان دروێنە دەکرد و دەیانکردە گورزە و گورزە گوڵەکانیان لەسەر ئاگر دادەنا و دەیانبرژاند، دوایی دەنکەکانیان لە قرچکەکان دەردەهێنا و دەیانکوتا و دەیانکردە شیو و دەیانخوارد. کەواتە قەرەخەرمان فەریکە دەغڵی ڕەشگوڵە. لە هەندێك فەرهەنگاندا، دەگوترێت، (فەریکە دەغڵی برژاو). (مەلای ڕەش،٢٠١٢ ، ٥٨)

_ زبارە: ئەگەر جووتیارەك نەخۆش بوایە یان دروێنەی دوابکەوتایە، پیاوانی گوند کۆدەبوونەوە و هاوکارییان دەکرد، بۆ دروێنەکردنی تەبارەکەی، ژنانیش هاوکارییان دەکرد. (چاوپێکەوتن، خەجیجە ڕەشید، ٢٠٢١/١١/١٥ هەولێر).

_ شەرت: گرێبەستی نێوان سەپان و خاوەن زەوییە، لە یەکەمین ڕۆژی دوورنەی تا کۆتایی دروێنە. جا داواکاری سەپان بیست یەکە لە دەغڵ و دانەکەیە. یان سواقدانی لەودە و خانووی ماڵە، ئەمانەش شەرتی خاوەن کار بوو. شەرتیش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:

_ شەرتی زستانە: هەشت مانگ، لە سەرەتای مانگی نۆ (ئەیلول) تا مانگی نیسان، کۆتایی مانگی (٤)، زیاتر بۆ جوتیارییە و کاری کێڵان دەکەن.

_ شەرتی هاوینە: چوار مانگە لە سەرەتای ئایار دەست پێدەکات تا کۆتایی مانگی ئاب. زیاتر بۆ سەپانییە.

_ شەرتی هەرات: تەواوبوونی ماوەی کارکردنی ڕێنجبەر لەلای ئاغاکەی (خاوەن کارەکەی). (نادر، پرۆژەی بڵاونەکراوە).

**تەوەرەی دووەم: شەنەبا:**

دوای دروێنەکردن و گواستنەوەی بۆ سەر جۆخین، کوتانەوەی بەرهەمەکە بە جەنجەڕ. بەرهەمەکە و کایەکە تێکەڵ دەبوو. بۆیە جوتیار پێویست بوو، بەرهەمەکە شەنەبا بکات، تا لێکیان جیابکاتەوە. جووتیارەکانمان زۆر شارەزابوون، دەیانزانی چ شوێنەك بۆ جۆخین باشە، چونکە جۆخین نابێت شوێنێك بێت ناو دەشت و دۆڵ بێت، دەبێت شوێنەکەی تەخت بێت با بیگرێتەوە، هەندێك جار وابوو بای نەدەهات، دەبوو چاوەڕێی با بکەن. تاوەکو شەنەبای بکەن. کاتێك ڕۆژ خۆش بایە، بای بهاتبایە ، بە دوو کەس یان سێ کەس شەنەبایان دەکرد. ئەو ئامێرانەی لەم کارە بەکاریان دەهێنا بریتی بوو لە (شەنە) ئەمیش دوو جۆرە، یەکەمیان زۆر کۆنە، لە دار دروستکراوە بە هۆی سیرمەی پێستە بەشەکانی چەسپ کراون و پێشی دەڵێن سێلکە، ئەوەی دیکەیان نوێیە و لە ئاسن دروستکراوە، دوو کەس بەرامبەر یەکتر دەوەستن و وردەکە کە کاودانی تێدایە بە شەنەکان بە با دەکەن، بۆ پاککردنەوەی زیاتر

سەرەند و بێژنگ بەکاردەهات. ئەم کارەش گۆرانیی تایبەت بە خۆی هەبوو. مرۆڤ لە کاتی گۆرانی وتن دڵی ئارام دەبێت. هیلاکی لەسەر جەستە کەم دەبێتەوە. (چاوپێکەوتن، ڕەسول قادر، ٢٠٢١/١١/٨).

بۆ نموونە دەیانوت:

**(بایێ شەمار)**

بایێ شەمار بایێ شەمار چەن ڕەنگینە
دەیدا لە ڕەوسە و جۆخینە
گەلە گەرمە ئەو هاوینە
بایێ شەمار بایێ شەماری پایزە
دای لە هیزارێ ئازیزە
ئەورۆ کچەتیم لە من زیزە

بایێ شەمار بایێ شەمار بەو بوارێ
دەیدا لە گەرایێ دارێ
خەو خۆشە لەگەر نازدارێ

بایێ شەمار بایێ شەمار بەو زستانێ
دەیدا لە کێلێ کیستانێ
خەو خۆشە لەگەر گوستانێ (سوجادە،٢٠٢١، ١١١)

ئەگەر سەیربکەین، دەبینین، وەك گۆرانی دروێنە یەك ئەڵێ، ئەوانیتر لەدوای دەڵێنەوە، بەڵام ئاوازەکەی هێواشترە، یان خاوترە. لە هەموو گوندەکانی دەشتی هەولێر ئەم شێوەیە پەیڕەوکراوە، بە گوێرەی ڕادەی زیرەکیی مێشکیان

وشەی جوانتر و ناسکتریان بەکارهێناوە، بەهەمان ئاوازی خاو گۆرانی تریان وتووە، بۆ بای شەماڵ، هەریەکە و بە شێوازی خۆی گۆرانی وتووە، بۆ نموونە جار هەبووە بەم شێوەیە وتراوە:

کاکە بڕۆننە شەماری
کاکە بڕۆننە شەماری دەمەك دێ و دەمەك نایێ
دەیدا لە گورینگەی تۆری گوران دێننە سەمایێ
شازولفان دەهەژێنی لە بۆ کەیفی دونیایێ
سینگ قالیچەی خۆراسانێ لۆم هات لەلای بەغدایێ

(شێخانی، ٢٠١٠، ٣٨٨).

**تەوەرەی سێیەم: دەورکردنەوەی گەنم و جۆ:**

به ژمێریاری دەشتی هەولێر بچووکترین پێوەر بۆ گەنم و جۆ (ڕوبە)یە، گەورەترینیش پێی دەگوترا (عەربە)، لەو نێوانەش پێوەرێکی تر هەبوو پێیان دەوت (قەزناغ).

یەك ڕوبە بە پێوانەی ئێستا (٩) نۆ کیلۆیە.

هەر یەك قەزناغ چوار ڕوبەیە.

یەك عەربە (٣٢) ڕوبە بوو، واتا ٨ قەزناغ.

ئەو کەسەی گەنم یان جۆی دەپێوا، پێیاندەوت (کەیار) لە وشەی (کیال)ی عەرەبی هاتووە. کاتێك گەنم یان جۆیان دەور دەکردەوە، ئەم دەورکردنەوەیە بۆ جووتیار زۆر پێویست بوو تا بزانی داهاتی چەندە، تاوەکو زەکاتی ماڵی خودای لێبدات، مافی خاوەن زەوی بدات، ئەوەی بۆی دەمێنێتەوە بۆ ماڵ و منداڵی بەکاری بهێنێ. بە گۆرانی ژمارەکانی دەگوت، بۆ نموونە روبەی یەکەم پڕ دەکرا، دارێکی بەسەر ڕووبەکە دەهات و ڕاست دەکرا و دەیگوت:

یێك بابم یێك یێك یێك
له شەیتانی بشکێ نێك
نێکی لێ ببێته سێ پێك
دوو بابم دوو دوو دوو
خوا یەکە و نابێ بە دوو
بەرەکەت بێ لەکنە توو
له شەیتانی ڕەش بێ ڕوو
لێی بشکێ نێك و ئەستوو
سێ بابم سێ سێ سێ
بەرەکەت بکەوتە رەوسێ
خوا بدا و پێغەمبەر بنووسێ
حەسوود هەناوی بپسێ (چاوپێکەوتن، عەباس نادر).

ئیتر بەم شێوەیە دەور دەکراوە، هەموو ژمارەکان بەم شێوەیە بوو، تا دەگەیشتە ژمارەی (١٣)، لەلایان ژمارەیەکی شووم بوو، دەیان وت زیادە، کاتێك دەگەیشتنە ژمارە (٢٠) دەیان وت داریە. دارییە بە واتای (٥) قەزناغ. لەو کاتە یەکێك لە سەپانەکان بە چەقۆ خەتی لە کلکە شەنەی دەکرد. پاش تەواوبوون خەتەکانی کلکە شەنەیان دەژمارد. (پرۆژەی بڵاونەکراوە، عەباس نادر).

**تەوەرەی چوارەم: ساوار کوتان:**

دوای دروێنە و شەنەبا، ئیتر بەرهەمەکە ئامادەیە بۆ خۆراك، جا گەنم بێت یان جۆ. بۆ ساوارکوتان لە بەرهەمی گەنم دروستدەکرێ. ئەم کارەش بەم شێوەیە بوو، قۆرتەکی گەورەیان لێدەدا بە ئەندازەی سێ بۆ چوار تەنەکە گەنم بگرێ، چوار کەس بە کوتەك لێیاندەدا، دوو کەس دوو کەس بەرامبەر یەك

دەوەستان، کوتکی داریان پێبوو، دەسکی کوتەك یەك مەتر و نیوێك درێژ دەبوو، سەرکوتکەکە ئەستوور و گەورە بوو. لە ساوارەکەیان دەدا، جار جار ساوارەکەیان تەڕ دەکرد. زۆر جار ئەم کارە شەوان دوای نوێژی (عیشا) ئەنجامدەدرا، بە هەرەوەزی بوو، گەنجەکان کۆ دەبوونەوە، تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبوون، کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد، لەلایەن خاوەن ماڵ هەندێك شتی سادە پێشکەش بە ئامادەبووان دەکرا، وەك چای، دۆ، یان قەسپ، ......هتد

جۆرێکی تر هەیە بەم شێوەیە بوو، ساوەر دەکرایە نێو جەواڵی قایمی لە موو دروستکراو، گەنجە کوتك بەدەستەکان لە دەوری جەواڵەکە کۆدەبوونەوە و بەدەوری جەواڵە گەنمەکە دەسووڕانەوە و بە نۆرە کوتکەکانیان دەوەشاند و گۆرانییان دەگوت.

ئەم کارە گۆرانی تایبەت بە خۆی هەیە، یەکێك گۆرانییەکەی دەوت، ئەوانیتر دەیان وتەوە، بە ئاوازێکی خۆش، دڵ و دەروونی مرۆڤی پێ ئارام دەبوو. بەم شێوەیە دەڵێن:

**ساوارکوتانەوە**

ئەو ساوارە گەنمی پارە
لۆ ئەو سارە کابان هارە
دەلێی دە هەی   دەبکوتە ئەی بیکە کا
ئەی بی دەبا   ئەی کیژ لێ نێ ئەی کوڕ بخوا
ئەو ساوارە چەند بێ کەسە
چەندی لێدەن ناڕێ بەسە، (سوجادە،٢٠٢١ ،٣١٧)

جاری واش هەبوو ئاوازی گۆرانییەکەیان دەگۆڕی، بە شێوازێکی تر دەیانوت بۆ نموونە، لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەزوەر کەریم لەك، ئەمیش بە گوڕ و تینێکی گەنجی بۆی باسکردم، بەم شێوەیە:

**ساوارکوتانەوە**

ئاوی غازر ورشە ورشە
گەر خۆی دەیبا دار و قرشە
ئاوی غازر هارە هارە
گەر خۆی دەیبا دار و بارە
مەمکێ یارێ وەك هەنارە (چاوپێکەوتن، ئەزوەر کەریم لەك).

جاری واش هەبوو زیاتر باسی ژن و جەستەی ژنیان دەکرد، کۆڕی کارکردنیان پێ گەرم دەکرد، بۆ نموونە:

چاوت وەکی چاوی ماری
خۆم لۆ هەردە سەر دیواری
ماچت دەکەم پڕ بەزاری
چاوت وەکی چاوی بۆقێ
لە دووت دەکەم گورگە لۆقێ
ماچت دەکەم در بترۆقێ
یا ئەڵلا، یا ئەڵلا (حەویز_۲۰۰۸، ۱۰۳)

لە کۆتایی وەرزی هاوین و سەرەتای وەرزی پایز گەنمەکەیان دەکوڵاند، دواتر هەریان دەخست بە تیشکی ڕۆژ وشك دەبۆوە، کابان دەبوو ڕۆژی دوو جار گەنمەکە تێکبدات، تاوەکو نەترشێ و تێکنەچێ، ئەوکات ئامادە دەبێت بۆ کوتانی ساوار، هەر لەو گەنمە ساوار و بڕووش و پیرخەنییان لێ دروستدەکرد.

**تەوەرەی پێنجەم: دەستاڕ:**

ئەم شێوازە کارکردنە تایبەت بوو بە ئافرەتان، هەندێك جار دوو ئافرەت، هەندێك جار یەك ئافرەت کارەکە ئەنجام دەدات، دەستاڕ بەم شێوەیە دروستکراوە: بەردێکی پان و ئەستوور لە ژێرەوە دادەندرا، لە ناوەڕاستی

نێرکەکی هەبوو لە سەرەوە بەردێکی ئەستوور، ناوەڕاستی کون بوو، لەسەر یەکیان دادەنا، ئەوەی سەرەوە دەسکێکی داری هەبوو، ئافرەتەکان بەرامبەر یەك دادەنیشتن هەر یەکە و لایەکی دەسکی دارەکەی دەگرت، گەنمیان دەخستە ناوەڕاستی کونی بەردەکە، دەیان خولاندەوە، هێواش هێواش، تاوەکو گەنمەکەی دەهاڕی.

لەکاتی کارکردن ئافرەتەکان بۆ دڵخۆشی خۆیان هەندێك گۆرانی تایبەتیان دەوت، لەسەر هەمان شێوازی ئاوازی گۆرانییەکانی دروێنە و ساوار کوتان گۆرانییان دەچڕی، بۆ نموونە گۆرانی (دەستاڕ) دەڵێن:

دەستاڕ لە ماریٚ کیٚ و کیٚ؟
گڕ گڕ لە کیٚ و کیٚ؟
دەستاڕ لە ماری مەلایە
گڕ گڕ لە ماری مەلایە
لە مەلاژنیٚ دەست بازن
کیژەکەیان کوڕ دەیخوازن (شێخانی، ٢٠١٠، ٧٠).

**تەوەرەی شەشەم: مەشکە ژەنین:**

لە پێستی ئاژەڵ دروستدەکریٚ، بەتایبەت ئاژەڵی نێری، لە پێستی ئاژەڵی مێیە باشترە، هەندێك جار لە پیستەی گۆلك دروستدەکرا، کە ئاژەڵەکە سەر دەبڕا بە شێوەیەکی زۆر زانا گۆشتەکەیان لە پێستەکە جیا دەکردەوە، پاشان پێستەکەیان خۆشدەکرد، پاشان دەبێتە هەمبانە، ئەو هەمبانەیە دەکرێت بە کوندەی ئاو یان مەشکە، ئێمە مەبەستمان دروستکردنی مەشکەیە. چۆنیەتی دروستکردنی مەشکە، سیٚ داریان لە زەوی دەچەقاند و بەرزیان دەکردەوە پێیان دەگوت (سیٚ پێك)، هەر سیٚ دارەکەیان لە سەرەوە یەکیان دەگرتەوە، بە پارچە گوریسێك لە دارەکەیان دەبەستەوە کە شۆڕ دەبۆوە بۆ خوارەوە،

پێستەکەیان پێ دەبەستەوە. هەندێك ماست و کەمێك ئاویان لەناو پێستەکە دەکرد، سەری پێستەکەیان دەبەست، تاوەکو دۆیەکە و کەرەکە دروستدەبوو. ئافرەتەکان مەشکەکەیان دەژەنی لە بەرامبەر یەکتری دەوەستان. بەم شێوەیە دۆ و کەرەکەیان لێك جیادەکرانەوە. بەڵام لە گوندەکان زۆر جار لە بن هەیوانی ماڵەوە دروستدەکرا، لە داری کاریتەکانی بنمیچی هەیوان هەڵدەخرا و دەژەندرا. (چاوپێکەوتن، رەسول قادر، نەخوێندەوارە، کاری کاسبییە). ئەم جۆرە کارە گۆرانی تایبەت بەخۆی هەیە ژنەکان دەیڵێن. بەڵام بە ئاوازی ئەو هەژاندنەوەی مەشکە گۆرانییەکانیان دەڵێن، بۆ نموونە:

**مەشکە**

هەی مەشکە مەشکە مەشکە
مەشکە مەشکەی بەرانی
دەیژینم لە تەلانی
نان و کەرەی شوانی (شێخانی، ٢٠٠٣، ١٢٥).

هەندێك جار ئافرەت بەسەر پیاو هەڵدەدا، چونکە گۆرانییەکان ئافرەت دەیڵێ، بۆ نموونە: لە مەشکە هەژاندن بەم شێوەیە باسی پیاو دەکات:

مەشکەم مەشکەی مانگایە
لۆلەپ لە دار خورمایە
لەبەر روونی هەرنایە
هەی مارێ بابم مەشکە
هەی عەمرو چاوم مەشکە
هەتیم دەستان مەبزێوە
بازن لە قۆڵم دەشکێ
ئاوی سیروان دەکێشێ

شان و پیلم پێ دێشێ
هەی مارێ بابی من بێ...........(ئیبراهیم،١٩٨٤، ١٢٣)

**تەوەرەی حەوتەم: تەشی ڕێسی..**

ئەم جۆر کارەش هی ئافرەتە، یەك ژن ئەنجامی دەدات، کاتێك مەڕدارەکان مەڕیان دەبڕییەوە (جەوبڕیان پێ دەوت)، خوری مەڕەکانیان کۆ دەکردەوە، دواتر خوریەکە دەشوورایەوە، وشك دەکراوە، ئەو کاتانەی ئەو ئافرەتانەی لە ماڵ بوون و کاریان نەدەما، خۆیان بە تەشی ڕێسی خەریك دەکرد، خوریەکەیان دەڕێست، ئەو کات بۆ زۆر شت بەکاردەهات، وەك دەسرازەی منداڵان، جیخ دروستکردن، بەرماڵ و جاجم لەلای جۆڵا دروستدەکرا. من پێم وایە ئەو پەندەی کوردیش هەر لەوە هاتووە، کاتێك دەڵێ (ڕیسەکەم لێ مەکە بە خوری). یەکێك کارێك ئەنجام دەدات، لە کۆتایی کەمێك کێشەی بۆ دروست دەبێت، خاوەن کار دەڵێت (ڕیسەکەم لێ مەکەوە بە خوری) لەم کارەش ئافرەت گۆرانی تایبەتی دەوت، بۆ نموونە:

**(تەشی ڕێسی)**

تەشی ڕێسی بە شلکە ڕانی
شۆی دەدایەوە بە گوڵ و ڕەیحانی
بۆ ڕانك و چۆغەری دەسگیرانی
تەشی دەڕێسی ورد باریکانی
شۆی دەدایەوە بە گوڵ و ڕەیحانی
بۆ کراس و کەواکەی دەستگیرانی (شێخانی، ٢٠١٠، ٣٥).

**ئەنجام**

١_ بۆنەکانی کارکردن لە دەشتی هەولێر وایانکردووە، ئەدەبیاتێکی تایبەت بە زەوق و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دەشتی هەولێریان دروستکردووە.

٢_ شیعر لەو ئەدەبیاتەی دەشتی هەولێر پشکی شێری بەرکەوتووە.

٣_ هەر ئەو ئەدەبیاتە بۆتە هۆی ئەوەی شێوەزاری دەشتی هەولێر لە فەرهەنگێکی زمانی ناوازە، قۆناغەکانی پێشکەوتنی خەڵکی پارێزیەتی ببڕێ و بە سەلامەتی خۆی بگەیەنێتە ئەمڕۆ، ئەگەر ئەو ئەدەبیاتە نەبووایە، ئێستا ئەو شێوەزارە دەچووە ریزی زمانە مردووەکان.

٤- کارکردن و دەقە فۆلکلۆرییە گۆرانییەکان هۆیەك بوون بۆ هەست نەکردن بەماندووبوون و کارکردن و بێزارنەبوون و زوو تەواو بوونی کارەکان.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەی کوردی:**


١. ئیبراهیم ، شوکریە رەسول (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی بەشی دووەم. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،
٢. حەویز. شێرکۆ ئەحمەد (٢٠٠٨)، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٣٨، خاوەنی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر
٣. خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، وەزارەتی ڕۆشنبیری . هەولێر.
٤. سوجادە، زەینب خان مەلا خادم (٢٠٢١)، کۆمەڵێك هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە، چاپخانەی فێربوون، هەولێر.
٥. شێخانی، حاجی سعدالله (٢٠١٠)، (جۆخینی خەرمان) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٦. شێخانی، هەنگاو ئەنوەر (٢٠٠٣)، جۆرەکانی گۆرانی لە دەشتی هەولێر، ئینستیوتی کەلەپووری کوردەواری هەولێر.
٧. عەباس نادر، پڕۆژەی بڵاونەکراوە.
٨. عەباس، محەمەد سلێمان (٢٠٠٨)، گۆرانی کارکردن و خاسیەتەکانی. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٣٨).
٩. فەرهەنگی ئەناهیتا، ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنییە، یوسف رەشید سەرپەرشتی دەکات.

١٠. لەك، هۆشیار نوری (٢٠٠٦)، گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، چوارچرا، هەولێر.
١١. موکریان، هەژار (١٣٤٩) هەتاوی (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و کوردی _ فارسی) چاپخانەی سروشت، تەهران.
١٢. مەلای ڕەش عەزیزی (٢٠١٢)، خورچەك ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،

**لیستی سەرچاوەی نامە ماستەرەکان.**

١- شەمس، هێمن عەبدولحەمید (٢٠٠٦)، شێوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر زانکۆی کۆیە،
٢- وسو، عبدالله ابراهیم (٢٠٠٦)، الاعیاد والمناسبات الدینیة والاجتماعیة في الفکر الاسلامي واثرها العقدي، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی.

**لیستی سەرچاوەی عەرەبی:**

١- الحداد، عبدالرحمن یحیی (١٩٩٥)، الاخلاقیات الاجتماعیة بالسلوك ، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان الاردن.

**لیستی وێب سایت.**

١- سایتی گۆگڵ www.hefzmoyaser.com.
٢- کەناڵی ڕووداو . بەرنامەی فیچەر لەسەر دروێنە کردنی گەنم بە داس، (ڕێکەوتی ٣،٧،٢٠٢٠)

**لیستی چاوپێکەوتنەکان:**

١- حاجی عومەر ڕەحمان، کەسێکی بە تەمەنە، ٢٠٢١/١١/5، گەڕەکی ڕۆشنبیری، نەخوێندەوارە، خۆی کاری دروێنەی کردووە.
٢- خەجیجە حەمەڕەشید، ٢٠٢١/١١/٢٠، کات ٩ی شەو، گوندی قەرەچناغە، نەخوێندەوارە، ژنی ماڵەوەیە، خۆی کاری دروێنە و مەشکە ژەنین و تەشی ڕێسی کردووە.
٣- ڕەسوڵ قادر ٢٠٢١/١١/٨ کات ١١ی بەیانی، پیشە کاسب، نەخوێندەوار، گەڕەکی ڕۆشنبیری، لە شاری هەولێر.
٤- عەباس نادر، ٢٠٢١/١٠/١١ گەڕەکی نەورۆز، هەولێر، کات ٣ی پاش عەسر، پیشەی مامۆستایە لە ئامادەیی کشتوکاڵ، لە شاری هەولێر.
٥- کانەبی زاهیر، ٢٠٢١/١١/١٤، کات ١٠ی بەیانی، کۆلێژی زمان، نەخوێندەوارە، خۆی کاری دروێنەی کردووە بە داس.
٦- مام ئەزوەر کەریم لەك، ٢٠٢١/١١/١٠، کات ٧ی شەو، شارۆچکەی دارەتوو، لە شاری هەولێر، نەخوێندەوارە، پیشەی جووتیارە، ئێستاش خەریکی چاندنی گەنم و جۆیە.

## الملخص

## مناسبات العمل في سهل أربيل -مناسبات العمل ونصها انموذجاً

هذا البحث محاولة للتعريف بالمناسبات وانعكاساتها على سهل أربيل.

من الشائع أن تحتفل الدول في جميع أنحاء العالم بالأحداث الخاصة بها ، والشعب الكوردي ليس مختلفًا. في هذا البحث يركز الباحث على أحداث سهل اربيل وهذا مأخوذ من مناسبات العمل مثل الحصاد وتنظيف غبار القمح ووزن القمح وسحق القمح إلى (كسكس) وخليط الحليب وغزل الصوف إلى خيوط.

قد تكون المناسبات نصف سنوية أو موسمية أو دولية قد تكون شخصية أو عامة، مثلا عندما يتم الزواج أو يولد طفل أو يموت شخص ما، سواءا كانت سعيدة أو حزينة، فإن كل المناسبات في كوردستان لها نكهة وطعم وطابعها الكوردي.

من الواضح ان الحياة البسيطة والهادئة في سهل أربيل قد أثر على التراث الشعبي للمنطقة من عادات والتقاليد الشعبية.

هذا البحث يتكون من المقدمة وفصلين، والخلاصة والنتائج وقائمة المصادر.

الفصل الأول نظري وهو مخصص لتعريف وتصور اللغة والثقافة وأنواع هذه المناسبات.

الفصل الثاني وهو تجريبي يبحث في أهم الأحداث في سهل اربيل. لقد أدت مناسبات العمل في سهل أربيل إلى خلق طريقة خاصة في التفكير وفهم خاص بالسهل وله دور كبير في الأدب من هذه المناسبات.

نتيجة لذلك، أصبح هذا الأدب وسيلة الحفاظ على لهجة سهل أربيل من خلال مراحل تطور حياة الناس و له دور كبير في ايجاد قاموس لغوي فريد. مكن الادب وثقافة هذه اللهجة من البقاء حتى يومنا هذا، وبدونهم كانت هذه اللهجة قد عفا عليها الزمن.

الكلمات الدالة (المناسبات ،العمل ، سهل اربيل ، الفولكلور)

# Abstract

## Occasions of the Erbil plain – work occasions and folklore texts as examples

**Massoud Abdullah Mustafa**

This thesis, titled "Occasions in Erbil Plain - Work Occasions as an Example", is an attempt to introduce the occasions and their cognitive impacts on Erbil Plain.

It is common for nations all over the world to celebrate their own events, and Kurdish people are no different. In this article the researcher is focusing on the events of Erbil Plain. And this is taken from work occasions such as harvesting, wheat-dust cleaning, weighing wheat, crushing wheat to couscous, milk churning, and spinning the wool into thread.

The occasions may be annual, seasonal, international, or they may be personal or public, such as when a couple gets married, a baby is born, or someone passes away.

Whether joyous or sorrowful, all occasions in Kurdistan have and provide a traditional Kurdish flavour and meaning.

It is obvious that the simple and effortful life in the Erbil plain has enriched the folklore of the area with several specific and general occasions.

The current study is consisted of the following sections; abstract, introduction, two sections, study results and reference list. The first section is theoretical which is specific to defining and conceptualizing the language, culture and types of these occasions. In the second section, which is empirical, the most important events in Erbil plain are illustrated.

The work occasions in Erbil Plain have led to creating a special way of thinking and understanding specific to Erbil Plain. Poetry has a major role in the literature of such occasions in Erbil Plain. As a result, this literature has become a means to preserve the Erbil Plain dialect through the phases of development of people as a unique lingual dictionary. Literature and culture have enabled this dialect to survive until the present day, and without them this dialect would have been an obsolete dialect.


Keywords. Erbil plain – occasions – to work - folklore

# ڕەنگڤەدانا گرێیا ئودیپی
# د حیکایەتا ئەفسانەیا کوردیدا
## (تو کورێ منی، برایێ منی، مێرێ منی) وەکو نموونە

**م. هـ. أڤراز سلیمان حاجی**
Avraz.mzory.82@gmail.com

**پوختە:**
زانستێ دەروونی و نەخاسمە قوتابخانا دەروونشیکاری گرنگیەکا زۆر دایە بەرهەمێن ئەدەبی و چەندین ڤەکولین ل سەر رومان و شانوگەریان کرینە، پێخەمەت سەلماندنا هەبوونا گرێیا ئودیپ و بەرهەم کرینە بەلگەنامە، بۆ دروستیا بۆچوونێن خۆ، ب هەمان شێوە ڕەخنەگرێن ئەدەبیژی مفا ژ ڤێ ڤەدیتنا دەروونی دیتینە و تێکستێ ئەدەبی ئێخستیە ژێر پیڤەرێ گرێیا ئودیپ، ل دەستپێکێ بۆ ئاشکراکرنا دەروونی نڤیسەری، پاشی بۆ دیارکرنا کارتێکرنا بەرهەمی ب رێکا هەبوونا ڤێ گرێیێ ل سەر دەروونێ وەرگری و ل دوماهیێ لێگەریان ل ڤان ئاماژێن ب خۆدا، ڤەکولینا مە هەولەکە بۆ شروڤەکرنا حکایەتەکا ئەفسانەیی وەکو نموونە، ل دویڤ ئاماژە و زمانێ نەستێ، ئەوێ دەربرینێ ب شێوەیەکێ نەراستەوخۆ ژ گرێیا ئودیپی دکەت.

**پەیڤێن سەرەکی:** زانستێ دەروونی ، گرێیا ئودیب، ڕەخنەیا ئەدەبی، زمانێ نەستێ، نەستا تێکستی.

**پێشەکی:**

پرسیارا چەندین جاران دهێتە ئاراستەکرن ئەوە، بوچی بەرهەمێن ئەدەبی و بەرهەمێن فولکلوری کارتێکرنەکا تایبەت ل سەر وەرگری هەیە و هەر چەند دەم ب سەردا ببووریت، هەر دمینیتە زیندی و سەرنجراکێش، ئەو چ تشتە دبیتە ئەگەرێ جوداکرنا وێ ژ بەرهەمەکێ دی یێ نە ئەدەبی؟ بێ گومان چەندین هەولێن رژد و هویر ل سەر بەرسڤدانا ڤان پرسیاران هاتینە دان و هەر هەولەکێ لایەنەکێ راستییێ دایە بەرچاڤ، بەلێ ب دیتنا مە ئێك ژ ئەگەرێن گرنگ ئەوە کو ئەڤ جورە تێکستە گونجاندنەکێ ل گەل نەستا وەرگری دکەت و حەزێن وی یێن ڤەشارتی دئازرینیت، بەلکو بێی ئەو ب خۆ ڤێ چەندێ بزانیت.

ل دویف بۆچوونا دەروونناسان، ئێك ژ وان حەزێن کویر و ڤەشارتی د دەروونێ هەر تاکە کەسەکیدا (گرێیا ئودیپی)یە، تێکستێ ئەدەبی ب شێوەیەکێ نهێنی ئەڤێ حەزا کپکری ب شێوەیەکی ژ شێوەیان تێردکەت و دبیتە جهێ تام وەرگرتنێ ل دەڤ وەرگری. لەورا مە ب فەر دیتیە ئەڤێ ڤەکولینێ ل دویف ڤی پەیرەوی ئەنجام بدەین و ل باسێ ئێکێ پشتی ب کورتی ل سەر ئەفسانێ راوەستیاین، گرێیا ئودیپ شروڤەکەین و پاشی رولێ وێ ل دەڤ رەخنەگران بدەینە بەرچاڤکرن و د باسێ دووێدا ل سەر حیکایەتەکا فولکلوری پراکتیك بکەین ، کو ببیتە رێخوشکەرەك بۆ هەر ڤەکولەرەکێ بهێت، چ رەخنێ ل ئەڤێ ڤەکولینێ بگریت، یانژی وەکو پرەکێ مفای ژێ وەرگریت و ڤەکولینا خۆ پێنگاڤەکا دی پێشڤەتر ببەت.

ئەڤ ڤەکولینە ژ پوختە و دەستپێك و باسێ ئێکێ و باسێ دووێ و ئەنجام و لیستا ژێدەران پێکدهێت.

## ١-باسێ ئێکێ: گرێیا ئودیپی و رەخنە:

### ١-١: ئەفسانا ئودیپ:

بەری بەحسێ ئەفسانا ئودیپ بکەین، هەژی ئاماژێیە بێژین کو پەیوەندییەکا موکوم دناڤبەرا بەرهەمێ ئەدەبی و دەروونناسیێدا هەیە، بەلکو بەری پەیدابوونا زانستێ دەروونی ب شێوەیێ خۆ یێ سەربەخۆ ب دەمەکێ درێژ ئەڤ پەیوەندییە هەبوویە و شروڤەکرن و هەلسەنگاندنا بەرهەمێ ئەدەبی ل دویڤ کارتێکرنا وی یا دەروونی ل بەرچاڤ هاتییە وەرگرتن (حاجی ، ٢٠١٥، ٥-١٩).

چەندین زاراڤێن دەروونی ژ بەرهەمێن ئەدەبی هاتینە وەرگرتن و چەندین جاران دەروونناسان بۆ شروڤەکرن و سەلماندنا تیورێن خۆ پشتبەستن ل سەر بەرهەمێن ئەدەبی کرییە. ئێك ژ ئەڤان زاراڤان (گرێیا ئودیپ)یە، ئەوا ژ ئودیپ پاشا هاتیە وەرگرتن کو ئێك ژ ناڤدارترین تراجیدیێن (سوفوکلیسی - Sophocle)یە و کورتیا ڤێ شانوگەریێ ئەوە کو (نهێنیزانا دلف پێشبینی کر دێ پاشایێ (تیبە – Thèbes) (لایوس - Laïu) ل سەر دەستێ کورێ خۆ هێتە کوشتن و کورێ وی دێ دایکا خۆ (جوکاست - Jocaste)ێ ل خۆ مارەکەت. دەمێ پاشای کورەك هەبووی، جوکاست ترسیا و پێیێن وی ب دەرزیکێ کونکرن و گرێدان و هاڤێتە چیایێ (سیتیرون) و ئەو شڤانێن ئەڤ زاروکە دیتی ناڤێ وی کرە (ئودیپ - Oedipus) ب رامانا (پێیێن وەرمتی) و پێشکێشی پاشایێ (کورنتە) ئەوێ ب ناڤێ (پولیبێ - Polybe) کر و پاشای ئودیپ وەکو کورێ خۆ یێ تایبەت ب خودان کر و دووبارە نهێنیزانێ پێشبینیا خۆ بۆ (کورنتە- Corinthe) ئودیپی گوتەڤە، لەورا ئودیپ ب ترسڤە ژ وێرێ دویرکەڤت و د رێکێدا رێڤینگەکێ نەنیاس کەتە بەر سینگێ وی و هەڤرکی دناڤبەرا واندا پەیدابوو و ئودیپی ئەو کوشت و دەمێ گەهشتیە بەر دەرگەهێ

تيبە، ل سەر وى پێدڤى بوو هەمبەرى (سفينكس - Sphinx) (ئەبولهولى) ئەوێ دەڤەر وێرانكرى راوەستيت و شيا بەرسڤا نهێنيا وى يا ناڤدار بدەت و ب مرنا ئەڤى درێندێ ب ترس و رزگاركرنا باژێرى ژ ڤێ دەردەسەريێ، وەكو خەلاتكرن ئوديپ جوكاستێ مارە دكەت و دبيتە پاشايێ تيبە و چوار زاروك ژ جوكاستێ هەبوون، بەلێ پشتى دەمەكى ئەو راستييە دياردبيت كو ئوديپى بابێ خۆ يێ كوشتى (ئەو زەلامێ نەنياسى) و ئەو ژنكا مارەكرى ژى دايكا وييە، لەورا جوكاست خۆ سێدارە ددەت و ئوديپ چاڤێن خۆ كورە دكەت و ژ تيبە دهێتە دەركرن و ل دويڤ سەرێ خۆ دچيت و كچا وى (ئەنتيگون - Antigone) دبيتە ڕێنيشاندەرا وى. (سوفقليس ، ؟، ٩٧-١٤٧).

بابەتێ (ئوديپێ پاشا) بۆ ماوەيەكێ درێژ ((هەر ژ سەردەمێ ئەرستوى هەتا ئەڤرو)) (صبحي ، ١٩٨٨، ١١٨) چەندين جاران هاتييە وەرگێران و نڤێسين و ب چەندين شێوەيان هاتيە دارژتن، بۆ نموونە (ڤولتێر)ى ل سالا ١٧١٨ شانوگەريەك ب ناڤى (ئوديپێ پاشا) دەرهێنا و ل سەر دەپێ شانويێ نمايش كر (ديورانت، ١٩٩٤، ٢٤٣) و كلود ليڤى شتراوس ڤەكولين ل سەر كرييە (فرنان وباكيە، ٢٠٠١، ١٦) و (ئەندريە جيد ب ناڤێ ئوديپ و تيسيوس) نڤێسيە (جيد، ٢٠١٤) و (تەوفيق لحەكيم) ب ناڤێ (پاشا ئوديپ) نڤێسييە (الحكيم، ١٩٣٥). زێدەبارى (سينيكا و كورنى و دى سيس و...هتد.) ئەڤ بەرهەمە نڤيسينەڤە (جيد، ٢٠١٤، ١٥).

### ١-٢: تێگەهێ گرێيا ئوديپ (عقدة أوديب – oedipus complex):

گرێيا ئوديپ ئێك ژ زاراڤێن قوتابخانا دەروونشيكاريە و ئێكەم كەس ئەڤ زاراڤە ڤەديتى و بكارئيناى (سيگموند فرويد) بوو، بەلێ ڤەديتنا ئەڤێ گرێيێ بۆ دەستپێكا كارێن وى ڤەناگەريێت، بەلكو ((فرويدى هەتا سالا ١٩١٠ێ دەمێ گوتارا خۆ يا ب ناڤێ (جورێن تايبەتێن هەلبژارتنا بابەتى كو

زەلام بکاردئینن – A special type of choice of object made by men) تیورا ئودیپی دروست نەکربوو، هەر چەندە نیشانێن وێ ل دەمەکێ گەلەك زوی ل دەڤ پەیدابوون، دەمێ دەروونێ نەخوشێن خۆ شروڤە دکر و ب تایبەتی دەمێ دەروونێ خۆ ب خۆژی شروڤە کری، کو دبێژیت، ئەوی ئەڤ چەندە ڤەدیت دەمێ بابێ وی مری و دەروونێ خۆ شیکار کری کو وی کویرترین هەست بۆ بابێ خۆ هەبوون، بەلێ ڤیان بۆ دایکا خۆ هەبوو و ل سالا ١٨٩٧ێ بۆ هەڤالێ خۆ (فلیس) نڤێسیە و تێدا دیاردکەت کو ئەوی هێزەکا مەزنا ڤێ گرێیێ یا هەی و تێگەهشتنا وی بۆ شانوگەریا ئودیپێ پاشا رونکر)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٤٢). بەلێ پشتی ڤێ چەندێ فرویدی د گەلەك بەرهەمێن خۆدا بەحسێ گرێیا ئودیپی کریە و کریە بناغەکێ سەرەکی یێ چارەسەرکرنا گەلەك نەخوشێن خۆ و رێکەك بو ب هێزکرنا تیورا خۆ(*). بۆ نموونە ((فروید دووپاتدکەت کو هەر مروڤەك چ نێر یان مێ بیت، دێ تووشی زالبوونا گرێیا ئودیپ بیت و خۆ ل هەمبەری وێ بینیت و د پەرتوکا خۆدا ئەوا ب ناڤێ (توتم و تابو) ١٩١٣ رویدانا کوشتنا بابێ سەرەتایی دکەتە خالا سەرەکی بۆ پەیدابوونا مروڤایەتیێ و ئەفسانەکە گرنگیا هەبوونا بشکوشکا ئودیپی ل دەڤ هەر کەسەکی وەردگێریت.)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٤٢)، بەلێ باشترین نموونەیا شروڤەکرنا ڤێ گرێیێ د ((بەرهەمێ ویدا ئەوێ ب ناڤێ دوخێ هانزێ بچویك)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٣٣) دیاردبیت، ئەڤ پەرتوکا وی د بنەمادا چارەسەریا ئێك ژ نەخوشێن وی یێن زاروك بوو و شیا ب ڤەدیتنا گرێیا ئودیپی ل دەڤ ڤی زاروکی وی ب سەرکەڤتیانە چارەسەر بکەت. هەژی ئاماژێیە کو ((ئەڤ چەندە ل دەڤ کچان ژی پەیدا دبیت کو دبێژنێ گرێیا ئودیپی یا مێیان یان گرێیا ئێلکترا و ئێلکترایێ د ئەفسانێدا حەزا بابی یا هەی و دایکا خۆ نەدڤیا هەتا وی رادەی دایکا خۆ دایە کوشتن.)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٤٠) کو ئەڤ ئەفسانەژی ژ لایێ (سوفوکلیس) هەروەسا (یوربیدیس)(**)یڤە هاتیە نڤیسین.

بابەتێ (گرێیا ئودیپ) گەلەك سەرنجا فرویدی راکێشا، هەتا وی رادەی کو ((فروید شانازیێ ب ڤەدیتنا ڤێ گرێیێ دبەت و دبێژیت ئەگەر دەروونشیکاریێ چ تشت نەبیت شانازیێ پێ ببەت، دێ شێت شانازیێ ب گرێیا ئودیپی بەت، چونکی ئەڤە ب تنێ تێرا هندێ هەیە کو بهێتە هەژمارتن ئێك ژ دەستکەڤتێن زانینێ یێن کو مروڤایەتیێ ب دەستڤە ئینای.)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٤٠) دیارە ئەڤ چەندەیە بوویە ئەگەرێ رەنگڤەدانا ڤێ هزرێ ب بەرفرەهی د ناڤ بەرهەمێن ویدا.

ئەگەر ب کورتی پێناسەیەکێ ب دەینە زاراڤێ (گرێیا ئودیپ) دێ ب ڤی شێوەی بیت کو: ((کومەکا هەست و سوزانە ژ ڤیان و دوژمنکاریێ یێن کپکری ل دەڤ زاروکی بۆ دایك و بابان)) (سیلامی، ٢٠٠١، ١٦٦٣) بەلێ د راستیدا ئەڤ پێناسەیە هەمی لایەنێن ڤێ گرێیێ ئاشکرا ناکەت، دەمێ پەیدابوونێ و شێواز و ئاست و جور و کاریگەریا وێ هەمی دئاشکرانینن، زێدەباری ڤێ چەندێ، دبیت ئەڤە گشتیترین پێناسە بیت، بەلێ بۆ تێگەهشتن و ڤەدیتنا وێ ل دەڤ کەسێن دی، ئێك لا نەبوویە و هەمی زانا وەکهەڤ سەرەدەریێ ل گەل ناکەن.

ب دیتنا فرویدی پێنج سالێن دەستپێکی یێن ژیانا زاروکی کارتێکرنێ ل سەر ژیانا وی هەمیێ دکەن و ((فروید قوناغێن تەمەنی ل دویڤ زالبوونا هندەك دەڤەرێن سێکسی یان دەڤەرێن خوشیبەخش دابەش دکەت... کو ئەڤ دەڤەرە ب بارگەیەکا لیبیدی دهێنە بارگەکرن و دبێژنێ غەریزێن سێکسی یێن لاوەکی.)) (الحنفي، ٢٠١٥، ٨٤) و ئەڤی ماوەی دابەشی چەند قوناغەکان دکەت:

١- قوناغا دەڤی (المرحلة الفموية – Oral phase): قوناغا شیرخوارنێیە و هەر ژ دایکبوونێ دەستپێدکەت هەتا تەمەنێ هەژدە هەیڤی.

٢- قوناغا قنگێ (المرحلة الشرجية – Anus phase): ژ هەژده هەیڤی دەستپێدکەت هەتا سێ سالی.
٣- قوناغا ئەندامێ نێر (المرحلة القضيبية –Phallic phase): سالا سێ و چوارێ ژ تەمەنێ زاروکی ب خۆڤە دگریت.
٤- قوناغا ئودیپی – Oedipal phase: دکەڤیتە دناڤبەرا سالا چوارێ و شەشێدا.
٥- قوناغا کەمون ڤەشارتیێ(***): (مرحلة الكمون – Latency phase): قوناغا تەمەنێ قوتابخانێیە.
٦- قوناغا زاوزێ – Genital phase: دبێژنێ تەمەنێ پێگەهشتنێ – ب رامانا سیکولوجی – کو قوناغا سنێلەیێ ب خۆڤە دگریت (هیلز و هیلز، ١٩٩٩، ٢٥٣).

وەکو یا دیار، ((هەر ئێك ژ ئەڤان قوناغان کارتێکرنا خۆ ل سەر رەفتار و کەسایەتیا مروڤی یا هەی و ئەڤ کارتێکرنە ب درێژاهیا ژیانا مروڤی ڤەدکێشیت)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١١٣) و ل دویڤ بۆچوونا فرویدی گرێیا ئودیپ ل دەڤ هەردوو رەگەزان پەیدادبیت و سێ جوران ب خۆڤە دگریت کو د فەرهەنگا دەروونشیکاریدا ب ڤی شێوەی بەحس دکەت: ((کور و کچ پشتی ژدایکبوونێ ب دایکێڤە دهێنە گرێدان، بەلێ ل تەمەنێ دوو یان سێ هەتا پێنج سالیێ هەلویستێ ئودیپی پێڤە دیار دبیت، ئانکو هەستێن هەڤدژ دەربارەی دایك و بابان ل دەڤ پەیدا دبن، کور ئیرەیێ ژ بابی هەلدگریت و حەزدکەت خۆ ژێ رزگارکەت و جهێ وی بگریت، بەلێ کچ چونکی خەساندنێ ل دەڤ خۆ ڤەدبینیت، بەرەڤ بابیڤە دچیت و ب نێراتیا وی یا تەمام قەرەبوویا خۆ دکەت و گرێدانا وێ ب بابیڤە زێدە دبیت و ئیرەیێ ژ دایکا خۆ هەلدگریت و وەکو هەڤرکا خۆ دهەژمێریت. [ل دەڤ کوری] هەلویستێن وژدانی یێن هەڤدژ بۆ بابی و ڤیانا توند بۆ دایکێ دبنە پێکهاتەیا ناڤەروکا گرێیا ئودیپی یا ئەرێنی یا

سادە، دیسان هەلویستێن وژدانی یێن هەڤدژ بۆ دایکێ و ڤیان بۆ بابی ناڤەروکا گرێیا ئودیپی یا نەرێنی یا سادە یان گرێیا ئودیپی یا بەروڤاژی پێکدئینیت و دبیت هەردوو گرێ ل دەڤ کوری هەبن کو دبیتە گرێیا ئودیپی یا تەمام و دەلیڤا هەبوونا ڤێ چەندێ ل دەڤ هەر زاروکەکی یا هەی، چونکی دووانیا سێکسی (الثنائية الجنسية) یا ل دەڤ هەی، ئانکو ڤیانا دایك و بابان ل دەڤ کوری هەبیت و ب شێوەیەکێ وژدانی دەربارەی هەردوویان یێ هەڤدژ بیت. ب رامانەکا دی ئەو ڤیان و نەڤیانێ دکەت، دیسان ئیرەیی و دژمنکاری بۆ هەردوویان یا هەی و پتریا جاران ئێك ژ ڤان رەگەزان یێ دیارە و یێ دی یێ ڤەشارتیە. د ئەنجامدا دێ زاروکەك هەبیت، ژ لایەکیڤە گرێیا ئودیپی یا ئەرێنی ل دەڤ هەبیت و ژ لایەکێ دیڤە گرێیا ئودیپی یا نەرێنی ل دەڤ هەبیت. د ناڤبەرا هەردوو لایەناندا هندەك کەسێن ناڤین هەنە کو گرێیا ئودیپی یا تەمام ل دەڤ هەیە و ئێك ژ رەگەزان ب شێوەیەکێ سڤك ب سەر یێ دی دکەڤیت.)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٤٠) ل دویڤ ڤێ شروڤەکرنێ گرێیا ئودیپی یا ئەرێنی و نەرێنی و تەمام یا هەی، بەلێ د راستیژیدا هەلویستێ زاروکی بۆ دایك و بابان ژ ڤان سێ جورە رەفتاران دەرباز نابیت و بەلکو مە زێدەتر چ هەلویستێن دی نینن، لەورا بۆ کەسێ نە بسپور یا بساناهی نابیت بشێت دەستنیشانا سنورێن ڤێ گرێیێ ل دەڤ زاروکی بکەت.

بەلێ هەر چەوا بیت زانا وەسا بۆ دچن کو ((گرێیا ئودیپی قوناغەکا سروشتییە ژ گەشەبوونا دەروونی یا وژدانی یا زاروکی، ئەڤ گرێیە ل بلندترین ئاستێ خۆ د ناڤبەرا سالێن سێ و پێنجدا ژ تەمەنێ زاروکی دیار دبیت و ل تەمەنێ شەش هەتا حەفت سالیێ بەرڤ خواریێ دچیت و (قوناغا ڤەشارتیێ) دەستپێدکەت، بەلێ ل قوناغا پێگەهشتنێ ب جورەکێ دی یێ نوی دیار دبیتەڤە)) (سیلامي،٢٠٠١، ١٦٦٤). ئەگەرێ نزمبوون و بەرزەبوونا ڤێ گرێیێ،

زێدەباری گەشەبوونا دەروونێ زاروکی و دەربازبوونێ ژ قوناغێ، ڤەدگەرێتە هندێ کو ((گرێیا ئودیپی ل دەڤ کوری ب دوماهی دهێت دەمێ ژ خەساندنێ دترسیت و باب هەرەشا ڤێ چەندێ لێ دکەت و ئەوژی چاڤ ل بابێ خۆ دکەت (چاڤ لێکرنا دوژمنکارییێ) و ڕەوشتێ وی وەردگریت و ئەڤ چاڤلێکرنە هاندەرەکی ل دەڤ پەیدا دکەت، داکو وژدان یان ئەزێ بالا ل دەڤ ئاڤابیت)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٤١). هەژی ئاماژێیە بێژین هەر ژ ئەنجامێ ڤێ ترسێ (گرێیا خەساندنێ) پەیدا دبیت کو ئەڤ گرێیە ((ئاماژێ ب ترسا نەستدار دکەت یا ژ ترسا ژ دەستدانا ئەندامێ زاوزێ یێ نێری پەیدا دبیت، دەمێ تاکەکەس هندەك کریارێن سێکسی یێن تابو ئەنجامددەت، یان (پتریا جاران) دەمێ هەست ب هندەك پالدەرێن سێکسی بەرامبەر بابەتێ سێکسی دکەت)) (التونجی، ١٩٩٩، ٦٥١). بەلێ ئەگەر ئەڤ قوناغە ب دوماهی هات و نیشانێن وێ ل سەر زاروکی نەمان، کاریگەریا وێ هەر دمینیت، چونکی ((د ڤی ماوەیدا هندەك هەست و سوزێن ئالوز پەیدا دبن و د مێشکێ زاروکیدا دمژاوی و هەڤدژن کو دبیتە ئەگەرێ پەیدابوونا گرژبوونەکا ناڤخویی و ب شێوەیەکێ نموونەیی دهێتە چارەسەرکرن، ئەوژی دەستبەردانە ژ بابەتێ تابو (غشیان المحارم - Incest)، یان ب شێوەیەکێ خراپتر، ڤان حەزان کپ دکەت. لەورا گرێیا ئودیپ ب هەمی هێزا خۆڤە د نەستێدا دهێتە پاراستن و پشتی هینگێ هەر دەلیڤەیا هەبیت، دێ سەر هلدەت و ب شێوەیێ نەخوشیێ دیاربیت)) (سیلامي، ٢٠٠١، ١٦٦٤). ب ڕامانەکا دی د شیاندایە بێژین: ((چونکی ئەڤ هەست و سوزە د خرابن و ڕازیبوون ل سەر نینە، لەورا هەر زوی دهێنە کپکرن و گرێیا ئودیپی ژێ پەیدا دبیت.. ئانکو گرێیا ئودیپی ژ ئەنجامێ کپکرنا هەست و سوزێن زاروکی پەیدا دبیت کو دایکێ ب دەستخۆڤە بینیت و ئیرەیی ژ بابی هەبیت)) (ربیع، ٢٠١٣، ١٢٦) و بۆ کچێ

بەروڤاژییە. دیسان ئەگەر زاروك ب شێوەیەكێ ئاسایی ژ ڤێ قوناغێ دەرباز نەبیت، دەمێ دگەهیتە ژیێ پێگەهشتیێ، دێ ڕەنگڤەدانا ڤێ گرێیێ ل سەر هندەك ڕەفتارێن وی دیاربن و ئەگەر كاریگەری یا ب هێزبیت، دێ جورە نەخوشیەكا دەماری ل دەڤ پەیدابیت، چونكی حەزێن ڤێ گرێیێ ل زاروكینیێ هاتینە كپكرن.

ئەڤێ قوناغا زاروك تێدا دبووریت، چەندین لایەنێن ئەرێنیژی هەنە كو ((ب دیتنا فرویدی گرێیا ئودیپی دبیتە ئەگەرێ دروستبوونا گرێیا ناڤەكی ئەوا كەسایەتی ل دور دهێتە ڕێكخستن، چونكی ئەوە یا حەزا مروڤایەتیێ ئاراستە دكەت و بابەتێ ئەڤینیێ هەلدبژێریت و ئەوە یا دبیتە مەرجێ پێگەهشتنا زاوزێ (پێگەهشتنا بیولوجی ژی مەرجە، بەلێ دەمێ ب تنێ بیت، تێرا ڤێ چەندێ ناكەت) و ل دوماهیێ هەر ئەوە د پشكا خۆ یا مەزندا دبیتە ئەنجامێ ئاڤابوونا (ئەزێ ل بەرخۆكۆن – أنا التماهي) و (ئەزێ بالا) ڕازیبوون ب یاسایا بابی یان ڕەتكرنا وێ و (نموونەیا ئەز) بلندبوونا هندەك حەز و وێنەیێن بابینیێ)) (سیلامي، ٢٠٠١، ١٦٦٤). ئانكو خالا دەستپێكی یا پەیدابوونا (ئەزێ بالا) ژ گرێیا ئودیپی دەستپێدكەت، پاشی ڕێنماییێن دایك و بابان و كاریگەریا جڤاكی و ئاینی و... هتد. دهێن، هەر ژ بەر هندێ ژی ((فروید دبێژیت كو ئەزێ بالا میراتگەرێ گرێیا ئودیپە)) (هول، ١٩٧١، ٧٨). دیسان ژ ئەركێن دی یێن گرنگ ((فروید دبینیت كو گرێیا ئودیپ د ئاڤاكرنا كەسایەتیێدا ڕولەكێ گرنگێ هەی ب ڕێكا (ئەزێ نموونەیی) ئەوێ جهێ ڤێ گرێیێ دگریت و تەكەزێ ل سەر ڕەگەزێ مروڤایەتیا وێ دكەت، ئانكو ئەڤ گرێیە ل دەڤ هەر كەسەكی و هەر كەلتوورەكی یا هەی، هەر چەندە هندەك كەسان ئەڤ چەندە ڕەتكریە كو د هندەك جڤاكاندا بابی چ ڕول د پەروەردەكرنا زاروكاندا نینە، لەورا گرێیا ئودیپ د ڤان جڤاكاندا چ جهـ نینە.)) (الحنفي، ٢٠١٥، ١٤١) هەر ژ بەر ڤی ڕولێ

بەم شێوەیەش ئەدەب لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بەشدارییەکی کارا لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و هەوڵی ئەوەش دەدات ئەو گۆڕانکارییانە بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەرییان بەسەر تاك و کۆمەڵگە هەبێت، بەواتایەکی دیکە لەڕێگای بەرجەستەکردنی حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات کەموکوری و خەوشەکان بخاتە پێش چاو و کەلێنە نەرێنییەکان پڕ بکاتەوە، چونکە((گرنگی ئەدەب تەنها لە چێژەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کە لەڕێی دەقە ئەدەبییەکانەوە پێمان بگات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی)) (دانا ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٥٢) بۆیە ئەدەب لەڕێگای پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، ژانر و فۆرمەکانی خۆی بەشێوەیەك نوێ دەکاتەوە کە پێداویستییەکان و داخوازییەکانی کۆمەڵگە بەردەست بخات و دابینی بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدەب بەگشت بەش و پێکهاتەکانیەوە لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر یەك هێڵدا دەڕۆن و بەیەکەوە هەنگاوەکانیان دەهاوێژن، دیارە لەم سۆنگەیەشەوە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ((لەگەڵ هەر کردەوەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، پێویستە شێوەی هونەری نوێ سەرهەڵبدات، بۆیە لێکۆڵینەوەیەك بانگاشەی بابەتیبوون بکات، پێویستە جەخت لەسەر ئەو یاسایانە بکاتەوە کە لە سەرهەڵدانی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێگە خۆشکەر بوون )) (عبدالرحمن ابو عوف، ١٩٩٦، ٦١).

لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمان لە چاو ژانرەکانی دیکە زیاتر توانای نمایش و بەرجەستەکردنی حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هەیە ((ڕۆمان زیاتر و وردتر پەنجە دەخاتە سەر سیما و بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە کۆمەڵناسان هونەری ڕۆمان لە شیعر بە گرنگتر دادەنێن)) (حەسەن یوسف، ٢٠١٢، ١٨)، چونکە ڕۆمان بەسروشتی خۆی کە ژانرێکی سەردەمییە، ئەوا لە ڕێگەی فرە تەکنیکەکانی و درێژی قەوارەکەی ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە بەوردی تەواوی لایەن و ڕەهەندەکانی حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی

کۆمەڵایەتی باس بکات و وێنایەکی تەواو لەلای خوێنەر دروست بکات لەمەڕ کاریگەری و کارتێکردنەکانی ئەو حاڵەتانەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لەسەر تاك و کۆمەڵگە جێبهێڵێت. بۆیە ڕۆمان بەتایبەتی بە جۆرێك لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدرێت، لەکاتێکدا هەندێك لە زانایانی کۆمەڵایەتی درکیان بەوە کردووە کە بەشێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەدەب ناتوانرێت شیبکرێتەوە و لێکدانەوەی دروستی بۆ بکرێت (امل حسن احمد، ٢٠١٥، ٤٠١-٤٠٢) لەبەر ئەمەشە ئەدەب لەناویشیدا ڕۆمان بە تەواوکاری کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدرێت، بەتایبەتیش کە ڕۆمان لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و کارکردنی لە وەسفی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕاوە بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی. بەو واتایەی ڕۆمانیش لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشداری لە ئەنجام و ڕاسپاردەکان دەکات، ئەمەش لەڕێگای ئەو تەکنیکانەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ دیارخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەو پێیەی کە دیاردەی ڕاستەقینەن و کارەکتەرەکان بەو پێیەی کە خودێك و کائینێکن. بەم جۆرەش ڕۆمان پەیوەندییە تێکچرژاوە کۆمەڵایەتییەکان کە جیاواز و جۆراوجۆرن دەخاتەڕوو (میشیل زیرافا ،٢٠٠٥، ٢٣-٢٥). ئەو پەیوەندییانەش گەلێك جار ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە دەبن و ڕێڕەوی کەسایەتییەکان بەجۆرێکی دیکە دیاری دەکەن. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆماننووس سوود لە حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبینێت و لە چوارچێوەی تەکنیکەکانی ڕۆماندا تەوزیفیان دەکات، بەتایبەتیش لە ڕێگای ڕووداوەوە، بەشێك لە ڕێڕەوی ڕووداوەکان بەهۆی حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەچن و لەڕێگای وەسف و کردەکانی هەڵوەشاندنەوە، ڕووداوەکان بەردەوامیی خۆیان درێژە پێدەدەن، بەمەش کاریگەری و کارتێکردنیان لەسەر تەواوی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەبێت و بەهۆیەشەوە گەلێك جار ڕۆماننووس گۆڕانکاری لەناو ڕووداوەکان دروست دەکات. سەرەڕای ئەمانەش لەڕووی کارەکتەرەوە گەلێك

جار ڕۆماننووس بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کارەکتەر پەنا بۆ حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبات و بەهۆیەوە گۆڕانکاری لە گۆڕانەکانی کارەکتەر دەکات، سەرەڕای ئەوەش بەهۆیەوە ڕۆماننووس ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی کارەکتەر ڕوون دەکاتەوە و دەستکراوە دەبێت لەوەی کە زیاتر بایەخ بە باکگراوەندی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکەی بدات. بۆیە (لۆسیان گۆڵدمان ١٩١٣-١٩٧٠) ڕای وایە کە ((ڕۆمان ئەو فۆرمە ئەدەبییەیە کە زۆرترین بایەخ بە وێناکردنی مرۆڤ و پەیوەندی بە کۆمەڵگەکەی دەدات بەو پێیەی کە کارێکی ئەدەبی هەرە واقعییە)) (ا. د. محمد سعيد فرح، ا. د. مصطفى خلف عبدالجواد، ٢٠٠٩، ٣٦)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕۆمان پەیوەندییەکی پتەوی بە ژیانی مرۆڤ و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە. سەرەڕای ئەمانەش ڕۆماننووسیش وەکو تاکێکی ناو کۆمەڵگەکەی لەڕێگای دەقی ڕۆمانەوە پەیام و بیرو بۆچوونی خۆی لەمەڕ حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دیار دەکات ، بەو پێیەی کە ((ڕۆماننووس خوڵقێنەری ئەدەبییە ، دەتوانین لەلایەکەوە وەکو مێژوونووسێکی کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەشەوە وەکو ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی سەیری بکەین)) (امل حسن احمد، ٢٠١٥، ٤٠٢)، بەم جۆرەش ڕۆماننووس دەستکراوە دەبێت لە گوزارشتکردنی ڕاو بۆچوونەکانی لەبارەی حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی و هەوڵ دەدات لایەنە نەرێنییەکانی لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکە دیاری بکات و لە دوا جاریشدا کاریگەری و کارتێکردنە نەرێنی و ئەرێنییەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگە ڕوون بکاتەوە و هەوڵ بدات وشیارییەکی گشتی لەبارەی ئەو حاڵەتانەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بێنێتە کایەوە و کارە ڕاستەکان پەرە پێبدات و کەموکورتییەکانیش بەرەو نەمان ببات.

## بەشی دووەم

## ڕەنگدانەوەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکاندا

هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی وەکو بابەت و حاڵەتێك لە دەقی ڕۆمانی کوردیدا بەدی دەکرێت وەکو بەشێك لە لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەلایەن ڕۆماننووسان ئاوڕی لێدراوەتەوە و لە دووتوێی ڕووداوەکاندا بەکاریانهێناوە. دیارە بەهۆی ئەو بەکارهێنانەشەوە لەلایەکەوە ڕەوتی ڕووداوەکانیان بەردەوامی پێداوە و لەلایەکی دیکەشەوە ڕووداوەکانیان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکەی تەواو جیاواز گواستۆتەوە، بەو واتایەی ڕووداوی ڕۆمانەکان لە ڕێگەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و لە هەندێك باردا چارەسەری کێشەیەکی گرینگی ناو دەقی ڕۆمانەکانی پێکراوە، لەهەندێك دۆخی دیکەشدا ڕووداو بەهۆیەوە دەوڵەمەندتر بووە بە لایەنەکانی کێشەی سەرەکی ڕۆمانەکە و بەهۆیەشەوە زیاتر بووەتە هۆکاری ئەوەی خوێنەر بەخۆیەوە هۆگر بکات. سەرەڕای ئەمانەش کارەکتەر بەهۆی بەکارهێنانی بابەت و حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەدیارخراوە، ڕۆماننووس دەستکراوە بووە لەوەی کە زیاتر بۆ ناخی کارەکتەرەکان ڕۆبچێت و بارودۆخی ناوەوەیان ئاشکرا بکات و گوزارشت لە هەڵکەوتە و پێگەی کارەکتەر بکات. بەهۆی ئەمانەشەوە ڕۆماننووسانی کورد توانیویانە زیاتر بۆچوون و هزری خۆیان لەمەڕ کێشە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بابەت و حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بخەنەڕوو و لایەنە خراپەکانی بخەنە بەر تانە و تەشەر، ئەمەش بۆ ئەوەی هۆشیارییەکی گشتی لەلای خوێنەر و تاکی کوردی لەهەمبەر باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییان دروست ببێت. لێرەدا ئاماژە بە بابەت و حاڵەتەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لەناو دەقی ڕۆمانەکاندا دەکەین و لە چەند

گۆشەیەکەوە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەهۆی ڕۆمانەوە دیاری بکەین:

**یەکەم ـ بارودۆخی سیاسی:**

بارودۆخی سیاسی کاریگەری گەورەی لەسەر دروستبوونی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو بارودۆخە بەرەو شەڕ و نەهامەتییەکانی بچێت. بێگومان هەردوو لایەنی سیاسەت و کۆمەڵایەتی کاریگەری گەورەیان لەسەر یەکدی هەیە. کاریگەری و کارتێکردنی بارودۆخی سیاسی لەسەر دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆیە و بەشێوەیەکە کە لە حاڵەتی جەنگدا بەشێکی زۆری ئەو دامودەزگا کۆمەڵایەتییانە دووچاری شێوان و هەڵوەشاندنەوە دەبن و بەناچاری دۆخیان دەگۆڕێت و بەرەو دۆخێکی بێ ویستانە هەنگاو دەنێن، کە گەلێك جار ئەو هەڵوەشانەوەیە نەرێنی دەکەوێتەوە و کارەساتی بەدوادا دێت. ئەم باوردۆخە لە ڕۆماندا باشتر گوزارشتی لێ دەکرێت و ڕۆماننووس لە چوارچێوەی ڕووداو و کارەکتەرەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و هەڵوەشاندنەوە دەبێتە بەشێك لە گێڕانەوە. لەم ڕوانگەیەوە لە ڕۆمانی (**ژانی گەل**)ی (**ئیبراهیم ئەحمەد**)دا، پانتایی دەق لە سەر هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بنیادنراوە، ئەو هەڵوەشانەوەیە بەهۆی سیاسەت و شەڕ و نەهامەتییەکانیانەوە هاتۆتە کایەوە، بەو واتایەی جەنگ و سیاسەت کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر بنیادە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە و بەرەو هەڵوەشاندنەوە و لێکدابڕانیان بردووە. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی پیشاندانی ڕەوش و ژیان و گوزەرانی خانەوادەی (جوامێر)ەوە ڕۆشنایی لەسەر ئەو جۆرە هەڵوەشانەوەیە دادەنێت، کاتێك کە (کاڵێ)ی خێزانی لەسەر منداڵبوونە و ئەویش بەدوای ماماندا دەچێتە دەرەوە، بەڵام لەو کاتەدا خۆپیشاندانێکی گەورە لەناو شارەکە لەدژی دەسەڵات بەڕێوەدەچێت و (جوامێر)یش بەتۆمەتی بەشداربوون تێیدا دەگیرێت و زیندان

وا دەکات لە ڕەوشی خێزانەکەی بەدوور بکەوێتەوە، کاتێکیش لە زیندان ئازاد دەبێت، بەدوای خانەوادەکەی خۆیدا دەگەڕێت ((**من حاڵم خراپە، نازانم ژن و ماڵەکەم چییان لێ هاتووە؟ نازانم چییان لێ بکەم؟ زۆر بێکەس و بێ دەرەتانن گەلێ کوێرەوەرییان دیوە لەناوچەوانی منەوە، ئەوەندە هەقیان لەسەرم هەیە کە هەر هیچ نەبێ دووچاری دەرد و مەینەتی کەیان نەکەم؟** )) (ژانی گەل، ١٢٥)، ئەم جۆرە دابڕانە لەرووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەرییەکی خراپیان لەسەر کارەکتەر کردووە و لە هەوڵی ئەوەدایە قەرەبووی ئەو زەحمەتی و ئێش و ژانە بکاتەوە، بەڵام دواجار بۆی روون دەبێتەوە کە خێزانەکەی بەهۆیەوە مردوون و بەمەش هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هاتۆتە کایەوە ((**کاڵێ مرد، بەڵام بەسەر مناڵەوە، خۆی و کوڕەکەی هەر ئەو رۆژە مردن کە تۆی تیا بریندار کرایت ، بێگومان گوناهکاری گەورە و سەبەبکاریش لەمردنیانا ئەو دوژمنە زۆرداره خوێنخۆرەیە کە تۆی بە ناهەقی نا گوناە بریندار و حەپس کرد و ئەوانی بەو حاڵەوە هێشتەوە و هاتوچۆی تیا قەدەغەکرد کە خەڵك خواش نەتوانن دکتۆرێکیشی بگەیەنن بەسەرا**)) (ژانی گەل، ١٨٣). ئەم جۆرە هەڵوەشانەوەیە بەدەستی خودی کەسەکانەوە دروست نەبووە، بەڵکو بەهۆی ئیرادە و هێزێکی گەورە دوور لە دەسەڵاتی ئەوانەوە بەسەریاندا سەپاوە و دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە زوڵم و زۆرداریییەیە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پەیڕەو دەکرێت و کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتی خراپی لێکەوتۆتەوە، هەروەها ئەو هەڵوەشانەوەیە لە چوارچێوەی خێزاندایە و بارودۆخە سیاسییەکە بووەتە هۆکاری ئەوەی داموەزگایەکی وەکو خێزان هەڵبوەشێتەوە، بێگومان ئەو هەڵوەشانەوەیە پلان بۆ داڕێژراو نەبووە، بەڵکو بەشێوەی رێکەوت و هەڕەمەکی هاتۆتە کایەوە، کە ئەمەش کاریگەری گەورەی لە ڕەوتی رووداو و چارەنووسی کارەکتەر داناوە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا رۆماننووس باس لە هەڵوەشانەوەیەکی دیکەی هاوشێوەی رووداوە سەرەکییەکە دەکاتەوە، کاتێك لە گەڕان و سۆراخکردنی خانەوادەکەی (جوامێر)ی کارەکتەری سەرەکی لە رێگای سەردانیکردنی بۆ گوندەکەی، لە چایخانەیەك لا دەدات، کە تاکە چایخانەیە لەو رێگایەدا مابێت و بۆردومان و وێران نەکرابێت، ئەو خانەوادەیەی کە خاوەنی چایخانەکەن، بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی سیاسی و شەڕو شۆڕەوە دووچاری هەڵوەشاندنەوەیەکی سەخت دەبنەوە. لەلایەکەوە بەتۆمەتی مانەوەی چایخانەکەیان کە گومانی سیخوڕیکردنی لێ کەوتۆتەوە، لەلایەن دەسەڵاتی شۆڕشەوە پیاوەکەیان دەستگیرکراوە، ئەمەش لەسەر زاری ئافرەتی خانەوادەکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت :((**رێبوار و هاتوچۆکەرمان نەماوە، ئێمەش و ئەوانیش برسی کەوتووین ، ئەگەر وا بڕوا هەموو ئەمرین لە برسانا. تۆ یەکەم کەسی لەم هەفتەیەدا رووماں تێ بکەیت، تا مێردەکەشم نەگیرابوو هەر باشتر بوو.... بۆ بەدبەختی مێردەکەم لەلایەن (ل.ا.ن)ەوە گیراوە**)) (ژانی گەل، ١٤٣). لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەردەوامی بۆردومانەکەوە ئافرەتەکەش گیان لەدەست دەدات و منداڵەکان بەتەنیا دەمێننەوە ((**پەلی منالەکانی گرت، بچووکەکەیانی هەر لەلانکەکەیا جێ هێشت لەسەر کانییەکە کە هاتە سەر بەرزاییەکە تەماشای کرد چایخانەکە وا هەڵتەکاوە و داری لەسەر بەردییەوە نەماوە، لەبەر دەمیا ژنە چایچییەکەش کەوتووە**)) (ژانی گەل، ١٤٦). بێگومان ئەم بارودۆخە کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر کارەکتەرەکان داناوە. کارەساتەکان وەکو دەسەڵاتێکی ستەمکار کاریان لەسەر هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی کۆمەڵایەتی خێزانەکان کردووە. ئەم جۆرە لێکترازانە دوور لە ویست و ئارەزووی کەسەکانە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی گەلێك سەختە کە رووبەڕووی کۆمەڵگە بۆتەوە. لەم رۆمانەدا هەڵوەشاندنەوە چەقی کارکردنی

ڕۆماننووس بووە، بەو واتایەی ڕۆماننووس لەسەر چەمکی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بنیاتی ڕۆمانەکەی داڕشتووە و تەواوی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لەسەر بنچینەی کاریگەری و کارتێکردنەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دامەزراون و ڕێڕەوی خۆیان بەردەوام پێدەدەن.

لە ڕۆمانی (**سەگوەڕ**)ی (**محەمەد موکری**)دا بەهۆی هەمان هۆکاری سیاسی و شەڕ و وێرانەکانەوە کارەکتەری سەرەکی بەهۆی زیندان و دواتریش لەسێدارەدانەوە لەگەڵماڵەوەدا دووچاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە لە ئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەی سیاسییە هاتۆتە ئاراوە، کە کاری کردۆتە سەر لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا. لێرەشدا بەبێ ویستی کارەکتەر ئەو هەڵوەشانەوەیە ڕوویداوە و دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتی وەکو خێزان هەڵوەشاوەتەوە و ئەندامەکانی لەیەکتر دابڕاون و لێکترازاون، ئەم هەڵوەشانەوەیە پلان بۆ داڕێژراو نەبووە، لە هەمان کاتیشدا بووەتە چەقی پێکهێنانی ڕووداو و گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا و ڕۆماننووس چەمکی هەڵوەشانەوەی وەکو بنیاتی دەقەکە بەکارهێناوە. هەر لەو ڕۆمانەدا ئاماژە بە ڕووداوێك دەدرێت، کاتێك بەسەرپەرشتی کارەکتەری سەرەکی پلانی هێرشێك بۆسەر بنکە و پێگەکانی دوژمن و تەقاندنەوەی بۆڕییە نەوتییەکان دادەنرێت، یەکێك لەو پێشمەرگانە کە ناوی (دڵشاد)ە داوا دەکات لەو کردەوە سەربازییەدا بەشداری پێبکرێت. لە دوا جاریشدا لەو کردەوەیەدا شەهید دەبێت، کاتێك تەرمەکەی دێننەوە و دایکی دەگاتە سەری و دواجار ماڵئاوایی لێدەکات، لەو ساتەدا ((**دوو فڕۆکەی (مێگ) دڕی پێدان، شەستیر، بێدەنگییەکەی شەقار کرد. پەنا بەرد و کونە تەیارە و کەند بووە قەڵخانتان.. یەك دووجار ئەمسەرو ئەوسەریان کرد و ئەوجا بەساروخ تێتان بەربوون، لەنزیکی هەریەك لە ئێوە ئاگر و دووکەڵ بەرز بووەوە**)) (سەگوەڕ، ٥٥) بەهۆیەوە

سەرەڕای شەهیدبوونی (دڵشاد)، دایکیشی لەتەکیدا ئاگری لە جەستەی بەرز دەبووەوە ئەویش لەتەك جەستەی کوڕەکەی شەهید دەبێت ، ئەو کارەساتە بووە هۆکارێك بۆ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی کە خانەوادەکەی (دڵشاد) دووچاری بوون و ئەو رووکار و کاریگەرییەکانی ئەو لێکترازانەش لە باوکیاندا رەنگی دابۆوە ((**پاش ئەو رووداوە، هەر یەك دوو مانگ جارێ باوکی دڵشادت دەبینی. گەلێ شەو تا بەرەبەیان، لە پاینی گۆڕەکەدا دادەنیشت، تاقە فرمێسکێ لە چاوانی نەدەهاتە خوارێ.. ئەوەندە بێدەنگ بوو وەك ئەوەی زمانی لە بیر چووبێتەوە . ئاوها دەهاتە بەرچاو جگە لە (ئا) و(نە) بەولاوە هیچی دی نەدەوت..**)) (سەگوەڕ، ل ٥٦). ئەم هەڵوەشانەوەیە بە بارە نەرێنییەکەیدا وای کردووە رۆماننووس لەناو رووداوەکاندا بەکاری بهێنێت و بەشێك لە پەیام و مەبەستەکەی پێ بگەیەنێت. لە هەمان کاتیشدا ئەو هەڵوەشاندنەوە دووچاری خێزان وەکو یەکەیەکی سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆتەوە و کاریگەرییەکی بێ وێنەی لەسەر چارەنووسی ئەو خێزانەی داناوە و رەوتی گێڕانەوە و رووداو و کارەکتەرەکانی لە دۆخێکەوە پێ گواستراوەتەوە دۆخێکی دیکە، بەمەش هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی وەکو تەکنیکێك بەشداری لە بنیاتی رۆمانەکەدا کردووە و دەستی رۆماننووسی کراوەتر کردووە بۆ ئەوەی باشتر بارودۆخی سیاسی باس بکات و کاریگەری ئەو بارودۆخەش لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی باس بکات و بیکاتە چەقی پێکهێنانی رووداوی سەرەکی رۆمانەکەی.

لە رۆمانی (**کێوی مەزن**)ی (**کاروان عەبدوڵلا**)دا هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ململانێیە سیاسی و نەتەوەیی و چینایەتییەکانەوە خراوەتە ڕوو. بەو واتایەی کە ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییانە بەهۆی کێشە و گرفتی خێزانییەوە نەبووە، بەڵکو لێکەوتە و دەرهاوێشتەی ئەو رەوش و بارودۆخە ناهەموارەی سیاسییە کە دووچاری کۆمەڵگە بووەتەوە. لەم

روانگەشەوە ڕۆماننووس ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییانەی خستۆتە ڕوو کە رووبەڕووی کارەکتەرەکان بۆتەوە. لەوانەش (هیوا) کە کارەکتەری سەرەکی دەقەکەیە و بەهۆی ئەو رەوشە سیاسی و ئەمنییەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانێکی کارەساتبار رووی لە ماڵباتەکەی کردووە. ئەوەتا باوکی بەهۆی دووبەرەکی و شەڕی براکوژییەوە لێیان دەترازێت و دەبێتە قوربانی ئەو سیاسەتە هەڵەیە...((**ئەوان باوەڕیان بە قسەکانی باوکت نەدەکرد. یان نەیاندەویست باوەڕی پێ بکەن،.. ئەوەبوو لە شوێنێك کەمینێکی بۆ دادەنێنەوە و دەستگیری دەکەن، جلەکانی لەبەر دادەکەنن. دوایی لە پەنای تاوێرە بەردێك رایدەگرن. یەکێك پێی دەڵێ: تۆبەی دەکەی؟ باوکت نەیدەزانی تۆبە لە چی بکا. خۆی لەوان بەکەمتر نەدەزانی، هەربۆیە هیچی نەگوتبوو**)) (هەژان، ١٢٣) کوشتنی باوکی بەدەستی دۆست و هاوڵاتی وڵاتەکەی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دەروونی دادەنێت، سەرەڕای ئەمانەش دایکی دووچاری ئیفلیجبوون دەبێت و لە هەمووشی کارەساتتر (شلێر)ی خۆشەویستەکەی لەلایەن رژێمەوە دەستگیر دەکرێت و لە زینداندا بێ سەروشوێن دەکرێت، سەرەڕای ئەمانەش (هیوا) دایکی خۆی بەجێ هێشتووە و بەهۆی ئاشکرابوونی رێکخستنەکانی ناو شارەوە رووی لە شاخ کردووە. ئەم بارودۆخە وای لە (هیوا) کردووە لەناخیدا هەست بە لێکترازانێکی گەورە بکات و هەمیشە دایك و خۆشەویستەکەی لە یاد بێت، ئەوەتا لە مەنەلۆژێکدا (هیوا) ناخی خۆی دەخاتەڕوو ((**من تا ئەمڕۆش بەنهێنی بۆ دەستە مەزنەکانت دەگریم، تۆ ئێستا پێویستیت بە منە، منی دوور لەتۆ دایە! دەبێ جارێکی دیکە بەیەکتر بگەینەوە! بەو دەستانەت ، ئەو دەستە ئارامبەخش و گەرمانەت ئامێزم بۆ بگریتەوە دەروونی پڕ لە ژان و ناسۆرم، کڕ بکەیتەوە، بەچاوی پڕ لە فرمێسکی سوێرت، روومەتی شەقاربووم تیمار بکەیت و سۆزی نەمانی**

**باوکیشم پێ بدەیتەوە، دایە! ئەوە شلێریش رووی لە سەفەرێکی نالەبار کردووە. جاران دڵت بەوە خۆش بوو. لە روخساری ئەودا منیشت دەدۆزییەوە. بەڵام ئێستا چی دەکەیت؟ روو لە کوێ دەکەیت؟.))** (هەژان، ٩٥) ئەو هەستەی (هیوا) هەستێکە لە دابڕان و لێکترازانێکی گەورەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو هەڵوەشانەوەیە بەهۆی رەوشی سیاسی و کار و چالاکییە سیاسییەکانەوە رووبەڕووی خانەوادەی (هیوا) بۆتەوە و ئەمەش کاریگەری ئەو شەڕ و نەهەماتییانە لەسەر کۆمەڵگە بەدیار دەخات. ئەو هەڵوەشانەوەیەی کە دووچاری ماڵباتی (هیوا) بۆتەوە، لەدەسەڵاتی ئەواندا نەبووە و چاوەڕێی وەها چارەنووسێکیان نەکردووە، ئەوا سیاسەت و شەڕ و سیستەمی دیکتاتۆری سیاسی کاریگەری گەورەی لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی داناوە و خانەوادەکەیانی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەمەش وای لە ڕۆماننووس کردووە بنچینەی ڕووداوەکەی لەسەر چەمکی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دابڕێژێت و هەوڵی ئەوە بدات لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوە قەبارەی ئەو نەهامەتییانە باس بکات کە رووبەڕووی تاك و کۆمەڵگە بۆتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆماننووس لە ڕێگەی باسکردنی ئەو کارەساتەی کە بەسەر خانەوادەی (گوڵێ)دا هات، هەڵوەشانەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو کە بەهۆیەوە گوڵێ و دایکی باجە قورسەکەیان داوە. ئەم کارەساتەش لەسەر زاری کارەکتەرێکی وەکو (ڕێبوار)ەوە دەگێڕێتەوە ((**بەرە بەرە بەهێزی خەیاڵ و داڵغە قووڵەکانی لەوێ نەما. ڕۆیشت بۆ ڕۆژانی چەند ساڵێك بەر لە ئێستای گەڕایەوە، لە نزیك کەلاوەیەك وەستا، کەلاوەی ماڵی (گوڵێ) خانووە رووخاوەکەی ئەو جووتیارەی کە لە رقی ئاغا گوندیان بەجێهێشتبوو، هاتبوونە شار، لە شاریش بە تەگبیر و پیلانی ئاغا، شەوێ لە شەوانی بەهار چەکدارێك لێیان بەژوور دەکەوێ و هەر لەنێو جێگادا**

**جووتیارەکە دەکوژێ. ئیدی (گوڵێ) بێ باوك دەمێنێتەوە و ئەو شوێنەش بەجێ دێڵن و کۆنە خانوویەکی بەقوڕ دروستکراو لە نزیك ماڵی هیوا بەکرێ دەگرن))** (هەژان، ١٢٧). بێگومان لێرەدا بەهۆی ململانێیە چینایەتی و زوڵم و زۆرداری ئاغاکانەوە ئەوماڵباتە رووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە. ئەو هەڵوەشانەوەیەی کە رۆماننووس باسی لێوە دەکات لە ئەنجامی ململانێی چینایەتی نێوان جوتیار و ئاغا هاتۆتە کایەوە و بەهۆیەوە خێزان وەکو دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتی دووچاری هەڵوەشاندنەوە هاتووە.

ئەوەی تێبینی دەکەین لێرەدا زۆربەی ئەو هەڵوەشاندنەوانە کە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە هاتوونەتە ئاراوە، بەباری نەرێنیبوونە و لە هەمووشی گرینگتر بەشێوازێکی زۆر توندوتیژ کە بریتییە لە کوشتن و خوێنڕشتن هەڵوەشاندنەوەکان روویانداوە و بەهۆیەشەوە کاریگەرییەکانیان گەلێك سەخت و دژوار بووە لەسەر کارەکتەرەکان.

**دووەم ـ بارودۆخی کۆمەڵایەتی:**

هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، بێگومان گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئەو کێشانەش بەشێکیان لە ڕێگای هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی چارەسەرییان بۆ دەدۆزرێتەوە. دیارە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی جیا لەوەی کە چارەسەری بەشێك لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، لە هەمان کاتیشدا حاڵەتێکی نەرێنی دروست دەکات و کاریگەری گەورەی لەسەر خودی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە و تاکەکانی کۆمەڵگەش دەکات. لێرەدا چەند حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی دەخەینەڕوو کە راستەوخۆ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دێننە ئاراوە:

**أ ـ تەڵاق:**

یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دیاردەی (تەڵاقدان)ە کە ئەویش واتە هەڵوشاندنەوەی ئەو گرێبەستەیە کە بەهۆیەوە دوو مرۆڤ ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێناوە و بڕیاریانداوە خێزان دروست بکەن و نەوە بخەنەوە، کەواتە تەڵاق ((پرۆسەی هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییە، کە هەریەك لە پیاو و ژن بەر لەوەی بچنە ناو پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکانەوە واژۆیان کردووە ، ئەم پرۆسەیە یارمەتی هەردوو لا دەدات پێگەیەکی تاکەکەسییان هەبێت )) (د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ١٥٦) لەم بارەیەوە تەڵاقدان ئەو گرێبەستە هەڵدەوەشێنێتەوە و هەر لایەك سەربەست دەبێت لە دیاریکردنی ڕێڕەوی ژیانی و هیچ هاوبەشییەك لەژیاندا لەنێوانیاندا نامێنێت ئەو هەڵوەشانەوەیەش بە هەڵوەشانەوەیەکی هەمیشەیی دادەنرێت کە لەوانەیە دووبارە ئەو جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دروست نەبێتەوە، ئەو هەڵوەشانەوەیە زیاتر لێکەوتەی دەبێت کە لەنێوان هەردوو لادا منداڵ هەبێت کە کێشەی لێکترازانەکە گەورەتر دەکات. لە هەمان کاتدا ئەو چەمکە(تەڵاقدان) راستەوخۆ دژ بە چەمکی (خێزان)ە و لە بنەڕەتەوە خێزان وەکو دەزگا و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە ئەو چەمکە بە تێکدەر و رووخاندنی دەزگای خێزان لەقەڵەم دەدرێت.

لەم ڕووەوە لە رۆمانی (**پێشمەرگە**)ی(**رەحیمی قازی**)دا، حاڵەتێکی نامۆ باس دەکرێت و زیاتر پەیوەست بە داوێنپیسی کراوە و بابەتەکە لە نەگونجان و لێك تێنەگەیشتنی دوو مرۆڤ دەرچووە و پەیوەستە بە لادانی کۆمەڵایەتی، ئەویش لەو دیمەنەدا خراوەتەڕوو کە (مینە ئاغا) ئاستی داوێنپیسییەکەی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە شێواویی کۆمەڵگە و لەناوچوونی بەها و چەمکەکانی پێکهێنانی خێزان و هەروەها شێواندنی رێوشوێنەکانی تەڵاقدانی

لێبکەوێتەوە ((**شێرکۆ و خوشکەکەی دەیانزانی کە عیشق و حەزلێکردوویی مینە ئاغا هەر چەند رۆژێکە و هەتا ئەوی دەمی جیا لە ژنە دایمییەکانی چەند کچە کرمانجیشی مارە کردبوو و هەریەکەی چەند رۆژێك ڕاگرتبوون و تەڵاقی دابوون**)) (پێشمەرگە،٤٧) ، ئەم جۆرە کارەی (مینە ئاغا) راستەوخۆ پەیوەست کراوە بە داوێنپیسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێکترازانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیشی بەدوای خۆیدا هێناوە و شێواوییەکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا خولقاندووە و هەروەها بێ رێزییەکی گەورەشە لەبەرامبەر دەزگایەکی گرنگی وەکو خێزان، جیا لەمانەش بە کەم سەیرکردنی ئافرەتی چینەکانی دیکەیە، بەتایبەتیش چینی زەحمەتکێش و هەژار و بەکارهێنانیانە وەکو کاڵایەك بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان. لە بەرامبەریشدا بەدوو جار ئەو ئافرەتانە دووچاری چەوساندنەوە بوونە، لەلایەکەوە بۆ دامرکاندنەوەی حەزی (مینە ئاغا) بەکارهێنراون، لەلایەکی دیکەشەوە ئافرەتی تەڵاقدراو لەناو کۆمەڵگەی کوردی بەچاوێکی نزم سەیری دەکرێت و بەختێکی باشی نییە دووبارە ژیانی هاوسەری پێکبهێنێتەوە. بۆیە دەبینین (مینە ئاغا) بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش دووبارە رووبەڕووی هەڵوەشانەوەیەکی گەورەتریان دەکاتەوە کاتێك بەزۆر بەشوویان دەدا بۆ دەست و پێوەندەکانی ((**بەڵام کارەکە بەوەش تەواو نەبووبوو، مینە ئاغا بۆ ئەوەی کە ژنە تەڵاقدراوەکانی مێرد بە غەیرە نەکەن نۆکەرە(مەحرەمەکانی) خۆی مەجبور دەکرد کۆنە ژنەکانی وی بێنن**)) (پێشمەرگە، ل٤٧) . کەواتە نۆکەرەکانیشی بەزۆری زۆرداری ناچار بەهێنانی ژنە تەڵاقدراوەکانی دەکرد، بەمەش خێزان دەبووە دەزگا و دامەزراوەیەکی شێواو و پڕ لە لێکترازانی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش کاریگەرییەکی مەترسیداری لەسەر کۆمەڵگە هەیە.

لە رۆمانی (**شار**)ی (**حوسێن عارف**)دا لە دیمەنێکدا رۆماننووس لە باسکردنی کارەکتەرێکی وەکو (دەروێش کەریم) ئاماژە بە بنەماڵەکەی ئەو

دەکات، کاتێك کە هاتوونەتە داخوازی (خورشە)ی خوشکییەوە، ئەو داوای ژن بە ژنێ دەکات و ئەوەش بە باوکی رادەگەیەنێت، بەڵام باوکی رازی نابێت، لە بەرانبەریشدا ئەو تەشقەڵەیان پێدەکات، بۆیە باوکی تووڕە دەبێت و دوای لێدانێکی باش، لەماڵەوەش دەری دەکات. بەهۆیەشەوە (دەروێش کەریم) بۆ ماوەی شەش ساڵ لەماڵەوە دەترازێت و دوای مردنی باوکی دەگەڕێتەوە ((**لەو کاتەوە سەری خۆی هەڵگرت و بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕەبەق، کەس هیچی لەبارەوە نەبیستەوە تا لەپڕ، دوای مردنی باوکی بەچوار مانگ پەیدابووەوە، ئەوساش خۆی، هەر هیچی بۆ کەس نەگێڕایەوە**)) (شار، ٩٠). لێرەدا ئەو لێکترازانە کاتی بووە و بەهۆی دەرکردنەوە بووە، کاتێکیش باوکی کە دەری کردووە ، دەمرێت، ئیتر ڕێگای گەڕانەوە خۆش دەبێت. ئەو هاتنەوەشی دەبێتە هۆکاری ئەوەی ماڵباتی (خورشە)ی خوشکی دووچاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی ببێتەوە، چونکە هەر لە سەرەتاوە دژی (عەزیز)ی مێردی (خورشە) دەجووڵایەوە و ژیانیانی لێ کردبووە دۆزەخ، هەرچەندە (خورشە) لە سەرەتاوە بەڵێنی ئەوەی پێدا کە ئەگەر (دەروێش کەریم) ناخۆشی کرد و داوای خانوو و هەر شتێکی دیکەی لێ کردن، ئەوان بەیەکەوە بەجێی بهێڵن و بچنەوە ماڵی (عەزیز) و لەوێ بژین، بەڵام ((**کاتێ دەروێش ژیانی لە عەزیز کردە دۆزەخ و ئەم دوا بڕیاری خۆی دا، خورشە وای نەکرد، وەکو دەروێش لەو ماوەیەدا گیرۆدەی جادوویەکی کردبێ، زۆر بە بێباکییەوە لەڕووی بڕیارەکەدا وتی: نەء نایەم... تۆ دەتەوێ من بۆ دۆزەخێك بەریت، گوایە بێم ببمە کارەکەری دایکت و خوشکەکانت؟! نایەم. عەزیز هەوڵی زۆر لەگەڵدا قایلی بکا، کە هەر بێ سوود بوو وتی: ـ ئاخر خراپت بەسەر دێ.**

**ـ خراپم بەسەر دێ، بۆ نیازی چیت هەیە؟! سەرم دەبڕیت؟!**

**ـ نەء.. لەسەر بڕین خراپتر ... تەڵاقت دەدەم.**

**ـ بیدە .. باکم نییە. عەزیر لەو ساتەدا، تەوژمی بەزەییەکی قووڵ زۆری بۆ هێنا و بەسۆزەوە وتی: خورشە.... هۆشت بێنەوە بەرخۆت.. من تۆم خۆش دەوێ... من خێر و خۆشیم بۆ تۆ دەوێ.. بەقسەم بکە و زەرەر ناکەیت... بەقسەم بکە. کەچی ئەو لووتی لێ کردە ئاسمان و وتی: بەقسەت ناکەم. ئیتر ئەوە دوا ساتی ژن و مێردایەتییان بوو))** (شار، ٩٤-٩٥). لێرەدا هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بەهۆی تەڵاقدانەوە هاتۆتە کایەوە، هۆکاری ئەو تەڵاقدانەش ئافرەتەکە بووە، بگرە پیاوەکە گەلێك پاڕایەوە تا نەگاتە ئەو هەڵوەشاندنە کۆمەڵایەتییە، کەچی سووربوونی ئافرەتەکە، ئەو هەڵوەشانەوەیەی هێناوەتە کایەوە. دیارە لێرەدا هەڵوەشاندنەوەکە بەویستی لایەك بووە و بەویست و ئارەزووی لایەکی دیکەش نەبووە، زیانەکەشی بۆ هەردوو لا گەڕاوەتەوە، چونکە منداڵیان نەبووە تاوەکو شوێنەواری ئەو هەڵوەشانەوەیە زیاتر بەدەربکەوێت، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەکە تەنیا بۆ خۆیان بە زیان گەڕاوەتەوە. ئەو هەڵوەشانەوەیە لە ئەنجامی پێداگیری ئافرەتەکە بووە و بیانووەکەشی زۆر بەهێز نەبووە، تەنانەت هاوسەرەکەی زیاتر لە خەمی مانەوەی خێزانەکەی بووە، دیارە لێرەدا هەڵوەشانەوەی خێزانەکە لە ئەستۆی ئافرەتەکە بووە و ڕەچاوی بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی هاوسەرەکەی خۆی نەکردووە.

لە ڕۆمانی (**توانەوە**)ی (غەفورساڵح عەبدوڵڵا)دا لە دیمەنێکدا بەهەمان شێوەی (قارەمان)، باس لە کارەکتەرێکی دیکە دەکرێت، کە ئەویش (دەروێش ساڵح) و بەتەنیا لە گەلەخانەکەدا ژوورێکی بەکرێ گرتووە، ئەویش دووچاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هاتووە و لە خێزانەکەی جودا بوویتەوە، ئەمەش لەگفتوگۆی نێوان ئەو و (حەمەمین) بەرچاوخراوە **((ـ ئێ باشە دەروێش ئەم هەموو عومرە ژنت نەهێناوە؟ بەخەفەتباریەوە: ـ بەڵێ، تەنها مانگێك پێمەوە دانیشت، زۆرم هەوڵدا پێمەوە دانیشێ، بەڵام بێ سوود بوو، ناچار تەڵاقم دا))**

(توانەوە، **٢٣٩**) ، لێرەدا هۆکاری ئەو هەڵوەشاندنەوەکە بەهۆی نەگونجانیانەوە بووە و لەسەر داوای خێزانەکەشی بە تەڵاقدان لەیەکتری جودابوونەتەوە، بەڵام ڕۆماننووس هەر ئەوەندەی باسکردووە و هۆکارەکانی ئەو نەگونجانەی نەخستۆتە ڕوو، ئەگەرچی لە شێوەی باسکردنی زیاتر ئافرەتەکە خەتابار بەدیار دەکەوێت و هاوسەرەکەی زیاتر بە خەمخۆری مانەوەی خێزانەکەی پیشان دراوە.

لە ڕۆمانی (**کانگەی بەڵا**)ی (**حسام بەرزنجی**)دا لە دیمەنێکدا ئاماژە بە هەڵوەشانەوەیەکی دیکەی خێزان دەکات، ئەویش لێکترازانی (ژاڵە)ی هاوڕێی (دارا)یە و بەم شێوەیە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و دواتر لێکترازانی خۆی و مێردەکەی بۆ (دارا) دەگێڕێتەوە ((**پێش ئەوەی بۆ ئێرە بێم، گەلێ شاری تریش گەڕاوم. دوایە لەگەڵ یەکێ یەکترمان ناسی، جا بە تەواوی فێری زمانی ئێوە بووم، وای لێ هات بووین بەمخوازی یەکتر، بەڵێنی پێ دام کە بمخوازێ، منیش بەرامبەر بەمەوە چ ماڵ و سامانی هەمبوو زۆربەی زۆریم پێدا. دوای ئەوەی بۆ ئێرە هێنامی... و ماڵەکەی هەموو لەژێر دەستی دەرهێنام ، ئینجا وەك چەقەڵی گەڕ لێم هەڵگەڕایەوە...** )) (کانگەی بەڵا، ١٣٥-١٣٦). لێرەشدا مادده و پارە و پووڵ بووەتە هۆکاری ئەوەی کە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا ڕوویدات، سەرەڕای ئەوەش کە پیاوەکە لە سەرەتاوە بەفێڵ بووە و تەنیا بۆ پارەوپووڵەکە هێناویەتی. کاتێکیش (دارا) پرسیاری ئەوەی لێ دەکات کە سکاڵای لێکردبا و بەیاسا مافەکانی خۆی لێ وەرگرتبا، کەچی بەوە وەڵامی دەداتەوە کە پشتی بەهێز بووە و نەیتوانیوە بەیاساش مافەکانی خۆی وەربگرێتەوە ((**ویستم بە یاسا تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە ، بەڵام زانیم بۆم ناچێتە سەر و پشتیوانی بەهێزی هەن، خۆم لێ کڕکرد**)) (کانگەی بەڵا، ١٣٦) ئەمەش لە ڕوویەکەوە نەبوونی سەروەریی یاسا لە وڵات بەدیار دەخات و

بوونی کەسانێك پیشان دەدات کە لە سەرووی یاسان و کەس ناتوانێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، کە بەهۆی ئەوانەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کارەساتی لەو شێوەی لێ کەوتۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا رووی چەوساندنەوەی هاوڵاتیانی لەمەڕ بوونی ئەو جۆرە کەسانە کە لە سەرووی یاسان پیشان دەدات کە تەنانەت شوێنەواری تەنیا لە بوونی نەبوونی یاسادا نییە، بەڵکو لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەشەوە کاریگەری و کارتێکردنی هەیە .

لە رۆمانی (**پەرستگەی دڵداری** )ی (**ئیسماعیل رەسوڵ**)دا رۆماننووس لە رووداوە سەرەکییەکەی دەقەکەیدا کە بریتییە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوان (سەعید و سۆفیا)دا، چەند هەڵوەشانەوەیەکی کۆمەڵایەتی باس دەکات کە رووبەڕووی خانەوادەکەی (سۆفیا) بوونەتەوە، چونکە (سۆفیا) هاوسەر و سێ منداڵیشی هەیە، بەڵام هاوسەرەکەی (لویس) لەگەڵیدا خراپە، بۆیە بەهۆی ئەو خراپییەوە دووچاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە ، ئەمەش لە زاری (کاترین)ەوە گوزارشتی لێ دەکرێت ((**دوێنێ شەو ئەو نەفرەت لێ کراوەی باوکیان پاش شەڕە شەقێکی زۆر هەموویانی برد و بەزۆر لە سۆفیای سەندەوە! ئەو نەگریسە دەی قیژاند و دەی گوتەوە: ئەمانە کچی منن نامەوێ لە پانسیونێکی خراپی وەکو ئێرە بمێننەوە و دایکێکی وا پەروەردەیان بکات**)) (پەرستگەی دڵداری، ١٦٥-١٦٦)، لەو دیمەنەدا کاریگەرییەکانی دوای لێکترازان و تەڵاق روونکراوەتەوە و کاریگەرییە نەرێیەکانی لەسەر منداڵان بەتایبەتی خراوەتەڕوو، کە چۆن لەنێوان دایك و باوکیان سەرگەردان دەبن و لە ژیانێکی تەندروست و سەقامگیر بێ بەش دەبن، لە هەمان کاتیشدا هەست و سۆزی دایکایەتیش پیشان دەدات کاتێك بەزۆر لە منداڵەکانی دوور دەخرێتەوە. ئەو کاریگەرییە نەرێیانە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوە دێنە کایەوە کێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

لە ڕۆمانی (**ئەندێشەی مرۆڤێك**)ی (**حوسێن عارف**)دا جۆرێك لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبینرێت ، کە بووەتە بزوێنەری ڕووداوە سەرەکییەکە و تەوەر و بنچینەی دەقەکەی پێکهێناوە. ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا شێوەیەکی شاراوەی وەرگرتووە و خوێنەر هەستی پێناکات، هەرچەندە بوونی چەند هێمایەك ڕێگە خۆشکەر و زەمینەسازی بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە ئاشکرا بکەن، وەکو هاتنی (سابیر) بۆ لای (سەبری)ی کارەکتەری سەرەکی و هەروەها ئەو سندووقەی کە لە باوکی بۆ (سەبری) مابووەوە و کە نهێنییەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییەی لەخۆ گرتبوو. ئەو ڕەمز و هێمایانە بەشێك بوون لە ئاماژەدان بەو هەڵوەشاندنە کۆمەڵایەتییەی کە کرۆکی ڕووداوەکە و گرێیە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە لە خۆ دەگرێت. بۆیە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئەو هەڵوەشاندنە کۆمەڵایەتییە کە بەنهێنی ماوەتەوە ئاشکرا دەبێت و لایەنەکانی ڕوون دەبنەوە. ئەویش لەو کاتەدایە کە (سەبری) لە ڕێگەی دۆزینەوەی پارچە کاغەزێك لەناو سندووقەکەدا ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە باوکی کاتی خۆی ژنێکی دیکەی هێناوە و لەویش کوڕێکی بووە کە ناوی (سابیر)ە ((**بۆم ڕوون بووەتەوە بابە... باش باشم بۆ ڕوون بۆتەوە تۆ هاتیت مەنیجە ناوێکی بەسەزمانت لەخشتە برد.. ئاخۆ بزانە چ کچێکی کڵۆڵی بێ دەرەتان بووە و وەك نێچیرێك کەوتووەتە بەردەست. کە لەخشتەت برد. کچە سکی پڕ بوو . ئینجا تۆی میرزا و مەلازادەی وەچەی میرزا و مەلازادەکان . هاتیت لەترسی ئابڕووچوونی خۆت نەك ئەو. بەلاکۆڵان لەلای مەلایەك مارەت کرد**)) (ئەندێشەی مرۆڤێك، ٢٤١). لێرەدا هۆکاری ئەو ژنهێنانە ڕوون دەبێتەوە کە بەهۆی داوێنپیسی بووە و بەناچاری باوکی ئەو ژنەی هێناوە، بەتایبەتیش کە سکی پڕ بووە، بەڵام دوای ئەوەی کە کارەکەی لە بەرژەوەندیی خۆی تەواو

کردووە، ژنەی تەڵاق داوە (( **دوای ئەوە چۆنت مارە کرد. وەهاشت دەست پێوەنا و تەڵاقت دا. ئەی دیارە . مەنیجەیەکی کە ڕەنگە کارەکەرێك .. یا ڕەنگە کچی نانکەر و جلشۆرێکتان بووبێ. چۆن دەشێ ببێتە هاوسەری جەنابی میرزا و میرزازادە! لەمانەش هەمووش بە جەخارتر، هاتن مەنیجە هەش بەسەرە سك پڕەکەتان ، لە سۆفی عەبدوڵڵایەکی دەستەوستانی لە چەشنی مەنیجەکە خۆی مارەکرد ، ئینجا کە مەنیجەی ژنی سۆفی عەبدوڵڵا منداڵەکەی لەمەڕ تۆی بوو، سابیرەکەی کاکی لەمەڕ منی لێ دەرچوو**)) (ئەندێشەی مرۆڤێك، ٢٤١-٢٤٢).

کەواتە لێرەدا دووچاری دوو جۆرە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبینەوە:

١ـ هەڵوەشانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نێوان (سەبری ) و (سابیر)دا کە هەردووکیان زڕبرای یەکن و لە یەك خێزاندان، بەڵام بەهۆی شاردنەوەی ئەو زانیارییانەوە بەوەیان نەزانیوە، بەمەش هەڵوەشانەوەیەکی خێزانی ڕوویداوە و کاریگەر و کارتێکردنەکانی تەوەری سەرەکی ڕووداوی ڕۆمانەکەیان پێکهێناوە.

٢ـ بەهۆی ئەوەی باوکی دوای مارەکردنی دایکی (سابیر)ەوە، هەر زوو تەڵاقی داوە، ئەمەش هەڵوەشانەوەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە. ئەو هەڵوەشانەوەیە چەند هۆکارێکی وەکو لادانی کۆمەڵایەتی لە پشتی بووە و شێوازی هەڵوەشاندنەوەکەش تەڵاقدان بووە. کە وەکو گرێیەکی سەرەکی ڕۆمانەکە لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی بەنهێنی ماوەتەوە و لە دواجاردا ڕۆماننووس وەکو خاڵی وەرگەڕان و وەرچەرخانی ڕووداوە سەرەکییەکە ئاشکرای دەکات.

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەو ڕۆمانە لەسەر بنچینەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی چنینی ڕووداو و گێڕانەوەکەی بۆ کراوە و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بووە بە پێکهێنەری سەرەکی دەق و لەپانتایی دەقدا ڕایەڵەکانی پەخش کراوەتەوە و لەڕێگەی هێماوە ئاماژەی بۆ کراوە و دواجاریش

ڕاستەوخۆ ئاشکرا کراوە و کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کارەکتەرەکان هەبووە.

### ب ـ کۆچکردن:

حاڵەتێکی دیکە کە بووەتە هۆکاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دیاردەی (کۆچکردن) ، کۆچکردنیش واتە پچڕان و لێکترازانی مرۆڤێك لە خێزان و هاوڕێی و گەڕەك و شار و وڵاتەکەی ، بەهۆی کۆچکردن و دوورکەوتنەوە لێیان، نەتەوە یەکگرتووەکان وەك دیاردەیەکی جیهانی، کۆچکردنی بەم شێوەیە پێناسە کردووە ((بریتییە لە جموجۆڵی جوگرافی خەڵك یان تاکە کەس لەنێوان ناوچە و هەرێمەکاندا، کە گۆڕانی جێگەی نیشتەجێبوون بگرێتەوە، لەمیانەی کات و ماوەیەکی دیاریکراودا، بەواتایەکی دیکە بریتییە لە کۆچکردن و بەجێهێشتنی نیشتمانی دایك و ڕونان لە جێگا و هەرێمێکی دیکە بەمەبەستی مانەوە و درێژەدان بە ژیان لەو جێگایەدا)) (ڕاستگۆ محەمەد، ك ٢٠٠٨ ، ٣٨٤ ) بێگومان لەمەشدا کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و گەلێك جار ئەو کەسانە ناچار بە کۆچکردن دەکەن کە ڕەنگە ئەوە بە حەز و ئارەزووی خۆیان نەبووبێت. ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییەی کە لەمەشدا دێتەکایەوە، ئەگەرچی ماوەکەی درێژ بێت، بەڵام بە هەڵوەشانەوەیەکی کاتی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە کەسەکە هەمیشە خانەوادە و هاوڕێ و گەڕەك و شار و وڵاتەکەی لەیادە و چاوەڕوانی ئەوە دەکات ئەو هۆکارانەی کە وایان کردووە کۆچ بکات بڕەوێتەوە، بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە و لەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە ڕزگاری بێت. یەکێك لە رووکارەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئەنجامی کۆچ دێتەکایەوە لێکترازانە، بەو واتایەی لێکترازان لە خانەوادە و هاوڕێ و گەڕەك و شار و وڵات ئەگەر کاتەکەی هەر چەندە بخایەنێت، جۆرێك لە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بەشێوەی کاتیش بێت دێنێتەکایەوە.

لەم ڕووەوە لە ڕۆمانی (**پێشمەرگە**)ی(**ڕەحیمی قازی**)دا جۆرێك لەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییەی تێدا بەدی دەکرێت، کاتێك (پیرۆت و شێرکۆ) بەهۆی زوڵم و زۆری ئاغا و دواتر تۆڵەکردنەوەیان بە کوشتنی (مینە ئاغا) ناچار دەبن کۆچ بکەن و بەرەو شاری مهاباد بڕۆن، بەمەش لێکترازانێك لەگەڵ بنەماڵەکەیان و گوند و هاوڕێیەکانیان دێتەکایەوە. لەو جۆرە هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییەدا بەهۆی ئازارەکانی دوورکەوتنەوە هەست و سۆزەکان دەورووژێن و پلەی نامۆبوون بە خۆیانەوە دەبینن و هەمیشە لەیادگەیاندا وێنەی ئەندامانی ماڵ و دۆست و هاوڕێیەکانیان ڕەنگدەداتەوە، ئەوەتا (پیرۆت) کە لەشاری مهابادە هەمیشە هەست بە گەڕانەوە بۆ گوند و ماڵباتەکەی دەکات و لە یادی ناچنەوە ((**پیرۆت لەو کاتەوە کە لە کانی سەوزە دەرکەوتبوو هیچ کاتێك باب و دایك و خوشك و براکانی لەبیر نەچووبوو** )) (پێشمەرگە، ١١٩) . بەڵام ئەو لێکترازانە زۆر ناخایەنێت و پیرۆت و هەڤاڵەکانی بەسەرکەوتوو بەرەو گوند و ماڵباتەکەیان دەگەڕێنەوە. ئەم کۆچکردنە کە لەم ڕۆمانەدا خراوەتەڕوو، کۆچکردنی ناوەخۆیی و کاتی بووە و لەدواجاردا گەڕاونەتەوە و کۆتایی بە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتییەکە هاتووە.

ئەم حاڵەتی کۆچکردنە لە ڕۆمانی (**ئاشتی کوردستان**)ی (**محەمەد ساڵح سەعید**)یشدا خراوەتەڕوو کاتێك خێزانی (مام زۆراب) بەهۆی کۆچکردنەوە دووچاری هەڵوەشانەوەیەکی دڵتەزێنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە. ئەو کۆچکردنەی (مام زۆراب) بەزۆرەملێیە و بە ئارەزووی کوێخایە و مەبەست لێی پیشاندانی دەسەڵاتی خۆی و چاوترساندنی خەڵکی گوندەکەیە ((**ئێستەش تووشی گونڕەشی خۆم بووم، پێی لێ کردوومەتە کەوش و دەڵێت هەر دەبێت بڕۆیت و دێ بەجێ بهێڵیت ....... دەڵێت سبەی لێرە بمێنیتەوە، بەیەك گوللە ساردت دەکەمەوە... منیش بە ناچاری بڕیارم داوە بچم بۆ شار ، بار ناکەم ، هەر خۆم**

**دەڕۆم))** (ئاشتی کوردستان، ١٣) ئەم کۆچکردنە دەبێتە هۆکاری لێکترازانی (مام زۆراب) لە منداڵەکانی بەتایبەتیش (پیزە) کە بێ کەس و بێ سەرپەرشت دەمێنێتەوە و لەئەنجامدا لەلایەن (ڕۆستەمە سوور)ی کوێخا و (مینە)ی کوڕییەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەری و سکی پڕ دەکرێت و لە ئەنجامیشدا بەدەستی برایەکەی دەکوژرێت و ئەویش کۆچ دەکات و خۆی دەشارێتەوە **((دەبا بڕۆم ...تەواو... کارم لێرە نەما... تا نەگیراوم.... هێشتا چەڕەدووکەڵ و زەهری هەلایی چەند ساڵ دیلی و سەربازی لەسنگم دەرنەچووە، تا دەردی زیندانیکردنیشی بچێتەوە سەر. جا بزانم لەکوێ جێم دەبێتەوە؟! ئەمجا بەگریانەوە (باوکم دەربەدەر ، تۆ شاربەدەر و ئەنگیوراو ، منیش خاك بەسەر))** (ئاشتی کوردستان، ١٧٦). دواییش باوکیشی لە شار لەساتی کارکردنیدا گیانی دەسپێرێت. ئەم هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییەی لەم ڕۆمانەدا لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان تێکەڵ بووە و ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانی لە ئەستۆ گرتووە، لە هەمان کاتیشدا کاریگەری و کارتێکردنی لەسەر ڕەفتار و کردەوەی کارەکتەرەکانەوە هەیە. بەم شێوەیە ئەو هەڵوەشانەوەیە، هەڵوەشانەوەیەکی قووڵ و پڕ لەناسۆر و تراژیدیایە کە دواجار لە خزمەتی ململانێیە چینایەتییەکەدا خراوەتە ڕوو و بەهۆیەوە زوڵم و ستەمی ئاغا و دەرەبەگ و لەپشتیانەوەش دەسەلات پیشان دراوە.

لە ڕۆمانی (**پەرستگەی دڵداری** )ی (**ئیسماعیل ڕەسوڵ**)دا (سۆفیا) کارەکتەری ڕۆمانەکە دووچاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، کاتێك بڕیاری ڕەدووکەوتن دەدات لەگەڵ کوڕێکی خەڵکی میسر بەناوی (سەرحان)و کۆچیش دەکات بۆ ئەو وڵاتە **((بڕیارێك بوو دای، نەشی دەویست پاشەکشێی لێ بکات.. ئێستا لەجاران ئازا و جەسوورترە! هەردووکیان بەوردی هەموو هەنگاوێکی خۆ ئامادەکردنیان خستە بەر لێکۆڵینەوە ، لەوانەش**

**موسڵمانبوونی سۆفیا و مارە بڕینی.. هەموو شتێکیان بە نهێنی کۆتایی پێ هێنا دانیشتوانی پەنسیۆنەکە بەهیچ شتێکیان نەزانی، کە کاتی رۆیشتن داهات، سەرحان دەستی دایە جانتاکەیی و سۆفیاش بەخۆی و جانتاکەی بەگەڵی کەوت. نامەیەکی بەسۆزیان بۆ پوورە کاترین بەجێ هێشت، تێیدا هەموو شتێکیان بۆی روون کردەوە پاکانەی ئەم هەنگاوەی هاویشتوویانە کرد و داوای لێبووردنیان لێ کرد))** (پەرستگەی دڵداری، ١٧٩). ئەم جۆرە هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە لێکترازانێکی هەمیشەیی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە کۆچکردنەکە، کۆچکردنی دەرەکی بووە و دوورکەوتنەوە لە وڵات بووە، جیا لەمەش بەنهێنی خانەوادەکەی بووە و ئەوان پێیان نەزانیوە، سەرەڕای ئەمەش کاریگەری ئایینیش یەکێك بووە لە هۆکارەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە کە رۆمانەکە کاری لەسەر کردووە. بەم شێوەیە هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییەکە بەهۆی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و گرفتە ئایینییەکان و کۆچکردنەوە لەناو رۆمانەکەدا خراونەتە ڕوو و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

**ج. نەخۆشی و مردن:**

نەخۆشی یەکێکە لەو گرفتانەی کە رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە و ((حاڵەتێکە لە دەرەوەی سروشتدایە کە دووچاری ئەندامانی جەستە و دەروونی مرۆڤ دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کار و چالاکییەکانی ئەندامەکانی مرۆڤ چ لە ماوەیەکی کورت و چ لە ماوەیەکی درێژدا بوەستێنێ، لەئەنجامیشدا کەسی تووشبوو هەست بە ماندووبوون و لاوازبوون دەکات و توانای ئەوەی نامێنێت کارەکانی رۆژانەی خۆی بەشێوەی دروست و سروشتی راپەڕێنێت)) (فداء ابو حسن، ٢٠١٥، ١). بەم شێوەیە نەخۆشی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە کەسی نەخۆش لە رووی کۆمەڵایەتییەوە سروشتی نابێت و گەلێك جار

لە دەوروبەرەکەی دادەبڕێت، یاخود بەهۆی نەخۆشی درێژخایەن و کوشندەوە دووچاری لێکترازان و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. رۆماننووسان بۆ پیشاندانی رۆڵ و کاری کارەکتەرەکانیان بەشێوەیەکی واقیعی زۆر جار پەنا بۆ نەخۆشی دەبەن و بەشێك لە رووداوەکانیان پێ دەگێڕنەوە.

لەم سۆنگەیەوە لە رۆمانی (**هەرەس** )ی (**موکری**)دا هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەوتی رووداوەکاندا هەیە و بەهۆیەوە رووداوەکان لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەکی دیکە هەنگاو دەنێن، بەهەمان شێوە ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییانە کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەشیان لەسەر ژیان و گوزەرانی کارەکتەرەکانەوە هەیە. لە سەرەتای رۆمانەکەشدا رووبەڕووی هەڵوەشانەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینەوە کە دووچاری بنەماڵەی (حەمە) دەبێتەوە، لەکاتێکدا ئەوان بەهۆکاری سیاسییەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە کۆچیان کردووە و هاتوونەتە شاری کەرکووك لە باشووری کوردستان و لەوێش ژیانێکی مەمرەو مەژی بەسەر دەبەن، (حەمە) لەگەڵ (سمایل)ی برای دەبن بۆ دابینکردنی بژێوییان خەریکی کاری حەمباڵی، هەر بەهۆی ئەو کارەو لێکەوتەکانییەوە دووچاری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە (حەمە) بەدوای (سمایل)دا دەچێتە مەیدانی کرێکارانەوە لەوێش تووشی گرەوێك دەبێتەوە لە هەڵگرتنی فەردەوە و لەئەنجامدا پێی دەخزێت و دەکەوێتە خوارەوە. ئیدی لەگەڵ ئەم کەوتنەیدا (حەمە) پشتی دەشکێت و رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت بۆ چارەسەری وەرگرتن ((**حەمە لەخۆ چووبوو.. بردیانە خەستەخانە... مانگێ دووان سییان چوار ، حەمە لە نەخۆشخانەدا مایەوە لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوو.. هێنایانەوە بۆ ماڵ نەیدەتوانی بزوێت**)) (هەرەس، ٦٧). ئەم نەخۆشکەوتنەی (حەمە) و لەناو جێگادا کەوتنی، هۆکاری سەرەکی

هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت کە دووچاری ئەو خانەوادەیە دەبێتەوە و لێکی هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە لەئەنجامی ئەوەی کە (حەمە) سەرەڕای ئەوەی بەهۆی نەخۆشییەکەوە لەجێگا کەوتبوو، دڵیشی زۆر ناسك ببوو هەمیشە بیانووی بە (سمایل)ی برای دەگرت ((**حەمە لە هەموو شتێ ناڕازی بوو ، لە خۆی ، لە خەجێ، هەتا لە گریانەکەی ئەحمەدیش ..هەر دەیبۆڵاند، تووڕە دەبوو، هەرچییەکی بەردەست کەوتبا تێیانی دەگرت، دەیشکاند، جنێوی دەدا، ڕۆژێ سمایل دیقی کرد و هاتە زمان: کاکە ناشکور مەبە... هەر ئەوەندەم لەدەس دێ، خۆ تۆ بەتەنها نیت... تۆ و خەجێ و ئەحمەد و ... حەمە نەیهێشت سمایل قسەکەی تەواو بکات: ـ بەڵێ ... بەڵێ .. سمایل حاڵی بووم ... ئەمە دنیایە ... وا چاو لە دەستی تۆم ! خوایە مەرگ**)) (هەرەس، ٦٧-٦٨)، ئیدی لەو ڕووداوەوە کە لێکەوتەی نەخۆشییەکەی بوو، دڵی دەشکێت ، بۆیە لە دەرفەتێکدا لەگەڵ (خەجێ) و (ئەحمەد)ی کوڕیدا بەجێی دەهێڵێت و دەچنە شاری بەغدا ، لە بەرانبەریشدا ڕۆماننووس دیمەنەکانی گەڕانەوەی (سمایل) پیشان دەدات کە ئەو کاتەی لەدەرەوە بووە، ئەوان ڕۆیشتوون و لێکدابڕانە ((**کە سمایل گەڕایەوە سەر هەواری خاڵی! شپرزەیی زمانی بەست، بە لاڵەپەتێیانەوە لە هاوسێیەکانی پرسی، هەر ئەوەندەیان پێ وت: نازانین (فرایمە ـ جوولەکە ـمان بینی، شتەکانی دەگواستەوە، پاشان خەجێ کرێ خانووەکەی دایە خاوەن حەوشەکە بە هەناسە سواری و گریانەوە خوا حافیزی و گەردن ئازادی لێ کردین... ڕۆیشتن.... سمایل سەری لێ تێکچوو، بۆ یەکەم جار هەستی بێ مانایی و بێ تامیی ژیان کرد**))(هەرەس، ٧٥) ئیدی بە شاراندا بەدوایدا گەڕا، بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە و داوای لێبووردنی لێ بکات و ئاشت ببنەوە، بەڵام کار لەکار ترازابوو، کاتێك لە شاری بەغدا ئەوانی دۆزییەوە، (حەمە) بارودۆخی زۆر تێکچووبوو لە نەخۆشخانە خەوێندرابوو، خۆشی تووشی نەخۆشی بوو لە

نەخۆشخانە خەوێندرا، بۆیە کەسیان بەوە رانەگەیشتن گەردن ئازاییش لەیەکدی بکەن و کۆچی دواییان کرد. لێرەدا ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە کاریگەرییەکی گەورە لە سەر ژیانی (خەجێ) و کوڕەکەی بەجێ دەهێڵێت و قورسایی باری گوزەرانی ژیان دەکەوێتە سەری و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی دواتریشدا دەبێت. لەمەشدا ڕۆماننووس سوودی لە چەمکی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە بۆ کار و کردەوەکانی کارەکتەرەکانی و پیشاندانی لایەنی چەوساوەیی و بێ وەی بوونیان.

لە ڕۆمانی (**کوێخا سێویێ**)ی (**عەزیزی مەلای ڕەش**)دا لە دیمەنێکدا ڕۆماننووس ئاماژە بە جۆرێکی دیکەی ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە دەکات کە لەناوخۆی خێزانەوە ڕوویانداوە، ئەویش خێزانی (حاجی مام شێخ)ە کە لەوپەڕی دەوڵەمەندییەوە، هەژار دەبنەوە و هەڵوەشانەوەیەکی گەورەش لەناو خودی بنەماڵەکەی دێتەکایەوە. هۆکارەکانی ئەو هەڵوەشانەوەیەش لەلایەکەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی (نەخۆشی گرانەتا)یە کە لەناوچەکە بڵاوبوویتەوە و بەهۆیەوە بەشێك لە ئەندامانی خێزانەکەیان لەدەست داوە. ئەمەش لەسەر زاری (بەگم)ی ژنە گەورەی (حاجی)یەوە دەخرێتەڕوو ((**لەماڵی ئێمە منداڵەکانمان بە بتوونی کەوتن. پێنجی من و دووی کابانی هەوێم. تەنیا من و حاجی و کابان بە پێوە ماین**)) (کوێخا سێوێ، ١٦٨). لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی داوێنپیسی ژنە بچووکەکەی (حاجی) کە ناوی (کابان) بوو ئەو لێکترازانە دروست دەبێت. ئەنجامی ئەو لادانە کۆمەڵایەتیەش بەکوشتنی هەردووکیان تەواو دەبێت، لێرەوە دەبینین هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بەهۆی نەخۆشی و لادانی کۆمەڵایەتییەوە بنەماڵەیەك سەرگەردان دەکەن و وا هەژاریان دەکەن تا سواڵ بکەن بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانیان بەڕێ بکەن. بە واتایەکی دیکە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی سەرەڕای لایەنە

ڕۆحییەکەیەوە. کاریگەرییەکی گەورەشی لەسەر لایەنی ماددی داناوە و لە دەوڵەمەندییەوە بەرەو هەژاری بردوون و تەواوی ژیانیانی گۆڕیوە و ناچاری بە سواڵکردنیش کردوون، لێرەشدا ڕۆماننووس سەرکەوتووانە شوێنەوارەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی نیشان داوە و کاریگەری و کارتێکردنەکانی لەسەر ئەندامانی خێزانەکە ڕوونکردۆتەوە.

**ئەنجامەکان**

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمان هێناون، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینە ڕوو:

١ـ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی وەکو چەمکێك لەناو رووداوی رۆمانەکاندا بەکارهاتووە و کاریگەری و کارتێکردنەکانی خراوەتە ڕوو، رۆماننووس سوودیان لێ وەرگرتووە و لەناو رووداو و گێڕانەوەکاندا مەزرایاندوویانە و شوێنەوارەکانی لەسەر کارەکتەرەکانیان روون کردۆتەوە.

٢ـ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بووەتە بنچینە و بناغەی پێکهێنانی رووداوی سەرەکی بەشێك لە دەقەکانی رۆمانی کوردی و بەهۆیەوە سەرجەم ڕایەڵەکانی رووداوەکە لەسەر لێکەوتەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵایەتییە داڕێژراوە، لەوانەش رۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك)ی (حسێن عارف).

٣ـ بارودۆخی سیاسی کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، ئەو کاریگەرییەش لە بوونی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتیدا بەدیار کەوتووە. بەو واتایەی بارودۆخی سیاسی هۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی.

٤ـ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی کار دەکات و بارودۆخی کۆمەڵایەتی کاریگەر دەبێت بە دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵوەشانەوەیە، لە زۆرێك لەو رۆمانانەی کە وەرگیراون، تەڵاق یەکێك بووە لە زۆرترین ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە دروستبوونی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی، لە بەرانبەردا (نەخۆشی) کەمتر ئەو رۆڵەی گێڕاوە، هەر چەندە نەخۆشیش وەکو هۆکارێکی گرینگ رۆڵی لە دروستبوونی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هەبووە.

٥ـ کۆچکردن وەکو دیاردەیەك لەلایەن رۆماننووسانەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە و هۆکار و ئەنجامەکانیان لە دووتوێی رووداوەکاندا خستۆتەڕوو،

بەتایبەتیش لێکەوتەکانی ئەو کۆچکردنە کە بووەتە هۆکارێك بۆ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی و هۆکار و ئەنجامەکانیان خستۆتەڕوو.

٦ـ نەخۆشکەوتن و مردن کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی کارەکتەرەکان هەبووە، هەر چەندە لەناو رۆمانەکاندا رۆڵی نەخۆشکەوتن لەچاو فاکتەرەکانی دیکە کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشێك لە رووداوەکاندا وەکو هۆکارێك بۆ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بەشداربوونە.

**سەرچاوە:**

**یەکەم-بەزمانی کوردی:**

**أ : کتێب:**


١. ئەحمەد، ئیبراهیم (٢٠١٠)، ژانی گەل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی پێنجەم، هەولێر .
٢. ئەلحەسەن، د. ئیحسان محەمەد (٢٠١٢)، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
٣. ڕەسوڵ، ئیسماعیل (١٩٩٠)، پەرستگەی دڵداری، دار الحریة للطباعة، بغداد.
٤. بەرزنجی، حسام (١٩٨٨)، کانگەی بەڵا، مطبعة الحوداث، بغداد.
٥. عارف، حسین (٢٠١١)، ئەندێشەی مرۆڤێك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
٦. عارف، حسین (٢٠١١)، شار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
٧. کریم، رزگار (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ژیر، سلێمانی.
٨. سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٠)، سۆفیستەکان لە ستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٩. قازی، ڕەحیمی (٢٠٠٨)، پێشمەرگە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.
١٠. مەلا ئیسماعیل، شەوکەت (٢٠٠٧)، فەرهەنگی شوان، التفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن .
١١. مەلای ڕەش، عەزیزی (١٩٨٦)، کوێخا سێوێ، الأمانة العامة للثقافة و الشباب، هەولێر.
١٢. عەبدوڵڵا، غەفور ساڵح (٢٠٠٩)، توانەوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، هەولێر.

١٣. عەبدوڵڵا، کاروان (٢٠٠٣)، هەژان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٤. پێندرۆیی، محمد ساڵح (٢٠١٠)، فەرهەنگا کانی، هەولێر.
١٥. موکری (٢٠٠٨)، سەگوەڕ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی شەشەم، هەولێر.
١٦. سەعید، محەمەد ساڵح (٢٠٠٤)، ئاشتیی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
١٧. موکری (١٩٩٨)، هەرەس، چاپخانەی بێسارانی، چاپی سێیەم، سلێمانی.
١٨. هەژار (١٣٨٤)، هەنبانە بۆرینە ـ فەرهەنگی کردی ـ فارسی، چاپی چوارەم، چاپخانەی انتشارات سروش، تاران.

**ب: ڕۆژنامە و گۆڤار:**

١٩. ئەحمەد، دانا (٢٠٠٧)، چەمکی کۆمەڵگا و کۆمەڵگای بەجیهانیبوون، گۆڤاری (ڕۆشنگەری)، ژ (٢١).
٢٠. محەمەد، ڕاستگۆ (٢٠٠٨)، کۆچ: کاردانەوە لەبەرانبەر کێشە و گرفتە هەمەجۆرەکانی دنیای گەنجان و لاوان، گۆڤاری (کۆچ) ژمارە (٩).

**ج: نامەی ئەکادیمی:**

٢١. یوسف، حەسەن (٢٠١٢)، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی (عەتا نەهایی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین.

**دووەم- بەزمانی عەرەبی:**

**أ : کتێب:**

٢٢. احمد، امل حسن (٢٠١٥)، علم الأجتماع المعرفة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان .
٢٣. دريدا، جاك (١٩٨٨)، الكتابة والاختلاف، ت: كاظم جهاد، دار توبقال، المغرب.

٢٤. حسن، أ.د.سمير ابراهيم(٢٠١٢)، تمهيد في علم الاجتماع، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، الطبعة الأولى.
٢٥. ابو عوف، عبدالرحمن(١٩٩٦)، فصول في النقد و الأدب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ص ٦١.
٢٦. خليل، معن(٢٠٠٥)، التفكك الأجتماعي، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط.
٢٧. فرح وعبدالجواد، ا.د. محمد سعيد، ا.د.مصطفى خلف(٢٠٠٩)، علم اجتماع الأدب، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
٢٨. البعلبكي، منير(٢٠٠٣)، د. روحي البعلبكي، المورد القريب، دار العلم للملاين، الطبعة الثانية عشر، بيروت ـ لبنان.
٢٩. زيرافا، ميشيل(٢٠٠٥)، الادب القصصي الرواية والواقع الأجتماعي، الطبعة الأولى ـ بغداد.

**ب: ڕۆژنامە و گۆڤار:**

٣٠. ليلي، ايديو(٢٠١٣)، التفكك الأسري واثره على البناء النفسي والشخصي للطفل، مجلة العلوم الأنسانية والأجتماعية، العدد الحادي عشر / جوان.

**سێیەم: بە زمانی فارسی:**

٣١. احمدی، بابك(١٣٨٦)، ساختار و تاويل متن، چاپ نهم، تهران.

**چوارەم: ئینتەرنێت:**

٣٢. ابو حسن، فداء(٢٠١٥)، تعريف المرض.

https://mawdoo3.com.

٣٣. ملاح، د. امل ابراهيم(٢٠٢٢)، التفكك الاجتماعي.

https://www.almothaqaf.com.

## ملخص البحث

## التفكك الأجتماعي في الرواية الكوردية

التفكك الأجتماعي عبارة عن منهج يعمل على البنيان الأجتماعي وسوف يعيد بناءها من جديد، وفي احيان كثيرة يحول حياة الأنسان من حالة الى حالة أخرى. وهذه الظروف تتكون من نتيجة المشاكل الأجتماعية ويمكن علاج هذه الحالات بواسطة التغير والنمو الأجتماعي. مع العلم (التفكك الأجتماعي) بنوع من الأنواع يعالج المشاكل، لكن وفي نفس الوقت يمكن ان يعكس الحالة السلبية. لذا فأن مفهوم التفكك الأجتماعي يظهر نفسه بشكل سلبي، وفي احيان كثيرة يكون علاج لاارادي في حل المشاكل الأجتماعية.

ومن هذا المرصد للرواية من حيث الأنماط الأخرى لها دور اكبر في عرض وتجسيد حالات التحليل الأجتماعي. لان الرواية وبطبيعتها نمط متجدد (عصري) عن طريق التكنيكات الكثيرة وطول كيانات يسهل هذه الفرصة، حيث وصفا بدقة كاملة الأطراف وابعاد التفكك الأجتماعي. ويرسم صورة واضحة لدى القارئ، من حيث فعالية وتأثير هذه الحالات من التفكك الأجتماعي على الفرد والمجتمع.

الكلمات الدالة: الرواية، التفكك، التفكك الأجتماعي، الأوضاع السياسية، الأوضاع الأجتماعية

## Abstract
## Social disintegration in the Kurdish novel

Social disintegration is a method that works on the social structure and will rebuild it again, and in many cases, it transforms human life from one state to another. These conditions consist of the result of social problems and these cases can be treated by change and social growth. Knowing (social disintegration) of a kind that treats problems, but at the same time can reverse the state of negativity. Therefore, the concept of social disintegration manifests itself in a negative way, and in many cases, it is an involuntary remedy in solving social problems.

بهذا المعنى يصادر خطاب الإسلام السياسي على تاريخ الشعوب وعلى أشكال وعيها بالانتماء، وعلى تطلعاتها في تقرير المصير. فهو من منطلق منح الأولوية لمشروع الأمة الإسلامية ووحدة المسلمين سياسياً تحت سلطة الخلافة المنشودة، يتجاهل جميع المشاريع السياسية والاجتماعية الأخرى في التحرر والانعتاق ولا يبالي بها، ولا ترتدي تضحيات أيّ شعب في سبيل حريته القومية أهمية أو قيمة من وجهة النظر هذه، طالما وأنها تصبّ في صالح مشروع غير استعادة مجد الخلافة، وشعار" الإسلام هو الحلّ" الذي تعلنه تيارات الإسلام السياسي في كلّ مكان تبرر إسقاط شرعية أي مطلب قومي أو سياسي أو اجتماعي آخر، تحت أيّ عنوان كان.

إن العقدة المركزية في خطاب الإسلام السياسي اتجاه المسألة القومية، ناجمة عن الاعتقاد بأن الدولة القومية الطارئة هي علّة تقسيم الخلافة الإسلامية وعاقبة على انهيارها. كان حسن البنا وأتباعه يعللون سيادة الجاهلية وضياع الدين كنتيجة لزوال السلطة الإسلامية، واعتبروا أن نموذج الدولة الوطنية، التي ورثوها بعد سقوط الخلافة، مطبوع بطابع الثقافة الغربية العلمانية وتحمل سماتها الجاهلية. فهي دولة متحللة من الأخلاق ومن الدين، بينما كان النموذج الإسلامي للدولة ذات غايات إلهية وسمات أخلاقية كونية.

فضلاً عما سبق، فإن هذا النموذج السياسي المستورد، المفروض على العالم الإسلامي من قبل الغرب الكافر، دولة" الطاغوت" تقوم على الشرك، حيث تؤسس سلطتها على إرادة الشعب-الأمة، غير إرادة الله، وتقيم حاكمية هي ليست حاكمية إلهية، وتخضع لسيادة قانونية، من صنع البشير، تعارض بها شريعة الله التي يجب أن تكون الوحيدة السائدة في العالم.

والحال بينما يضمن النظام الديمقراطي في الدولة الحديثة وجود تعددية سياسية واختلاف في المعتقدات والأفكار، ويكفل حقّ معارضة السياسات العامة، يؤسس خطاب الإسلام السياسي لسلطة مقدسة يُعدّ الخروج عليها بمثابة كفر صريح. وهذه نتيجة للقناعة المشتركة بين الإسلامويين بأن الإسلام نظام شامل، دين ودولة، مصحف وسيف، كما قال بذلك حسن البنا، وأفتى إن علاقة الدين بالسياسة من أصول الدين وليس من الفروع. إن التماهي بين الدين والسياسة وبالتالي بين السلطة الدينية والسلطة السياسية يكرّس بالضرورة قداسة السلطة الناشئة عن ذلك، بحيث تغدو أيّ معارضة لها بمثابة معصية أو هرطقة دينية.

بداهة يرفض الإسلام السياسي مبدأ الديمقراطية، الذي يقرّ بتساو المواطنين والأفراد في تقرير خياراتهم السياسية بحرية، بعدّه بدعة غير إسلامية

لا يجوز الأخذ به، مستبدلاً إياه بمبدأ الشورى، الذي يدعي الإسلام السياسي أنه النموذج الإسلامي الأمثل لإدارة شؤون الرعية وحكمها. لكن الشورى التي تتحدث عنها الجماعات الإسلامية وتبشّر بها تنطوي على نزوع نوستلجي رجعي، حنين إلى شكل أولي وبسيط للاجتماع الإنساني، لم يكن له عهد بتحديات المجتمعات المعقدة والحديثة، وهو لا يتعدى مفهوم (التشاور) الذي كان سائداً فيها. وفي هذا برهان على النزوع المضاد للحداثة لدى أيديولوجية الإسلام السياسي. حيث تجد معظم حركات الإسلام السياسي مثالها في التقدم ونموذجها التاريخي الأمثل في العودة الورائية إلى قرون سابقة، إلى زمن السلف الصالح وفق فهم **ابن تيمية**، لا طبقاً للزمن نفسه. يوضح **سيوران** ذلك بقوله إن: العودة إلى الأصول، هو مبدأ الفكر الأصولي الرجعي، الذي يتميّز بعبادة البدايات. فكلما تكرّست وتعمقت هذه العودة زاد الانغلاق والانكفاء لديها وزاد العنف. الفكر الأصولي مضاد للفكر الحداثي التطوري الذي غيرّ الغرب.

الوعي القومي، بخلاف الوعي الديني، يترجمه الحس السليم بالهوية القومية والرغبة في الانتماء للجماعة القومية، دون النظر إلى عقائد الأفراد والطوائف المكونة للمجتمع القومي، وفي هذا السياق تلعب الثقافة القومية ذات الطابع الديني (التقاليد الدينية والروحية المشتركة، الطرق الصوفية. الخ) دوراً ملموساً في إسباغ طابع روحي على الشعور بالانتماء وتمنحه مغزى ما ورائي، دون أن تشكّل سبباً في تطييف أو تقسيم المجتمع القومي.

وترتبط الهوية القومية ارتباطاً وثيقاً بالوعي القومي المجتمعي، وغالباً ما يشكلان معاً ويتحدان معاً في الوعي بالانتماء، ولهذا حينما تتم المصادرة على الوعي القومي، وذلك بتحريفه أو تزييفه بمضامين ومقاصد أخرى، تفقد الهوية القومية معناها بالنسبة لحاملها. ومن هنا تنمّي حركات الإسلام السياسي لدى أتباعها وعيّاً قوامه إن الخلاص الفردي الآخروي يكون عبر التبرؤ من

الاهتمامات الدنيوية والاجتماعية التي لها طابع قومي خاص، وعبر الترفع على القضايا القومية الآنية والتماهي مع خلاص الجماعة "الأمة" العابرة للحدود القومية. والحال إن الوعي القومي يتناقض في بنيته ومقاصده مع الوعي الديني، لأنه وعيٌ دنيوي بالمصالح والمصير المشترك للجماعة القومية، وليس دأبه البحث عن تضامن ديني فوق قومي بحثاً عن غايات ما ورائية مشتركة مع المختلفين عن هويته القومية. ولهذا يكرّس الوعي القومي تضامناً داخلياً على أساس الانتماء للمجتمع القومي أو الوطني والوعي بالمصير المشترك للكل، دون أن يلقي بالاً على الاختلافات الدينية أو المذهبية في المجتمع.

هكذا يضفي الوعي القومي أهمية مركزية على إنجاز الوحدة والتضامن المجتمعي، ويترفع في الوقت نفسه على الاختلافات المعتقدية والتعدديات الدينية في المجتمع، عبر الإقرار بمساواة أتباعها في المكانة والدور، في الحقوق والواجبات، بينما ينشد خطاب الإسلام السياسي تضامناً أفقياً، فوق قومي، على أساس الإيمان الديني المشترك، ويخلّف داخلياً تمييزاً عمودياً على أساس الهوية الدينية بين أبناء المجتمع الواحد، ثم يقوم بأمثلة هويته على أساس التجانس الديني والمذهبي في الإيمان، ومن هنا نفهم مغزى رفض خطاب الإسلام السياسي الاعتراف بالتعدديات الدينية والمذهبية في المجتمع.

يمنح الخطاب القومي أهمية مركزية، خاصة، للغة القومية المشتركة، التي تعدّ وعاءً لوعي الشعب بهويته الذاتية وتعبيراً عن ذاكرته الجمعية، في حين أن خطاب الإسلامويين يمنح العربية، لغة القرآن، قداسة تسمو بها فوق جميع لغات الشعوب الإسلامية. وتستحق الإشارة هنا إلى قول أحد رموز الإسلام السياسي التركي، ذي الأصول الكوردية، الشيخ سعيد النورسي، الذي ينطوي على ازدراء شديد بلغته القومية في الوقت الذي يتباهى فيه بالعربية والتركية، ويكاد أن يعدّ من الأولى شرطاً للعبادة والإيمان الصحيح، بصفتها واجباً دينياً! حيث قال إن:

تعلّم العربية واجب، وتعلم التركية لازم، أما تعلم الكوردية فهو جائز. إن الذهنية التي تقبع خلف هذه الفتوى هي مصدر جزء كبير من الشعور الدوني لدى أتباع جماعات الإسلام السياسي اتجاه اللغة والثقافة العربية، حينما يعمدون إلى التمثّل بالعادات والتقاليد العربية والتكنّي بأسماء عربية خالصة اعتقاداً منهم بإسلاميتها، مثل أسماء الصحابة، القادة والأعلام. والحق إن هذا الفضاء الرمزي، الذي يحاولون التطبع به وتمثّله في سلوكهم، ليس إسلامياً خالصاً في مجمله، إنما تمتد جذور مكوناته (أسماء، إشارات، عادات، أزياء) إلى حقبة ما قبل الإسلام الجاهلية، خضعت للتبنين والتعميم في سياق الحضارة الإسلامية.

وتتمثل المفارقة في أن هؤلاء عادة يزدرون بالثقافة الشعبية والعادات، التي يعدّونها مخالفة للتقاليد الإسلامية وللسلوك السوي للمسلم، بينما يحاولون، بالمقابل، فرض الطراز الخاص بهم من العادات والأزياء والأسماء، المستعارة من الفضاء الثقافي والتاريخي العربي، باعتبارها إسلامية ومقدسة.

وهكذا بينما يعتدّ الخطاب القومي بالإرث الثقافي للجماعة القومية (التراث الشفاهي، الفن والموسيقى، الملاحم الشعبية والأساطير، التقاليد القومية، المناسبات والأعياد) التي تشكّل الذاكرة الجمعية للأمة وتسوّغ هويتها الفريدة تبدي جماعات الإسلام السياسي امتعاضاً ونفوراً إزائها، ولا تتردد في تكفير القائمين بها في أوقات كثيرة، بوصفها إرثاً وثنياً أو جاهلياً.

يتماثل هذا الموقف مع نظرتهم إلى التاريخ، إذ تختزل جماعات الإسلام السياسي التاريخ الحقيقي للشعوب الإسلامية في التاريخ الإسلامي، فلا ترى فيه شيئاً ناصعاً أو يستحق الاهتمام والثناء إلا ما هو إسلامي، وتعدّ كل ما سبق الإسلام جاهلية مماثلة لجاهلية العرب قبل الإسلام، غير جدير بالاهتمام والاعتداد أو التعريف به. وتفرض المصادرات العقدية هنا نزعة انتقائية تعسفية إلى التاريخ تقوم على إلغاء التاريخ القومي، غير الإسلامي، لتلك الشعوب،

حذفه وتشويهه بصفته تاريخاً لا يستحق إلا التبرؤ والتبرم منه. إن صفحات متخمة بالجاهلية والضلال في هذا التاريخ، غير جديرة بالاعتبار بها إلا بهدف إدانتها والبراءة منها حسب اعتقادها.

وعلى منوال جميع السرديات الأيديولوجية، التي تبرر غاياتها المطلقة بإسباغ القداسة عليها وبالمثل ادعاء العصمة لمعتنقيها والشرعية المطلقة، يعتقد الإسلام السياسي في نفسه الاستقامة العقدية والدينية، ويعدّ من نفسه يقيناً ممثلاً للإسلام الصحيح أو القويم. علماً إن مثل هذا التعريف "الإسلام الصحيح" يعتبر من أكثر المقولات التاريخ لغطاً وموضع التباس واستشكال، لا يمكن بأيّ حالٍ من الأحوال التحقق من صحة مثل هذا الادعاء لدى أيّ جماعة أو فرد بالمقاييس العلمية. فصحيح الإسلام مثل صحيح المسيحية ينطوي على خلاف شديد، كانت كلّ فرقة دينية تنتحل لنفسها هذه الصفة لتبرير نزاعها مع الفرق الأخرى، وتمهّد بها رغبتها في التخلّص من منافسيها في العقيدة الدينية، إنها مجرد خرافة عصبوية، تزعم من خلالها كل جماعة أيديولوجية الكمال والصحة في عقيدتها.

يزعم الإسلام السياسي عموماً، امتلاك الحقيقة المطلقة في معتقده، على مستوى المعرفة والإيمان والأخلاق معاً، وهي حقيقة غير قابلة للنقاش أو الشك أو النقد. وكلّ منافسة محتملة أو إمكان حقيقة مختلفة، أو قناعة بديلة، تواجه لديه بالإقصاء والإلغاء المعنوي والمادي معاً. وهذا هو الخيار الوحيد لديه في مواجهة الأفكار المنافسة. ولهذا السبب يعدّ هذا النمط من التفكير السياسي المتطرف، بكلّ تلاوينه، والمستند إلى قداسة متوارثة ومتعالية نمطاً مضاداً للانفتاح والتسامح الإنساني والتقدم.

من هنا لا يمكن لأيّ فردٍ مستنير مؤمن بالتعددية والمساواة إلا أن يعتبر نفسه خصماً عنيداً للإسلام السياسي، ولا نعني في هذا السياق الإسلام كدين

وإيمان شخصي، إذ أن حياد المستنير إزاء الإسلام هو ذاته إزاء المسيحية والزرادشتية واليهودية والبوذية وجميع الأديان البشرية. المستنير خصم للإسلام السياسي لأنه إسلام بشريّ مؤدلج لأهداف بشرية أنانية، وليس إسلاماً إلهياً كما يدعي أصحابه. وهذا لا يعني بالضرورة أنه خصم للإسلام كما يعتقد هؤلاء، لأنهم ببساطة يماثلون في هذه الحالة بين أنفسهم وبين الإسلام وينصبون أنفسهم ناطقين أدعياء باسم الله ونبيه، لأنهم ببساطة يعتبرون إسلامهم هو الوحيد الصحيح ويكفّرون بقية البشر ومذاهبهم.

نعم، المستنير خصم عنيد للإسلام السياسي، إسلام هؤلاء، لأنه مجرد أيديولوجيا بشرية مضادة للتاريخ وللتعددية والديمقراطية والمساواة. الإسلام، كدين ورسالة ووحيّ، براء من غايات كل من يتطلع إلى سلطة سياسية بعباءة الإسلام. نعم المستنير هو خصم للإسلام السياسي، إسلام هؤلاء، لأنهم ينصبون أنفسهم باسم الله أوصياء على إيمان البشر ومصائرهم ومصالحهم، علماً أن نبي الإسلام محمّد (ص) نفسه لم يمنح نفسه هذا الحق. والحقّ فأن رجل الدين حين يتحدث في السياسة، وحين يمارس رجل الدين السياسة بصفته تلك، يغدو الدين مروقاً ونفاقاً لديه وتمسى السياسة طغياناً. علينا جميعاً أن نعلم جيداً أنه ليس مهمة السياسة إرسال الناس بالقوة إلى الجنة، أو حتى منعهم من الدخول إلى نار جهنم عنوة. مهمة السياسة هي إدارة شؤون البشر الدنيوية عبر البشر وبوساطة البشر وأخطائهم، لأن البشر أعلم بشؤون دنياهم.

**مصادر البحث ومراجعه:**

- البلوشي، صالح عبدالله(٢٠١٦م)، **الإسلام السياسي وصناعة الخطاب الراديكالي**، بيروت، مؤسسة الانتشار العربي.
- البنا، حسن ( ١٩٦٥م )، **مجموعة رسائل**، بيروت، دار الأندلس.
- البوتاني، عبدالفتاح علي ( ٢٠٢٢م )، **الإسلام السياسي في إقليم كردستان العراق: ملاحظات وانطباعات تاريخية وسياسية**، الطبعة الرابعة، أربيل.

- الخطيب، معتز؛ وآخرون(٢٠١٦)، **مأزق الدولة بين الإسلاميين والعلمانيين**، حرّره وقدّم له معتز الخطيب، بيروت، جسور للترجمة والنشر.
- الخطيب، معتز(٢٠١٧م)، **العنف المستباح: الشريعة في مواجهة الأمة والدولة**، القاهرة، دار المشرق.
- الخليل، سمير؛ وآخرون، **التسامح بين شرق وغرب: دراسات في التعايش والقبول بالآخر**، ترجمة إبراهيم العريس، بيروت، دار الساقي.
- العبدولي، تهامي( ٢٠٠٧م)، **إسلام الكرد**، بيروت، دار الطليعة للطباعة والنشر.
- العشماوي، سعيد( ١٩٩٦م)، **الإسلام السياسي**، القاهرة، مكتبة مدبولي.
- العلام، عبدالرحيم( ٢٠١٤م)، **الديمقراطية في الفكر الإسلامي المعاصر**، الطبعة الأولى، بيروت-الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي.
-المؤدب، عبدالوهاب(٢٠٠٢م)، **أوهام الإسلام السياسي**، بيروت، دار النهار.
- المودودي، أبو الأعلى( ١٩٦٧م)، **نظرية الإسلام السياسية**، دمشق، دار الفكر.
- المودودي، أبو الأعلى( ١٩٨٠م) أ، **الأسس الأخلاقية للحركة الإسلامية**، بيروت، مؤسسة الرسالة.
- المودودي، أبو الأعلى( ١٩٨٠م) ب، **الحكومة الإسلامية**، بيروت، المختار الإسلامي.
- المولى، سعود( ٢٠١٢م)، **الجماعات الإسلامية والعنف: موسوعة الجهاد والجهاديين**، دبي، مركز المسبار للدراسات والبحوث.
- إمهال، إبراهيم؛ وآخرون( ٢٠١٦م)، **الإسلاميون وقضايا الدولة والمواطنة**، الجزء الأول، بيروت، المركز العربي للأبحاث ودراسات السياسات.
- إمهال، إبراهيم؛ وآخرون( ٢٠١٧م)، **الإسلاميون وقضايا الدولة والمواطنة**، الجزء الثاني، بيروت، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.
- برونيسن، مارتن فان(٢٠٠٧م)، **الأغا والشيخ والدولة: البني الاجتماعية والسياسية لكردستان**، ترجمة أمجد حسين، ج ١، بيروت، معهد الدراسات العراقية.
- بورغا، فرانسوا(٢٠٠٦م)، **الإسلام السياسي في زمن القاعدة**، ترجمة سحر سعيد، دمشق، دار قدمس.
- بورغا، فرانسوا(٢٠١٨م)، **فهم الإسلام السياسي**، ترجمة جلال بدلة، الطبعة الأولى، بيروت، دار الساقي.

- بوزرسلان، حميد( ٢٠٠٩م)، **تاريخ تركيا المعاصر**، ترجمة حسين عمر، بيروت- الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي.
- حوراني، البرت(١٩٦٨م)، **الفكر العربي في عصر النهضة ١٧٩٨- ١٩٣٩**، تر: كريم عزقول، بيروت، دار النهار.
- دريفوس، روبرت(٢٠١٠م)، **لعبة الشيطان: دور الولايات المتحدة في نشأة التطرف الإسلامي**، ترجمة أشرف رفيق، القاهرة، مركز دراسات الغرب والإسلام.
- روا، أوليفيه(١٩٩٦م)، **تجربة الإسلام السياسي**، ترجمة نصير مروة، بيروت- لندن، دار الساقي.
- سويلي، إدريس؛ وآخرون( ٢٠١١م)، **الحركة الإسلامية في كردستان**، دبي، مركز المسبار للدراسات والبحوث.
- عمارة، محمد(١٩٩٧م)، **التيار القومي الإسلامي**، القاهرة، دار الشروق.
- غازي، واثق(٢٠٠٩م)، **الدين واحتكار الحقيقة**، بيروت، الانتشار العربي.
- فوللر، غراهام أي.(٢٠٠٦م)، **الإسلام السياسي ومستقبله**، نقله إلى العربية محمد محمود التوبة، الرياض، العبيكان للنشر.
- فيلدمان، نوح(٢٠١٤م)، **سقوط الدولة الإسلامية وصعودها**، ترجمة الطاهر بوساحية، بيروت، الشبكة العربية للأبحاث والنشر.
- قطب، سيّد(١٩٧٩م)، **معالم في الطريق**، الطبعة السادسة، بيروت-القاهرة، دار الشروق.
- قطب، سيّد(١٩٩٣م)، **نحو المجتمع الإسلامي**، ط.١٠، القاهرة، دار الشروق.
- كافو، وليام ت.(٢٠١٧م)، **أسطورة العنف الديني**، ترجمة أسامة غاوجي، بيروت، الشبكة العربية للأبحاث والنشر.
- مجموعة مؤلفين(٢٠١١م)، خلاصات أهم ما كتب عن الجماعات الإسلامية، دبي، مركز المسبار للدراسات والبحوث.
- مركز جسور للدراسات( مايو ٢٠١٧م)، **الحركات الدينية في المشهد السياسي الكردي في سوريا**، تركيا- عنتاب، مركز جسور للدراسات، وحدة الدراسات.
- مكدويل، ديفيد(٢٠٠٤م)، **تاريخ الأكراد الحديث**، ترجمة راج آل محمد، بيروت، دار الفارابي.
- مِل، ستيورات(١٩٥٧م)، **بحث في الحرية**، تقديم: ك.ف. شيلدز، ترجمة ونشر، دار اليقظة العربية، دمشق.

## پوختە

### پرسی نەتەوەیی لەبەر ڕۆشنایی گوتاری ئیسلامی سیاسی!

ئەم ناونیشانە پاڕادۆکسێکە قەبارە و قووڵایی ئەو کارەساتە دەردەخات کە بە کورد کەوتووە لە ماوەی هەموو مێژوویدا لەلایەن ڕژێمە سیاسییەکانەوە، ئەوانەی ئایینی ئیسلام و بانگاشە پیرۆزەکەیان کردووە بە ڕێباز و پاساوێک بۆ پیادەکردنی سیاسەتی چەوساندنەوە ، نکۆڵی لێکردن و قڕکردنی کورد تاکو ئێستا.

هەمان کات، زۆربەی بزاڤ و ڕێباز و حیزبە سیاسیە ئیسلامییەکان هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ ڕژێمە سیاسییەکانی نکۆڵییان لە مافەکانی گەلی کورد دەکرد؛ نە هەر ئەوە ، بەڵکو هەڵوێستی سەرکردە و ڕابەرەکانیان گەیشت بە ئاستی تەکفیرکردنی کورد تەنیا لەبەر ئەوەی بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی ستەم و چەوساندنەوەی کردووە.

ئەم توێژینەوەیە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە بنیادی ئایدیۆلۆگیی فیکری سیاسیی ئیسلامیی باو و بنەڕەتە عەقیدەییەکانی ، ناکۆکن لەگەڵ داخوازییەکانی گوتاری ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و ئامانجەکانی ؛ بۆیەش لایەنگیری و پشتگیریکردنی گوتاری ئیسلامی سیاسی ، بێگومان ئەمە دەبێتە مایەی لەدەستدانی هوشیاریی نەتەوەیی.

توێژینەوەکەمان لایەنگیریی ئەم گریمانەیە دەکات کە دەڵێت- بنچینە سیاسی و ئایدیۆلۆگییەکانی ئیسلامی سیاسیی کوردی ، دان پیانانی ڕاست و ئاشکرا بە مافی چارەی خۆنووسیی نەتەوەی کورد لەخۆ ناگرن بەدەر لە پڕۆژەی ئومەتی ئیسلامی .


**وشە سەرەکییەکان** : ئیسلامی سیاسی ، کێشەی کورد ، برایانی موسڵمان، بزاڤە ئیسلامییەکان، گوتاری نەتەوەیی، مۆدێرنیزم ، فرەیی .

## Abstract

### The National Question in the Light of the Discourse of Political Islam

The blatant paradox reveals the size and depth of the tragedy that the Kurds have historically been subjected to by political regimes. These regimes have adopted Islam and its sacred discourse as a method and pretext for practising policies of denial, oppression, and extermination until today. Meanwhile, most parties and movements of political Islam are involved with these regimes in justifying regimes' repressive political practices against the Kurdish people elsewhere and denying their human plight. Further, some leaders of these movements accused Kurds of blasphemy because Kurds opposed dictatorship and rose against oppression.

This paper argues that the ideological structure of the prevalent political thinking of the Islamists and doctrinal confiscations that dominate Islamist discourse contradict the requirements of the democratic and emancipatory discourse of the Kurdish question and its political goal. The paper points out that the alignment with demands of the discourse of political Islam and accepting its ideological confiscations necessarily constitute an alienation of the national consciousness.

This discussion aims to answer the following question: Does the discourse of political Islam meet the requirements of the Kurdish national question and its goals of liberation, equality, and development? The counter hypothesis, which this research tends to agree with, says the political and ideological reference adopted by Kurdish Political Islam does not encompass a genuine recognition of the right of the Kurdish nation of self-determination away from the of political and ideological tutelage of the Islamic (Umma) project. The Umma, is significantly dominated by countries that collude in practising oppression and denial of the Kurdish identity.



**Key Words**

Political Islam, Kurdistan, Kurdish Question, Muslim Brotherhood, Islamic Movements, National Discourse, Modernism, Plurality.

# ڕێگاکانی گەیشتن بە زانینی دڵنیایی
# لای ئەبو حامد غەزالی

**م. ی. هاوکار حەمەد خدر**
بەشی فەلسەفە / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی ڕاپەڕین
hawkarhamad@gmail.com

**پوختە:**
مرۆڤ هەمیشە لەهەر قۆناغ و بارودۆخێکدا بوویێت هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی زانینێکی ڕاستەقینەدابووە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگا و ڕێباز و میتۆدی جیاوازی گرتۆتەبەر و تاقی کردۆتەوە، غەزالی وەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات کەم گرووپی کەلامی و ڕێبازی فەلسەفی ماوە شارەزایی تێیدا نەبوویێت و لەڕێگەیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی زانینێکی گومان هەڵنەگری نەدابێت، هەرچەندە مرۆڤ بەهۆی چەندین ڕێگای جیاواز دەتوانێت بزانێت، وەکو (هەستەکانمان و ئەقڵ)، بەڵام غەزالی ئەو جۆرە لە زانینە ڕەت دەکاتەوە و پێیوایە کە ناتوانین بەهۆیانەوە هەموو شتێک بزانین، هەتاوەکو لەدواجاردا ئەم زانینەی بەهۆی ڕێبازی سۆفیزمەوە بەدەستدەهێنرێت پەسەند دەکات، لە کۆتاییدا گەیشتین بەو ئەنجامەی غەزالی پێیوایە تەنها زانینی سۆفییەکان هیچ جۆرە گومانێک هەڵناگرێت، چونکە لە سەرچاوەیەکی کامڵ و بێ کەموکورتییەوە دەتوانین بە دەستی بهێنین، ئەویش خودایە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕووناکییەوە دەبێت کە خودا دەیپەخشێنێتە ئەو دڵانەی کە بە نووری ئیمان ڕووناک کراونەتەوە و لە کار و کردار و گوفتاری ناشیرین پاککراونەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی هەردوو مێتۆدی شیکاری و بەراوردکاری پەیڕەوکراوە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێک.

**وشە سەرەکییەکان:** غەزالی، زانین، سۆفیزم، گومان، ئەقڵ، دڵنیایی.

## پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری زانین یەکێکە لە لقە هەرە گرنگەکانی فەلسەفە، هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە نێو هزرڤانان و هەوڵیانداوە وەڵامێکی گونجاوی سەرجەم ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە سەبارەت بە زانین کراون، ئایا زانین شیاوە؟ سروشتی زانین چییە؟ سنووری زانین تا کوێیە؟ مرۆڤ توانای زانینی هەیە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەی لەم بابەتانە، بەڵام شێوازی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە جیاوازبوو، ئەمەش بە هۆی جیاوازی فەلسەفە و ڕێبازی فەیلەسووفەکان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی تیۆری زانینی غەزالی دەکەین، کە یەکێکە لە فەیلەسووفانی ئیسلامی و تێڕوانینێکی تاڕادەیەك جیاوازی هەیە لە هەموو ئەوانە کە زانین دەگێڕنەوە بۆ ژیر و هەست ، چونکە لە ڕوانگەی ئەودا ئەم ڕێگایانە هیچ دڵنیاییەکیان تێدانییە و لێیانەوە ناگەینە زانینێکی تەواوەتی، بە بۆچوونی ئەو زانین لەڕێگەی ئەو ڕووناکیەوەیە کە خودا دەیپەخشێنێتە نێو دڵ، بەڵام دڵێك کە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی سەرجەم زانینەکان، گەیشتن بەوەی کە هیچ شتێك لە وێنەی نییە و بەهیچ شتێکیش ناچوێنرێ، هەروەها بە هەستەکان دەرك ناکرێ و بە ژیریش ناتوانین پێیبگەین، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی سۆفیزمەوە دەتوانین بەم جۆرە زانینە جەختە بگەین، ئەویش لە ڕێگەی خۆ دابڕینی دەروونی مرۆڤ لە هەموو پەیوەندییەکی نادروستی ئۆبژێکتیڤی نێو جیهان، یاخود بە واتایەکی دیکە لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە لە حەز و ئارەزووە دونیاییەکان، ئەم جۆرە زانینەش پێویستی بە کۆششێکی زۆری دەروونی دەبێت دوای ئەوە خوا بەگەورەیی خۆی ناخی ئەو کەسە ڕووناك دەکاتەوە و زانینی پێدەبەخشێت ئیتر لەوێوە کەسی سۆفیزمی دەبێتە خاوەنی زانینی دڵنیایی و هیچ گومانێك لە زانینەکەی ناکرێت، هەربۆیەش ئەم جۆرەی زانینی سۆفیزمەکان

بەلای غەزالییەوە باشترین جۆری زانینە و لە سەرووی سەرجەم زانینەکانی دیکەوە دایدەنێت.

لە توێژینەوەکەماندا زیاتر هەوڵمانداوە میتۆدی شیکاری بەکاربهێنین بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی تێکستەکان .

**پلانی توێژینەوەکە:** پێکهاتووە لە دووبەش و پێنج باس، بەشی یەکەم لە ژێر ناونیشانی"**ئەپستمۆلۆژی و میتۆدی زانین لای غەزالی**" کە پێکهاتووە لە سێ باس، باسی یەکەم بەناوی" سەرەتایەك لە بارەی ئەپستمۆلۆژیا" لەم باسەدا هەوڵمانداوە وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییانە بدەینەوە کە لە تیۆری زانیندا دەکرێن، ئێمەش بەپێی ڕێبازە فەلسەفییەکان و هزرڤانان وەڵامی ئەو پرسیارانەمان داوەتەوە و ڕاڤەمان کردوون، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی باسمان لە پرۆسەی زانین کردووە؛ باسی دووەم "مێتۆدی گومان لای غەزالی" باسمان لەوە کردووە کە چۆن سەرەتا غەزالی کەوتۆتە گومان لە سەرجەم ڕێباز و گرووپ و ئاینە جۆربەجۆرەکانی ئەو سەردەمە کە هەبوون، هەروەها ڕەتکردنەوەی زانین لە ڕێگەی "هەست و ژیر" وەکو سەرچاوەیەکی جەختی زانین و هۆکاری ڕەتکردنەوەکەیان؛ هەروەها لە باسی سێیەمدا"زانینی ڕاستەقینە لای غەزالی" باسمان لەو جۆرە زانینە کردووە کە غەزالی بە ڕاستی زانیوە و هەڵیبژاردووە، ئەویش ڕێگای سۆفیزمە لە زانیندا، کە بەلای ئەوەوە دڵنیاترین جۆری زانینە.

بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی"**جۆر و پلەکانی زانین لای غەزالی**" کە پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم "جۆرەکانی زانین لای غەزالی" لەم باسەدا باسمان لە جۆرەکانی زانین کردووە کە غەزالی دیاریکردوون، یەکەمیان زانینی دەروون کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بە خودا بگات و بیناسێ، دووەمیان زانینی زەمینی، غەزالی پێیوایە مرۆڤ بۆئەوەی لە ژیاندا بەردەوامبێ پێویستی بە

کۆمەڵێك شت هەیە بۆئەوەی بیزانێ و ژیانی دنیای پێ ڕێکبخات، سێیەمیان زانینی ڕۆژی دواییە کە غەزالی پێیوایە ئەم زانینە بەرزترە لە زانینی دنیایی، مرۆڤ لە دونیادا پێویستە کاری باش بکات بۆئەوەی لە دوارۆژدا بەختەوەربێ؛ باسی دووەم "پلەکانی زانین لای غەزالی" لەم باسەشدا باسمان لەو سێ پلەیەی زانین کردووە کە غەزالی بۆ زانین دیاریکردوون، ئەوانیش یەکەم: زانینی خەڵکی گشتییە، ئەم جۆرەیان زانینی تێدانییە و زانینەکەیان بە شێوەی داب و نەریتە، زیاتر لاساییە و پلەیەکی نزمیان هەیە لە زانیندا، دووەم: زانینی زانستییە، ئەو زانینە پلەیەك بەرزترە لە زانینی خەڵکی گشتی، چونکە ئەمانە پشت بە لۆژیك و بەڵگە دەبەستن لە زانیندا، سێیەم: زانینی سۆفییەکانە و جیاوازە لە وانی دیکە بەلای غەزالییەوە ئەم زانینە زانینی باڵایە و لە هەموو جۆرەکانی دیکە بەرزترە، چونکە لە ژیر و هەست تێپەڕ دەکات و ڕووەو جیهانێکی دیکە ئاڕاستە دەگرێت.

**مێتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هەردوو مێتۆدی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهێنراوە، مێتۆدی شیکاری بۆ شیکارکردنی ئەو تێکستانەی کە لە کتێبەکانی غەزالی وەرمان گرتوون و مێتۆدی بەراوردکاری بۆ بەراوردکردنی بۆچوونەکانی غەزالی لەگەڵ فەیلەسووفانی پێش خۆی و دوای خۆی.

**پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

١- لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانین زانینی ڕاستەقینە بەدەست بهێنین؟

٢- ئەو ڕێگایانە کامانەن کە غەزالی لە بەدەستهێنانی زانینی ڕاستەقینە پەیڕەوی دەکات؟

٣- ئەو هەقیقەت و ڕاستەقینەیە کامانەن کە غەزالی بەدوایاندا دەگەڕێت؟

٤- ئەو ڕێبازەی کە سۆفییەکان لە بەدەستهێنانی زانیندا پەیڕەوی دەکەن بەهۆیەوە دەگەین بە یەقین- دڵنیایی؟

## بەشی یەکەم: ئەپستمۆلۆژی و مێتۆدی زانینی لای غەزالی

### باسی یەکەم: سەرەتایەك لە بارەی ئەپستمۆلۆژی

ئەپستمۆلۆژیا یەکێکە لە لقە هەرە گرنگەکانی فەلسەفە، هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە نێو فەیلەسووفان، چەمکی "ئەپستمۆلۆژیا" بۆ یەکەم جار لە سەردەمی نوێ لە لایەن (ج. ف. فییر) لە ساڵی ١٨٥٤ لە کتێبی "پرەنسیپەکانی میتافیزیك" بەکارهێنراوە، بەڵام وەکو بابەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی فەلسەفە (ئیسماعیل، ٢٠٠٤، ٩).

**پێناسەی ئەپستمۆلۆژیا**: واژەیەکی ئاوێتەیە لە دوو بڕگە پێکهاتووە یەکەمیان "ئەپستمۆ" بە واتای زانین و دووەمیان "لۆژیا" بە واتای تیۆر، کەواتە ئەپستمۆلۆژیا بە واتەی "تیۆری زانین"، بەڵام لە زمانی فەڕەنسیدا، جیاوازی دەکرێ لە نێوان تیۆری زانین و ئەپستمۆلۆژیا لە بواری بەکارهێناندا، چونکە وشەی "ئەپستمۆلۆژی" بە واتای "فەلسەفەی زانست" دێت، بایەخ بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی دەدات بەرامبەر بە دەرئەنجامە زانستییەکان و گریمانە زانستییەکان، فەڕەنسییەکان ئەم واژەیە زیاتر لە فەلسەفەی زانستەکان و مێژووە فەلسەفییەکاندا بەکاردێنن، بەم شێوەیە "تیۆری زانین بە شێوەیەکی گشتی گەڕانە بەدوای زانین" (الحسيني، د.س، ٤).

لە سەردەمی نوێدا بەم جۆرە باسی زانین دەکەن: کردەوەیەکی هۆشەکییە لە ڕێگەیەوە وێنای شتێك لە مێشکماندا دەچەسپێت، هەندێك جار ئەم کردارە لەگەڵ خۆیدا هەڵچوونێك بەرجەستە دەکات هەندێك جاریش نا، ئەم واتایە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە زەیندا پەیوەندییەك بەرجەستە دەبێت، لەنێوان خودی دەرکپێکەر و بابەتی دەرکپێکراودا، تیۆری زانینیش ئەم کێشانە ڕاڤە دەکات، کە خود و بابەت بەرجەستەی دەکەن (صليبا، ١٣٨٤هـ، ٣٩٢).

ئەگەر پێناسەی چەمکی "زانین" بکەین: بریتییە لە دەرکپێکردنی فۆرمی شتەکان و بوونەوەران وەک ئەوەی کە هەیە یان بریتییە لە دەرکپێکردنی بابەتی تایبەت و سادە بەهۆی بەڵگەوە، (برتراند ڕسڵ) دەڵێت"بریتییە لەو مێتۆدانەی کە بۆ وەڵامدانەوەی دەوروبەر بەکاردێن. (سدیق، ٢٠٢٢، ٦) بەڵام لەڕووی زاراوەییەوە: بەرهەمی بەرامبەرکێی و بەراورد و پەیوەندیی نێوان خودی دەرککەر و بابەتی دەرکپێکراوە، جیادەکرێتەوە لە تەواوی پێدراوە شعوورییەکان، لەو ڕووەوە لە یەك کاتدا هەڵدەستێ بە بەراوردکردن و لێکدانی بڕواپێکراو لە نێوان هەردوو لایەنەکە واتا کۆکەرەوەیە، یان پەیوەندیی خودی هزرڤانە بە ناوەڕۆکە هزریەکەیەوە، کە دەشێ بە داڕشتنێك دەربببڕێت کە ئەگەری ڕاستی و درۆی لە خۆدا هەڵگرتبێ (الحسینی، د.س، ٢٩٥)، هەروەها هەندێك لە هزرڤانان وا پێناسەی زانین دەکەن: ئەو کردارەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە سایەوە لەلایەنی ژیرییەوە کۆنترۆڵی بابەتێکی دیاریکراو بکات بە مەبەستی دۆزینەوەی تایبەتمەندییە دیار و جیاکەرەوەکانی (ئیسماعیل، ٢٠٠٤، ٢٢).

زانین پلەی جۆربەجۆری هەیە، نزمترینیان زانینی هەستەکی و بەرزترینیان زانینی هۆشەکی پەتییە، بەمپێیە ئەگەر زانین تەواو بێت، ئەوا پێویستە بەتەواوی و دەقاودەق بەسەر واقیعدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەر زانین تەواو نەبێت ئەوا تەنها دیوێکی شتەکانمان پێدەگەیەنێت. زانینی سۆفیگەریش وەك یەکێك لە جۆرەکانی زانین، ئەو زانینەیە کە هیچ گومانێك قبوڵ ناکات، چونکە زانراو لەلای سۆفییەکان خودی خودا و سیفاتەکانیەتی، بەڵام زانینی خود ئەوەندەیە کە تەنها بزانێت کە خودا هەیە و یەکە و شتێکە، هیچ شتێکی لە وێنەی نییە و هیچ شتێکی لێ ناچێت، بەڵام سیفاتەکانی ئەوەیە کە خودا (زانایە، بینەرە، بیسەرە، پەیڤەرە ... هتد) (صلیبا، ١٣٨٥، ٣٩٤).

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری زانین هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە:

١- ئایا زانین شیاوە؟

٢- ئەگەر شیاوە سنوورەکەی تا کوێیە؟

٣- ڕێگاکانی زانین چین؟

٤- سەرچاوەکانی زانین کامانەن؟

٥- سروشتی زانین چییە؟

٦- ئایا خودی سروشتی زانین ڕیئالیستیە یان سروشتێکی ئیدیالی (میثالی)یە؟ (محمد، ١٩٨٥، ٢٧).

**بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم و دووەم:** دوو جۆر کۆمەڵە (گرووپ) بەرچاو دەکەون، کە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەدەن: یەکەم: ئەوانەن کە گومان دەکەن و بە (گومانگەراکان) ناسراون کە دەبن بە دوو بەشەوە؛ دووەم: ئەوانەن کە دۆگمن و بە (دۆگماتییەکان) ناسراون:

١- **گومانگەراکان:** ا- گومانی ڕەها: ئەپیرۆن بە یەکەم کەس دادەنرێت کە بانگەشەی بۆ ئەم جۆرەی گومان کردووە، ئەمانە گومان لەپێناوی گومان دەکەن، واتا گومان دەکەن و بەگومانیش کۆتایی پێدەهێنن، ئەوانە بڕیار بەسەر هیچ شتێکدا نادەن، کاتێك پرسیاریان لێدەکرێت وەڵام نادەنەوە، یان دەڵێن: نازانم، یان "من نازانم، نازانم کە نازانم" ئەمەش یەکێکە لە وتە بەناوبانگەکانی ئەم گرووپە (مدکور، ١٩٨٣، ص١٠٣)

ب- **گومانی میتۆدی:** ئەم جۆرە لە گومان پێچەوانەی گومانی ڕەهایە، فەلسەفەکار بە ئارەزووی خۆی ئەم جۆرە گومانە بەکاردەهێنێ، بەمەبەستی دەرکێشان و هەڵهێنجانی زانیارییەکان، تاکو لەم ڕێگەیەوە ژیریی خۆی لە هەموو جۆرە هەڵە و بۆچوونێکی هەڵە و بێکەڵك پاك بکاتەوە. (الطويل، ١٩٧٦، ٣١٥).

**٢- دۆگماتییەکان:** ئەم ڕێبازە لە بەرامبەر ڕێبازی گومانگەراکانی پێشووە، شوێنکەوتووانی ڕێبازی دۆگمایی باوەڕێکی کوێرانەیان بە زانینی بەدیهاتووە لەلای مرۆڤ واتا بەبێ هەوڵدان و ڕەخنەکردنی بیرو بۆچوونەکانیان، بە واتایەکی تر باوەڕیان تا ئەو ڕادەیەیە کە پێیانوایە ئەزموون هیچ ڕۆڵێکی نییە لە بیرکردنەوەیاندا (عبدالرحمن، د.س، ١٤٦).

بۆ وەڵامی **پرسیاری سێیەم و چوارەم**: ڕێگاکانی زانین چین؟ ئەو سەرچاوانەی کە زانینمان لە لا بەرجەستە دەکەن کامانەن؟ ئاماژە بە چەند ڕێبازێکی سەرەکی دەکرێت وەکو سەرچاوەی زانین، کە هەر ڕێبازە ویستوویەتی وەڵامێکی بڕواهێنەری ئەو پرسیارە بداتەوە لەوانە:

**١- ڕێبازی ژیرەکی:** لایەنگرانی ئەم ڕێبازە ژیر وەکو سەرچاوەی سەرەکی زانینی ژیرەکی مرۆڤ دادەنێن، ژیرگەراکان پێیانوایە ئەوە (ئایدیا)کانی ناو ژیر بوونێکی زگماکیان هەیە، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە مرۆڤ خاوەنی ئەم ئیدێیانەیە، هەروەها ئیدێکانی ژیر ڕەها و جێگیرن، بە گۆڕانی کات و شوێن واتایان ناگۆڕێ (عطیو، ٢٠٠٣، ١٦٢).

**٢- ڕێبازی ئەزموونی:** لەم ڕێبازەدا ئەزموون بنەمای زانینە، (هەستەکان) وەك دەروازەیەك دادەنێن بۆ زانین، لە ڕوانگەی ئەوانەوە شتێك لە ژیردا نییە ئەگەر سەرەتا بە هەستەکاندا تێپەڕ نەبووبێت، بەم شێوەیە دژایەتی هزرۆکە ڕەمەکییەکان دەکەن لە ژیردا، بەمپێیە زانین ناتوانێت لە ئەزموون تێپەڕێت، (السکری، ١٩٩٩، ٥١).

**٣- ڕێبازی رەخنەیی:** لە نێوان هەردوو ریبازی ژیری و ئەزموونیدا، جۆرێك زانینی نێوەندی (سەنتێزی) سەر هەڵدەدات، کە ڕێبازی ڕەخنەییە، "کانت" بەنوێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێت، کە ڕەخنەی توند لە ژیر و هەست دەگرێت، هاوکات فەلسەفەکەشی دەبێتە "فەلسەفەی ڕەخنەیی" یان

"ترانسێندێنتاڵی"، ئەوەی ڕەتكردەوە كە ژیر یان هەست بە تەنیا ببنە ئامرازی زانین، بۆیە زانینی ڕەخنەیی لەلای كانت بە پێكەوە گرێدانی ژیر و هەست دەبێت، لە پەیوەندیی دووجۆر لە زانینی پێشیانە (ئاپریۆری) و پاشیانە (ئاپۆرستەریۆری) (عطیو، ۲۰۰۳، ۱۷٦-۱۷۸).

٤- **ڕێبازی بۆهاتنی ڕاستەوخۆ** (المذهب الحدسي): (حدس، تا ئێستا لە زمانی كوردیدا واژەیەك یان تێگەیەكی لە بەرامبەردا دانەنراوە، بەڵام دەشێت لە لایەنی واتاییەوە نزیك بێت لە : ئیلهام یان "لێهەڵاتن - بۆهاتن"ی خۆیی)، حدس دەركپێكردنی ڕاستەوخۆی واقیعە، یان تێگەیشتنی دەستبەجێی هەقیقەتە، ئەم ڕێبازە لەگەڵ فەیلەسووفی فەرەنسی (هنری بێرگسۆن) دەست پێدەكات، وەك توێژینەوە لە هەقیقەت بەدەستوری ( ڕامان)، حدس لە بنەڕەتدا كردارێكە لەسەر پەیوەندیی خۆمان بە خۆمان وەستاوە.

٥- **ڕێبازی پراگماتی**: ئەم ڕێبازە لە كۆتایی سەدەی نۆزدە سەری هەڵدا، لەسەر دەستی "چارلز ساندرز پێرس" ڕاستەوخۆ دوای ئەمە كۆمەڵێك كەس ڕێچكەی ئەویان گرتەبەر، لەوانە "ویلیەم جیمس، فردیناند شیلەر، جۆن دیوی" لای فەیلەسووفە پراگماتییەكان هەقیقەت دوای ئەوە دەرك پێدەكرێت كە دەرەنجامەكان روودەدەن، بیرۆكەكان ناگەڕێنەوە بۆ ئەو بڕیارانەی لە ڕێساكانەوە هەڵێنجراون، بەڵكو دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێژەیەی كە لە دەرەنجامەكانەوە دەست دەكەوێت (نصري، ۲۰۰۳، ۳۷۷).

٦- **سەرچاوەی زانین لە هزری ئیسلامیدا**: پڕۆسەی زانین جێگەی بایەخی زۆری موسڵمانان بووە، بە جیاوازی ڕێچكە و ڕێبازە فەلسەفی و كەلامی و سۆفییەكان، لە تێڕوانینی هزری ئەواندا شوێنێكی تایبەتی هەبووە، بۆ نموونە زانایانی كەلام تا ئەو ڕادەیە بایەخیان بە تیۆری زانین داوە، پێیانوابووە زانین ئەركێكە داوات لێدەكرێت، یەكەم باسەكانیان كە دەروازەی ئەم بابەتەی

پێدەکەنەوە، زانینی بنەماکانی ئاینە، یەکێك لە قسەکەرەکان تایبەتمەند بووە لە بواری زانیندا ئەویش "قاضی عبدالجبار" بووە (الكمالي، ١٩٩٣، ١٣٨).

هەروەها چەندین ڕێگەی سەرەکی دیکە هەن بۆ زانین لەوانە ڕێبازی فێنۆمێنۆلۆژی و ڕێبازی وجوودی و خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکان.

وەڵامی پرسیاری **پێنجەم و شەشەم**: کە دەڵێت سروشتی زانین چییە؟ یان خودی سروشتی زانین ڕیئالیستییە یان سروشتێکی ئیدیالییە (میثالي)؟

ئەوانەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە دەبن بە دوو گرووپ:

١- **ڕیئالیستییەکان**: پێیانوایە جیهانی دەرەوە بوونی هەیە و لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەرکی پێدەکەین، هەستەکانیشمان واقیع چۆن هەیە ئاوا بۆمان دەگوازنەوە، هەڵگرانی ئەم ڕێچکەیەش پێیان دەڵێن "ڕێئالیستە سادەکان" (محمد، ١٩٨٥، ٣٥).

**٢- ئایدیالییەکان:** ئەمانەش دابەش دەبن بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا:

ا- **ئایدیالیستی خودیی**: پێیانوایە زانین و ڕاستی لە خود و هۆشی خۆماندایە لەگەڵ لەدایکبوونمان بەشێوەیەکی ڕەمەکی مرۆڤ هەڵیگرتوون.

ب- **ئایدیالیستی بابەتی**: پێیانوایە زانین و ڕاستی لە بابەتی دەرەکیدان، بەڵام ڕاستی ئەزموونی و هەستەکی نییە بەڵکو ڕاستی و زانین ئایدیالین.

ج- **ئایدیالیستی ڕەها**: پێیوایە ڕۆح پێشینەیە و ماددەش لە دوای ئەو دێت، ئەمەش لەو بڕوایەوە وەرگیراوە کە یەکەم سەرچاوەی بوون لە ژێری مرۆڤدا نییە، بەڵکو هۆشیارییەکی بابەتییە لە جیهانێکی ترەوەیە، کە بە ڕۆحی ڕەها یان ژێری هەمەکی ناو دەبرێت، ئەوانەی کە بەم جۆرە بیردەکەنەوە وەکو "هیگڵ، برادلی، جویکم، بوزانکیت، کروتشە...هتد" (الطويل، ١٩٧٦، ١٨٣-١٨٩).

**باسی دووەم: مێتۆدی گومان لای غەزالی**

غەزالی[1]، لە سەردەمێک ژیاوە کە پڕبووە لە جیاوازیی بۆچوون و ناکۆکی نێوان ئاڕاستە فەلسەفی و هزرییەکان و زانستی کەلام و سۆفیگەری، هەریەک لەم گرووپانە خۆیان بە نوێنەری گەیشتن بە زانینی ڕاستی و دڵنیایی لێکراو دەزانن، هەربۆیە غەزالی خۆی بە دەست هیچ یەک لەو گرووپانە نەدا، چونکە گومان بەشێک بوو لە فەلسەفەی ژیانی غەزالی. (سدیق، ٢٠٢٢، ٤٦)، مەبەستی بوو لە ڕێگەیەوە بگات بە ئامانج، واتا بە دڵنیایی، لەلای غەزالی ئەگەر گومانت نەبێت بیرکردنەوەشت نابێت، چونکە گومانکردن ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە زانینی دڵنیایی (الفلاحي، ٢٠٠٣، ٩٤).، غەزالی باوەڕی وایە مرۆڤ ناتوانێت لە ڕێگەی فێرکردن یان خوێندنەوەی بابەتی فەلسەفی یان زانستی بگات بە هەقیقەت و ئامانجەکەی بپێکێ، بەڵکو بەم ڕێگایانەوە دەروونی خۆی تووشی نامۆبوون و ڕاڕایی دەکات، بۆ نموونە زانایانی (الکلام) دوای لێکۆڵینەوەکانیان و گەڕانیان بەدوای هەقیقەت لە خوێندنەوەی بابەتە جۆربەجۆرەکانەوە، نەیانتوانی هەقیقەت بپێکن بەڵکو کەوتنە هەڵە و دژبێژییەوە لە کۆتاییدا ڕێگەی گەیشتن بە هەقیقەتیان ون کرد (مرحبا، ٢٠٠٧، ٦٩). هەر بۆیەش غەزالی ڕێگەی گومانی گرتەبەر و بەردەوام بوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، لەو ماوەیەشدا ژیانی سۆفیایەتی و تەنیایی هەڵبژارد، تاکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە خۆی لەو گومانە قووڵە ڕزگار بکات و دەروونی ئارام بێتەوە و بە هەقیقەت بگات (فخری، د.س، ٣٠١). غەزالی لەماوەی ژیانیدا سەفەری زۆری کردووە و زۆر بەوڵاتاندا گەڕاوە لە ئەنجامی هەموو ئەو سەفەر و گەڕانانە تووشی جۆرەها ئاین و گرووپ و ڕێبازی جیاجیا بۆتەوە، بەڵام هیچ کام لەو گرووپ و ڕێباز و ئاینزایانە نەیانتوانی قەناعەت بە غەزالی بهێنن وەکو سەرچاوەیەکی دڵنیایی زانین هەر بۆیەشە دەڵێت: "من لەناو گێژاوی ئەو هەموو

ڕێباز و گرووپ و ئاینزاییانە ئازاری زۆرم کێشاوە، بۆئەوەی بتوانم ڕێگایەکی ڕاست بدۆزمەوە و خۆمی پێ لە نشێو و لیتە و زەلکاوی شوێنکەوتن دەربهێنم، و بتوانم ڕێگا ڕاستەکە هەڵبژێرم..." (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩١).

بۆئەم مەبەستەش غەزالی پشت بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) دەبەستێت کە دەڵێت: "خەڵکەکەم دەبن بە (٧٣) گرووپی جیاواز، تەنیا یەکێکیان ڕزگاری دەبێت"، لێرەوە غەزالی تەمەنێکی زۆر کەوتە سۆراخی ڕاستی، هەروەها گومان لێیان، جا چ لە ڕووکەش بێت یان ناوەرۆکیان، هەروەها فەیلەسووف بن یان زانایانی کەلام (غالب، ١٩٧٩، ٤٠)، غەزالی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی خۆی باس دەکات کە داویەتی بۆ بەدەستهێنانی زانین و ڕزگاربوون لە گومان بەو جۆرە دەڵێت: "باتینییەك نەبوو شارەزاییم لێی نەبووبێت، زاهیرەیەك نەبوو لە بەرهەمی ئەو زاهیریەتیەی تێنەگەیشتبم، فەلسەفەیەك نەبوو کە لێی نەکۆڵمەوە، موتەکەلیمێك نەبوو هەوڵی بۆنەدەم تا لە مجادەلەکەی (مناقشە) تێنەگەم، سۆفییەك نەبوو بە وردی هەوڵنەدەم بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی پاکی (صفاء)ەکەی"(نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩٢).

بەو شێوەیە بەردەوامبوو لە گومانەکەی، بەجۆرێك کە نەیدەتوانی لەنێوان بەئاگابوون و خەوبینیندا جیاوازی بکات، وەك ئەوەی گوتراوە ئێمە کاتێك خەو دەبینین خەیاڵی وەها دەکەین ئەو خەوبینینە دروست بێت، بەڵام کاتێك بۆمان دەردەکەوێت کە خەومان بینیوە ئەو دەمەیە کە بەئاگاین، ئەو دەربڕینانەی غەزالی لە دۆخی گوماندا دەریدەبڕین خستبوویە نێو قەیرانێکی ژیری و گیانی، بە جۆرێك ژیانی تێکدابوو کە دایبڕیبوو لە خوێندن و تەنانەت لە خێزانەکەیشی (زیدان، ١٩٨٩، ١٧٨)، هەروەها غەزالی گومانی لە ئامرازەکانی زانینیش دەکرد، (مەبەست لە ئامرازەکانی زانین، زانینە لە ڕێگەی هەست و ژیر، ئامرازی زانین لای فەیلەسووفە ئەزموونیەکان هەستەکانن، لای فەیلەسووفە

ژیریەکان ژیرە (محمود، د.س، ٩٤). غەزالی بە پێچەوانەی زۆرێك لە فەیلەسووفەکان گومانی لە هەردوو ئامرازەکەی زانین دەکرد، سەرەتا لە هەستەکانەوە سەرەتا دەگرێت، پێیوابوو زانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە هیچ دڵنیاییەکی تێدا نییە، چونکە هەستەکان زۆرجار زانیاریی هەڵەمان بۆ دێنن، بۆ نموونە (کاتێك سەیری ئەستێرەیەك دەکەین بە بچووکی و بە شێوەی دراوێکی کانزایی- دیناری ئاسن- دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، چونکە بەڵگە ماتماتیکییەکان و فیزیاییەکان و ئەستێرە ناسان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێك لە ئەستێرەکان لە زەوی گەورەترن، بەڵام لای ئێمە هێندەی دینارێکی ئاسن دەردەکەون) (الغزالي، ١٩٦٠، ٢٢). غەزالی باوەڕی بە ئامرازی زانینی هەستی نەما، وەك گەیەنەرێك بۆ ئەو دڵنیاییەی کە داوایدەکرد، غەزالی باوەڕی وابوو زانین لە ڕێگەی ژیرەوە زانینێکی جەختتر و گشتگیرتر و سوودبەخشترە، بە جۆرێك دەتوانین پشتی پێببەستین لە دژی زانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە، چونکە زانینی ژیری پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە هەیە (غالب، ١٩٧٩، ٤٦).

بەهۆی ئەو گومانە قووڵەی کە تووشی غەزالی هاتبوو، دوودڵ بوو لە پەسەندکردنی بڕیاری ژیری وەك بنەمایەك بۆ دڵنیابوون، کە ئەوەش مەیلی بۆ گومانکردن لە بنەماکانی ژیر لەلا پەیداکرد، ئەمەش هاوسەنگی نێوان زانینی ژیری و خەونی نوستووە، غەزالی وایدەبینێت دۆخی بەئاگابوون وەك دۆخی نوستوو هەمان بینینی هەیە کە نوستوو شتەکان دەبینێت، خەیاڵ دەکاتەوە لە دۆخەکان پێیوایە وەستاو و جێگیرە، ئینجا بە ئاگا دێتەوە بۆی دەردەکەوێت هەموویان وەهمێك بوون، وەك ڕەگەزی سەلمێنراو یان جێگر خۆیان نیشانی ژیر داوە، بەڵام خەیاڵاتێکن هەرگیز بەدەست نایەن و ژیر دەخەنە گومانەوە، بۆیە ناکرێت متمانە بە ژیر بکەین لە کاتێکدا زانیاری لە هەستەکانەوە بۆ دێت (عبدالمهيمن، ٢٠٠١، ١٣٦).

غەزالی دەڵێت: "ژیر هەستەکان بە درۆ دەخاتەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەستەکان ژیر بە درۆ دەخەنەوە، وەك ئەوەی ناخۆشییەکی دڵتەزێن هەبووبێت لە نێوان ژیر و هەستدا، ژیر بەسەر هەستەکاندا سەردەکەوێت، بەڵام لە پڕێکدا بۆم دەرکەوت دادوەری ژیر بە هەڵەم دەبات، هەروەها گەر دادوەری ژیر نەبایە بەردەوام دەبووم لە باوەڕکردن، کەواتە لەدوای دەرککردنی ژیری دادوەرێکی تر بوونی هەیە کە ژیرمان بە درۆ دەخاتەوە لە بڕیارەکانیدا، وەك چۆن دادوەری ژیریی هەستەکانمان لە بڕیارەکان بە درۆ دەخاتەوە" (الغزالي، ١٩٦٠، ٢٤)؛ ئەم بۆچوونە تەنها ماوەیەك غەزالی لەسەری بەردەوام بوو، چونکە دواتر جارێکی دیکە کەوتەوە گومان لە ململانێی نێوان هەست و ژیر، هەرچەندە ژیر لەم مەیدانەدا بەسەر هەستدا سەردەکەوێت، بەڵام هیچ گرەنتیەك نییە کە خۆی بپارێزێ و دوژمنێکی نوێ و توندتر و بە هێزتری بۆ پەیدا نەبێت، کە بەسەریدا سەربکەوێت (غالب،١٩٧٩، ٤٦)؛ غەزالی بەم شێوەیە پێیوایە بەڵگەی ژیری و هەستی ناتوانن بمانگەیەننە زانینی هەقیقی، بەم شێوەیە بە ئەزموونێکی قورسی گوماندا ڕۆیشت لە ژیر و هەست وەکو ئامرازێکی گەیەنەری دڵنیابوون، ئینجا چووە ژێر چاودێری خوایەتییەوە بۆیە دەڵێت: "ڕەوشی دەروونم ئاسایی بۆوە، زەروورەتە ژیرییە باوەڕپێکراوەکان گەڕانەوە باری ئاسایی خۆیان، بەڵام ئەوانە بە هۆی ڕێکخراوی بەڵگەکان و ئاخافتنەوە نەبوو، بەڵکو لەڕێگەی ئەو ڕووناکییە (نور)ەوە بوو، کە خوا بە مەزنیی خۆی خستیە دڵم یان سینەم، ئەو ڕووناکییە کلیلی زۆربەی زۆری زانینەکانە، هەرکەسێ باوەڕی وابێت دۆزینەوە (کەشف) بەندە بە بەڵگەی ئازاد یان سەربەخۆ، ئەوا لە بەزەیی خوا بۆخۆی کەم دەکاتەوە"، مەبەستمان لەو ڕووناکییە دۆزینەوەی دەروونە بە (حدس)، ئەم حەدەسەش سەرچاوەی یەکەمی زانینە لای غەزالی کە لەسەرووی ژیر و

هەستەوەیە، کە غەزالی لەرێگەی حەدەسەوە لە گومانکردن ڕزگاری دەبێت "بەم شێوەیە غەزالی ئاماژە بە مێتۆدی کەشفی سۆفی دەدات وەکو سەرچاوەی زانینی یەقین و ڕەها" سۆفییەکان خۆیان لەحاڵەتێکدا دەبیننەوە، کە بێئاگان لەخۆیان و دابڕاون لە هەستەکانیان و دۆخێکە لەگەڵ ژێردا ناتەبایە" (الغزالی، ١٩٦٠، ٢٥).

**باسی سێیەم: زانینی یەقین لای غەزالی**

لەو لێکۆڵینەوانەی غەزالی سەبارەت بە زانین و پرۆسەی زانین پێشکەشی کردوون، بەم شێوەیە پێناسەی زانین دەکات و دەڵێت: "ئاشکرابوونی زانراوێکە کە هیچ گومانێکی لەگەڵدا نەبێت، دەرفەتی ئەندێشە و هەڵە نەدات"، بەلای ئەوەوە ئەم جۆرە لە زانین زانینی پیاوچاکانە، پێیوایە هەرکەسێك ئەم جۆرە زانینەی نەبێت، ئەوا زانینەکەی هیچ متمانە و پاڵپشتی و دڵنیاییەکی نییە، هەر زانستێکیش دڵنیایی نەبوو ئەوا زانینی جەخت (یەقین) نییە (الذین ، ١٩٨٨، ٤٧).

غەزالی بەم شێوەیە خوازیارانی ڕێگای زانیاری دابەشدەکات بەسەر چوار گرووپدا :-

١- **زانایانی کەلام**: ئەمانە دەڵێن ئێمە خاوەنی بیرو ڕا و تێروانینین، بەڵام غەزالی دەربارەی زانایانی پەیڤەر دەڵێت: "دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی ورد بۆم دەرکەوت، کە زانینی زانایانی کەلام جۆرێك لە راستی تێدایە دەتوانن بە ئامانجی خۆیان بگەن، بەڵام من بۆم دەرکەوت کە ئەم جۆرە زانینە نامگەیەنێت بە ئامانج و ئاوات، چونکە ئەم زانینەی ئەوان بۆ پاراستنی ڕێڕەوی ئەهلی سوننەت دانراوە لە پەیڕەوکارانی بیروڕای (بیدعه)" (الغزالي، ١٩٦٠، ٢٥).

٢- **زانینی باتینییەکان** (الباطنية): ئەمانەش پێیانوایە لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی، پێویستە پێشەوایەکی پاك هەبێت، بۆ ئەوەی دادوەری لە نێوان

ناکۆکییەکاندا بکات، هەروەها پێیانوایە زانین لە ڕێگەی فێربوونەوە دێت، سەرچاوەی زانیاری لای ئەوان ئیمامی (معصوم)ە، بەڵام غەزالی پێیوایە ئەو دادوەری و پێشەواییە تەنها پێغەمبەرە (د.خ)، کە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت نەك کەسێکی تر، ئەم زانینە بەلای ئەوەوە لە هەموو جۆرەکانی تری زانین لاوازتر و نزمترە، لە پاشان دەڵێت: "سەرم لەو کەسانە سوڕدەمێنێت، کە باوەڕیان وایە دەبێت لای مامۆستایەکی تایبەت فێری زانیاری ببین، کەچی مامۆستاکەش نادیار (غائب) بێت، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەگەر بڵێی کامە ئیمامە مەعصومەکەتانە تا زانیاری لێ وەرگرین؟ دۆش دادەمێنن و وەڵامیان نییە، چونکە نادیارە" (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩٦).

٣- **زانینی فەیلەسووفان**: ئەمانە بەگشتی بەڕێگەی لۆژیك و ساغکردنەوە کاردەکەن، بەڵام غەزالی باوەڕی وایە ژیری مرۆڤ توانای ئەوەی نییە بتوانێت سەر لە هەموو شتێك دەربکات و هەموو نەناسراوێك بناسێت، بەم جۆرە فەیلەسووفان دابەشدەکات بۆ سێ جۆر:

یەکەم: دەهرییەکان: ئەمانە کردگارێتیی خوا ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە کە جیهان هیچ دروستکەرێکی نییە و ئەزەلییە، بۆیەشە غەزالی ئەمانە بەکافر (زەندیق) ناودەبات.

دووەم: سروشتییەکان: ئەمانە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە سروشت و پێکهاتەکانی و سەرسامییان بەو سروشتە، باوەڕ بە خودا دێنن وەك داهێنەری جیهان، بەڵام دەڵێن کەسی مردوو زیندوو نابێتەوە، دواڕۆژ و بەهەشت و دۆزەخ نین، ئەمانەش بەکافر دادەنێت.

سێیەم: باوەڕدارەکان (لاهووتییەکان): غەزالی ئەو زانستانەی کە پەیوەستن بەفەلسەفەوە دابەشیان دەکات بۆ شەش بەش وەکو (ماتماتیك، لۆژیك، زانستی سروشتی، ئیلاهیات، سیاسی و ئاکار) غەزالی تێڕوانینی لەبەرامبەر ئەو زانستانە

پەیوەست دەکات بەتێڕوانین و بۆچوونیان بەرامبەر بەئاین، بۆ نموونە لۆژیك هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئایندا نییە و ڕەتی ناکاتەوە، بەڵام غەزالی لە کتێبی داڕمانی فەیلەسووفان (تهافت الفلاسفة)، پێیوایە کە فەیلەسووفە ئیلاهییەکان تووشی ناکۆکی و لە ڕێگە لادان بوونەوە بەتایبەت لەم سێ بڕگەیەدا:

١- فەیلەسووفان دەڵێن گەردوون کۆنە هێندەی کۆنی خوا.

٢- پێیانوایە کە خودا تەنها بابەتی گشتێتی دەزانێ، بەڵام بابەتی تایبەتێتی نازانێ.

٣- پێیانوایە کە جەستەی مرۆڤ زیندوو نابێتەوە.

بۆیەشە ئەم سێ بڕگەیە بە کوفر دەزانێ (الغزالي، ٢٠٠٣، ٤٨).

٤- زانینی سۆفییەکان: ئەمانەش خۆیان بە نزیك لە خوا و خاوەنی بینین بە چاوی دەروون (مشاهدە) و دۆزینەوە (مکاشفە) دەزانن (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٩٥).

غەزالی باوەڕی وایە کە ڕێگای زانینی دڵنیایی لەم چوار جۆرە بەدەر نییە، بەم شێوەیە گومانی لە سێ جۆر زانینەکەی سەرەوە دەکات و ڕەتیان دەکاتەوە، چونکە سەرجەم ئەو زانینانە تاقی دەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت باوەڕ بە ڕاستیەتی ئەو جۆرە زانینانە بکات بۆیە ڕەتیان دەکاتەوە و جۆری چوارەم هەڵدەبژێرێ، بە بڕوای ئەو هێزێك لە مرۆڤدا هەیە لە سەرووی ژیر و هەستەوەیە، ئەویش هێزێکە هەقیقەت لە فۆڕمێکدا دەبینێت، کە بە هەست و بە ژیر پێی ناگەین، بەڵکو تەنیا لەڕێگەی چێژ (زەوق)ـەوە پێیدەگەین، کە ئەم جۆرەش لە زانین بە "سۆفییەت" ناو دەبات، ئەمەش نەك بە تەنها هی موسڵمانان بێت بەڵکو هی هەموو جیهانە و ئەوانەی غەیرە موسڵمانیشن دەتوانن بەم جۆرە لە زانین بگەن (عفيفي، ١٩٦٣، ٢٣٩). غەزالی تەسەوف بە ڕێگەیەك دادەنێت بۆ زانین، لە نووسینەکانیدا بە مێتۆدێکی روون و ئاشکرا دەربارەی زانینی سۆفیگەری دواوە،

وەك شێوازێکی تەواوکراو لە ڕووی شێواز و مێتۆد و بابەتەکەی و ئامانجەکەی، لێرەوە دەشێت تیۆرەکەی لە زانیندا بە تیۆرێکی تەواوکراو دابنێین بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی، هەروەها وەك شێوازێکی گەشەسەندوو لە هزری ئیسلامیدا بینرخێنین، زانینی سۆفی بەلای ئەوەوە زادەی ئەزموونێکی ڕۆحیی قووڵە بەڕێگەی وەرزشی لەش و کۆششی دەروون، ئەم کۆششەش کە پاڵنەری دەروونە بۆ تێپەڕاندنی جیهانی هەست و ژیرە بۆ جیهانێك کە تێیدا دەروون دەگات بە یەکەم خۆشەویستی خۆی، لە ڕێگەی (چێژ)ەوە دەیناسێ و پێیدەگات (عبدالمهیمن، ٢٠٠١، ١٣٤).

تەسەوف لای غەزالی بە زانست و کردارە، بەڵام زانست نهێنی ئامێزە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو تێگەیشتن و هەقیقەتی تەواوەتی دەمانبات، کرداریش بریتییە لە پاککردنەوەی دەروون لە هەموو شتێکی ناپەسندو ناپاك، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی تاوەکو دەروون بگاتە ئەو ڕادەیەی کە جگە لە خوا هیچی تری تێدا نەبێت، تەنها بەزیکری خوا بڕازێتەوە و ئاوەدان بکرێتەوە (التکریتی، ٢٠٠٧، ٢٣٨). "ئەبو سەعیدی خەرراز" سەبارەت بە تەسەوف دەڵێت: "سۆفی کەسێکە خواوەند دەروونی پاك کردۆتەوە و پڕیکردووە لە ڕووناکی (نور)، وە کەسێکە بە یادکردن و ناوبردنی خوا ئەگاتە ئەوپەڕی خۆشی"، هەروەها "ئەبوبەکری شبلی" دەڵێت: "سەرەتای تەسەوف خواناسییە و ئاکامەکەشی خوا بە تاك زانینە"، "ئەبوبەکر کەتتانی" بەم شێوەیە باسی تەسەوفی کردووە و دەڵێت: "تەسەوف پاکی و بینینە (التصوف صفاء ومشاهدة)، هەروەها تەسەوف ئەخلاقە، ئەو کەسەی ڕەوشتی لە تۆ بەرزتربێت ڕووناکی و پاڵێوراویشی لە تۆ زیاتر دەبێت" (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٨٧).

غەزالی لە کتێبی بووژاندنەوەی زانستە ئاینییەکان (احیاء علوم الدین)دا سەبارەت بەڕێگەی تەسەوف دەڵێت: "ڕێگەی پێشخستنی تێکۆشان و

سڕینەوەی سیفاتە بێزراوەکان و نەهێشتنی هەموو تانە و تەشەرەکانە، پشتبەستنە بەخودای گەورە، ئەگەر ئەوە بەدەستهات، ئەوکات خودا دڵی بەندەکەی بەنووری خۆی و زانست ڕۆشندەکاتەوە، بەمەش ڕەحمەتی خوا بەسەر ئەو دڵەدا دەڕژێت و نووری لێ هەڵدێت، سینە دەکرێتەوە و ڕازی مەلەکووتی بۆ ئاشکرا دەبێت، پڕ دەبێت لە هەقیقەتەکانی کارە خوداییەکان". تەسەوف شەیدابوونی سەرچاوەی سەرچاوەکان، یان سۆراخی هەڵسووڕێنەری نەناسراوی گەردوون، هەروەها تێکۆشانە بۆ ناسینی هەموو ئەو شتانەی ئەودیوین، ئامانجە هەرە سەرەکیەکەی تەسەوف بریتییە لە ناسینی جەختی و گەیشتن بە یەقین، واتە بڕینی سنووری هەموو ئەو شتانەیە کە بەهەستەکان یان زەین دەرکیان دەکەین، کەواتە تەسەوف لە هەست و ژێر تێپەڕ دەکات (نەقشبەندی، ٢٠٠٢، ٣٩،٨٩). غەزالی پێیوایە چەقی زانین و ئامرازی سۆفی بۆگەیشتن بە یەقین (دڵ)ە، نەك ژیر، هەروەها ناوەندی خۆشەویستی خوداییە، زانست و زانین لە دڵ و خۆشەویستیدا کورتدەکەنەوە بە ڕۆح و بەرزاندن (تەجەلای)ی نهێنی، کە لە ڕاستیدا ڕووکاری شرۆڤەی هەمان شتن، کە لە کۆتاییدا یەك هێزی ناونراو بە "دڵ" بە داناییەکی گشتی کۆتایی دێت، مەبەست لە "دڵ" بەلای غەزالیەوە ئەو ترومپا سنەوبەریە نییە کە لە سینگدایە، بەڵکو جوانی و نیانییەکی خواهانەی نائەستووییە کە مرۆڤ هەقیقەتی پێدەرك دەکات، تێیدا هەقی پێ دەناسێتەوە و بەندە خوای پێ خۆشدەوێت، بە دەربڕینێکی دیکە نێوەندی پێرسەپتی زەوقیە لەمرۆڤدا (عفیفي، ١٩٦٣، ٢٤٢).

"دڵ" دەروونی مرۆڤە و هەقیقەتی خودای پێ دەناسێت، ملکەچی خودایە ئەگەر لە سیفاتی ناشیرین ڕزگار بکرێت، بەڵام ئەگەر ڕزگار نەکرێت یان پاك نەکرێتەوە لە سیفاتی ناشیرین ئەوا دوژمنی سەرسەختی خودایە، سیفاتە پیسەکانی تێدا دەمێنێتەوە لە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دووڕوویی، لەو کاتەشدا

جەستەش دەبێتە شوێنکەوتەی ئەو بە تەواوەتی، بەڵام گەر بەتەواوی پاککرایەوە ئەو سیفاتانەی لێ داماڵدرا، کە ناشیرینن ئەوا هەقیقەتی زانین دەناسێتەوە و بەگەورەترین زانین دەگات ئەویش ناسینی یان زانینی خودایە (الغزالي، ۱۹۹۰، ۱۷)، لە ڕوانگەی غەزالییەوە "دڵ" دوو دەرگای هەیە، یەکێکیان زانینی لێوە دەچێتە ژووری ئەویدی (وەهم)، سۆفیی ڕاستگۆ شوێنێك لەنێوان هەردوو جیهاندا دەگرێت کە (بەرزەخ)ە. هەروەك "جەلالەددینی رۆمی" دەڵێت: "سۆفیزم لە نێوان دڵ و ژیردا جیاوازی دەکات، هەردووکیان دوو ئامرازن بۆ دەرککردن، هەروەها جیاوازی لە نێوان هەردوو جۆری دەرککردنەکان دەکات بەوەی، کە دەرککردنی ژیری بە زانست ناو دەبات، دەرککردنی دڵیش بە زانین و چێژ ناو دەبات، خاوەنی دەرککردنی جۆری یەکەم زانایە و خاوەنی دەرککردنی جۆری دووەم (ناسەر - عارف"ە (عفیفي، ۱۹٦۳، ۲٤۳).

هەروەها دەربارەی زانین لە ڕێگەی دڵەوە غەزالی نموونەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێت: "ئەگەر بێین حەوزێك هەڵکەنین و هەوڵدەین لە چەند ڕووبارێکەوە ئاوی بۆ بەرین، یان دەکرێت حەوزەکە هێندە هەڵکەنین تادەگاتە ئاوێکی ڕوون و ساف، کە لەبنی حەوزەکە بێتە دەرێ"، مەبەستی ئەوەیە حەوزەکە دڵە و ڕووبارەکانیش هەستەکانن، دەکرێت لە ڕێگەی هەستەکانەوە دڵ زانیاری وەربگرێت یان تێبکرێت، بەڵام ئەگەر هەستەکان بگرین دەکرێت لە ڕێگەی خەڵوەت و بڕوا و دووره پەرێزییەوە ئەو زانینە بێتە ناو دڵەکانمانەوە، دڵ خۆی ببێتە سەرچاوەی زانست و زانین (کارادوڤو، ۱۹۸٤، ۱۸۲).

لێرەوە دەگەین بەوەی کە غەزالی نەیتوانی لەڕێگەی ئامرازەکانی زانین (هەست و ژیر)، بگاتە ئەو زانینە یەقینەی کە داوای دەکرد، بۆیە ڕێگەیەکی تری هەڵبژارد ئەویش ڕێگەی (سۆفیزمە) بۆ گەیشتن بە زانین، چونکە ئەم

ڕێگەیەی ئەوان جیاوازە لە زانین لە ڕێگەی هەست و ژیر، زانینی سۆفییەکان وەستاوە لەسەر دۆزینەوە - پەردە لەسەر لادان، ئەمەش لە ڕێگەی پاککردنەوەی دەروونی کەسی سۆفییە لە هەموو کردەوەیەکی ناشیرین، لەم ڕێگەیەوە بە هەق یان زانینی دڵنیایی دەگات، یاخود بە واتایەکی تر، زانینی کەسی سۆفی لە ڕێگەی ئەو نوورەی (ڕووناکی) کە خوا بە گەورەیی خۆی دەیپەخشێنێتە دەروونی کەسی سۆفییەوە، لێرە مرۆڤ دەتوانێ وەکو سۆفییەکان دەڵێن: "گیانی خۆی بڵند بکات تا ڕاستەوخۆ دەگات بە هەق (خوا)، لەو کاتەدا پێویست بە بەڵگەی ژیری و هەستی نابێت لەسەر بوونی خوا"، بەم شێوەیە بە زانینێك دەگات کە جەختە و هیچ گومانێکی لەگەڵدا نییە ئەمەش ئەو جۆرە زانینەیە کە غەزالی داوای دەکرد (محمود، د.س، ١٠٢).

## بەشی دووەم: جۆر و پلەكانی زانین لای غەزالی

### باسی یەكەم: جۆرەكانی زانین لای غەزالی

غەزالی چەند جۆرێكی زانین دیاری دەكات و لە نێوان سێ جۆریان جیاوازیدەكات :-

**جۆری یەكەم: زانینی دەروون:** غەزالی سەبارەت بە زانینی دەروون دەڵێت: " پێویستە لەسەر خودی مرۆڤ خۆی بەباشی بناسێت، چونكە تاكو خۆی بە باشی نەناسێت ڕێگەیەكی دیكەی نابێت بۆ ناسینی خوا، زانینی دەروون كلیلە بۆ زانین و ناسینی خودا" لەگەڵ ئەمەشدا غەزالی پشت بە دەقێكی پەیامبەر (د.خ) دەبەستێت كە دەفەرموویێت: "ئەوەی خۆی بناسێت خوداش دەناسێت". هەر سەبارەت بەمە لە كتێبەكانی پەیامبەرانی كۆندا هاتووە كە "هۆ مرۆڤ خۆت بناسە تاكو خودا بناسیت"، بە هەمان شێوە لە ئینجیلیشدا هاتووە و دەڵێت: "وەكو ئەوانە مەبن كە خۆیان بیرچۆتەوە، چونكە خوای پاك و بێگەردیان بیرچۆتەوە"؛ مەبەست لە سەرجەم ئەو دەربڕینانە ئەوەیە، كە غەزالی دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بكاتەوە هیچ مرۆڤێك بە هیچ ڕێگەیەك ناتوانێت بگات بە زانین و ناسینی خودا، گەر پێشتر خودی خۆی نەناسێت، ناسینی كەسەكە خۆی، مەرجە بۆ ناسینی خودا؛ مەبەست لە گەیشتن بە ناسینی خودا بەلای غەزالییەوە گەیشتنە بە ڕاستییەک كە هیچ گومانێكی لێ ناكرێت و دوا پلەی هەموو زانینەكانە (الغزالي، ١٩٩٠، ١٤).

لە لایەكی دیكەوە هەر دەربارەی دەروون غەزالی دەڵێت: "دەروون زانا بوو، لە سەرەتای دروستبوونی ڕووناك بوو بۆ تێگەیشتن و داهێنان، بەڵام تووشی نەزانین بوو بە هۆی ئاوێتە و تێكەڵبوونی لەگەڵ جەستەدا"، بە واتای ئەوەی دەروون شتێكی پاك و زانایە، بەڵام كاتێك دێتە نێو جیهان تووشی بەدكاری دەبێت، ئەمەش بە هۆی بەدیی دونیایە، بۆیە پێویستە خۆی لە هەموو

ئەو بەدییانە ڕزگار بکات کە تووشی هاتوون، ئەمەش لە ڕێگەی خۆ دوورخستنەوەی دەبێت لە هەموو ئەو هەوا و ئارەزووانەی دەروون کە لە دونیادا، ئەمەش پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە، تاکو خۆی لەم ئارەزووانەی ڕزگاربکات (الغزالي، د.س، ٢٥١)، دەروون لەلای غەزالی بە دوو واتا دێت: یەکەمیان کۆی هەموو ئەو خەسڵەتە ناشیرین و خراپانەیە کە لە مرۆڤدا هەن، ئەمەش بە هێزە ئاژەڵییەکەی مرۆڤ ناوی دەبات، کە ڕووبەڕووی ژێر دەبێتەوە؛ دووەمیشیان دەروونە، ڕاستییەکەی خودی مرۆڤە کە جێگەی زانینە دروستەکانە و لە ڕێگەیەوە هەقیقەتی پێدەناسێتەوە (الغزالی، ١٩٩٠، B٢١)، هەروەها "جورجانی" لە کتێبی "التعريفات"دا پێناسەی دەروونی زیندەوەر دەکات و دەڵێت: "تەواوبوونی جەستەی یەکەمی سروشتییە لە لایەنی دەرککردنی زانینە گشتێتی و کردارە هزرییەکان"، هەروەها پێناسەی دەروونی ئاقڵ دەکات کە: "جەوهەرێکی پەتیی ئەستوورییە، کاتێك ئەم دەروونە جێگیربوو لەژێر فەرماندا، نائارامی و ڕاڕایی نەما بەهۆی ئارەزووەکانیەوە، بە دەروونی دڵنیایی ناو دەنرێت" (الجرجاني، ١٣٠٦هـ، ١٠٧). هەر لە چوارچێوەی زانینی دەرووندا، غەزالی مرۆڤ لە دروستکراوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و دەڵێت: "بزانە کە خوای گەورە مرۆڤی لە دوو شت دروستکردووە، یەکەمیان جەستەیەکی تاریك و چڕ بەشەکەی تریشی دڵە"، مەبەستی لە "دڵ" ئەو بەشە گرنگەی مرۆڤە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بە هەقیقەت بگات، کاتێك بە نووری خودا ڕووناك بکرێتەوە، هەروەها غەزالی هەریەك لە "جەستە و دڵ" بە بوارێکی گرنگ دەزانێت لە زانیندا و بەم شێوەیە باسی جەستە دەکات و دەڵێت: "خوای گەورە کۆمەڵێك شتی بە هەموو مرۆڤێك بەخشیوە، کە پێویستی پێیەتی لە ژینیدا وەکو دڵ و جگەر و مێشك..."، مرۆڤ کاتێك بیر لەمانە دەکاتەوە ئیمانی بەهێز دەبێت و لەم ڕێگەیەوە دەزانێت، کە خوای گەورە ئەوی بە جوانترین شێوە دروستکردووە (الغزالي، د. س، ٢١٤).

هەروەها غەزالی پێیوایە کە دڵ نێوەندی زانین و خۆشەویستی خوایە، بەڵام دڵێك کە پەردەی بەسەردا درابێت و ڕەش بێت و هەوا و ئارەزووەکان داگیریان کردبێت و کاریگەریی ژێری لەسەر نەبێت ئەم پێگەیە وەرناگرێت (عفيفي، ١٩٦٣، ٢٤٤)، هەر لە ڕوانگەی غەزالییەوە دڵ لە دوو لاوە لە جەستە بەرزتر و باشترە، یەکەمیان لەلایەنی زانستەوە خودا هێزی ئەوەی پێدەبەخشێ تاکو هەموو زانستەکانی پێدەرکبکات، لە شەریعەت و ئەندازە و ماتماتیك و پزیشکی و ئەستێرەناسی...هتد، بۆ ئەوەی زانستی هەبێت سەبارەت بەوەی کە لە ئاسمان و زەویدا هەیە، هەروەها دووەمیان لەلایەنی هێزەوە دڵ لە ڕەگەزی فریشتەکانە، هەروەکو چۆن جیهانی جەستەکان بە فرمانی خودا بەفریشتەکان سپێردراوە، وەکو باراندنی باران و هەڵکردنی با...هتد، دڵیش لە مرۆڤدا خاوەنی هەمان هێزە (الغزالي، ١٩٩٠، ١٧).

**جۆری دووەم: زانینی جیهانیانە:** پلەی ئەو زانینە نزمتر و لاوازترە لە ڕۆژی دوایی و بەر لەمردنە، مرۆڤ هەر لە سەرەتادا بە کەم و کورتی لەدایك بووە، بەو واتایەی زانینی سەبارەت بە شتەکانی سەر زەمین نییە، بەڵام لە توانایدا هەیە بۆ ئەوەی بگاتە پلەیەکی بەرز و تەواوەتی و بتوانێ زانینی سەبارەت بە شتەکانی سەر زەمین هەبێ، لەپێناو بەردەوامبوون و مانەوەی لە ژیاندا، لەبەرئەوەی مرۆڤ پێکهاتووە لە (لەش و دڵ) لەشیش پێویستی بە خواردن، جلوبەرگ، شوێنی حەوانەوە و ...هتد هەیە، بۆ دابینکردنی هەموو ئەو شتانەش پێویستی بە زانین هەیە سەبارەت بە هەریەك لە بابەتەکانی سەر زەمین، لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ پێویستە لە دنیادا ملکەچی بنەماکانی شەریعەت بێت، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا سەرفرازبێ و خوا ببینێ، ئەمەش فیردەوسە و لووتکەی بەختەوەرییە، بەڵام هەرگیز ناشێت مرۆڤ خوا ببینێ تاکو چاوەکانی نەکاتەوە و نەگاتە ناسینی خوا، بە هیچ شێوەیەکیش ناگاتە ئەو زانینە تاکو شتە

سەرسوڕهێنەرەكانی سەر زەمینیش نەزانێ كە خوا دروستیكردوون، هەروەها ناگاتە زانینی دروستكراوەكانی بە هەستەكانی نەبێت، بەم شێوەیە زانینی زەمینی زانینێكی هەستییە و مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەكانەوە دەتوانێ پێیبگات، كە خوا بە چ گەورەیی و دەسەڵاتێك دروستیكردوون. لای غەزالی خۆراكی دڵ زانینی خودا و خۆشەویستیەكەیەتی، هۆكاری هیلاكیەكەشی ئەوەیە كاتێك دڵ نقوم دەبێت لە خۆشەویستی شتێك جگە لە خوا، بە هەمان شێوە جەستەش كاتێك زیادەڕۆیی كرد لە بەكارهێنانی ئەو شتانەی پێویستی پێیەتی لە زەمین، وەكو خۆراك و جلوبەرگ و شوێنی خۆ پاراستن...هتد، دەبنە هۆكاری بەهیلاكچوونی (الغزالي، ١٩٩٠، ٢٤-٢٥). مرۆڤ لە ژیانی زەمینیدا پێویستی بە زانست و زانین دەبێت، بۆ ئەوەی كاروباری ڕۆژانەی خۆی پێ ڕێكبخات، بەم شێوەیە غەزالی سێ جۆری زانست دیاری دەكات، ئەوانیش (سیاسی و دادوەری و بنەماكانی شەریعەتن)، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی پەیوەندییەكی باش لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگا دروستبێت و كۆمەڵگایەكی باش دادەمەزرێنن ؛ هەموو ئەو شتانەی لە زەمیندا هەیە هەمووی بۆ جەستەیە و جەستەش بۆ دڵە، كاری سەرەكی دڵیش ئەوەیە خودا بناسێت؛ لێرەدا ئاماژە بۆ فەرموودەیەكی پەیامبەر (د.خ) دەكەین كە سەبارەت بەدونیا گوتوویەتی: "احذروا الدنيا فانها اسحر من هاروت و ماروت" واتا ئاگاداری دنیابن، چونكە ساحیرترە لە هاڕووت و ماڕووت، مەبەستی ئەوەیە زیادەڕۆیی لە دنیادا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە دواڕۆژمان، بەم شێوەیە مرۆڤ پێویستە لە دنیادا زانین و ئاگایی هەبێت بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت و لە دواڕۆژدا بەختەوەر بێت (الغزالي، ١٩٩٠، ٢٤-٢٥).

**جۆری سێیەم: زانینی دواڕۆژ:** بە بۆچوونی غەزالی زانینی ڕۆژی دوایی لە چاو ئەو زانینەی لە دنیادا هەمانە بەرزتر و باشترە، چونكە زانینی ڕۆژی دوایی

وەکو جەوهەر وایە و گۆڕانی بەسەردا نایەت، کەم ناکات، لەناوچوونی نییە، هەروەها پەرستن وازهێنانە لە خۆشی و ئارەزووەکانی نێو زەمین، بە مەبەستی ڕووکردنە ڕۆژی دوایی، ئەو زوهدەی کە سۆفی دەیکات بە مەبەستی بەختەوەرییە لە ڕۆژی دوایی نەك هەر سەر زەمین، چونکە زانینی ڕۆژی دوایی چاکەیەکی بێکۆتایە؛ غەزالی زەمین بە پارچە سەهۆڵێك دەچوێنێ کاتێك لەبەر تیشکی خۆردا دایدەنێی، بە بەردەوامی دەتوێتەوە تاکو لە کۆتاییدا نامێنێ و بە تەواوی لەناو دەچێت، بەڵام ڕۆژی دوایی بە پێچەوانەوەیە (مرحبا، ٢٠٠٧، ٦٩٣). زانینی دواڕۆژیش ئەو زانینەیە، لە دوای مردنی مرۆڤەوە دەستپێدەکات، زانینی مردنیش ناتوانین بزانین تەنها دوای زانینی ژیان نەبێت، مرۆڤ پێکهاتووە لە لەش و دڵ، لەش پێکهاتووە لە (لەش و ڕۆح) لەش - لە کۆمەڵێك شتی وەکو گۆشت و ئێسك و خوێن و پێست...هتد پێکهاتووە، بەڵام ڕۆح پێچەوانەی لەشە و شتێکە مرۆڤ ناتوانێت دەرکی پێبکات، ئەم ڕۆحە هەڵمێکی ناسکە لە خوێن بەرز دەبێتەوە و سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ زانین (الغزالي، ١٩٩٠، ٢٨). پەیامبەر (د.خ) باسی ژیانی دواڕۆژ دەکات و دەفەرمووێ: "خەڵك نوستوون کاتێ گەر مردن بەئاگا دێنەوە، ژیانی دنیا خەوێکە بە بەراورد بە ژیانی دواڕۆژ، کاتێك مرۆڤ مرد ئەوەی بۆ دەردەکەوێ شتەکان جیاوازن لەوەی کە لەزەمیندا بینیونی"، مەبەستی لێرەدا ئەوەیە مرۆڤ کاتێك لەسەر زەمیندا دەژی وەکو ڕێبوارێك وایە، بەشوێنێکدا تێپەڕ دەبێت و دەڕوات، بۆیە پێویست ناکات ئەوەندە گرنگی بە ژیانی زەمین و هەوا و ئارەزووەکانمان بدەین، چونکە هیچ زانینێکی ڕاستەقینەی لێ بەدەست نایەت، تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆلای خوا، چونکە زانینی ڕاستەقینە تەنها لە خەزێنەکانی خوادایە ئەمەش کاتێك مرۆڤ دەتوانێت بە دەستی بهێنێت بە گەڕانەوە لە زەمینەوە بۆ لای خوا، بەمپێیە کاتێك مرۆڤ زانینی دواڕۆژی

دەستدەکەوێت کاتێك دڵ پەیوەندیی خۆی دەپچڕێنێ لەگەڵ جیهانی دەرەوە (زەمین) بە دوورکەوتنەوە لە خۆشویستنی ماڵ و سامان (عبدالمهيمن، ٢٠٠١، ١٤٤).

**باسی دووەم: پلەکانی زانین لای غەزالی**

غەزالی پێیوایە مرۆڤەکان لە چۆنیەتی وەدەستهێنانی زانین یەکسان نین ، هەروەها لەوەشدا کە پێویستە چ ڕێگایەك بگرنەبەر بۆ ئەوەی زانست و زانین بەدەست بێنن، بەم شێوەیە غەزالی پلەکانی زانین دابەشدەکات بۆ سێ پلە :-

**پلەی یەکەم: بیروباوەڕی خەڵکی گشتی سادە و ساکار:** ئەم جۆرەیان باوەڕێکی داب و نەریتی پەتییە، ناتوانێت ڕاستی ئاشکرا بکات، غەزالی پلەیەکی نزم زانینیان دەداتێ، چونکە ئەوانە هێشتا خۆیان لە کۆتی هەستەکان ڕزگار نەکردووە، زانینەکەیان لە هەستەکانەوە براوەتەوە، هەروەها پابەندن پێیەوە بە جۆرێك ئەو زانینەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەستیاندەکەوێت باوەڕی پێدەهێنن، (ابوريان، ١٩٨٣، ٢٠٤)، بەبێ ئەوەی بەدواداچوونی ورد و پوخت بۆ سەرچاوەکەی بکەن، ئەمانە بە هەموو شێوەیەك پابەندن بە دەقەکانی قورئان و سوننەتی پەیامبەرەوە، بە جۆرێك ناتوانن بە هیچ شێوەیەك تێیانبپەڕێنن و لێیان دەربازببن و ناتوانن باسی فەلسەفە بکەن، تا ببنە خاوەنی هزرینێکی ئازاد و ژیرمەندانەی خۆیان، چونکە تێڕوانینی ژیرمەندانە بەلای غەزالییەوە لە کاروباری زەمیندا دەریایەکی گەورەیە ناکرێت خەڵکی گشتی بچنە ناوی، چونکە مەلە نازانن؛ پێویستیشە لەسەر خەڵکانی گشتی کە دەست بە شتە دیارەکانی قورئان و سوننەتەوە بگرن، بەبێ لێکدانەوە "تەئویل"، چونکە لێکدانەوەی مرۆڤی گشتی بە کەوتنە ناو دەریا دەچێت، پێویستە لەسەر کەسێك کە مەلە نازانێت لە ڕۆخی دەریا دوور بکەوێتەوە، غەزالی بەم شێوەیە باسی زانینی خەڵکی گشتی دەکات و نموونەیەك دێنێتەوە و دەڵێت: "ئەگەر کەسێك

پێیان بڵێت کە کەسێك لەناو خانوویەکدا هەیە، بەبێ ئەوەی بچنە ژوورەوە و ببینن یاخود گوێیان لە دەنگی ببێت یەکسەر باوەڕ دەکەن کە کەسێك لە ژوورەوە لەناو خانووەکەدا هەیە"، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سادەیی و نزمیی باوەڕ و زانینی خەڵکی گشتی (حلمي، ١٩٧٠، ١٣١).

**پلەی دووەم: بیروباوەڕی زاناکان:** بەلای غەزالییەوە زانینی زاناکان پلەیەك بەرزترە لەزانینی خەڵکی سادە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێیوایە ئەم جۆرە زانینە لەگەڵ ئەوەی پلەیەك بەرزترە لە جۆری یەکەم، بەڵام هەر لە جۆری یەکەمەوە نزیکە نەك لەگەڵ جۆری سێیەم، کە پلەی باڵایە و بە بیروباوەڕی سۆفییەکان ناسراوە (الغزالي، ١٩٧٥، ٢٦)، زاناکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خاوەنی تێڕوانین و بیرو بۆچوونن، یاخود خاوەنی لێکۆڵینەوە و بەڵگەکاری "ئیستدلال"ن، بەشدارن لەگەڵ فەیلەسووفان لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە، بەڵام غەزالی سەبارەت بەم جۆرە بیروباوەڕە پێیوایە کە تێکەڵاوکردن و بەلاڕێدا بردن زیاترە وەك لە دۆزینەوە و زانین، لەلایەکی ترەوە پێیوایە کە کەسی زانا هیچ شتێك بۆ زانست زیاد ناکات (محمود، ٢٠٠٣، ٢٠٤)، غەزالی قسە و ڕوانگەکانی لەسەر زانایان و هەموو ئەوانەی کاردەکەن لەبواری توێژینەوە و پرسیارکردن زۆر کاریگەر بوون، ئەم ڕوانگەیەی غەزالی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جێگیر دەبوو، لە ئەزموونە زانستییەکانی بەتەواوی گەیشت بەو هەقیقەتەی کە بڵێت زانستی زاناکان چارەسەرێکی کاتی و نەگۆڕە بۆ ئەوانەی کە گومان و لێکچواندنیان هەیە، پێیوابوو گەیشتن بە هەقیقەتی شتەکان و متمانە بەخشین بە ژێر لەڕێگەی زانستەوە پێناگەین، چونکە هەرگیز زانست ناتوانێت هەقیقەت و ڕاستیی باوەڕمان بۆ دەربخات، چونکە زانست ئامرازێکە بۆ داکۆکیکردن لە هەق نەك ئامێرێك بێت بۆ دۆزینەوە، هەر بۆیەشە غەزالی دەڵێت: "گەیشتن بە هەقیقەتی زانین لەم ڕێگەیەوە لە کردن نایەت، چونکە زانست هیچ

دۆزینەوەیەك و پێناسەیەك نادات بە دەستەوە تەنها زانست دەتوانێت پاسەوانی بیروباوەڕ بکات"، جیاوازی نێوان غەزالی و زاناکان لەوەدا نییە کە چ دەزانن، بەڵکو لەسەر ئەو ڕێبازەیە کە دەیانگەیەنێت بە هەقیقەت (قمیر، ٢٠٠٧، ٦٥)، غەزالی هەمان ئەو نموونەی بۆ جۆری یەکەمی هێنایەوە بۆ بیروباوەڕی زاناکانیش دەهێنێتەوە و دەڵێت: "گەر بە کەسێك بڵێن کەسێك لەناو خانوویەکدایە، تەنها بەبیستنی دەنگی ئەو کەسە یەکسەر باوەڕ دەکات کە کەسێك لەناو خانووەکەدایە، بەبێ ئەوەی بچێتە ژوورەکە و کەسەکە ببینێت"، جیاوازی ئەم نموونەیە لەگەڵ نموونەکەی پێشتر، لەوەدایە لەم جۆرەیاندا کەسەکە گوێبیستی دەنگی ئەو کەسە بووە کە لەناو خانووەکەدایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بیروباوەڕی زاناکان پلەیەك بەرزترە لە هی خەڵکی گشتی (حلمي، ١٩٧٠، ١٣٢).

**پلەی سێیەم: بیروباوەڕی سۆفییەکان:** بەلای غەزالییەوە بیروباوەڕی سۆفییەکان بینینی ڕۆشنایی یەقینە، لەچاو جۆرەکانی دیکە پلەیەکی باڵای هەیە، پلەی باڵا ئامانجێکی بەرزە، ویستی ڕاستگۆکانە بۆ گەیشتن بە ڕۆحانیەت و دڵنیایی ڕەها و بە نووری یەقین، بۆ گەیشتن بە زانینی خوا و سیفاتەکانی (ابوريان، ١٩٨٥، ٢٠٤)، ئەم جۆرە لە زانین لە ئاست ڕووکاری دەرەوەی دەقە قورئانی و فەرموودەکان گیرنابێ، هەروەها تێڕوانینی ژیرمەندانە و ئیستدلالی لۆژیکی قەناعەتیان پێناکات، بۆیە ئەوانە تێدەپەڕنە سەر جۆرێکی دیکەی زانست کە خوا دەیپەخشێنێتە دڵی مرۆڤەوە، بەوەش خودا دەبینن بە ڕۆشنایی دڵنیایی، کە ئەمەش ئەو ئامانجە سەرەکییەیە هەوڵی بۆ دەدەن (حلمي، ١٩٧٠، ١٣٢). ئەم جۆرەش لە زانین بە خۆ ماندووکردنێکی زۆر دەبێت، تاکو ئەو ڕۆشناییە لە دڵی کەسی سۆفی هەڵدێت، غەزالی پێیوایە ئەمە لەڕێگەی بەڵگەوە پێناگەین، بەڵکو لەڕێگەی "چێژ"ەوە دەبێت، ئەمەش دوای وەرزشێکی زۆر بۆ

پاككردنەوەی دڵ و دەروون و بڕینی هەموو ئەو كۆسپانەی كە دێنە پێشی، هەروەها پاككردنەوەی لە هەموو ڕەوشتە ناشیرین و خراپەكان و پڕكردنەوەی دڵ و دەروون و ڕازاندنەوەی بە یادی خوا ئەوجار دەتوانێت بەو پلە بەرزەی زانین بگات (بزون، ١٩٧٧، ١٤٢). بە هەمان شێوە غەزالی نموونە بۆ بیروباوەڕی سۆفییەكانیش دێنێتەوە و دەڵێت: "ئەوانە ئەگەر كەسێك پێیان بڵێ كەسێك لەناو ئەو خانووەدایە باوەڕی پێناكەن، تەنانەت ئەگەر گوێشیان لە دەنگی بێت، تەنها كاتێك باوەڕ دەكەن ئەگەر ببینن و گوێبیستی دەنگی ببن، كەواتە زانینی سۆفییەكان "ئاشكراكردن، دۆزینەوە و بینین - مكاشەفە و مشاهەدە" یە (حلمي، ١٩٧٠، ١٣٢).

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە :

١- مرۆڤ لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە دەتوانێت بزانێ، بۆنموونە دەتوانین لە ڕێگەی هەستەكانەوە بزانین، ئەمەش ئەو ڕێگایەیە كە ڕێبازی ئەزموونیەكان داوایان دەكرد لە هزردا، بەڵام غەزالی بە پێچەوانەی ڕێبازی ئەزموونیەكان هەستەكان وەكو سەرچاوەیەكی زانینی ڕاستی نازانێت و پێیوایە هەستەكان ناتوانن هەموو شتێك بزانن و سنوورێكی دیاریكراویان هەیە ناتوانن لەم سنوورە تێپەڕ بكەن، بۆیە زانین لە ڕێگەی هەستەكانەوە بە زانینێكی ناڕاست و ناتەواو دەزانێت.

٢- غەزالی ڕێگای سۆفیزمی گرتەبەر لە زانیندا، پێیوابوو كە زانینی سۆفییەكان باشترین جۆری زانینە و زانینێكی ڕاستەقینەیە و هیچ گومانێكی لەگەڵدا نییە، چونكە لە سەرچاوەیەكی كامڵ و بێ كەموكوری ئەم زانینەیان دەستدەكەوێت ئەویش خوایە كە بەدەرە لە هەڵە.

٣- زانینی سۆفیزمەكان لە ڕێگەی ئەو ڕووناكیەوەیە كە خودا دەیبەخشێنێتە ئەو دڵانەی كە بە زیكری خوا ڕازاونەتەوە و لە خەسڵەتی ناشیرین پاككراونەتەوە.

٤- زانینی سۆفیزمەكان لە ڕێگەی فێركردنەوە یان مامۆستایەكی تایبەت بەدەست نایەت، بەڵكو لە ڕێگەی كۆششێكی زۆری دەروونییەوە دەبێت، هەروەها دەبێت بۆ خۆت بەو ئەزموونەدا تێپەڕبیت تا پێیبگەیت.

٥- زانینی خەڵكی سادە زانینێكی پلە نزمە و زیاتر لاساییكردنەوەیە، زانینەكان زیاتر بە شێوەیەكی داب و نەریتییە، بەبێ ئەوەی خۆیان بیربكەنەوە، دەتوانین بڵێین هیچ جۆرە زانینێكیان نییە.

٦- چەندین جۆر زانینی جیاواز هەیە، کە هەر خودێک خاوەنی زانینێکی خۆیەتی جا ئەو زانینە زانینێکی بەرزبێت یان نزم.

٧- زانینی زانایان لە زانینی خەڵکی سادە جیاوازە، چونکە ئەمانە زیاتر پشت بە لۆژیك و بەڵگە دەبەستن بۆ زانینەکەیان.

٨- مرۆڤ پێویستی بە زانینی دنیایی دەبێت بۆئەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی پێ ڕێکبخات و کۆمەڵگەیەکی تەندروست و باش دروستبکات، هەروەها بۆئەوەی لە دوارۆژیدا بەختەوەر بێت.

**پەراوێز:**

(1) غەزالی ناوی (محمد كوڕی محمد كوڕی احمد الطوسی) یە لە ساڵی (٤٥٠هـ -١٠٥٨ز) لە طوس لەدایك بووە كە یەكێكە لە شارەكانی خۆراسان، فەیلەسووف و سۆفی بووە، لە كەسایەتییە مێژووییەكانی ئیسلام لەقەڵەم دەدرێت، كاریگەریەكی زۆری هەبووە لەسەر زانستی دونیا و دین لەكۆنەوە تاكو ئێستا، باوكی پیاوێكی هەژار بوو كاری چنینی سووف بووە زۆریشی زانست خۆشدەویست، غەزالی لەماوەی خوێندنیدا دیالێكتیك و لۆژیك و فەلسەفەی خوێندووە، ابو المعالی الجوینی كاریگەری لەسەر غەزالی هەبووە و ماوەیەك خوێندكاری بووە، لە دوای مردنی جوینی مەكەی جێهێشت و ڕووی كردە بەغداد لەوێ وەك مامۆستا دادەمەزرێت ئەوكات تەمەنی ٣٤ ساڵ بووە لەو ماوەیەدا ناوبانگێكی باشی پەیداكردووە، هەر لەو قوتابخانەیەی بەغداد فەلسەفەی بە قووڵی خوێندووە، بەرهەمەكانی فارابی و ابن سینای خوێندۆتەوە لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیەدا كتابە بەناوبانگەكەی بە ناوی"تهافت الفلاسفة" دەنووسێ كە لەم بەرهەمەدا هێرش دەكاتە سەر فەیلەسووفان و بێ ئاگاییەكەیان دیاری دەكات، غەزالی لە ماوەی چوارساڵ لە بەغداد بە كێشەیەكی دەروونی دژواردا تێپەڕدەبێت كە لە كتابی"منقذ من الضلال"دا باسی كردووە، غەزالی لە ساڵی (٤٨٨هـ -١٠٩١ز)، بەغداد بەجێ دەهێڵێت بە مەبەستی ئەوەی كە بچێتە حەج دوایی جارێكی تر دەگەڕێتەوە بەغداد، لە ساڵی (٤٩٩هـ -١١٠٢ز) دەچێتە قوتابخانەی"نیساپوور"، لە دواییدا دەگەڕێتەوە بۆ"طوس" لەوێ خەریكی وتاربێژی و خواپەرستی و وانە وتنەوە دەبێت بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، ساڵی (٥٠٥هـ - ١١١١ز)، كۆچی دوایی دەكات، غەزالی لەماوەی ژیانیدا چەندین كتابی نووسیوە لە بوارە جۆربەجۆرەكانی ژیان، توێژەران كۆك نین لەسەر ڕێژەی بەرهەمەكانی هەندێكیان پێیانوایە نزیكەی ٦٠٠ نووسراوی هەیە، بەڵام زۆربەی باوەڕیان وایە نزیكەی ٨٠ كتاب و نامەی هەیە، د. عبدالرحمن البدوی پێیوایە ڕێژەی كتابەكانی غەزالی ٦٩ كتابە، هەروەها جمیل صلیبا و كامل عیاد لیستێكیان بۆ كتابەكانی غەزالی داناوە كە ٢٢٨ نامە و كتابی لەخۆ گرتووە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی گومان هەیە لە ڕێژەی بەرهەمەكانی غەزالی. بڕوانە: (شمس الدین، ٢٠٠٣، ٩-١١).

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بەزمانی عەرەبی**


١- بزون، حسن(١٩٧٧) المعرفة عند الغزالي النظرية التربوية والتعليمية، مؤسسة النشاء العربي، بيروت.

٢- التكريتي، ناجي(د. س)، الفلسفة الاخلاقية الافلاطونية عند مفكري الاسلام، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع.

٣-الجرجاني(١٣٠٦) كتاب التعريفات، ط١، مصر.

٤- الحسيني، السيد جعفر (د.س)، معجم مصطلحات المنطق (عربي_انجليزي_فرنسي)، ط١، مطبعة بقيع، دار الاعتصام للطباعة والنشر، (د.م).

٥- حلمي، محمد مصطفى(١٩٧٠)، الحياة الروحية في الاسلام، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، القاهرة.

٦-الذين، سميح عاطف(١٩٨٨)، الغزالي، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

٧- ابوريان، محمد علي(١٩٨٥)، تاريخ الفكر الفلسفي في الاسلام، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

٨- زيدان، محمود(١٩٨٩)، نظرية المعرفة عند مفكري الاسلام، ط١، دار النهضة العربية، بيروت،.

٩- السكري، عادل(١٩٩٩)، نظرية المعرفة من سماء الفلسفة الى ارض المدرسة، ط١، دار المصرية، القاهرة.

١٠- شمس الدين، احمد(٢٠٠٣)، تهافت الفلاسفة، ط١، دارالكتب العلمية، بيروت.

١١-صليبا، جميل(١٣٨٥)، المعجم الفلسفي، ج٢، ط١ مطبعة سليمانزاده.

١٢-الطويل، توفيق(١٩٧٦)، اسس الفلسفة، القاهرة.

١٣-عبدالرحمن، السيد(د.س)، اسس الفلسفهة، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، (د.م).

١٤- عبدالمهيمن، احمد(٢٠٠١)، نظرية المعرفة بين ابن رشد وابن عربي، ط١، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية.

١٥- عطيو، حربى عباس و موزة محمد عبيدان(٢٠٠٣)، مدخل الى الفلسفة و مشكلاتها، ط١، دار النهضة العربية، بيروت.

١٦- عفيفى، ابو علاء(١٩٦٣)، التصوف الثورة الروحية في الاسلام، ط١، دار المعارف، الاسكندرية.
١٧- غالب، مصطفى(١٩٧٩)، في سبيل الموسوعة الفلسفية، الموسوعة الفلسفية الشاملة، منشورات دار ومكتبه الهلال، بيروت.
١٨- الغزالي، ابو حامد(١٩٧٥)، أحياء علوم الدين، م٣، دار الفكر، بيروت.
١٩- الغزالي، ابو حامد(٢٠٠٣)، تهافت الفلاسفة، تحقيق: احمد شمس الدين، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت.
٢٠- الغزالي ، ابو حامد(١٩٩٠)، رسالة في المعرفة، تحقيق: مهند الاعسم، ط١، مطبعة العاني، بغداد.
٢١- الغزالي، ابو حامد(ب.س)، مجموعة رسائل الامام الغزالي (الرسالة اللدنية)، تحقيق: ابراهيم امين محمد، المكتبة التوفيقية، القاهرة.
٢٢- الغزالي، ابو حامد(١٩٩٠)، معارج القدس في مدارج معرفة النفس، منشورات وتوزيع المكتبة العالمية، بغداد.
٢٣- الغزالي، ابو حامد(١٩٦٠)، المنقذ من الضلال، تحقيق: جميل صليبا و كامل عياد، ط٦، مطبعة جامعة دمشق.
٢٤- فخري، ماجد(د.س)، تاريخ الفلسفة الاسلامية، ت: كمال يازجي، دار المتحدة للنشر والتوزيع، بيروت.
٢٥- الفلاحي، عبدالله محمد(٢٠٠٣)، نقد العقل بين الغزالي و كانت، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٦- قمير، يوحنا(٢٠٠٧)، الغزالي، ط٤، دار المشرق، بيروت.
٢٧- كارادوڤو، اباروڤ(١٩٨٤)، الغزالي، ت. عادل زعيتر، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٨- الكمالى، محمد محمد الحاج حسن(١٩٩٣)، محاضرات في الفلسفة الاسلامية، ط١، مؤسسة الفاو للنشر والتوزيع والاعلام، يمن.
٢٩- محمد، على عبدالمعطي(١٩٨٥)، مقدمات في الفلسفة، دارالنهضة العربية، بيروت.
٣٠- محمود، زكى نجيب(د. س) ، نظرية معرفة، مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة.

٣١- محمود، عبدالحليم(٢٠٠٣)، المنقذ من الضلال لحجة الاسلام الغزالي، ط١، دار الجيل للنشر والطباعة والتوزيع، بيروت.

٣٢- مرحبا، محمد عبدالرحمن(٢٠٠٧)، من الفلسفة اليونانية الى الفلسفة الاسلامية، ط٢، م٢، عويداد للنشر والطباعة، بيروت.

٣٣- نصري، هاني يحيى(٢٠٠٣)، المنطق و الابستمولوجيا، منشورات وزاره الثقافة، سوريا.

٣٤- مدكور، ابراهيم(١٩٨٣)، المعجم الفلسفي، مجمع اللغة العربية، قاهرة.

**دووەم: بە زمانی کوردی**

٣٥- ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ(٢٠٠٤)، ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، ب١، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین.

٣٦- نەقشبەندی، ئەمین شێخ علاء الدین(٢٠٠٢)، تەسەوف چییە، چ٢، چاپخانەی ئۆفیسی ژین، سلێمانی.

٣٧- سدیق، پ. د. حەسەن، حوسێن(٢٠٢٢)، تیۆری زانین (زانین لەنێوان فەلسەفە و ئاییندا)، زانکۆی ڕاپەڕین، چ١.

## الخلاصة

### المعرفة اليقينية ومنابعها عند ابو حامد الغزالي

الانسان في كل مرحلة من مراحل حياته وحالاته دوما في محاولات دؤوبة طمعا في الحصول على العلم الحقيقي واليقيني ومن اجل ذلك سلك الانسان شتى الطرق والمناهج وكما يشير الفيلسوف ابو حامد الغزالي انه لم يترك اي مذهب فلسفي او كلامي الا ولجأ اليه للحصول على العلم اليقيني الذي لايحتمل الشك.

هنا نود الاشارة الى ان الانسان قد يتمكن وعن طريق الحواس والعقل من الوصول الى معارف وعلوم شتى ولكن الغزالي رفض كل هذا وشك في قدرة العقل والاحساس في الوصول الى العلم اليقيني، وبعد جهد جهيد وفحص وتمحيص في علوم الاولين والاخرين وفي نهاية المسار توصل الى انه سيتمكن من ايجاد اليقين التام الكامل عن طريق المعرفة القلبية لأنها مستمدة من مشكاة القرآن والنبوة، ويكون ذلك عن طريق نور يقذفه الله تعالى في قلوب من يختاره من عباده الصالحين وينور قلبه ويطهر قوله وافعاله وعمله من الدنس والخطأ وفي دراستنا هذه دراسة تحليلية مقارنة تطرقنا الى فلسفة الغزالي بدقة وتعمق وتوصلنا الى عدة نتائج عرضناها في البحث .


**الكلمات الدالة:** الغزالي ، العلم، التصوف، الشك، العقل، اليقين.

# Abstract

## Ways of achieving Knowledge Certainty by Abu Hanid al Ghazali

At any stage and circumstance, human beings have always tried to achieve real knowledge. For this purpose, he has taken different paths and methods. Ghazali points out that he has tried almost all methods and philosophical ways to achieve a kind of knowledge without doubt. Although one can know in many different ways, such as (our feelings and reason), Ghazali rejects such knowledge and believes that we cannot know everything, until eventually adopts this knowledge because of Sufism. The Sufi knowledge has no doubt, because we can achieve it from a perfect source, which is God, through the light that God pours it into the hearts that have been enlightened by the light of faith and cleansed from sins, bad actions and words. This study used both analytical and comparative methods to reach desired conclusions.


**Key words** :Ghazali, knowledge, Sufism, doubt, reason, certainty

# دروستەی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێزمانی پەیوەندییانە

**م. ی. ئارام ڕەشید مەجید**
وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکووک
arammajeed@gmail.com

**پوختە**

توێژینەوەکە بەناونیشانی (دروستەی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێزمانی پەیوەندییانە)یە. تیۆری ڕێزمانی پەیوەندییانە یەکێکە لەو تیۆرییانەی، کە دروستەی ڕستە بە دروستەی پەیوەندی دادەنێت، واتە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان ئەوانەن، کە فۆڕمی سەرەتایی و کۆتایی ڕستەکە پێکدەهێنن. لەم توێژینەوەیەدا، لەڕووی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانەوە لەسەر بنەمای ئەو چەمکانەی کە لە تیۆری ڕێزمانی پەیوەندییانەدا هاتوونە، لە دروستەی ڕستە لە زمانی کوردیدا دەکۆڵینەوە.

توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بنەمای تیۆری و گرنگترین چەمکەکانمان خستووەتە ڕوو، کە تیۆرەکە لە شیکردنەوەی دروستەی پەیوەندییانەی ڕستەدا بەکاریدەهێنێت. بەشی دووهەمی توێژینەوەکە پێنج تەوەری لەخۆ گرتووە، تەوەری یەکەم بەپێی تیۆری ڕێزمانی پەیوەندییانە لە پۆلە ڕەگەزەکان دەکۆڵێتەوە، تەوەری دووهەمیش لە دروستەی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا لەسەر بنەمای چەمکەکانی تیۆری ڕێزمانی پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، تەوەری سێهەمیش لێکۆڵینەوەیەک لە دیاردەی پاسیڤ/ بکەر نادیاریی لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی ڕێزمانی پەیوەندییانەوە لەخۆ دەگرێت و تەوەری چوارهەم لە

ڕوانگەی ڕێزمانی پەیوەندییانەوە دروستەی ڕستەی ئاڵۆز دەخاتە ڕوو. لە تەوەری کۆتاییدا دروستەی دەربڕاوی بۆگەڕاوە (جێناوی خۆیی) لە ڕستەدا بەپێی ڕێزمانی پەیوەندییانە خراوەتە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان**: ڕێزمانی پەیوەندییانە، پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، تۆڕی پەیوەندییەکان، دروستەی ڕستە.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بۆ خستنەڕووی دروستەی ڕستەیە لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێزمانی پەیوەندییانە. ڕێزمانی پەیوەندییانە وەکو تیۆرێکی زمانی بە پشتبەستن بە چەند بنەما و چەمکێکی سینتاکسیی وەکو پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، دروستەی ڕستە شیتەڵ دەکات. تیۆرەکە بۆ شیتەڵکردن و دیاریکردنی دروستە سینتاکسییەکان گریمانەی گەردوونیی- بوونی universal دەکات، واتە گریمانەی ئەوە دەکات، کە دەتوانرێت بنەماکانی تیۆرەکە بۆ خستنەڕووی دروستە سینتاکسییەکان لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بەکاربهێنرێت.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:**

لەبەر ئەوەی تیۆری ڕێزمانی پەیوەندییانە گریمانەی گەردوونیی- بوونی بنەماکانی دەکات، هەروەها بۆ زانینی دروستەی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەپێی ئەم تیۆرە، ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە هەڵبژێردراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ڕستەی زمانی کوردی بەپێی چەند تیۆرێک توێژینەوەی لەسەر کراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش کارکردن و جێبەجێکردنی بنەما و چەمکەکانی ڕێزمانی پەیوەندییانەیە بۆ خستنەڕووی دروستەی ڕستە لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەی تیۆرەکەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی (پەسنیی/وەسفیی- شیکاری) ئەنجامدراوە. بنەما و چەمکەکانی ڕێزمانی پەیوەندییانە پەسنکراون و ڕوونکراونەتەوە، هەروەها لەسەر ئەو بنەما و چەمکانە نموونەی زمانی کوردیی -زاری کرمانجیی ناوەڕاست –هێنراونەتەوە، دواتر نموونەکان شیکراونەتەوە.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە (بە سێ زمان) و پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ لایەنی تیۆری و چەمکەکانی ڕێزمانی پەیوەندییانە تەرخان کراوە، گرنگترین ئەو چەمکانەی، کە ڕێزمانی پەیوەندییانە بۆ دیاریکردن و خستنەڕووی دروستەی ڕستە بەکاریدەهێنێت خراوەتە ڕوو. لە بەشی دووەمدا باسی پۆلە ڕەگەزەکان و دروستەی ڕستە (سادە و ئاڵۆز) کراوە، هەروەها لە هەردوو دیاردەی بکەرنادیاری و دەربڕاوی بۆگەڕاوە لە ڕوانگەی ڕێزمانی پەیوەندییانەوە کراوە. لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێک خراوەتە ڕوو، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە.

**١. بنەمای تیۆری**

**١.١. ڕێزمانی پەیوەندییانە Relational Grammar**

**ڕێزمانی پەیوەندییانە (کورتکراوەکەی RG یە) لە ساڵی (١٩٧٤)دا لەلایەن هەردوو زمانەوان David Perlmutter و Paul Postal وەکو تیۆرییەکی سینتاکسی پێشنیازکرا، لە ساڵانی دواتردا و هەتا کۆتایی ساڵانی (١٩٨٠)کاندا زیاتر کاری لەسەر کرا و بوو بە تیۆرییەکی گەشەکردوو لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا (Barry J.Blake, 1990, 3).**

**توێژینەوە و کارەکانی ڕێزمانی پەیوەندییانە وەکو جێگرەوە ی ڕێزمانی گوێزانەوە سەری هەڵدا، چونکە Chomsky لە کارەکانیدا لە ساڵانی (١٩٦٠)ەکاندا ئەرکە ڕێزمانییەکانی بە چەمکی هەڵگوێزراوە دادەنا، بۆ نموونە ئەرکی ڕێزمانیی بکەر بە ئەو فریزە ناوییە دادەنێت، کە لە هێڵکاریی دروستەی فرێزدا ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ڕستەوە (S)، بەڵام بکەر لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا بە پێکهاتەیەکی سەرەتایی و سەرەکیی دادەنرێت ( Matthews, P. H. 2007, 341). هەروەها لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا ڕستە وەک تۆڕەکانی پەیوەندییە ئەرکییەکان شیتەڵ دەکات نەک بەپێی وەچە پێکهاتەکان ( Aarts, B., Chalker, S. and Weiner, E., 2014, 359)، ئەمەیش خاڵێکی تری پێچەوانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە.**

گریمانەی بنەڕەتی لە ئەم ڕێزمانەدا ئەوەیە، کە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان وەکو (بکەر و بەرکار) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە سینتاکسی زمانە سروشتییەکاندا، ئەمە لە کاتێکدا لە مۆدێلەکانی دیکەی ڕێزمانی گەردوونیدا چەمکی دروستەی وەچە پێکهاتە constitute بۆ یاسا سینتاکسییەکان چەمکی سەرەکیین (Bussmann, H., 1996, 997). ئەم بەسەنتەرکردنەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا بوو بە هاندەر بۆ دوو گریمانەی بنەڕەتی:

a. پەیوەندییە ڕێزمانییەکان لە دروستەی ڕستەدا سەرەتایی و سەرەکین.

b. نواندنی دروستە سینتاکسییەکان بەپێی نواندنی دروستەی وەچە پێکهاتەی سینتاکسی بۆ پەسنکردنی دیاردە ڕێزمانییە گەردوونییەکان گونجاونین، لەبری ئەوە ڕستەکان بەپێی تۆڕی پەیوەندییەکان شیتەڵ دەکرێن (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە).

لە هەردوو گریمانەکەی (b و a)دا ئەوە ڕوونە، کە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکی دەبینن لە ئەم تیۆرییەدا، بۆیە پێویستە جۆری پەیوەندییەکان و دابەشکردنی پەیوەندییەکان لە ئەم تیۆرییەدا ڕوون بکرێنەوە.

### ٢.١ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان

لە ئەم تیۆرییەدا، پەیوەندییە ڕێزمانییەکان بە توخمە بنچینەییە پێویستییەکانی پەسنکردنی ڕستە دادەنێت. پێواژۆ (پرۆسە) سینتاکسییەکان بە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانەوە دەبەستێتەوە، نەک بە واتاوە. کەواتە تیۆرییەکە بە ئەرکە ڕێزمانییەکان دەستی پێکرد و هەوڵی نەدا ئەرکە ڕێزمانییەکان لە هیچ چەمکێکی ترەوە هەڵبگوێزێت، بەڵکو سینتاکسی لە ڕێگەی ئەرکە ڕیزمانییەکانەوە ڕوون کردەوە (Wimbish, John Stedman, 1987, 4).

لە تیۆرییەکەدا پەیوەندییە ڕێزمانییەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێن (Salih, M. H., 1985, 3):

(١) پەیوەندییەکانی زاراوە term

(٢) پەیوەندییەکانی نا-زاراوە non-term.

پەیوەندییەکانی زاراوە ئاماژە بە ئەم پەیوەندییە ڕێزمانییانە دەکات: بکەر ١، بەرکاری ڕاستەوخۆ ٢، بەرکاری ناڕاستەوخۆ ٣. ژمارەکانی (١، ٢، ٣) بە شێوەی زنجیرەیی ئاماژە بە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دەکات، واتە لەبری بکەر دەتوانرێت ژمارە (١) بنووسرێت، بۆ ئەوانی تریش بەهەمان شێوەیە. پەیوەندییەکانی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ (١ و ٢) بەشێوەی پێکەوەیی پێکەوە بە پەیوەندیی ناوەکی دادەنرێن، بەڵام بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ (٢ و ٣) بەشێوەی پێکەوەیی بە بەرکار دادەنرێن (Barry J.Blake, 1990).

پەیوەندییەکانی نا-زاراوە بۆ دوو وەچە -پۆلی دیکە دابەش دەکرێت:

a) پەیوەندییە ناڕاستەوخۆکان oblique: سوودمەندی، ئامێری، کاتی، شوێنی، ئاڕاستەیی، هتد.

b) پەیوەندییە پەراوێزخراوەکان Retirement : شەمۆر/ بێکار chomeur (لە پێگە و شوێنەکەی خۆی دابەزێنرێت) کورتکراوەکەی (Cho)یە، هەروەها پەیوەندیی ئیمریتۆس/ فەخریی emeritus کورتکراوەکەی (Em)ە. شەمۆر Cho ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەیە، کە لە چینی سەرەتادا پەیوەندییەکی زاراوەیە، بەڵام لە چینی کۆتاییدا بۆ نا- زاراوە دادەبەزێت، بۆ نموونە پەیوەندیی ڕێزمانیی بکەر لە بکەردیار بۆ بکەرنادیاردا. بەڵام پەیوەندیی ئیمریتۆس/ فەخریی Em ئەو توخمە وابەستانەن، کە لە کلۆزی/ ڕستیلەی تەواوکەرییدان ( HARRIS, ALICE C., 1981).

بۆ کۆی پەیوەندییەکانی نا- زاراوە کورتکراوەی N بەکاردەهێنرێت.

ئەو پەیوەندییانەی سەرەوە، لە هێڵکاریی خوارەوەدا دەنوێنرێن.

**هێڵکاریی (١) نواندنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا**



**جگە لە ئەو پەیوەندییانە، پەیوەندییەکی دیکەیش هەیە، کە پەیوەندیی پریدیکاتی پێدەگوترێت و کورتکراوەکەی بە P دەنووسرێت. هەموو پەیوەندییەکانی دیکە (زاراوەکان و نا- زاراوەکان) لە ڕستەدا لە پەیوەندییدان بەپریدیکاتی ڕستەکەوە.**

چەمکێکی دیکەی گرنگ لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا چەمکی هەڕەمیی/ هێرارکیی پەیوەندییانەیە، بەپێی ئەم چەمکە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان لە سەرە و ڕیزبووندا بەپێی ئاستی گرنگییان بە شێوەی هەڕەمی ڕیز دەکرێن، واتە ئەوەی لە هەموویان سەرەتاییتر و سەرەکیترە لە سەرەتاوە دێت، دواتر هەر بەهەمان پێوەر پەیوەندییەکانی تر بە دوایدا دێن (Salih, M. H., 1985, 3). ڕیزبەندیی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان بەپێی هەڕەمیی پەیوەندییانە لە (١)دا دەخرێتەڕوو.

١. هەڕەمی پەیوەندییانە

١ > ٢ > ٣ > نا- زاراوەکان

لە (١)دا ئەوە خراوەتە ڕوو، کە پەیوەندیی ڕێزمانیی بکەر لە هەموو پەیوەندییەکانی تر سەرەتاییتر و سەرەکیترە، پاشان پەیوەندیی بەرکاری ڕاستەوخۆ، دواتر بەرکاری ناڕاستەوخۆ. ئەو سێ پەیوەندییە پەیوەندییەکانی زاراوەن و کەوتوونەتە پێش پەیوەندییەکانی نا- زاراوەوە، چونکە پەیوەندییەکانی زاراوە بەراورد بە پەیوەندییەکانی نا- زاراوە لە ئاستێکی بەرزتردان و لە دروستەی ڕستەدا پەیوەندیی سەرەتایی و سەرەکیین و هەروەها ئارگومێنتی پریدیکاتی ڕستەکەن، بڕوانە نموونەی (٢).

٢. فەرهاد کتێبێکی بە ئاسۆ دا.

ڕستەی (٢) بەشێوەی نواندنی خشتەیی لە (٣)دا دەنوێنرێت.

(٣) نواندنی خشتەیی ڕستەی (٢)

| ١ | ٢ | ٣ | P |
|---|---|---|---|
| فەرهاد | کتێب | ئاسۆ | پێدان |

لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا، بەپێی یاسای تاکایەتی/ تایبەتێتیی چینێتی stratal uniqueness law بۆ هەر چینێک نابێت لە یەک (١، ٢، ٣) زیادتر هەبێت.

لە تۆڕی پەیوەندییانەدا بەلایەنی کەمەوە یەک گرێی ڕستە لەخۆ دەگرێت، پەیوەندیی ڕێزمانی توخمێک لە ڕێگەی کەوانەوە arc دەنوێنرێت، بڕوانە (٤).

٤.




تۆڕی پەیوەندییانەی (٤) ئەوە دەخاتە ڕوو، کە لە ئاستی/ چینی (C i)دا توخمی a هەڵگری پەیوەندییە ڕێزمانییەکەی (b)یە و ناوی (GR x)ە. ژمارەی کەوانەکان بەپێی ژمارەی پەیوەندییەکان دەگۆڕێت.

## ٢. دروستەی ڕستە لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا

### ١.٢. پۆلە ڕەگەزەکان

لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا پۆلە ڕەگەزەکان بۆ دوو پۆل دابەش دەکرێن:

a. پۆلە ڕەگەزە بنەڕەتییەکان: ناو و کردار

b. پۆلە ڕەگەزە نابنەڕەتییەکان: ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، پێشناوەکان، بەستنەوە،...

پۆلە ڕەگەزی ناو ئاماژە بە: کەس، شت، بیر/ئایدیا، شوێن، دەکات. دەتوانرێت لە ڕستەدا وەکو پەیوەندیی بکەر، بەرکار، پریدیکات بەکاربهێنرێت. کردار وشەیەکە ئاماژە بە چالاکیی، ڕەوشێک لە بووندا، یان ڕوودانێک دەکات و وەکو پەیوەندیی پریدیکات بەکار دەهێنرێت. بۆ پۆلە ڕەگەزەکانی تریش هەمان پێناسەی ڕێزمانی نەریتییان بۆ بەکار دەهێنرێت لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا. لە ڕستەدا ناوەکان لە کەس، شوێن، شت،..دا بەرجەستە دەبن و فۆڕمی بکەر یان پریدیکاتی ڕستەکە دەگرن، کردارەکان لە ڕستەکەدا ناوەکان تەواو دەکەن لە ڕێگەی ئاماژەدان بە چالاکیی، ڕەوشێک لە بووندا، یان ڕوودانێک. کەواتە پۆلە ڕەگەزی ناو و کردار بۆ دروستکردنی فۆڕمی بنەڕەتیی ڕستە پۆلە ڕەگەزی پێویست و بنەڕەتیین، هەربۆیە لە ئەم تیۆرییەدا پەیوەندیی ڕێزمانیی بکەر و پریدیکات بە پەیوەندیی سەرەتایی ڕستە دادەنرێن، بە جۆرێک لە دوای پریدیکاتەوە پەیوەندیی بکەر بە ژمارە (1) ئاماژەی پێدەکرێت. پۆلە ڕەگەزەکانی تر (نابنەڕەتییەکان) بەپێی جۆرەکەیان یان دەبنە دیارخەری پۆلە ڕەگەزە بنەڕەتییەکە (وەکو ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار)، یان پۆلە ڕەگەزەکانی تر دەبەستنەوە (پۆلە ڕەگەزی بەستنەوە) (Haiku Deck, 2015).

٢.٢. دروستەی ڕستەی سادە لە (RG)دا

وەکو لە پۆلێنکردنی پۆلە ڕەگەزەکانەوە ڕوون بووەوە، هەر ڕستەیەک بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە دوو پەیوەندیی هەیە، پەیوەندیی پریدیکات و پەیوەندیی بکەر، بڕوانە (٥).

٥. نواندنی پەیوەندیی پریدیکات و پەیوەندیی بکەر لە (RG)دا




لە (٥)دا، پەیوەندیی پریدیکات بە پۆلە ڕەگەزی کردار و پەیوەندیی بکەر-١- بە پۆلە ڕەگەزی ناو بەخشراوە، هەردوو پەیوەندییەکە لە چینی سەرەتادان -C 1.

نواندنی ڕستەیەکی سادە لە زمانی کوردیدا، تەنها پێویستی بە هەردوو پەیوەندیی پریدیکات و بکەر دەبێت، بڕوانە (٦) و تۆڕی پەیوەندییەکانی لە (٧)دا.

٦. کوڕەکە هاتووە.

٧.



لە ( ٦)دا، کرداری (هاتووە) پەیوەندیی پریدیکات و ناوی (کوڕەکە) پەیوەندیی بکەری وەرگرتووە. هەردوو پەیوەندییەکەیش لە تۆڕی پەیوەندییەکانی (٧)دا نوێنراون.

دەگونجێت لە زمانی کوردیدا هەر سێ پەیوەندییە سەرەتاییەکە (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) لە ڕستەیەکدا دەربکەون، بڕوانە نموونەی (٨) و نواندنی تۆڕی پەیوەندییەکانی لە (٩)دا.

٧. پەیامنێرەکە هەواڵەکەی بە ئێمە گوت.

٨.




لە (٨)دا، چوار پەیوەندی هەیە: پەیوەندیی پریدیکات لە کرداری (پێگوتن)دا، پەیوەندیی بکەر-١ لە (پەیامنێر)دا، بەرکاری ڕاستەوخۆ -٢ لە (هەواڵ)دا و بەرکاری ناڕاستەوخۆ -٣ لە (ئێمە)دا نوێنراون.

## ٣.٢. بکەرنادیار لە (RG)دا

بەلای Perlmutter و Postal (١٩٧٧)ەوە، مۆرفۆلۆژی و سەرەوڕیزبوونی وشەکان و دۆخ بەس نیین بۆ پەسنکردنی پێکهاتووی بکەرنادیار وەکو دیاردەیەکی سینتاکسیی گەردوونی، بۆیە چەند یاسایەکیان بۆ دیاریکردنی دروستەی بکەرنادیار داناوە، کە بە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانەوە پەیوەستن (Perlmutter, David, and Postal, 1977). بکەرنادیار لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا پێواژۆیەکە، کە تێیدا پەیوەندیی بەرکار بۆ پەیوەندیی بکەر بەرز دەکرێتەوە، یان نزمکردنەوەی پەیوەندیی بکەرە، واتە لە ئەم تیۆرییەدا جیاواز لە

تیۆریی گوێزانەوە، بکەرنادیار بە گوێزانەوە دانانێت، بەڵکو بە پێواژۆی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی هەرەمی پەیوەندییەکان دادەنێت (سەرچاوەی پێشوو).

لە دروستەی پەیوەندییانەی بکەرنادیاردا دوو چین هەیە، چینی سەرەتا بەهەمان شێوەی چینی دروستەی سەرەتای بکەردیارە، بەڵام چینەکانی دواتر تووشی نرخاندنەوە دەبن (بڕوانە (١٠- ب))، بەرکاری ڕاستەوخۆی چینی سەرەتا بۆ بکەر پێشدەکەوێت، بکەری چینی سەرەتا بۆ پەیوەندیی شۆمەر دادەبەزێت. ئەو بکەرەی بۆ شۆمەر دادەبەزێت، بەلایەنی کەمەوە هەندێک لە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی نامێنێت یان کەم دەبێتەوە، بکەری شۆمەری (٩- ب) وەکو بکەری (٩- ا) نییە، چونکە بکەری شۆمەر لە کۆنترۆڵکردنی ڕێککەوتنی سەر کردارەکە شکست دەهێنێت، ئەوەی کۆنترۆڵی ڕێککەوتنەکە دەکات ئەو بکەرەیە، کە لە چینی سەرەتادا بەرکاری ڕاستەوخۆ بووە (تۆ) و لە چینی کۆتاییدا (٩- ب) جێکەوتەی بکەری-١ گرتووە. تایبەتمەندییەکی ڕێزمانیی دیکە، کە بکەری شۆمەر لەدەستی دەدات جێکەوتەکەیەتی، لە (٩- ب)دا جێکەوتەی شۆمەر لە ڕستەکەدا جێکەوتەیەکی پەراوێزی و سەرپشکییانەیە (Barry J.Blake, 1990)، بڕوانە (٩) و نواندنی تۆڕی بابەتانەکەی لە (١٠)دا.

٩. ا. من تۆم بانگ کرد.

١٠.أ.



٩. ب. تۆ لەلایەن منەوە بانگ کرایت.

١٠.ب.




دەتوانرێت پەیوەندییەکانی نموونەی (١٠. ب)، کە بۆ دروستەی بکەرنادیارە، بەشێوەیەکی ئەبستراکت لە (١١)دا بنووسرێن.

١١.ا. 1 2 P

١١.ب. cho 1 P

ئەو جۆرە بکەرنادیارانەی، کە لە دروستەکەیاندا بکەری شۆمەر نییە، وەکو ڕستەی (پیاوەکە دزەکەی کوشت) کاتێک دەکرێت بە بکەرنادیار (دزەکە کوژرا)، لێرەدا بەرکار-٢- (دزەکە) دەبێت بە بکەر -١-، ئەم جۆرە بکەرە وەکو پێشتر باسکرا جیاوازە لە بکەری شۆمەر.

**٤.٢. دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە (RG)دا**

دروستەی ڕستەی ئاڵۆز، کە بەلایەنی کەمەوە لە ڕستەیەکی/ کلۆزێکی سەربەخۆ و ڕستەیەکی وابەستە پێکدێت ( Richards, Jack C. and Schmidt, Richards, 2002, p. 96)، لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا ڕستە وابەستەکە لە ڕێگەی کەوانەیەکەوە ڕستە سەربەخۆکە دەبەستێتەوە

(Wimbish, John Stedman, 1987, 28)، بڕوانە (١٢) و تۆڕی پەیوەندییەکانی لە (١٣)دا.

١٢. ئەندازیارەکان بڕیاریاندا، ئاستەنگەکان پڕۆژەکە دوانەخەن.

١٣.




لە (١٣)دا، ڕستەی/ کلۆزی (ئاستەنگەکان پڕۆژەکە دوانەخەن) جێکەوتەی پەیوەندیی ڕێزمانیی بەرکاری ڕاستەوخۆ -2-ی بۆ ڕستەی (ئەندازیارەکان بڕیاریاندا)ی گرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکە بەشێوەی ڕستە دەرکەوتووە، واتە پەیوەندیی پریدیکات – P-، بکەر -١- و بەرکاری ڕاستەوخۆ -٢-ی لەخۆ گرتووە، بۆیە پێویستی بە نواندنی تۆڕی پەیوەندییانە هەیە.

## ٥.٢. دەربڕاوی بۆگەڕاوە لە ڕستەدا

لە دروستەی ئەو ڕستانەی، کە دەربڕاوی بۆگەڕاوەیان reflexive تێدایە (وەکو جێناوی خۆیی)، ئەوە بۆ جۆری پەیوەندیی دەربڕاوە بۆگەڕاوەکە دوو گریمانەکراوە، بڕوانە نموونەی (١٤).

١٤. منداڵەکە خۆی خۆشدەوێت.

گریمانەیەکیان پێیوایە، کە (منداڵەکە) لە تۆڕی پەیوەندییەکاندا دوو پەیوەندیی دەنوێنێت بکەر -1- و بەرکار -2-، بۆیە هەردوو پەیوەندییەکە لە چینی سەرەتادا لە ئاماژە بە (منداڵەکە) دەکەن، بەڵام دواتر گریمانەکە پێشنیازی ئەوەی کرد لە چینی کۆتاییدا پەیوەندیی بەرکار -2- ئاماژە دەربڕاوە بۆگەڕاوەکە بکات (خۆی)، چونکە لە ڕستەکەدا پێویستە بۆگەڕاوەکە پەیوەندیی هەبێت. کەواتە لە چینی کۆتاییدا (منداڵەکە) کەوانەی بەرکار -2- لەدەست دەدات و بە دەربڕاوە بۆگەڕاوەکەوە دەبەسترێتەوە ( Perlmutter, D. and Postal 1984, 52)، بڕوانە (١٥).

١٥.



بەپێی گریمانەی دووهەم پێویستە هەر لە چینی سەرەتادا پەیوەندیی بکەر -١- بۆ (منداڵەکە) و پەیوەندیی بەرکاری ڕاستەوخۆ -٢- بۆ بۆگەڕاوەکە/ جێناوی خۆیی تەرخان بکرێت (Rosen, C., 1981)، بڕوانە (١٦).

.١٦




وەکو لە داتا و نموونەکانی سەرەوەدا خراوەڕوو، دروستە سینتاکسییەکان لە ڕێزمانی پەیوەندییانەدا بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دەگەڕێنێتەوە و بەپێی ئەو پەیوەندییانە لە دروستەیان دەڕوانێت، هەر دیاردەیەکی سینتاکسیی دیکەیش بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دەگەڕێنێتەوە.

**ئەنجامەکان**

١. دروستەی ڕستەی سادە لە زمانی کوردییدا بەپێی ڕێزمانی پەیوەندییانە بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە پەیوەندیی پریدیکات و بکەر-١- هەیە، هەروەها دەشێت هەتا پەیوەندییەکانی بەرکاری ڕاستەوخۆ -٢- و بەرکاری ناڕاستەوخۆ -٣- لە ڕستەیەکی سادەدا دەربکەون.

٢. لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەی/ کلۆزی سەربەخۆ جێکەوتەی پەیوەندیی دەگرێت بۆ ڕستەکەی سەرەوەی خۆی.

٣. لە بکەرنادیاردا، پەیوەندیی بەرکاری ڕاستەوخۆ -١- جێکەوتەی پەیوەندیی بکەر -١- دەگرێت، پەیوەندیی بکەر -١- دەبێتە پەیوەندیی شۆمەر/ بێکار.

٤. دەربڕاوی بۆگەڕاوە لە ڕستەدا بەپێی دوو گریمانە دوو تۆڕی پەیوەندییانەی هەیە، هەروەها بەهۆی ئەو دوو گریمانەیەوە پەیوەندیی بەرکاری ڕاستەوخۆ -1- لە دوو تۆڕی پەیوەندییانەی جیاوازدا ئاماژە بە دوو وشەی جیاواز دەکەن.

## سەرچاوەکان


1. Aarts, B., Chalker, S. and Weiner, E. (2014) *The Oxford Dictionary of English Grammar*. 2nd edn. Oxford: Oxford University Press.
2. Blake, Barry J. (1990) *Relational Grammar*. 1st edn. London: Routledge.
3. Bussmann, H. (1996) *Routledge Dictionary of Language and Linguistics*. New York: Routledge.
4. Deck, H. (2015) 'Relational Grammar: How do the parts of speech work together?', 22 November. Available at: https://www.haikudeck.com/relational-grammar-education-presentation-9JuO2AsHJl#slide0.
5. Harris, Alice C. (1981) *GEORGIAN SYNTAX: A study in relational grammar*. Cambridge: Cambridge University Press.
6. Matthews, P. H. (2007) *The consice Oxford Dictionary of Linguistics*. 2nd edn. Oxford: Oxford University Press.
7. Perlmutter, D. and Postal P. (1984) 'Impersonal passives and some relational laws', in *Studies in Relational Grammar 2*. Chicago: University of Chicago Press.
8. Perlmutter, David, and Postal, P. (1977) 'Toward a universal characterization of passivization.', in Perlmutter, David, (ed.) *Studies in Relational Grammar 1*. Chicago: University of Chicago Press.
9. Richards, Jack C. and Schmidt, Richards (2002) *Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics*. 3rd edn. Essex: Pearson Education Limited.
10. Rosen, C. (1981) *The Relational Structure of Reflexive Clauses: Evidence from Italian*. Harvard University.
11. Salih, M. H. (1985) *Aspects of Clause structure in Arabic Standard: A study in Relational Grammar*. University of New York.
12. Wimbish, John Stedman, (1987) *A relational grammar of Ilocano*. Texas: University of Texas.

## الملخص

## (بنية الجملة في اللغة الكوردية من منظور القواعد العلائقية)

تعد نظرية القواعد العلائقية من النظريات التي تعد بنية الجملة الى البنية العلائقية، أي بمعنى ان العلاقات القواعدية هي التي تتبلور الصياغة الاولية والنهائية للجملة.

ينقسم البحث الى قسمين، في القسم الأول عرضنا الجانب النظري و أهم المفاهيم التي ترتكز عليها النظرية في تحليل البنية العلائقية للجملة. أما القسم الثاني يتضمن أربعة مباحث، المبحث الأول يدرس التصنيفات حسب نظرية القواعد العلائقية، والمبحث الثاني يدرس بنية الجملة البسيطة في اللغة الكوردية أستنادا الى مفاهيم نظرية القواعد العلائقية، والمبحث الثالث يتضمن دراسة ظاهرة المبني للمجهول في اللغة الكوردية من منظور القواعد العلائقية، والمبحث الرابع يعرض بنية الجملة المعقدة من منظور القواعد العلائقية. والمبحث الأخير يدرس الضمائر الأنعكاسية في الجملة.


**الكلمات الدالة**: القواعد العلائقية ، العلاقات النحوية ، شبكة العلاقات، بنية الجمل.

# Abstract

## Sentence Structure in the Kurdish Language according to Relational Grammar

The theory of Relational Grammar is one of the theories that considers the structure of the sentence to the relational structure, that is grammatical relations are what form the initial and final formulation of the sentence.

The research is divided into two parts. In the first part of the research, we presented the theoretical basis and the most important concepts on which the theory is based in analysing the relational structure of the sentence. The second section of the research includes four sub-parts, the first section studies categories according to the theory of Relational Grammar, the second section studies the simple sentence structure in the Kurdish language based on the concepts of Relational Grammar theory, and the third section includes a study of the passive phenomenon in the Kurdish language from the perspective of Relational Grammar, and the section fourth presents complex sentence structure from the perspective of Relational Grammar. In the last section we study a reflexive clause.


**Key-Words**: Relational Grammar, Grammatical relations, Relations Network, Sentence Structure.

# ڕۆلێ بنەمایێن دەنگسازیێ
# د وەرارا سەروایا هۆزانا کوردیدا
## هۆزانێن کرمانجییا ژۆری وەک نموونە

**م. کاوە طاهر ظاهر**
پشکا زمانێ کوردی- کۆلیژا زمانان- زانکۆیا دهۆک
E-mail: kawa.kurdi8396@gmail.com

**پوختەیا ڤەکۆلینێ:**

دەنگسازی ئێکە ژ ئاستێن زمانی ورۆلەکێ باش دبینیت ژ دیارکردنا دەنگێن گشتی و دەنگێن تایبەت ب زمانەکێ دیارکریڤە، د ئەڤێ ڤەکۆلینێدا مە هەولدایە رۆلێ دەنگسازیێ د بوارێ ئەدەبێدا دیار بکەین ب تایبەتی د هۆزانێدا، فۆن و فۆنیم وەکو پێکهێنەرێن سەرەکیێن دەنگسازیێ د بوارێ زمانڤانییێدا رۆلێ ئەوان هاتیە دیارکردن و گەلەك ڤەکۆلین ل سەر هاتینە ئەنجامدان، بەلێ ڕۆلێ ئەوان د بوارێ ئەدەبیدا وەك پێدڤی کار ل سەر نەهاتیەکردن.

د ئەڤێ ڤەکۆلینێدا مە ڕۆلێ فۆن وفۆنیم د ئاڤاکردنا سەروایێ د هۆزانا کوردیدا ل قۆناغێن جودا دیارکردییە، بۆ ئەڤێ مەبەستێ ژی هندەك نموونێن هۆزانێ وەکو کەرەستەیا ڤەکۆلینێ هاتینە شرۆڤەکردن، ئەڤ ڤەکۆلینە ژ بلی پێشەکی و ئەنجامان چەند سەرە بابەتەکێن دی ب خۆڤە دگریت.

پەیڤێن سەرەکی: فۆن، فۆنیم، سەروا، دەنگێن سەروایێ، هۆزان.

## - پێشەکی

١- ناڤونیشانێ ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینا ب ناڤونیشان (ڕۆلێ دەنگسازیێ د ئاڤاکردنا سەروایێ د هۆزانا کوردیدا، هۆزانێن کرمانجیبا سەری وەک نموونە، ڤەکۆلینەکا شیکارییە)، کو تێدا بەحسێ فۆن وفۆنیم هاتیەکردن و ڕۆلێ ئەوان د ئاڤاکردنا سەروایێ د هۆزانا کوردی هاتییە دیارکردن، بۆ ئەڤێ مەبەستێ ژی هندەك هۆزانێن کوردی یێن ژ جۆرێن جودا هاتینە شرۆڤەکردن.

٢- گرنگییا ڤەکۆلینێ:

گرنگییا ئەڤێ ڤەکۆلینێ د هندێدایە، داکو ڕۆلێ دەنگان د تێکستێن ئەدەبیدا و ب تایبەت د هۆزانێدا دیاربکەین.

٣- ڕێبازا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ل دویڤ ڕێبازا شیکارییێ هاتیە ئەنجامدان.

٤- ئارمانجا ڤەکۆلینێ:

ئارمانج ژ نڤێسینا ئەڤێ ڤەکۆلینێ گەهشتنا بەرسڤا ئەڤان خالێن ل خوارێنە:

أ- ئایا فۆن و فۆنیم وەکو یەکەیێن سەرەکیێن دەنگسازیێ چ ڕۆل هەنە د بەرهەمێن ئەدەبیدا ب تایبەت د هۆزانێدا؟

ب- ئایا دەنگ دشێت ب شێوەیەکێ چالاك ڕۆل هەبیت د ئاڤاکردنا سەروایێ د هۆزانا کوردیدا ب گشتی؟

ج- ئایا چ پەیوەندی د ناڤبەرا دەنگ و هۆزانێدا هەیە، پەیوەندیەکا ئێك لایەنە یان دوو لایەنە؟

٥- کەرەستێ ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ب شێوەزارێ کرمانجیبا سەری دەڤۆکا باهدینی هاتییە نڤێسین و نموونە ژی ل هەر چوار جۆرێن (کلاسیکی، فۆلکلۆری، نوی، نویخواز) هاتینە وەرگرتن و شرۆڤەکردن.

٦- ناڤەڕۆکا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ژ سێ پشکان پێکدهێت، پشکا ئێکێ ب ناڤونیشانێ (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی وەک یەکەیێن دەنگسازیێ)، و ئەڤان تەوەران ب خۆڤە دگریت: (فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی). پشکا دووێ ب ناڤونیشانێ (سەروا)، کو تێدا بەحسێ ئەڤان تەوەران هاتیەکرن (زاراڤێ سەروایێ، پێناسێن سەروایێ، پێکهاتێن سەروایێ). پشکا سێیێ ب ناڤ و نیشانێ (شرۆڤەکردن و دیارکردنا دەنگێن سەروایێ د هۆزانا کوردیدا)، کو تێدا نموونێن هۆزانێ یێن هەرچوار جۆرێن (کلاسیکی، فۆلکلۆری، نوی، نویخواز) هاتینە شرۆڤەکردن و دەنگێن سەروایێ هاتینە دیارکردن.

## پشکا ئێکێ: فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی وەک یەکەیێن دەنگسازیێ

### ١- فۆنەتیك:

فۆنەتیك لقەکە ژ ئاستێ دەنگێ و دهێتە هژمارتن لقەکێ سەرەکی ژ زمانی، واتە ئەم وەسا دبینین کو فۆنەتیك ئەو قالبێ زمانیە دەربارەی چاوانییا دروستکرنا دەنگان و لێکدانا فۆنیمان ڤەکۆلینا ئەنجام ددەت، هەروەسا ئەم دشێین بێژین فۆنەتیك گرنگییێ ددەتە چاوانییا دروستبوونا دەنگان ژلایێ ئەندامێت ئاخڤتنێڤە و ڤەگوهاستنا دەنگان ئەوژی ب هاریکاریا پێلێت هەوای و چاوانییا وەرگرتنا دەنگان ژلایێ گوهداریڤە، بۆ پتر زانین بەرێ خۆ بدە ئەڤی وێنەی:




(ئەمین، ٢٠٠٤، ٤٦)

کەواتە جهێ دەنگسازییێ د ئەڤێ دەلیڤێدا دکەڤیتە دگەل ڤەکۆلینێن دە نگی، ئانکو ئەوان ڤەکولینێن لسەر فۆنێن دەنگی دهێنەکردن.

فۆنەتیك (ئەرك و سنوور):

أ- پێناسە:

سەبارەت چەمکێ فونەتیکێ یێ هاتیە وەرگرتن ژپەیڤا (فون) یا یونانی و ب واتایا (دەنگ )ددەت و ئەڤ هێمایە // بۆ دهێتە دانان ، بەلێ سەبارەت پێناسەکرنا ئەڤی زاراڤی هاتیە گوتن کو ((فونەتیك بەشێکە لە زانستی زمان و دەربارەی دەنگەکانی ئاخافتنی مرۆڤ دەدوێ لە سیستەم و یاسایان دەکولێتەوە)) (حاجی مارف، ١٩٧٦، ٣ )، واتە هەروەکو دیار فونەتیك پشکەکا

زمانییە و گرنگیێ بدەنگێن ئاخافتنا مرۆڤی ددەت کا هەر دەنگەك چاوا دروست دبیت، هەروەسا پێناسەکا دی بڤی رەنگی هاتیەکرن و دبێژیت: ((فونەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە کەرەسە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆلێتەوە و شیبان دەکاتەوە )) (ئەمین، ٢٠٠٤، ٤٧). واتە ئەم دشێین بێژین فونەتیك ئەو لقێ زمانییە کو ڤەکۆلینێ لسەر تاکە دەنگێن زمانی دکەت، گەلەك پێناسەیێن دیتر ژلایێ زمانڤانانڤە بۆهاتینە کرن، لێ دبنەڕەتدا بۆ ئێك واتا هاتینە بکارهینان.

ب- ئەرك و سنوور:

فۆنەتیك ڤەکۆلینێ ل سەر دەنگێن زمانی دکەت ب گشتی ئەوان دەنگان ژی دابەشی دوو پشکان دکەت ئەوژی (کەرتی و ناکەرتی) و هەر ئێك ژ ئەوان دابەشی سەر چەند لقێن دیترێن بچووك دبیت:

ئەو دەنگێن زمانینە کو لدەمێ شلۆڤەکردنێ بەر کەرتکردنێ دکەڤن وەکو (دەنگ و بڕگە) و هەرئێك ژئەوان دابەشی سەرچەند جۆرەکان دبیت.

دەنگ :

سەبارەت دانە نیاسینا دەنگی گەلەك پێناسە بۆهاتینە کرن ئێك ژ ئەوان دبێژیت: ((دەنگ ، لە لەرینەوەیەکی شەپۆلیانەیی نێو ناوەندێکی هەواییدا ، لە ئاکامی لەرینەوەی لەشێکەوە دێتە دی ، لەو لەشە لەراوەیەکە کە لە دووتوێی هەوادا بەدەوروبەری لەشە چاوگە دەنگییەکەدا پەخش و بەلاو دەبێتەوە ، لەو فرمانەوە جۆرە چڕی و شاشبوونێکی رێکوپێك لەناوەندە هەوایەکەدا دروست دەبن)) (سالار، ٢٠٠٠، ١١)، واتە لڤێرێ بۆمە دیاردبیت کو دەنگ گرێدایی فشار و شەپۆلێن فیزیکینە دناڤ هەوایدا ئەڤ چەندەژی دروست دبیت ژئەنجامێ لڤینا لەشێ سەرەکی (ژێدەر) و لدیڤدا ئەڤ دەنگە دەوروبەرێن ڤی

لەشی پەرش و بەلاڤ دبیت. هەروەسا (دەنگ)ژی دابەشی چەند جۆرەکان دبیت:

١- کۆنسۆنانت:

کۆنسۆنانت ب شێوێن جوداجودا هاتیە پێناسە کرن، بەلێ د بنەڕەتدا ئەڤ بۆچوونە تارادەیەکێ نزیکی ئێکن بۆ نموونە هاتیەگۆتن کۆ :(دبێژنە وان دەنگان کۆنسۆنانت، لدەمێ ئاخفتنێ هندەك ژوان ئەندامێن ئاخفتنێ ئەوێن دەڤیدا نزیك ئێك دبن و ناهێلن ئەڤ دەنگە ب شێوەیەکێ ئازاد دەربکەڤن ب رێکا ئەوی هەوایی ئەوێ ژ سیهێن مرووڤی دهێت دەمێ ئاخفتنێ) (حاجی مارف، ١٩٧٦، ٣٥) کەواتە دەنگێن کۆنسونانت ئەو دەنگن لدەمێ دەربڕینێ ڕێ لێ دهێتە گرتن. دەنگێن کۆنسونانت دزمانێ کوردیدا ئەڤەنە

(ب،پ،ت،د،گ،ك،ق،ج،چ،ف،ڤ،ز،س،ش،خ،ح،ە،غ،ع،ڕ،و،م w،ی-y ،ن،ل،ڵ،ر،ژ).

٢- ڤاول:

لەم جۆرەیاندا چەمکە ئەبستراکتەکان بە جۆرێک وێنا دەکرێن، کە بەرانبەر بن لەگەڵ جیهانی واقیع (هەڵکەوت)دا، واتە پێویستە چەمکە ئەبستراکتەکان وێناکردنیان لە چەمکێکی ئایدیاڵی و ناڕوون بگوازرێنەوە بۆ چەمکێکی ڕوونی ئەزموونی تاقیکاریی بۆ نموونە: چەمکی (خیانەت)، کە ڕەگێکی قووڵی هەیە لەناو فەرهەنگ و هزری کورددا، لە بنەڕەتدا چەمکێکی ئەبستراکتە، بەڵام هەندێکجار وەک (بوون)ێک ئاماژەی پێدەکرێ و دەردەبڕدرێ، وەک لە دەربڕینی (خیانەت کوردی بەم ڕۆژگارە گەیاند)، دەردەکەوێ، چەمکی (خیانەت) وەک کەرستەیەک وێناکراوە، کە بوونێکی فیزیکی هەیە و کردەیەکی ئەنجامداوە.

B. مێتافۆڕی دەفری

بەوپێیەی، کە ئێمە بوونەوەرێکی فیزیکین و خاوەن جەستەیەکی دیاریکراوین سنووری ئێمە لەگەڵ جیهانی دەرەکی جیادەکاتەوە. واتە وەک دەفرێک واین، کە ئاڕاستەیەکی ڕووەو دەرەوەی خۆمانە و ئاڕاستەیەکی ڕووەو ناوەوەیە، کە لەسەر بنەمای تەنە فیزیکییەکان وێناکراون، کە چوونە دەرەوە لە یەکێکیان واتای چوونە ژوورەوەیە لە ئەوی دیکەیان (لیکاف و جانسن، 1397،

42)، کەواتە دەکرێ وێناکردنی چەمکە ئەبستراکتییەکان لەسەر ئەم بنەمایە وێنابکرێن، چونکە "هەندێکجار چەمکێک یان جەستەی مرۆڤ وەک دەفرێک دەبینرێ بۆ لەخۆگرتنی بیر، سۆز یان ماتریاڵی جیاجیا" (عەباس، 100،2022)، بەمەش جەستەی مرۆڤ دەبێتە دەفرێک، کە چەمکە ئەبستراکتەکان دەگرێتە خۆی بۆ نموونە:

گوڵم! دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ

دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت (ئیڵخانی زادە، 2007، 67).

بە وردبوونەوە لە نیوە دێڕی یەکەم ئەوە دەردەکەوێ، کە (دڵ) وەک دەفرێک وێناکراوە، کە (دەرد و کوڵ)ی لەخۆگرتووە، واتە بۆتە دەفرێک بۆ چەمکە ئەبستراکتەکانی (دەرد و کوڵ) وەک ئەوەی بوونێکی ماددییان هەبێ.

C. مێتافۆڕی بەکەسکردن

لە دیارترین جۆرەکانی مێتافۆڕی ئۆنتۆلۆژییە، چونکە وێناکان لەسەر بنەمای جەستەی فیزیکی مرۆڤ دەنوێنێ بە جۆرێک، کە کار و چالاکییەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە مرۆییەکان دەنوێنێ. واتە پۆلێنێکی گشتییە، کە کۆمەڵێک مێتافۆڕی بەرفراوان دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان لایەنێکی دیاریکراوی مرۆڤ هەڵدەبژێرن (لیکاف و جانسن، 1397، 37)، ئەم بە پێوەرکردنەی جەستەی مرۆڤیش وەک یەکەیەکی فیزیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییەی، کە لە پرۆسەی ڕۆنانی چەمکدا پشتی پێدەبەسترێ لە چوارچێوەی واتاسازیی زانینییەوە. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ "بەکەسکردن مامەڵەکردنی ئۆبجێکتێکە وەک مرۆڤ، بینینی بابەتێکی فیزیکییە وەک مرۆڤ، جگە لە بابەتە فیزیکییەکان چەمکە ئەبستراکتەکانیش شیاوی بەکەسکردنن و دەشێ بوونێکی مرۆییانەیان پێبدرێ" (عەباس، 2022، 101)، کەواتە بەپێی ئەم ڕوانینە دەکرێ بابەتە فیزیکییەکان و ئەبستراکتەکانیش ئەم بوارەی مێتافۆڕ دابپۆشن بۆ نموونە:

بە دڵنیاییەوە منیش لە بری چارەسەر
مژدەی نەخۆشخستنی جیهانم پێیە (مەحمود، 2021، 64).

لەم دەربڕینەی سەرەوەدا (جیهان) وەک مرۆڤ وێناکراوە، بەجۆرێک کە چەمکی ئەبستراکتی (نەخۆشی) دراوەتەپاڵ.

**3-3-1 سێیەم: مێتافۆڕی ڕۆنانی**

مەبەست لێی ئەو مێتافۆڕانەن، کە چەمکێک لە ڕوانگەی چەمکێکی دیکە بەشێوەیەکی مێتافۆڕی دەنوێنن واتە ڕۆنانی ئەزموون و چالاکییەکانی مرۆڤ بەهۆی چەمکی دیکەوە (Lakoff and Johnson, 1980, 197)، بەو واتایەی چەمکێک بەهۆی واتای چەمکێکی دیکە ڕووندەکرێتەوە، چونکە لەم جۆرەی مێتافۆڕدا بواری سەرچاوە پێکهاتەی زانیاریی دەوڵەمەند بۆ چەمکی ئامانج پێشکەشدەکا (KÖVECSES, 2002, 33)، کەواتە بواری سەرچاوە لە ڕێگەی پرۆسەی نەخشەسازییەوە لەیەک نزیکبوونەوە دروستدەکا لەگەڵ بواری ئامانجدا بە مەبەستی لێکدانەوەی زانیارییەکانی بواری ئامانج، بۆ نموونە:

ڕێک لە سەری مارەکەت دا.

لەم نموونەی سەرەوەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە (سەری مار) بۆتە بواری سەرچاوە، کە کۆمەڵێك زانیاری ناڕوون و ئاڵۆزی ڕوونکردۆتەوە، کە مەبەست لێی پێکانی ئامانجێکی وردە، بەمەش مێتافۆڕی چەمکی ( گفتوگۆ جەنگە) دەنوێنێ.

**4-1 مێتافۆڕی چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا**

ڕەنگەکان بە بابەتێکی گرنگی توێژینەوە زمانەوانییەکان دادەنرێن، بە تایبەت لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە، چونکە ڕەنگەکان بەپێی ئەزموون، فەرهەنگ، داب و نەریت دەتوانن واتا و دەربڕینی جۆراوجۆر بهێننەکایەوە (romi, 2019, 136)، واتە ڕەنگەکان سەرەڕای ئەو واتایەی لەو چوارچێوە و

تێگەیشتنە هەمەکییەی، کە هەیانە چەمکی فراوانتر دادەپۆشن، هەر ئەم هۆکارەشە وادەکا، کە توێژینەوەکە بەپشتبەستن بە مۆدێلی (کۆڤێچێش) لە چوارچێوەی تیۆری مێتافۆڕی چەمکیدا ڕەنگەکانی زمانی کوردی شیبکاتەوە و بیانخاتەڕوو، چونکە (کۆڤێچێش) مێتافۆڕ بە دیاردەیەکی زانینیی-کەلتووریی (فەرهەنگی) دادەنێ (Amozada and others, 2012, 239)، چونکە لە دیدی (کۆڤێچێش) مێتافۆڕ و فەرهەنگ پەیوەستن بە یەکترییەوە بەو پێیەی زمان لایەنێکی گرنگی فەرهەنگە و فەرهەنگیش بریتییە لە تێگەیشتن و درکپێکردنی هاوبەش بۆ جیهان، بۆیە درککردنی بابەتی ماددی، ئەبستراکت و ڕووداوەکان تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ جیهان. لەبەر ئەم هۆکارەش ناتوانرێ ڕۆڵی مێتافۆڕەکان لە درککردن بۆ دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەرمان پشتگوێ بخرێ (صراحی، 1393، 100)، بە واتایەکی دیکە تێگەیشتن لە مێتافۆڕی چەمکی پەیوەستە بە فەرهەنگ و دنیابینیی مرۆڤەوە. بۆ ئەم مەبەستەش گۆڕانی مێتافۆڕی چەمکی پەیوەست دەکا بە دوو هۆکارەوە ئەوانیش:

A. جیاوازیی ئەزموون.

B. جیاوازیی ئاستی زانین. (KÖVECSES, 2012, 29).

جیاوازیی ئەزموون مەبەست لێی ئەو پرۆسەیە، کە تێیدا تاک دەخاتە بەردەم پرۆسەی ڕۆنانی چەمکەکان بەپێی ئەزموون و دنیابینیی خۆی بە جۆرێک، ئەگەر پرۆسە چەمکسازییەکە پرۆسەیەکی هەمەکی و جیهانی بوو، ئەوا ئەزموونێکی هەمەکی بەرهەمدێنێ، بەڵام ئەگەر پرۆسەکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕۆنرا، ئەوا تێگەیشتن لە چەمکەکان لەم چوارچێوەیەدا دەبێ، کە چەمکەکانی تێدا ڕۆنراوە. هەرچی جیاوازی ئاستی زانین (مەعریفی)یە لەم جۆرەیاندا تێگەیشتن سەبارەت بە چەمکەکان بەیەک شێوە ڕوونادات، هەر بۆیەش دەبێتە هۆی جیاوازی و جۆراوجۆری لە پرۆسەی

مێتافۆڕی چەمکیدا، بەم پێیەش دەکرێ تاکەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی چەندان چەمکی جیاوازی پەیوەست بە فەرهەنگ و دنیابینییەکەیان بنوێنن.

بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە هەوڵدەدا، مێتافۆڕی چەمکیی ڕەنگەکان بخاتەڕوو، بەتایبەت هەریەک لە ڕەنگەکانی (سپی، ڕەش، سوور، سەوز، زەرد، شین)، چونکە ڕەنگەکان لە شێوە هەمەکییەکەیاندا لەسەر ئاستی جیهاندا هاوشێوەن، بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراویان ڕەنگدانەوەی زەمینە و فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی ئەو زمانەیە، کە ڕەنگەکان تێیدا بەکارهاتوون ( kirmani, 2018, 166)، چونکە بەکارهێنانی ڕەنگەکان و چەمکەکەیان زۆربەی جار وابەستەیە بە توخمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە.

**یەکەم/ ڕەنگی سپی**

ئەم ڕەنگە لە زمانی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی هۆشی ئاخێوەرانی داپۆشیوە، ئەگەرچی چەمکە هەمەکییەکەی واتایەکی ئەرێنی هەیە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نایە، کە ئاخێوەرانی زمانەکە پارێزگارییان لە چەمکە هەمەکییەکەی کردبێ، کە واتایەکی ئەرێنی هەیە، چونکە بواری بەکارهێنانی فراوانتربووە و بە جۆرێک هەردوو ناوچەی ئەرێنی و نەرێنییە واتاییەکان دادەپۆشێ بەپێی چوارچێوەی بەکارهێنانەکەی مێتافۆڕی چەمکی جیاواز دەنوێنێت، هەروەک لە نموونەکانی بەشی (A)دا خراونەتەڕوو:

A.

1. ڕەگەزپەرستی: زۆربەی ئەورووپییەکان سپی پێستن.
2. خۆبەدەستەوەدان: ئاڵای سپی بۆ دوژمن هەڵناکەین.
3. پاک (شەرەف): بە دوو ڕووی سپی لە ماڵی باوکی ڕۆیشت.
4. چاوەڕوانی: چاوم سپی بوون تا خوێندنم تەواوکرد.

5. ئەزموون: ڕیشسپی گوند گرفتەکانی چارەسەر کردن.
6. دوعا: ڕووت سپی بێ کچی خۆم.
7. بێتوانا (سست): دەست و پێ سپیی هیچت پێناکرێ.
8. پیربوون (قەیرە): کەزییەی سپی لە ماڵی باوکی نواندنەوە.
9. بەتوانا (کارزان): سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە.
10. دۆخی تەندروستی: کاتێک بە برینداری گەیشتمەسەری سپی هەڵگەڕابوو.
11. نەبوونی ڕەنگی تایبەت: چەکی سپی خراوەتە بەردەمم.
12. ترس: وەکو کاغەز سپی بوویەوە.
13. خاوێنکردنەوە: مەنجەڵەکانم سپیکردنەوە.
14. ئاشکراکردن: تا ئێستا چەندین درۆم لێ سپیکردۆتەوە.
15. پاککردنەوە: سێوەکەم بۆ سپی بکە.
16. هەڕەشەکردن: بێیە سەر ڕێگام چاوانت سپی ئەکەم.

بەکارهێنانی ڕەنگی سپی لەگەڵ هەریەک لە چەمکە ئەبستراکتەکانی (ڕەگەزپەرستی، خۆبەدەستەوەدان، شەرەف، چاوەڕوانی، ئەزموون، دوعا، بێتوانا، پیربوون (قەیرە)، بەتوانا، دۆخی تەندروستی، نەبوونی ڕەنگی تایبەت، ترس، پاککردنەوە، ئاشکراکردن، هەڕەشەکردن، خاوێنکردنەوە)، توانیویەتی زانیارییەکانی ناو ئەم بوارە بە شێوەیەکی کۆنکرێتی ڕوونبکاتەوە و لە ڕێی وێناکردنیان و دەربڕینیان لە چەندین چوارچێوەی جیاواز بەجۆرێک، کە هەریەکە لە چەمکەمانی (ڕەگەزپەرستی، خۆبەدەستەوەدان، چاوەڕوانی، بێتوانا، پیربوون (قەیرە)، دۆخی تەندروستی، ترس، هەڕەشەکردن) ناوچەی نەرێنی واتاییان هەیە، بەڵام چەمکەکانی دیکەی وەک ( پاککردنەوە، ئاشکراکردن، نەبوونی ڕەنگی تایبەت، بەتوانا، دوعا، ئەزموون، پاک (شەڕەف)،

خاوێنکردنەوە) ناوچەی ئەرێنی واتاییان داپۆشیوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموون و زانینییەی ئاخیوەری کورد لە ڕوانگەی فەرهەنگەکەیدا سەبارەت بەم ڕەنگە دەیخاتەڕوو.

### دووەم/ ڕەنگی ڕەش

لە فەرهەنگ و دنیابینیی کورددا، ڕەنگی ڕەش هەم لەڕووی ئیستاتیکی و هەم لەڕووی زانینەوە سروشتێکی نەرێنی هەمەکی هەیە هەروەک لەم دێڕە شیعرەی نالیدا ڕووندەبێتەوە:

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ (فنا في النور)ی ئیمانە

مەڵێن زوڵمەت خراپە، وەسڵی پەروانە لە شەودایە (نالی، 1387، 564)

بە سەرنجدان لەم دێڕە شیعرە ئەوە بەدەردەکەوێ، کە ڕەنگی ڕەش وەکو (کوفر) و دیاردەیەکی نەرێنی وێناکراوە، ئەم وێناکردنەش پەیوەستە بە دنیابینیی کورد سەبارەت بە (کوفر)، کە ڕەگاژۆی ناو فەرهەنگەکەیەتی، بەڵام بەبڕوای نالی نەرێبوونی ئەم ڕەنگە پەیوەست نییە بە هۆکارێکی لۆجیکی یان لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کە مرۆڤ تەنها دەتوانێ ئەزموونی نەرێنی ئەم ڕەنگە بکا، بەڵکو پێیوایە دەکرێ چەمکی ئەرێنیشی ئەزموونبکرێ یان درکی پێبکرێ، کە ئەزموونی (پەروانە، ئیماندار)ییە، کە ڕەشی بووەتە هۆکاری دروستکردنی ڕووداوێکی ئەرێنی.

بۆیە مێتافۆڕی چەمکیی ئەم ڕەنگە بە پەیوەستبوونی بە ئەزموون و دیاردە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان هەردوو ناوچەی ئەرێنی و نەرێنییە واتاییەکان دادەپۆشێ وەک لە نموونەکانی (B)دا خراونەتەڕوو:

B.

1. ڕەگەزپەرستی: بەهۆی ڕەگەزپەرستی یاریزانێکی ڕەشپێست یاریگای جێهێشت.

2. دوعالێکردن: ڕووڕەشی دنیا و قیامەت بی.
3. ماندووبوون: لە کاتی ئیشدا ڕەشهەڵگەڕابووین.
4. خەم و خەفەت: جەرگی ڕەشکردم.
5. بەدبەختی: ئەو ناوچاوانە ڕەشەی من نایهێنێ.
6. ناخۆشی: ڕۆژگارتان ڕەشکردین.
7. بێهیوایی: ڕەشبینم بەرانبەر بە بەڵێنەکانی بایدن.
8. زەبروزەنگ: حکومەتی بەعس ڕەشبگیرییەکی زۆری کوردانی کردووە.
9. پرسە: سەرتاپای شار ڕەشی پۆشیوە.
10. دەروونپیس: کەسێکی هەناوڕەشە.
11. نەمان: لەسەر دونیا ڕەشبۆوە.
12. گوناهبار: دڵی ڕەشبووە، بۆیە نوێژ ناکا.
13. لەبەرچاوکەوتن: لەبەر چاوم ڕەشبووی بەم کارەی ئەنجامتدا.
14. گەمارۆ (قەدەغەکردن): سوپای پاسداران خرایە لیستی ڕەشەوە.
15. کڕین و فرۆشتنی نایاسایی: لە بازاڕی ڕەش نرخی گەنم گران بووە.
16. سڕینەوە (لێخۆشبوون): قەرزەکانی ڕەشکردمەوە.

بە سەرنجدان لە هەریەک لەم دەربڕینانەی بەشی (B)دا تێبینی ئەوە دەکرێ، کە مێتافۆڕی چەمکیی ئەم ڕەنگە زیاتر ناوچە نەرێنییە واتاییەکان دادەپۆشێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕادەیەکی بەرتەسک ناوچەی ئەرێنی واتاییش دادەپۆشێ، بەو پێیەی بواری بەکارهێنانەکە وابەستەیە بە دیاردە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانەوە، بە جۆرێک ڕەنگی ڕەش بۆتە بواری سەرچاوە بۆ هەریەکە لە چەمکەکانی (ڕەگەزپەرستی، دوعالێکردن، ماندووبوون، خەم و خەفەت، بەدبەختی، ناخۆشی، بێهیوایی. زەبروزەنگ، پرسە، دەروونپیس، نەمان، گوناهبار، لەبەرچاوکەوتن، گەمارۆ، کڕین و فرۆشتنی

نایاسایی) لەڕێی ئەزموونێکی فیزیکی و کۆنکرێتی شیکردوونەتەوە و زانیارییەکانی خستوونەتەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ مێتافۆڕی چەمکیی ڕەنگی ڕەش هەڵگری چەمکی جیهانین (Universal) بەوپێیەی هاوبەندییەکیان دروستکردووە لەنێوان ئەزموون و تێگەیشتنی گەلان وەکو چەمکەکانی (گەمارۆ، کڕین و فرۆشتنی نایاسایی)، کە ڕەنگە لە ڕێی وەرگێڕان و بەریەککەوتنی فەرهەنگەکان هاوبەندیی نێوان ئەم چەمکانە دروستبووبێ. بە وردبوونەوە لە هەریەکە لە نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێ، کە هەموو چەمکەکانی ڕەنگی ڕەش دەکەونە ناوچە نەرێنییە واتاییەکان، جگە لە چەمکی (سڕینەوە) نەبێت، کە ناوچەی ئەرێنی واتایی داپۆشیوە.

**سێیەم/ ڕەنگی سەوز**

ئەم ڕەنگە لە فەرهەنگ و دنیابینیی کورددا چەمکە هەمەکییەکەی تاڕادەیەکی زۆر بێلایەنە، بەڵام بە هەمان شێوەی ڕەنگەکانی دیکە ناوچە ئەرێنی و نەرێنییە واتاییەکان دادەپۆشێ و جیاوازی بەکارهێنانی مێتافۆڕی چەمکی هەریەک لەم دوو ناوچەیەش پەیوەستە بە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئاخێوەرانی زمانەکە وەک لە نموونەکانی بەشی(C) شیکراوەتەوە:

.C

1. خەرجی: مووچەکەم بە سەوزی خواردووە.
2. ڕووان: لەبەر سڕ و سەرما نەمامەکان سەوز نەبوون.
3. ڕێگەپێدان: گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردین.
4. پیرۆزی: هەر کەس ئەم تاوانبارە سزابدات دەستی سەوز دەبێ.

هەریەک لە چەمکەکانی (خەرجی، ڕووان، ڕێگەپێدان، پیرۆزی) وەکو بواری ئامانج زانیارییەکانیان لە ڕێگەی ڕەنگی (سەوز) وەک چەمکێکی بواری سەرچاوە ڕوونکراونەتەوە، بەوپێیەی زانیارییەکانی بواری سەرچاوە کۆنکرێتین

و دەتوانن کردەی تێگەیشتن ئاسانتر بکەن بە بەراورد بە بواری ئامانج، کە بوارێکی ئەبستراکتە. میتافۆری ڕەنگی سەوز بە بەراورد بە ڕەنگەکانی (ڕەش، سپی) کەم بەرهەمترە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتەی ڕەنگەکە هەیەتی لە وێناکردن و نواندنی ئەزموون و دیاردە فەرهەنگییەکاندا. بەوردبوونەوە لە هەریەک لەم نموونانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە چەمکەکانی (ڕێگەپیدان، پیرۆزی) ناوچەیەکی ئەرێنی واتاییان هەیە لە هزری ئاخێوەراندا، بەڵام چەمکی (خەرجی) ناوچەیەکی نەرێنی واتایی داپۆشیوە، هەروەها چەمکی (ڕووان) ناوچەیەکی نەرێنی واتایی داپۆشیوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش دەکرێ بەپێی دەوروبەری بەکارهێنراو ناوچەی ئەرێنی واتاییش داپۆشێت.

**چوارەم/ ڕەنگی زەرد**

میتافۆری چەمکیی ڕەنگی زەرد بە بەراورد بە ڕەنگی سەوز بەرهەمدارترە لە زمانی کوردیدا، هەروەها دەتوانێ هەر دوو ناوچەی ئەرێنی و نەرێنییە واتاییەکان داپۆشێ و وەکو بواری سەرچاوە زانیارییەکانی بواری ئامانج بخاتەڕوو وەک لە نموونەکانی بەشی (D)دا خراوەتەڕوو:

.D

1. لێنان: کەنگرم زەردکردن بۆ زستان.
2. گەیین: کاڵەکەکە زەرد نەبووە.
3. سیسبوون: گەڵای دارەکە زەرد بووە.
4. ترسان: لە ترسی پۆلیس ڕەنگی زەرد بووە.
5. نەخۆشی: ئەم منداڵە زەرتکی گرتووە.
6. گوناهکار: خوایە ڕووزەردی دنیا و قیامەتمان نەکەی.

ڕەنگی زەرد بۆ هەر یەکە لە چەمکەکانی (لێنان، گەیین، سیسبوون، ترسان، نەخۆشی، گوناهکار) بووەتە بواری سەرچاوە و زانیارییەکانی سەبارەت

بەم چەمکانە بە شێوەیەکی بابەتی خستۆتەڕوو، واتە لەسەر بنەمای نەخشەسازیی نێوان بوارە چەمکییەکان لە ڕێی بوارێکی کۆنکرێتی و دیاریکراوەوە لێکدانەوەی بۆ بوارێکی دیکە کردووە، زانیارییەکانی ناو بوارە کۆنکرێتییەکەشی ڕەگاژۆی فەرهەنگ و ئەزموونی تاکەکانن، جگە لەمەش چەمکەکانی (سیسبوون، ترسان، نەخۆشی، گوناهکار) ناوچەی نەرێنی واتاییان داپۆشیوە، بەڵام چەمکەکانی دیکەی (گەیین، لێنان) ناوچەی ئەرێنی واتاییان داپۆشیوە.

**پێنجەم/ ڕەنگی سوور**

چەمکی هەمەکی ئەم ڕەنگە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا واتایەکی نەرێنی هەیە، بەڵام مێتافۆڕی چەمکییەکەی بەپێی ئەزموون و دەرکەوتە فەرهەنگییەکان چوارچێوەی بەکارهێنانەکەی فراوانتر دەبێ و ناوچە ئەرێنییە واتاییەکانیش دادەپۆشێ هەروەک لە نموونەکانی (E)دا خراوەتەڕوو:

.E

1. هەڕەشەکردن: چاوسوورکردنەوە لە خەڵک ئاکامی باشی نابێ.
2. برژاندن: گوڵەبەڕۆژەی سوورکردەوە.
3. شەرمکردن: لە شەرمی مامۆستاکەی سوورهەڵگەڕا.
4. تاوانبار: دەستی بە خوێنی سەدان هاوڵاتی سوورە.
5. بێگوناح: ڕووسووری قیامەت بی.
6. سنووردانان: هێڵی سوور نەبەزێنی.

بە سەرنجدان لەم دەربڕینانە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە چەمکەکانی (هەڕەشەکردن، برژاندن، شەرمکردن، تاوانبار، بێگوناح، سنووردانان) مێتافۆڕی چەمکییەکانیان ڕەگاژۆی ناو فەرهەنگی کوردن و لە دەربڕینە زمانییەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. ڕەنگی (سوور)یش وەکو بواری سەرچاوە ئەرک و ڕۆڵێکی

گرنگی هەیە لە شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکانی ئەم چەمکانە بە جۆرێک، کە هەر یەکەیانی پەیوەستکردووە بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی جیاواز و زانیارییەکانی بە شێوەیەکی کۆنکرێتی خستۆتەڕوو، بەڵام ئەوە بەو واتایە نایە، کە هەموو زانیارییەکانی بواری ئامانج بە شێوەیەکی بەرجەستە و کۆنکرێتی ڕووندەکاتەوە، بەڵکو هەندێکجار بە شێوەی ئەبستراکت دووبارە زانیارییەکە دادەڕێژێتەوە، واتە بواری سەرچاوە، کە بوارێکی کۆنکرێتییە زانیارییەکانی بە شێوەیەکی ئەبستراکت دەخاتەڕوو، هەروەها هەریەکە لە چەمکەکانی (هەڕەشەکردن، شەرمکردن، تاوانبار، سنووردانان) دەکەونە ناوچە نەرێنییە واتاییەکان، بەڵام چەمکەکانی (برژاندن، بێگوناح) ناوچەیەکی ئەرێنی واتاییان هەیە.

### شەشەم/ ڕەنگی شین

مێتافۆری چەمکیی ڕەنگی شین لە فەرهەنگ و دنیابینی تاکی کورددا بایەخێکی گرنگی هەیە هاوشێوەی هەموو ئەو ڕەنگانەی پێشووتر خرانەڕوو، ئەمەش بەهۆی ئەو چالاکییەی، کە لە وێناکردن و خستنەڕووی چەمکەکاندا هەیەتی بەجۆرێک، کە توانیویەتی هاوبەندیی چەمک لەنێوان جیهانی فیزیکی و ئەبستراکتدا بهێنێتەکایەوە وەک لە نموونەکانی (F) دا خراوەتەڕوو:

.F

1. ڕوووان: بەهۆی باران بارین گەنمی ئەمساڵمان شین بوو.
2. گەورە (قەبارە): ئەو شینە درۆیەت لە کوێ هێنا؟
3. هەڵچوون: بۆ ئاوا خۆت شین کردۆتەوە؟
4. پرسە: شینی شەهیدان ناکەین، تا سەرنەکەوین.
5. پێداگرتن: دیسان لە من شینبوویەوە.

مێتافۆڕی چەمکیی ڕەنگی (شین) بۆتە بواری سەرچاوە بۆ بواری ئامانج، کە خۆی دەبینێتەوە لە چەمکەکانی (ڕووان، قەبارە، هەڵچوون، پرسە، پێداگرتن)، بە جۆرێک کە ئەو چەمکە هەمەکییەی، کە لە زەینی مرۆڤدایە فراوان دەبێ و لە چوارچێوەی فەرهەنگ و زانینی مرۆڤ. بە تایبەت ئەو زانینەی لەڕێی هەستی (بینین)ەوە چەمکسازی بۆ دەکرێ ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە ڕۆنانی مێتافۆڕی چەمکیی ڕەنگ، بەمەش ڕەنگەکان زانیارییە ئەبستراکتەکان بە پشتبەستن بە ڕوانینی فەرهەنگی لە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی و بەرجەستەدا دەخاتەڕوو، بەجۆرێک کە هەریەکە لە چەمکەکانی (قەبارە، هەڵچوون، پرسە، پێداگرتن) ناوچەیەکی نەرێنی واتاییان داپۆشیوە، بەڵام چەمکی (ڕووان) دەکەوێتە ناوچە ئەرێنییە واتاییەکان.

**ئەنجام**

- بە پشتبەستن بەو داتایانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو مێتافۆڕی چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا هەڵگری چەمکێکی قووڵی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیین و بواری بەکارهێنانیان بە بەراورد بە فەرهەنگەکانی دیکە جیاوازە.
- هاوشێوەی دیاردە زمانییەکانی تر چەمکی هاوبەش و جیهانییان هەیە، کە دەکرێ لە ڕێی جۆراوجۆرەوە گوازرابنەوە بۆ نێو زمانە جیاوازەکان، واتە هەندێک لە مێتافۆڕە چەمکییەکانی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا ناوچەیین و پەیوەستن بە فەرهەنگی کوردەوە، بەڵام هەندێکی تریان جیهانین وەک لە مێتافۆڕی چەمکی ڕەنگەکانی (ڕەش، سپی، سەوز) خراوەتەڕوو.
- مێتافۆڕی چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، فۆڕمی هاوبەشی وشە دروستدەکەن، بەڵام هۆکاری پشت ئەم هابەشییە لە ئەزموون و زانینی جیاوازەوە

سەرچاوەیان گرتووە، وەکو چەمکی (ڕووان) لە هەریەکە لە ڕەنگەکانی (شین، سەوز)دا.

- هەر شەش ڕەنگەکانی (سپی، ڕەش، سوور، زەرد، سەوز، شین) ناوچە ئەرێنی و نەرێنییە واتاییەکان دادەپۆشن، هەروەک لە داتاکاندا ڕوونکراوەتەوە بەجۆرێک، کە ڕەنگی سپی (٨) واتای نەرێنی و (٨) واتای ئەرێنی هەیە، واتە ئەم ڕەنگە بە بەراورد بە ڕەنگەکانی تر زۆرترین بەکارهێنانەکانی کەوتووەتە ناوچە ئەرێنییە واتاییەکان، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕەنگی ڕەش، کە زۆرترین بەکارهێنانەکانی کەوتووەتە ناوچە نەرێنییە واتاییەکان بە جۆرێک، کە (١٥) جار بەشێوەی نەرێنی و (١) جار بەشێوەی ئەرێنی بەکارهاتووە.

- هەریەک لە ڕەنگەکانی (زەرد، سوور) بواری بەکارهێنانیان یەکسانە، بەجۆرێک، کە (٤) جار کەوتوونەتە ناوچەی نەرێنی واتایی و (٢) جاریش ناوچەی ئەرێنی واتایی، هەرچی ڕەنگی سەوزە (٢) جار بە شێوەی ئەرێنی و (١) جاریش بە شیوەی نەرێنی بەکارهاتووە، بەڵام ڕەنگی شین (٤) جار ناوچەی نەرێنی واتایی و (١) جاریش ناوچەی ئەرێنی واتایی داپۆشیوە.

- مێتافۆڕ بەشێکی دانەبڕاوە لە بیرکردنەوە و چالاکییە مرۆییەکان و میکانیزمێکە، کە لە ڕێیەوە چەمکە ئەبستراکتییەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر گوزارشتیان لێدەکرێ و دەخرێنەڕوو.

- ڕەنگەکان چەمکێکی هەمەکییان هەیە لە زمانە جیاوازەکاندا، بەڵام بەپێی دەوروبەری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و فیزیکی چەمکی مێتافۆڕی جیاواز ڕۆدەنێن.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

- عەباس، ئاشنا فارس (2022)، مێتافۆڕ لە شیعرەکانی قوتابخانەی باباندا توێژینەوەیەکی سیمانتیکی مەعریفی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
- مەحموود، ئاڤێستا کەمال (2012)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- ئەرستۆ (2011) هونەری شیعر، و. عەزیز گەردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
- ئەحمەد، بێستوون حەسەن (2012)، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- عەلی، بەکر عومەر (2000)، مێتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.
- عەبدوڵا، دلێر قادر (2022)، گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.
- حسەین، شیلان عومەر (2009)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد و بەهرە سەلام حەمەغەریب (2020)، مێتافۆرییە چەمکییەکان لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (3)ی ساڵی2020.
- غەفوور، مستەفا (2018)، ئیدیۆم و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- جەواد، هۆشەنگ فارووق (2021)، پوختەیەکی تیۆری مێتافۆرە چەمکییەکان و پەیڕەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدیۆمی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 49، ساڵی.
- پەشابادی، یەدوڵڵا (1399)، خواستنی ئاڕاستەیی لە شیعری عەبدوڵڵا پەشێو دا، پژوهشنامە ادبیات کردی، سال 6، شمارە 1، پیاپی 9، بهاروتابستان.

### بە زمانی فارسی

- روشن، بلقیس و اردبیلی، لیلا (1399)، مقدمە ای بر معناشناسی شناختی، چاپ سوم، نشر علم، تهران.

- خصلتی، حمید و همکاران (1401)، تحلیل استعاره مفهومی ساختاری<<هستی>> در غزل های بیدل دهلوی، متن پژوهی ادبی، دوره 26، شماره 92 ، تابستان.
- گندمکار، راحله (1398)، یسویگی استعاره هایی مفهومی؛ تحلیلی انتقادی بر مبنای زبان فارسی، علم زبان؛ سال 4، شماره10 پاییزوزمستان.
- هاشمی، زهره (1398)، نظریه استعاره مفهومی از دیدگاه لیکاف، ادب پژوهی، شماره، دوازدهم، تابستان.
- لۆبنر، سباستیان (1399)، در آمدی بر معناشناسی، ترجمه. جلال رحیمیان، چاپ و صحافی روز، چاپ اول.
- صفوی، کورش (1399)، در آمدی بر معنی شناسی، چاپ ششم، انتشارات سوره مهر، تهران.
- مهند، محمد راسخ (1398)، مکاتب زبان شناسی، چاپ یکم، چاپ و صحافی فرهنگ بان.
- صراحی، محمدامین (1393)، روی کردی ردەشناختی، به استعارەهایی مربوط به رنگ در زبان فارسی، فصلنامه علمی – پژوهشی زبان پژوهشی، دانشگاه الزهرا، سال ششم، شماره 11، تابستان.
- کرمانی، معصومه (2018)، بررسی شناختی رنگ واژهی" سفید " در زبان فارسی: با تکیه بر نظریهی سرنمون و مقولات مرکز- پیرامونی SABARD, YEAR,16/SAYI/ISSUE32/ BAHAR/SPRING.
- اونز، وی ویان و گرین، ملانی (1399)، زبان شناسی شناختی، ترجمه: جیهانشاه میرزابیگی، چاپ دوم، انتشارات اگاه، تهران.
- لیکاف، جورج و جانسن، مارک (1397)، استعاره هایی که با آن زندگی می کنیم، ترجمه، جیهانشاه میرزابیگی، چاپ یکم، چاپ و صحافی فرهنگ بان.

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Abdulrahman, Almas Nasradeen (2016), An investigation of conceptual Blends in the figurative language of English Advertisements: A cognitive semantic Approach, university of Sulaimani.
- Lakof, George and Johnsn, mark (1980), the metaphorical structure of the human conceptual system, cognitive science 4.
- Wang, Haixia (2011), integrating language and culture through conceptual metaphor in teaching Chinese as foreign language, Master of education,

University of Pittsburgh.
- amouzadeh, Mohammad and others (2012), A cognitive study of colour terms in Persian and English Procedia- social and behavioral science 32.
- romi, Najat o. kareem (2019), colour-related idiomatic expressions in English and Kurdish, koya university journal of humanities and social science.
- KÖVECSES, ZÖLTÄN (2002), metaphor: A practical Introduction, oxford university press.
- KÖVECSES, ZÖLTÄN (2005), metaphor in culture universality and variation, Cambridge university press.
- KÖVECSES, ZÖLTÄN and others (2012), Cognition and culture the role of the metaphor and metonymy, EÖTVÖS University Press.

### سەرچاوەی داتاکان

- مەحمود، ڕامیار (2021)، من شەوێکی دڵتەنگم هەیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، تاران.
- ئیڵخانی زادە، سوارە (2007)، زەمزەمەی زوڵاڵ، کۆکردنەوەی، عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- خاڵ، شێخ محەمەدی (2005)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- شێخانی، عەبدولوەهاب (2009)، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- موکریانی، گیوی (1999)، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- نالی، (1387)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی شەشەم، انتشارات کردستان، سنە.
- هەژار (1396)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پویا، تهران.
- ڕەشید، یوسف (2013)، فەرهەنگی ئەناهیتا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

**ملخص**

**الاستعارة المفاهيمية للون في اللغة الكوردية**

يحاول بحث تحليل الاستعارة المفاهيمية للألوان الأساسية من منظور هذه النظرية.

يوضح هذا أن أيا من الألوان (أبيض، أسود، أصفر، أخضر، أحمر، أزرق) يمكن أن يصبح المجال المصدر لتمثيل المعلومات في المجال الهدف، وهو حقل مجرد، لذلك يتم تقديم المعلومات في هذه المناطق بطريقة ملموسة. تندرج الاستعارات المفاهيمية للألوان أيضا في كل من المناطق الدلالية الإيجابية والسلبية، بسبب الاختلافات في التفكير البشري والثقافات.

**الكلمات الدالة:** الاستعارة المفاهيمية، مجال المصدر، مجال الهدف، التماثل، لون.

**Abstraction**

A research entitled (Conceptual Metaphor of Color in Kurdish Language), which attempts to analyze the conceptual metaphor of basic colors from the perspective of this theory.

This explains that any of the colors (white, black, yellow, green, red, blue) can become the source domain to represent the information in the target domain, which is an abstract field, so the information in these areas are presented in a concrete manner. Conceptual metaphors of colors also fall into both positive and negative semantic zones, due to differences in human thinking and cultures.

**Key words:** conceptual metaphors, source domain, target domain, mapping, colour.

# مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە
# لە ڕۆمانی کوردیدا
## (کۆچڕەو کۆچڕەو)ی عەبدوڵڵا سەڕاج بەنموونە


**نعمە قەرەنی ئیسماعیل**
بەشی کوردی / کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
neamah.ismail@su.edu.krd

**پ. د. نەوزاد وەقاس سەعید**
بەشی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
nawzad.saeed@su.edu.krd



**پوختە**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕۆمانی کوردیدا، کۆچڕەو کۆچڕەوی عەبدوڵڵا سەڕاج بەنموونە". ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕوانگەی جیاجیاوە، واتە توێژینەوەکە ئەو پۆلینانەی بۆ جۆرەکانی ئەفسانە کراوە دەخاتەڕوو . لەم توێژینەوەدا مەزراندن و تەکنیکەکانی جەختیان دەکرێتەسەر ، ئەمەش بەمەبەستی خستنەڕووی چۆنیەتی مەزراندنی ئەفسانەکانە لە ڕۆمانەکەدا، واتە هەر ئەفسانەیەک بە چ جۆرە تەکنیکێک مەزرێندراوە دەخرێتەڕوو. واتە ئامانجی توێژینەوەکە بەرباس خستنی چۆنیەتی مەزراندنی ئەفسانەیە لە ڕۆماندا. گرنگی توێژینەوەکە خستنەڕووی ئەوەیە، کە چۆن جۆرەکانی ئەفسانە لەپێناو گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆردا لە دەقی ڕۆماندا دەمەزرێنرێ. بە واتای ئەوەی، توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی ئەفسانە و تەکنیکەکانی مەزراندن لە ڕۆماندا. توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر دوو تەوەر. تەوەری یەکەم جگە لە سەرەتایەکی کورت تەرخانە بۆ ناساندنی

چەمك و زاراوەی مەزراندن، پاشان تیشك دەخرێتە سەر تەکنیکەکانی مەزراندن, دواتریش پێناسەی ئەفسانە. تەوەری دووەم جۆرەکانی ئەفسانە و مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەوی عەبدوڵڵا سەڕاج لەخۆ دەگرێ. لە کۆتاییشدا ئەنجام، سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخرێنەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** مەزراندن، تەکنیکەکانی مەزراندن، ئەفسانە، جۆرەکانی ئەفسانە، کۆچڕەو کۆچڕەو.

## ١. سەرەتا

ئەفسانە وەک کۆنترین ژانری ئەدەبی و مەزراندنی لە ژانرێکی نوێی وەک ڕۆماندا، دەبێتە هۆی لەناو نەچوون و بە نەمری هێشتنەوەی ئەو ئەفسانانە ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی تریش دەبێتە هۆی بە بەرز سەیرکردنی ئەم ڕۆمانانە، جگە لەمانەش ڕۆمانی سەردەمیانە لای میللەتانی تری وەک ئەمریکای لاتین، فۆلکلۆر بەگشتی و ئەفسانە بە تایبەتی بۆتە سەرچاوەی داهێنان و ناسینەوەی ئەم میللەتە ، بەمەش بەکارهێنانی ئەفسانە و گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر وەک مۆرکێکی نوێی ڕۆمانی ئەمریکی و دواتر ئەوروپی دەرکەوتووە. نووسەری کوردیش بەمەبەستی ڕامان و خستنەڕووی تێڕوانینێکی سەردەمیانە و بۆ گەیاندنی پەیامەکەی لەبارەی ئەو کێشە و ئاریشانەی لە ئارادایە، پێویستە پشت بە ئەفسانەکان ببەستێ و بیانمەزرێنێ.

کۆچڕەو کۆچڕەو، ڕۆمانێکە پڕیەتی لە ئەفسانەی کوردی و بیانی ، ڕۆماننووس توانیویەتی سوود لە چەندین جۆری ئەفسانە وەربگرێ و لە دەقەکەیدا و بە تەکنیکی جیاواز بیانمەزرێنێ. عەبدوڵڵا سەڕاج بۆ گوزارشتکردن لەو نەهامەتیانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر گەلی کورددا هاتووە

وەک بابەتی کۆڕەوی کوردان لە ساڵی ١٩٩١ دا لە دوتوێی ڕۆمانێکدا بە ئاگاییانەوە جۆرەکانی ئەفسانەی مەزراندوە.

**١.١ ناساندنی مەزراندن (زاراوە، چەمک، پێناسە)**

زاراوەی مەزراندن بەرامبەر بە وشەی (توظیف)ی عەرەبی و (use)ی ئینگلیزی و (استخدام)ی فارسی دێت. لە فەرهەنگی (لسان العرب) دا بە مانای (مەزراندنی شتێ لەسەر خۆی، بە شێوەیەک کە ناچاربووبی بیمەزرێنێ) دێت (ابن المنظور، ٤٨٦٩). واتە لە ڕووی زاراوەییەوە مەزراندن وەکو پێویستییەک بۆ گەیاندنی مەبەستێک ئەنجامدەدرێت .

مەزراندن لە ئەدەبدا، بە واتای ئەوە دێت، کە نووسەر پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ کەلتووردا بینادەکا و بەکاریدێنێ، جیا لەوەی کە تەنها گەیاندنی مەبەستێک بێ، لەم قۆناغەشدا بە زیادکردنی بەهای نەمری ئەو کەلتوورە، کاتێک کەلتوور دەبێتە هێمایەک بۆ هەموو سەردەمەکان و پەیوەست نابێ بە سەردەمێکی دیاریکراو و دەرئەنجامەکانیشی سیمای نوێ وەردەگرن، نووسەر هەڵیاندەبژێرێ و لە بەرهەمەکەیدا دەیانمەزرێنی ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەزموونەکەیدا بگونجێ و گوزارشت لە خەمەکان بکات، بەمەش ئامانجێکی دوولایەن دەستەبەر دەکات ، بە مانا گشتگیرییەکەی جۆرێک لە ڕەسەنایەتی و گشتگیری بەبەستنەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتی بە ئەزموونی خۆی دەبەخشێ، لەلایەکی تریشەوە دەرەنجامەکان دەوڵەمەند دەکات بەزیادکردنی دەلالەتی نوێ بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی نوێ (زاید، ١٩٩٧، ٥٨-٥٩ ).

زۆرجار نووسەر لە کردەی مەزراندندا سوود لە حیکایەت و خەیاڵی ئەفسانەیی وەردەگرێت بەو واتایەی ((مەزراندنی فۆلکلۆر هەروا بە ئاسانی و سەرپێییەوە نییە، هەر تەنیا گواستنەوەی بیرۆکە و کەش و هەوای فۆلکلۆری بەس نییە......، بەڵکو پێویستە سوود لە هێزی ئەندێشەی هەقایەتی ئەفسانەیی و خورافی وەربگیرێ)) ( ڕەشید، ٢٠٠٧ ، ٨٨).

کەواتە مەزراندن تەکنیکێکی ئەدەبی و هونەرییە، کە دەنگی ئێستا و ڕابوردوو بەیەکدەگەیەنێ و تێکەڵی دەکات، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێک لە بەرهەمی ئەدەبیدا. (علي عشري) لە بارەی مەزراندنی کلتوورەوە دەڵێ ((مەزراندن واتە بەکارهێنانی دەرەنجامەکانی کەلەپوور، بە بەکارهێنانێکی هونەری و ئاماژەیی، کە بەشێوەی ڕەمز بیمەزرێنێ بۆ لەخۆگرتنی ڕەهەندەکانی سەردەم لە دیدی شیعری شاعیرەکەوە، بەم پێیە شاعیر تایبەتمەندیی ئازارەکانی خۆی بەسەر دەرەنجامەکانی کەلەپوور دادەبەزێنێ و دەبێتە دەرەنجامێکی کەلەپووری سەردەمیانە و گوزارشت لە تاڵترین خەمەکانی شاعیری هاوچەرخ دەکات، لەو کاتەی کە شاعیر هەڵگری هەموو ڕەسەنایەتی و ئەساڵەتێکی / پاکیزەییەکی کەلەپوورە، کە پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان کەلەپووری کۆن و دیدی شیعری هاوچەرخ دروست دەبێت و نابێتە شتێکی سەپێندراو)) (رحاحلة ،٢٠٠٧، ١٥-١٦) .

بەکارهێنانی ئەو دەرەنجامی کەلەپوور لە ئەنجامی ((سوود وەرگرتن لە کەرەسەی خاوی کەلەپوورە بۆ دەقی ئەدەبی و بارگاویکردنیانە بە دید و بۆچوونی نوێ کە لە دەقە ڕەسەنەکەدا بە شێوەیەکی ڕوون بەرچاو نەکەوتووە، کە بگونجێ لەگەڵ شێوە هونەری و ئیستاتیکیەکەیدا)) (المفرح ،١٤٢٦، ٢٠).

ئەفسانە لەخۆگری کۆمەڵێک ڕەگەز و ڕەهەند و هێمایە، دەشێ نووسەر ئەم ڕەگەز و هێمایانە جارێکی تر لە تێکستێکی ئەدەبیدا بیمەزرێنێتەوە. بەم پێیە مەزراندن ((باشترین شێوازە، کە ڕەگەزەکانی ئەفسانە تێیدا تێکچڕژاو و تێکەڵ بەیەک ناکرێن ، بەڵکو لە ڕێگای ئەو دەلالەتە نوێیانەی کە وەری دەگرن سەرلەنوێ زیندوو دەکرێنەوە )) (زاید، ١٩٩٧ ، ٦١).

مەبەست لە تەکنیکی مەزراندن چۆنییەتی ئاماژەکردن و بەکارهێنانی ئەفسانەیە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هێما و ئاماژە و دەرەنجامەکانییەوە و دواتر

نووسەر چۆن لە ڕێگەی فێڵی زمانەوانی و تەکنیکەکانی هونەری نووسینەوە، لە دەقی ڕۆمانێکدا بیانمەزرێنێ دووبارە ژیانیان پێ ببەخشێتەوە ، مەغزا و مەبەستەکەی بگەیێنێ.

**٢.١ جۆرەکانی مەزراندن:**

زاراوەی رەخنەی ئەفسانەیی لە کاری لێکۆڵەرانی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسیدا چەسپاو و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لە ڕوانگەی ئەفسانەکانەوە بەکاریان هێناوە هەروەک (**بیربرونال**)ی ڕەخنەگر کاتێ میتۆدی (ڕەخنەی ئەفسانەیی) لە ساڵی **١٩٩٢** دانا، کە بە نوێترین میتۆدی ڕەخنەیی دادەنرێ و لەو دەقە ئەدەبیانە دەکۆڵێتەوە کە ئەفسانەیان تێدایە، بە وتەیەکی **گابرێل گارسیا مارکیز** دەستی پێکرد کە دەڵێ (( هەر چیرۆکێک کە دەیاننووسین دە هەزار ساڵی ئەدەبی لەدواوەیە , نەک تەنها لە پشت هەر چیرۆکێک، بەڵکو لەدوای هەر دەقێکیش، هێز و مەزنی ئەو داب و نەریتانە، تاکە پاساوێک نییە بۆ گرنگیپێدانی مێژوونووسانی ئەدەب ، بەڵکو ڕێگەش دەدات بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لە بارەی ئامادەبوونی ئەفسانەکان لە دەقی ئەدەبیدا ، لەگەڵ ئەو دەستکاریانەی (تعدیلات) کە بۆی زیاد دەکات ئەویش لە ڕوانگەی ئەو ترووسکایی و ڕووناکیەی کە لێیەوە وەریدەگرێ، بۆ ماوەیەک وا گومانم دەکرد دەتوانین چەند یاسایەک دابنێین، بەڵام ئەدەب بە جیاوازی بابەتەکە بەرگری تری دەکرد. ئەمڕۆ هەریەک لە (دەرکەوتن، گونجاندن، برووسکەیی) ی ئەفسانەکان لە دەقدا وەکو دیاردەیەکی هەمیشە نوێبوونەوە دادەنێم، ئەم پۆلێنەی کە پێشنیازم کردووە هیچ مەبەستێکی نییە، تەنیا خستنەسەری کەمێک لەو ڕۆناکییە و دانانی جۆرێک لە شیکردنەوەی ئەدەبییە ئەویش رەخنە ئەفسانەییە)) (brunel,1992, 72 ).

برونالّ لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەفسانەییەوە گرنگی بە جیهانی ئەفسانە و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەدەبدا هەیەتی دەدات، بۆ ئەمەش سێ یاسای دانا[1]، ئەوانیش :

١. دەرکەوتن

٢. گونجاندن

٣. برووسکەیی .(brunel,1992, 72-81)

## ١.٢.١ دەرکەوتن (التجلي-Emergence):

بریتییە لە دەرکەوتنی ڕەگەزێکی ئەفسانەیی لە بەرهەمی ئەدەبیدا، کە لەسەر تاکە دەقێک ناوەستێ، بەڵکو لەوانەیە سەراپای کاری نووسەرێک بگرێتەوە، لەوانەشە لەسەر رەگەزێکی ئەدەبی لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر یان ئەدەبی نەتەوەیەک بوەستێ . (برونال)یش وای دەبینێ کە ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، واتە ڕەخنەی ئەفسانەیی زیاتر ڕەوایەتی/ شەرعیەت وەردەگرێ ئەگەر بەڕێکەوتی ئەفسانەیی لە دەقەکە دەستی پێنەکردبێ، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە تەنها بە شیکردنەوەی ڕووکاری دەرەوەی دەق واز بهێنرێ، بەڵکو پێویستە شیکردنەوەکە لە ناوەوە قووڵ بێتەوە ، لەوانەیە بۆ ئەم شیکردنەوەیەش زیاتر شەرعیەت بەدەست بێنێ، کاتێ بە ئامادەبوونی ئەفسانە دەستی پێکردبێ، دەکرێ بە وەسفکردنێکی سەرپێیی واز لە دەقەکە بهێنرێ دەرکەوتنیش بە چەند تەکنیکێک دەردەبڕدرێ : ( brunel,1992, 72_73)

١. تەکنیکی ناونیشان: کلیلی دەقە و ئاماژەیە بۆ ناوەرۆکەکەی، بەشێوەی ئاشکرا یان نا ئاشکرا دێت کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە دەبێت.

٢. تەکنیکی دەستپێکردن: لەمیانەی دەستەواژەیەک لە دەستپێکی دەقە ئەدەبیەکەیدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە: (پەندێک یان وتەیەک یان ڕستەیەک کە

پێویستی بە تێڕامان و لێوردبوونەوە هەبێ و پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ لە پەراوێزدا.)

٣. ناچاری / پێویست (اللازمة): بریتییە لە دووبارەبوونەوە لە دەقی ئەدەبیدا، بۆ نموونە دەستەواژەیەک بە شێوەیەکی دیاریکراو دووبارە دەبێتەوە و دەچەسپێ بە شێوەیەک نەتوانرێ لێی داببڕێ.

٤. دەقئاوێزان (التناص): دەقئاوێزان بە ڕەنگ و بۆی دەق یان کۆمەڵە دەقێکی تێکچڕژاو دادەنرێ، گەلێ جار نووسەر لە ڕێگەی مەزراندنی چەند دەقێکی تردا ، دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێ لەو کاتەدا زۆرجار نووسەر پەنا بۆ دەقی کەلەپووری کە هەڵگری هێما و ڕەمزی ئەفسانەیین دەبات و دەقئاوێزانەکە دەردەکەوێ.

هەرچەندە جیاوازیەک هەیە لە نێوان مەزراندن و دەقئاوێزاندا، چونکە هەندێ لێکۆڵەر و نووسەر دەقئاوێزان بە جۆرەکی مەزراندن دادەنێن، بەڵام هەندێکیان بە جیاوازی دەبینن، (سید البحراوي) ((مەزراندن بە جۆرێک لە جۆرەکانی دەقئاوێزان دادەنێ، بەڵام دەقئاوێزان تەنیا دەق دەگرێتەوە، هەرچی مەزراندنە دەق و کەسایەتی و رووداو و هەموو قاڵبە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە، هەروەها دەقئاوێزان تەنیا دەقی کەلتووری ناگرێتەوە بەڵکو دەقی هاوچەرخیش لەخۆ دەگرێ )) ( المفرح، ١٤٢٦، ٢٠).

٥. وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن (الاقتباس و التضمين): وەکو وەرگرتنی دێڕە شیعرێک یان رستەیەک یان دەقێکی ئەفسانەیی و تێهەڵکێشکردنی لە دەقێکی نوێدایە.

٦. تەکنیکی ڕەوانبێژی (شێوەی ڕەوانبێژی- الصور البلاغية): لەم تەکنیکەدا ڕەگەزی ئەفسانەیی بە ڕوونی دەردەکەوێ بەهۆی لێکچوون یا خواستن یا درکە... .

٧. پاشخانی ئەفسانەیی: نووسەر بە ئەنقەست ڕەگەزێکی ئەفسانەیی دیار بەکارناهێنێ، بەڵکو پشت بە باکگراوندێکی ئەفسانەیی دەبەستێ و لەڕێگەی لێکچوواندن و نزیککردنەوە و لە ژێر سێبەری هێما و ئاماژەکان دەیمەزرێنی، لێرەدا دەقەکەش دوو واتا دەبەخشێ: یەکەمیان هونەری ڕاستەوخۆیە و دووەمیشیان ناڕاستەوخۆ و لێکدانەوەی پێویستە، کە باکگراوندە ئەفسانەییەکە دەنوێنێ و نووسەر ناوی ئەفسانەکە بە ئاشکرا دەرنابڕێت (ئەم حاڵەتەش پێویستی بە نووسەر و خوێنەرێکی ڕۆشنبیر هەیە).

٨. بنیادی هونەری:

لە تەکنیکی پێشووتر نزیکە، نووسەر پشت بە پەیکەری گشتی ئەفسانە دەبەستێ، ئەگەر جیاوازیش لە ناوەڕۆکەکەیدا هەبێ، دنیایێکی هونەری بۆ دەقێکی داهێنەرانە سازدەکات، کە ئاماژە بۆ ئەفسانەیەک بکات.

کەواتە دەرکەوتنەکانی لە سێ حاڵەتدا بەدی دەکرێن:

أ. ڕاشکاو و تەواو (صريحاً وتماما): لە ناونیشان یان ناچاری یان دەقئاوێزان دەردەکەوێ. بۆ نموونە بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ناو یان سیفەتێک ،.... بکات.

ب.پاژەیی (جزئي): لە ڕێگەی ئاماژەکردنەوە بە بەشێک یان سیفەتێک لە سیفەتەکانی ڕەگەزێکی ئەفسانەیی، بۆ ئەوەی ئەو بەشە ئاماژە بۆ گشت بکات. ئەمەش لە وێنەی ڕەوانبێژیدا دەردەکەوێ.

ت.پەنهان و تەمومژاوی (مبهما و مضمراً):

بڵاوترینیانە لە داهێنانی ئەدەبیدا، چونکە پەنهانی و شاراوەیی ڕەگەزە ئەفسانەییە مەزرێنراوەکە ڕەهەندی فراوان بە داهێنەر دەبەخشێ و پانتاییەکی فراوانتری دەلالەتیش بە خوێنەر دەدات.

### ٢.٢.١ گونجاندن (شیاوبوون، المطاوعة) –Flexibility:

بریتییە لە توانای ڕەگەزی ئەفسانەیی، لە گۆڕان و پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا، کە هاوشانی بیری داهێنەر و فەلسەفەکەی بێت بە هۆی کردەی نەرمی و گونجانەوە، ڕەخنەگر دەتوانێ نەگۆڕ و گۆڕانکاریەکانی ڕەگەزی ئەفسانەیی دەستنیشان بکات ، کە لە سروشتی وشەکەوە دەردەچێت. لە ڕێگەی سڕینەوە و زیادکردن، یان تێکەڵکردن یاخود لێکچوواندندا، هەر بۆیە بیر برۆناڵ دەڵێ ((من گونجاندن بەکارناهێنم، تەنیا بۆ وشەیەکی نزیکەیی نەبێ کە زەحمەت بێ و نەتوانرێ بە ئاسانی خۆی بدات بە دەستەوە. وشەکە لە یەک کاتدا ئاماژە بە نەرمی لە چڕکردنەوە و بەرگری لە ڕەگەزی ئەفسانەیی دەکات لە دەقی ئەدەبیدا)) .(brunel,1992, 77 ).

لە گونجاندندا دەقی ئەفسانەیی تایبەتمەندیە گەوهەریەکانی لە دەست نادات، بەڵکو شێوە و ڕوخساری جیاواز وەردەگرێ، چونکە وشەی گونجاندن (لاستیکی) لە بنەڕەتدا (خاوەن هێما و ئاماژەیەکی فیزیاییە، لە دەستپێکی بەکارهێنانیدا، لە ڕەگەزی فیزیاییەوە دەستی پێکردووە، ئینجا گوازراوەتەوە بۆ زمان و دواتریش لەناو ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبیدا بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی مەزراندنی ئەفسانە و هێمای ئەفسانەیی لە لایەن نووسەرانەوە پشت بە تەکنیکی گونجاندن دەبەستێت، چونکە ئەگەر وانەکات، ئەوا کارەکەی تەنیا وەکو کۆپییەک یان ڕەخنەیەک دەبێت، کەواتە گونجاندن بۆ گوزارشتکردن لە واقیعێک کە ئەستەم بێ دەستی بەسەردا بگیرێت بەکاردێت) .(عوادی، ٢٠١١، ٣٥-٣٦) ، گونجاندن لە چەند دۆخێکدا دەردەکەوێ، ئەوانیش:

أ. لێکچوون و هاوشێوە بوون (التماثل والتشابە): واتە لایەنی لێکچوونی نێوان ڕەگەزی ئەفسانەیی و ڕەگەزی ئەدەبی.

ب.شێواندن و گۆڕانکارییەکان (التشویهات والتغیرات): نووسەر پشت

بەو جیاوازیانەی نێوان ڕەگەزی ئەفسانەیی مەزرێنراو و زیادکردن و کەمکردنەوەی ڕەگەزی ئەدەبی دەبەستێ. کەوا پانتاییەکی واتایی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دروست دەبێ. هەروەک چۆن یەکێکیان سەنتەری داوەکە بێت و دووەمیشیان لایەکانی بۆ خەڵقکردنی جیهانێکی تر کە لە جیهانی ئەفسانە نەچێ.

ت.لێڵی و تێڕوانینی جیاواز (جۆراو جۆر، تعدد الرؤى): نووسەر پەنا بۆ پێچان و داپۆشین و ناڕوونی دەبات، لەگەڵ لێڵی ڕەگەزە ئەفسانەییەکە بگونجێ. ئەمەش بوار بە زۆریی خوێندنەوەکان و لێکدانەوەکان دەدات.

**٣.٢.١ برووسکەیی ( تیشکدانەوە ,ڕەنگدانەوە، الاشعاع )،Irradiation**

تیشکدانەوە جیا لە ئاماژە فیزیاوییەکەی ، ئەرکی نوێ بە ئەفسانە دەبەخشێ، کە بریتیین لە سێبەر و خەرمانە و ئاماژە واتاییەکان کە ڕەگەزی ئەفسانەیی مەزرێندراو دەیبەخشێ، بە یارمەتی کردەی گونجان و نەرمی و پلە و ڕادەی گونجاندنی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانکراوی خوێنەر (جبابلیـة ، ٢٠١٧، ٢٠٨) . ئەم تایبەتمەندیانەش نووسەر بەکاریان دێنێ تاکو لە پوختەی کارە ئەدەبیەکەی تیشک بداتەوە، لە کاتی دەستپێکردنی دەق وەکو ناونیشانێک یان سەرەتایەک ، پێشکەشکردنێک بڕگەیەک لەسەر بەرگی کۆتایی کتێبێک ڕەنگ دەداتەوە. یاخود وەک پێویستیەک لەناو دەق یان ڕستەیەکی تۆکمە و چڕ یان وەکو ئاماژەیەک بۆ رەگەزی ئەفسانەیی. هەر لەبەر ئەمانەش لەوانەیە ڕەگەزی ئەفسانەیی دەرکەوتنێکی ئاشکرای نەبێ لەدەقدا. کەواتە لێرەدا دوو سەرچاوەی لاوەکی بۆ برووسکەدانەوەی ئەفسانە لە دەقدا هەیە ((یەکەمیان کۆمەڵێک بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو بەجۆرێک وێنە ئەفسانەییەکە لە دەقێکی ئەو نووسەرەدا ئامادەیی هەبێ، بەڵام لەوانەیە لە دەقێکی تردا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادەیی هەبێ. دووەمیان، خودی ئەفسانەکەیە کە بە

ناچاری لە بیرەوەری و خەیاڵی نووسەر برووسکە دەداتەوە ، کە پێویستی بەوە نییە بەڕاشکاوانە گوزارشتی لێوە بکات)) (عوادی ، ٢٠١١، ٣٧) ، بۆیە ڕەگەزی ئەفسانەیی ئاماژە و هێمایەکی گرنگە لە دەقدا، ئەگەر نادیار و لێڵیش بێ، پێویستە توانای برووسکەدانی هەبێ.

**٣.١ پێناسەی ئەفسانە**

دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتگیری ئەفسانە کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی چەند جۆرو وەزیفەیەکی جیاوازی هەیە و زانایان و لێکۆڵەران هەریەک لە روانگەی میتۆد و رێبازی بوارەکەی خۆیەوە ناساندوویانە، ئەم ڕوانگە جیاجیایانە ناساندنی ئەفسانەی ئاڵۆزکردووە. هەروەک **(ئۆگەستین)** سەبارەت بە ئاڵۆزی چییەتی ئەفسانە دەڵێ ((ئەگەر کەسێک پرسیار لە من نەکات، ئەوا من دەزانم چییە، ئەگەر ئارەزووی روونکردنەوەشم کرد بۆ ئەو کەسەی لێم دەپرسێ، ئەوا من نایزانم)) ( راثفین، ١٩٨١، ٩).

لە کتێبی (Man and his symbols) دەروونشیکاری سویسری **(کارل گۆستاڤ یۆنگ)** لەبارەی سەختی ناساندنی ئەفسانەوە دەڵێ ((هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ شرۆڤەکردنی ئەفسانە و چەمکەکەی دراوە، نەبۆتە هۆی ئەوەی لێی تێبگەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە وای کردووە زیاتر لە ناوەڕۆکەکەی دوور بکەوینەوە و زیاتر دۆشدابمێنین)) (عبدالتواب، ٢٠١٩، ٦)، بۆیە چەندین پێناسەی جیاواز لە دید و گۆشەنیگا و پسپۆڕیی جیاوازەوە بۆ ئەفسانە کراوە.

**(میرسیا ئەلیادە)** فەیلەسووفی ڕۆمانی لە کتێبی ( ملامح من الاسطورة )دا لە بارەی ئەفسانەوە دەڵێ ((مێژوویێکی پیرۆز دەگێڕێتەوە و پیشاندەری ڕووداوێکە لە زەمەنی سەرەتاییە سەر سورهێنەرەکانەوە ڕووی داوە)) (ئەلیادە، ١٩٩٥، ١١) . بە گوێرەی ئەم ناساندنە، ئەلیادە جەخت لەسەر مۆرکی پیرۆزی و حەقیقەتی ڕوودانی ئەفسانە لە زەمەنی بەراییدا دەکاتەوە.

لە روانگەی نووسەر و ئەفسانە ناسی ئەمریکی ( **جۆزێف کامبڵ**)ەوە ئەفسانە ((ئەو دەرگا نهێنییەیە وزەی جیهانی لێوە دەردەپەڕێ، ئەو وزەیەی کۆتایی نایە و دەڕژێتە نێو دەریای کولتووری مرۆییەوە. ئاینەکان، فەلسەفە، هونەر، هەرچی شێوەی کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێکان، ئاشکراکردنە سەرەتاییەکان، تەنانەت خەون کە مانایەک بۆ نوستن دروست دەکات، هەر هەموویان لە ئاوازی سیحری ئەفسانەوە هەوێن وەردەگرن و بەرز دەبنەوە)) (کامبڵ، ٢٠٢٠، ١٩-٢٠)، واتە سەرهەڵدانی هەر جۆرێکی ئەفسانە و لە هەر کات و شوێن و بارودۆخێکدابێ، کاریگەریی خۆی لەسەر مرۆڤ هەبووە.

(مەولود ئیبراهیم حەسەن) نووسەر و ئەفسانەناسی کورد بە شێوەیەکی فراوان پێناسەی ئەفسانە دەکات، پێیوایە ((ئەفسانە ئینسکلۆپیدیایەکی دەوڵەمەند و پڕ بابەت و پڕ نهێنیی مرۆڤ خۆیەتی و هەموو مرۆڤایەتی بە هەموو قۆناغەکانی ژیانیەوە، هەموو نەتەوەیەک بە هەموو ئاستەکانی ژیان و رۆشنبیریەوە، هەموو جوگرافیایەکی ژیان بە هەموو جیاوازییەکانیەوە هاوبەشن، لە پێکهێنان و دەوڵەمەندکردنی ئەم سەرمایە مرۆڤایەتییە)) (حسن ا، ٢٠٢٠، ٢٥)، هەروەها پێناسەی ئەفسانەی کوردی دەکات و دەڵێ ((ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسیەتی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەسەی ئەفسانەیی لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەیی تێدا دەکەن)) (حسن ب، ٢٠٢٠، ٢٥).

لەو پێناسانەی کە بۆ ئەفسانە خرانەڕوو، هەوڵدراوە کە زۆربەی بیروڕاکان وەربگیرێن و پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بدۆزرێتەوە، کە ئەمەش کارێکە ئاستەنگی زۆری دێتە پێش هەروەک ئەلیادە ئاماژەی بۆ کردووە کە (( زۆر ئەستەمە پێناسەیەک بۆ ئەفسانە بدۆزرێتەوە، هەموو زاناو لێکۆڵەرەکان قبوڵی بکەن و لە هەمان کاتیشدا لە ژێر دەستی پسپۆرەکاندا بێت. ئەفسانە رووداو و

بەسەرهاتێکی کلتووریی زۆر ئاڵۆزە، دەکرێ لە روانگەی جۆراوجۆرەوە شرۆڤە بکرێ)) (عبدالتواب، ٢٠١٩، ١٣).

**٢. ١ جۆرەکانی ئەفسانە**

جۆراوجۆری لە پۆلینکردنی جۆرەکانی ئەفسانەدا بۆتە یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی هەر توێژەرێکی بواری ئەفسانە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەفسانە بابەتێکی کۆن و ئاڵۆزە و پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە هەیە، هەر بۆیە هەر لێکۆڵەرێک بەپێی تێڕوانین و پسپۆڕیی خۆی ئەفسانەی پۆلینکردووە. هەرچەندە پۆلینی جیاجیای بۆ کراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە جۆرو پۆلینەکان لێکنزیک نەبن یاخود دووبارە نەبنەوە.

(نەبیلە ئیبراهیم) جۆرەکانی ئەفسانەی پۆلین کردۆتە سەر پێنج جۆر، ئەوانیش ((ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان، ئەفسانەی ئەفراندن، ئەفسانەی شیکاری، ئەفسانەی هێماکاری (هێمایی)، ئەفسانەی قارەمانی خواوەند)) (نبیلە ابراهیم،١٩٧٤، ١٦-٢١) ن.

(ئەحمەد کەمال زەکی)یش بە شێوەیەکی تاڕادەیەکی زۆر نزیک لەو دابەشکردنەی سەرەوە، چوار جۆر ئەفسانەی دەستنیشان کردووە، ئەوانیش ((ئەفسانەی ئاینی، ئەفسانەی شیکاری، ئەفسانەی هێماکاری، مێژووی ئەفسانە)) ( زکی، ١٩٧٩، ٤٦-٥١) ن.

(موحەمەد عەجینە) بەشێوەیەکی وردتر و ڕوونتر جۆرەکانی ئەفسانەی پۆلین کردووە بۆ ((ئەفسانەکانی دروست بوونی گەردوون، ئەفسانەی هەسارەیی، ئەفسانەی دیاردە سروشتییەکان، ئەفسانەی گیانەوەر)) (عجینە، ١٩٩٤، ١٢٢-٢٨١).

(فەرهاد عەزیز خۆشناو) بەشێوەیەکی گشتگیرو بە لەخۆگرتنی زۆربەی هەرەزۆری جۆرەکانی ئەفسانە، پێشنیازی سێ جۆری سەرەکی کردووە، ئەوانیش:

((١- ئەفسانەی ئاسمانی واتا جیهانی پێش بوونی مرۆڤ
٢- ئەفسانەی زەمینی واتا جیهانی لە کاتی بوونی مرۆڤ
٣- ئەفسانەی بن دنیا واتا جیهانی دواى بوونی مرۆڤ)) ( خۆشناو،2013، ٢٠).

(د. مەولود ئیبراهیم) لە کتێبی (گەڕان بەدوای نەمریدا) جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کردووە:

((١- ئەفسانەی خواوەندەکان (اسطورة)
٢- ئەفسانەی پاڵەوانییەتی
٣- ئەفسانەی دڵداری
٤- ئەفسانەی ژنخواستن
٥- ئەفسانەی گەڕان بە دوای نەمرییدا
٦- ئەفسانەی گەڕان بە دوای بەخت
٧- ئەفسانەی سڕدۆزی
٨- ئەفسانەی ئەفراندن
٩- ئەفسانەی گیانلەبەران
١٠- ئەفسانەی لافاو )) ( حەسەن پ ،٢٠٢١، ٤٩-٥٢).

بە پشتبەستن بەو سەرچاوانەی سەرەوە و بە لەبەرچاوکردنی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، لە پۆلینکردنی جۆرەکانی ئەفسانەدا، دەکرێ ئەم جۆرانەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

١- ئەفسانەی ئەفراندن
٢- ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان (الطقوسية)
٣- ئەفسانەی هێماکاری (هێمایی-ڕەمزی)
٤- ئەفسانەی گیانلەبەران
٥- ئەفسانەی مێژوویی

٦- ئەفسانەی چاکە و خراپە

**٢.٢ مەزراندنی ئەفسانە لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەوی عەبدوڵڵا سەڕاج دا**

ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو) لەلایەن (عەبدوڵڵا سەڕاج) ەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا نووسراوە. ناوەڕۆک و بابەتی ئەم ڕۆمانە سیاسی و نەتەوەییە و کۆڕەوی کوردانی ساڵی (١٩٩١) ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باس لە ئێش و ئازارو بێ ئومێدی تاکی کورد دەکات کە بە درێژایی مێژوو تووشی چەندین ئازار و کێشە بووە و برسیەتی و نەهامەتی و دەربەدەریی زۆری چەشتووە. سەڕاج وەکو نووسەرێکی بە ئەزموون بە تێکەڵکردن و سوود وەرگرتن لە چەندین جۆری ئەفسانەی بیانی و کوردی ئەم ڕۆمانەی نووسیوە و تێیدا لە ڕێگەی تەکنیکەکانی (دەرکەوتن و گونجاندن و برووسکەیی)یەوە ئەفسانەکانی مەزراندن .

لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە بەپێی شیکردنەوەی ئەو ڕۆمانەی کە وەک نموونە وەرگیراوە، جۆرەکانی ئەفسانە دەستنیشان بکرێت، پێویستە ئەو ڕاستییەش بگوترێ کە هەندێ نموونەی ئەفسانەکان دوو دەلالەت لە خۆ دەگرن واتە دەشێ نموونەیەک بکەوێتە ژێر چەتری زیاتر لە جۆرێکی ئەفسانەدا بەڵام لێرەدا توێژەر لە خستنەڕووی جۆری ئەفسانەکەدا ڕەچاوی ئەوەی کردووە کە نووسەر بە چ مەبەستێک ئەفسانەکەی مەزراندووە، لەسەر ئەم بنەمایە جۆرەکەی دەستنیشان کردووە.

**یەکەم: ئەفسانەی ئەفراندن:**

مەبەست لە ئەفسانەی ئەفراندن گێڕانەوەی سەرەتای دروستبوونی جیهانە و ئەم گێڕانەوەیەش بەپێی چۆنیەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی هەر میللەتێک دەگۆڕێ. لەبەرئەوەی ئەم جۆرەی ئەفسانە (پانتاییەکی فراوان لە هزر و بیروباوەڕ و فەلسەفە و کلتوورو مێژووی میللەتان گرتۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەویش

هەڵقوڵاوی جۆری بیرکردنەوە، ژینگە و کلتووری ئەم میللەتانەیە و هەر میللەتێکیش بە جۆرێک باس لە ئەفسانەی دروستبوونی گەردوون دەکات) ( خۆشناو، ۱۲۷،۲۰۱۳).

بێگومان پاڵنەری یەکەم لە پشت دروستبوونی ئەفسانەکان، تێڕامان بووە لە سیستەمی گەردوون و هەوڵدان بووە بۆ شرۆڤەکردنی ئەم سیستەمە، بۆیە مرۆڤیش لە بابەتە ناڕوونەکانی کۆڵیوەتەوە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆکردووە. سروشتی زۆرێک لە مرۆڤەکانیش وایە حەز بە زانینی وردەکاریی شتە ناڕوون و نەزانراوەکان دەکەن، هەروەک ڕامان لە گەردوون و پرسیارکردن لەوەی کە چۆن دروست بووە و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە چۆن ڕووەک و مرۆڤ و گیانەوەران دروست بوونە، هەر بۆیە بەکۆنترین جۆری ئەفسانە دادەنرێت. میرسیا ئەلیادە پێی وایە (( ئەفسانەی بنەچە، بە گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوون دەست پێدەکات)) ( خۆشناو،۲۰۱۳، ۱۲۷).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێش هەموو شتێک گەردوون بەهەموو پێکهاتەکانیەوە (ئاسمان و زەوی و ئەستێرە و....هتد) دروست بووە، بۆیە مرۆڤی بەرایی ئەم جۆرە ئەفسانەیان وەکو ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ئەفراندنی ئەم گەردوونە. کەواتە ئەفسانەی ئەفراندن ((پرۆسەی دروستبوونی گەردوون و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووە وێنا دەکات)) (علي، ۱۹۷۸، ۱٦).

لەو کاتەی کە مرۆڤەکان چیرۆکی دروستبوونی گەردوون دەگێڕنەوە هەر میللەتێک بە جۆرێکی جیاواز لێکدراوەتەوە و گێڕاویتیەوە. بۆ نموونە لە ئەفسانەی بابلی دا: (پێش دروستبوونی ئاسمان و زەوی توخمی ژیان هەبووە کە ئەو توخمە ئاوێتەیەک بووە لە نێرینە و مێینە، نێرینەکە لە ئاوی شیریندا بووە کە ناوی (دابشۆ)یە، مێینەش لە ئاوی سوێردا کە پێی دەوترێت (تیامە) هەردوو

توخم تێکەڵ بوون (مومو) لە دایک بوو. کە بریتییە لە (وشە) لەو سێیانە نێرینەیەک پەیدابوو کە (لکسمبۆ)یە و مێینەیەکیش کە ناوی (لکسامۆ)یە پەیدابووە. لەو دووانەش (ئەنشار) دروست بوو بەواتای جیهانی سەروو، (کیشار) بەواتای جیهانی خواروو دروست بوو، ئەوجارە سیانەیەکی تر دروست بوو ئەوانیش (ئەنو) خواوەندی ئاسمان و (لەیل) خواوەندی زەوی و (ئەیا) خواوەندی ئاو بوون. دواتر ناکۆکی کەوتە نێوان (ئەبسۆ) کە یەکێک بوو لە خواوەندە گەورەکان لەگەڵ خواوەندی بچووک، لە ئەنجامدا شەڕ هەڵگیرسا، لەم شەڕەدا (مەردۆک) بەسەر (تیامە)دا سەرکەوت. ئینجا مەردۆک ویستی کارێکی گەورە بکات. ئەویش هات لاشەی (تیامە)ی کردە دوو لەتەوە، لە لەتێکیان ئاسمان و لە لەتەکەی تر زەوی دروست کرد، ئینجا دوای ئەوەی ئەم کارەی تەواو کرد، ساڵی کرد بە(١٢) مانگ و کەوتە دروستکردنی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و ڕووەک و گیانلەبەران پاشی ئەوانە مرۆڤی دروست کرد لە قوڕ و خوێن) ( ابراهیم، ١٩٧٤، ١٧).

لە هەندێ ئەفسانەی تردا باس لە هاوسەرگیریی نێوان زەوی و ئاسمان کراوە، کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەیان لێوە بووە. (لە سەرەتادا ئاسمان و زەوی هاوسەرگیری دەکەن و بەیەکەوە نووسان، بۆیە گەردوون تاریک بووە، دواتر زەوی منداڵەکانی لە دایک دەبێ کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانن، بەڵام لەو شوێنە تەنگ و تاریکە خەریک بوون دەمردن (دەخنکان)، بۆیە بیریان کردەوە کە ئاسمان و زەوی لێک جیابکەنەوە تا بواری هەناسەدانیان هەبێ، هەندێ تیریان هاوێشت ئاسمان لە زەوی جیابۆوە و منداڵەکانیش بڕیاریان دا لە ئاسمان بژین، بۆئەوەی بەرامبەر دایکە زەوی بن و دایکەکە بتوانێ هەردەم سەیریان بکات) (بن منصور، ٢٠١٥، ٤٠) . هەربۆیە زەوی بەیەکەم دایک و یەکەم سەرچاوەی بە پیت و فەڕی دادەنرێت.

لەناو میللەتی کوردیشدا باسی چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون کراوە، ئەفسانەی ئەفراندن بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەویەکان باس کراوە. هەروەها لە ئەفسانەیەکی ئێزیدیشدا بەم شێوەیە دروستبوونی دونیا و مرۆڤەکان لێکدراوەتەوە کەوا ((لبەراهیێ خودێ هەبوە، چ دی نە، خودێ بۆ خۆ گشیەک چێکر و ل سەر دەریایان دگەریا و پاشی (درە) یەک بخۆ چێکر و بۆ ماوێ چل سالان دگەل دابوو. پاشی پێنەک لێداو (درە) پەقی، ژکاردیا وێ ئاسمان پەیدابوو و ژ پرتێن وێ ستێرو چیا و ئەرد پەیدابون و پاشی ژ روناهیا خۆ شەش خدای یێن (مەلیاکەت)یێن وەکی خۆ پەیداکرن)) (حیتۆ،١٩٩٧، ٢٠).

بەکۆنترین جۆری ئەفسانە دادەنرێت و تێیدا بە چەندین شێوە باس لە دروستبوونی گەردوون و زەوی و ئاسمان و مرۆڤ و ڕووەک و گیانەوەران دەکرێت. ڕۆماننووسان ئەم جۆرەی ئەفسانەیان بە شێوازی جیاواز لە ڕۆمانەکانیاندا مەزراندوە.

عەبدوڵڵا سەڕاج هەر لە سەرەتای ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو)دا شیکردنەوەیەکی ئەفسانەیی جیاواز لە ئەفسانەکانی تری بۆ دروستبوونی گەردوون و هەسارەکانی ئاسمانەوە دەکات کە دەڵێ: ((بیر لە بازنە و گەردوون (یۆنیڤێرس Universe) دەکەمەوە، ئەم گشت کۆستارانە، مەجەڕڕانە لە تەوەری خۆیاندا دەسووڕێنەوە. وەرزەکان، شەو و ڕۆژ دەهێنن، ڕادەکشێن، دەگەوزێنەوە، دەخولێنەوە و بگرە، دەزێن ...دەپرسم: ئایا وەک ملوانکە بەداوێکەوە هەڵکێشراون، یان وەک دژە ناتەباکان، وەکو چەند بەندکراوێک لە ژوورێکی تەنگدا دەبێ پێکەوە بن هەر چەند حەز بە بوونی یەکتر ناکەن... هێشتا وەڵامی دروستم چنگ نەکەوتووە...)) ل١٠-١١، ڕۆماننووس باسی کەون و چۆنیەتی ڕیزبوونی هەسارە و مەجەڕڕەکان دەکات و شیکردنەوە بۆ چۆنیەتی ڕیزبوونیان دەکات کە لە شێوەی ملوانکەیەکە و بە دوای یەکدا هاتوون یاخود

ریزبوونەکەیان بە شێوەیەکی ناچارییە و حەز بە بوونی یەکتر ناکەن. ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوون و زەوی و ئاسمان ، کەوا بە تەکنیکی دەرکەوتن وەکو پاشخانێکی ئەفسانەیی مەزراندوویەتی و شیکردنەوەی بۆ کردووە.. (دەکرێ بگوترێ رۆماننووس لێکدانەوەیەکی ئەفسانەیی نوێی بۆ ئەفراندنی گەردوون داهێناوە).

لە شوێنێکی تردا نووسەر زەوی بە دایک دەچوێنێ و دەڵێ پێویستە مرۆڤەکان پاداشتی شیری ئەو دایکە بدەنەوە، لە ڕۆمانەکەدا بەم جۆرە هاتووە: (( دەیانویست لە چەقی خۆما، بێ هوودە بسووڕێمەوە! گوتم : ئێمە قەرداری ئەم خاکەین. منداڵ چۆن دەتوانێ پاداشت و قەرەبووی گۆی مەمکی دایکی بداتەوە!! چۆن؟)) ل١٢.

هەروەها باسی لە باوەشگرتنی خاک دەکات بۆ مرۆڤەکان وەکو دایک سەیری زەوی دەکات و دەڵێ : (( زەوی ژیانە. مرۆڤایەتیمان بە خاکەوەیە. ئەوەتانێ لە تەنیایی ئەم مەڵبەندەدا، خۆت بە تەنیا نازانی و (جێگات) باوەشی بۆت کراوەیە)). ل١٢

نووسەر لێکچوواندنێکی لە نێوان زەوی و دایکدا دروست کردووە و تەکنیکی دەرکەوتنی بەکارهێناوە.

کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە بەدەم ڕێگاوە بیر لە دروستبوونی بچووکترین تا گەورەترین گیانەوەرانی سەر زەوی دەکاتەوە و دەڵێ ((بیر لە بچووکترین ئەمیبا و یۆگلینا و پارامسیۆمی ژێر میکرۆسکۆب دەکەیتەوە، هەتا دەگاتە گەورەترین نەهەنگی شین و دایناسۆڕ و فیل. دەپرسی درەخت و کەڕوو و قەوزە چۆن هەڵدەسووڕێن؟)) ل٥٦ هەروەها باسی ئەفراندنی زەویش دەکات کە بە شێوەیەکی جیاواز لە شیکردنەوەی پێشووتر هاتووە ((زەوی لە نێوان شاخی گایە و... گا لەسەر پشتی حووت و...حووتیش لە دەریایە. هەرگیز... نا))

ل٥٦. کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە ئەو پرسیارە ئاراستەی مامۆستایەکی ئاینی دەکات و دەیەوێت تێبگات، بەڵام وەڵامی دەست ناکەوێت و سەرباری ئەمەش سەرزەنشت دەکرێ. لێرەدا ڕۆماننووس سوودی لە تەکنیکی دەرکەوتن بینیوە و تێیدا وەرگرتن و تێهەڵکێشکردنی بەکارهێناوە، واتە ئەو شیکردنەوە ئەفسانەییەی بۆ ئەفراندنی زەوی کراوە وەکو خۆی مەزراندوویەتی.

هەروەها لە شوێنێکی تریشدا نووسەر ئاماژە بە ئەفراندنی مرۆڤ و زەوی دەکات و زەوی بە دایک و ناخی زەویش بە منداڵدان دەچوێنێ مرۆڤی بەو ڕووەکە چواندووە کە بۆ مانەوەی لە ژیان و نەفەوتانی لە ناخی زەوییەوە بەرز دەبێتەوە و بەرەو ڕووناکی و ژیان هەنگاو دەنێ، ئێمەی مرۆڤیش هەموو کات چاوەڕێی هەڵهاتنی ئەو ڕۆژەین لە پێناو سەربەستی و یەکسانی و ئاسوودەیی. کارەکتەری سەرەکیش ڕووەکە پیرۆزەکەی دەستکەوتووە و دەڵێ: ((گەر بشمرم، ڕوو لە ڕنوو دەمرم. خۆ من لە تۆوێک کەمتر و بێ فەڕتر نیم! کە هەمیشە لە ڕەحمی زەوییەوە بۆ ژووانی ڕووناکی بەرز بەرز دەبێتەوە)) ل٩٤. هەروەها سیفەتی زیندەوەرانی پێی بەخشیوە کاتێ دەڵێ (( هەناسەی زەویت بیست)) ل٩٣ ، ئەمانە ئاماژەن بە ئەفسانەی ئەفراندنی دایکە زەوی کە بەشێوەیەکی پاژیی لە جۆری تەکنیکی دەرکەوتندا مەزرێنراوە.

**دووەم: ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان:**

نەریت بریتییە لە داب و نەریتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، هەروەها هەموو ئەو بۆنانە دەگرێتەوە، کە بە بیروباوەڕی ئەزموونەکراوەوە پەیوەستن... نەریت لە بنەڕەتدا و لەڕێگەی دووبارەکردنەوە و بەردەوامیی یاسا بونیاتنەرەکانییەوە، بەرەو تەرخانکردنی بەردەوامی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یان ئەفسانەیی دەڕوا، کە لە پێشدا ئەو نەریتەی بونیاتناوە. بەم پێیە، زۆربەی کات نەریت بریتی دەبێ لە خولقاندن و بەئێستاکردنی ڕابوردووێکی لێڵ، بەڵام لەلای بەکارهێنەرانییەوە وەکو کردەیەکی ئایینی ناسراوە (بوخنوف،٢٠١٢ ، ٥٩). واتە نەریت و بۆنە ئاینییەکان پەیوەندییان بە ئەفسانەکانەوە هەیە و لە ڕێگەی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یا ئەفسانەییەوە کە لە سەرەتادا ڕوویداوە، ئەم پەیوەندییە دەخاتەڕوو، بەو مانایەی ئەو نەریت و بۆنانە لە ئەفسانەکانەوە دەردەکەون . هەروەک (جیمس فریزەر) پێی وایە کە (( ئەفسانە لە نەریتەکانەوە هەڵێنجراوە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر لە بەجێگەیاندنی نەریتێکی تایبەت و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ بونیاتنەرانی ئەم نەریتە، نەریتەکە لە واتا و هۆکار و ئامانجەکانی دادەماڵرێ و ڕوونکردنەوە و بیانووی نەریتەکە وەک پێویستییەک بەرهەم دێ. لێرەدا ئەفسانە بۆ هێنانەوەی بیانوو بۆ نەریتێکی پیرۆزی کۆن سەرهەڵدەدا)) (السواح، ، ١٩٨٨، ١٥).

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێک نەبووە، بەڵکو ئەو نەریتانەی لەخۆ گرتووە کە ڕەنگدانەوە و شێوازی ژیانی مرۆڤ و بارە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو سەردەمی نواندووە . بەواتایەکی تر ئەفسانە ((نە بۆ کات بەسەربردن پەیدابووە، نە بۆ تام لێ چەشتن، بەڵکو پێویستییەک بووە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی سەرەتایی و ئەم چەشنە ئەفسانەیە بریتییە لەلایەنی قسەیی، یان دەربڕینی زاری بۆ ئەم بۆنە

و نەریتە ئاینییانە و بایەخێکی گەورەی بووە لەوەدا کە نەریت و بۆنەکانی بەسۆز و کاریگەرانە خستۆتە کایەوە و بەسەری بردووە و سازاندوویەتی و هۆیەک بووە بۆ چەسپاندنی باوەڕ سەبارەت بە دیاردەکانی بوونەوەری)) (موکری ،١٩٨٤ ، ٤١)، بەم پێیە ئەفسانە دەرخەری لایەنی زارەکی بۆنە و نەریتی ئەو کردەوانەیە کە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا دەپارێزێ، کەواتە دەکرێ بگوترێ نەریت و بۆنە ئاینییەکان لایەنی کردارەکین و ئەفسانەکانیش لایەنی زارەکی ئەم نەریتانەن، چونکە ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان بەدیاردەکانی پەرستنەوە بەستراونەتەوە، جا بەهەر شێوازو ڕێگەیەک بێ. ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ئەم جۆرەی ئەفسانە زیاتر ڕووندەکاتەوە:




هێڵکاریی (١) پەیوەندیی نێوان ئەفسانەکان و نەریتەکان لە نێوان دەرکەوتنی گێڕانەوەیی و دەرکەوتنی نواندندا (لە بوخنوف، ٢٠١٢، ٦١ وەرگیراوە).

نموونەی ئەم جۆرەی ئەفسانەیە وەکو ئەفسانەی بابلی (ئینوما ئیلیش) لای عێراقییەکان و ئەفسانەی (دیونیسیس)ی یۆنانی و (ئۆزیریس) لای میسرییەکانە (الجوراني، ١٩٩٨، ٢٣).

ئەفسانەی ئۆزیریس یەکێکە لە ئەفسانە بەناوبانگەکانی میسر، هەرچەندە ئێستا وەکو چیرۆکێک دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لەکاتی خۆیدا وەکو نەریتێکی چەسپاو بووەو ڕێوڕەسم و نەریتی تایبەت بە ژیان و مردن و دوای مردنی هەبووە کە پەیوەندی بە چاندن و دروێنەکردنەوە هەبووە کە چەندین دیاردەی گەردوونی و سروشتی و مرۆیی رووندەکاتەوە، ئەم ئەفسانەیەش بەم شێوەیە هاتووە: ئۆزیریس کە خواوەندی پیت و بەرەکەتە لە کۆتایی پیت و بەرەکەتی زەویدا ئەمرێ ئەمجا لەگەڵ گەڕانەوەی پیت و بەرەکەتیدا زیندوو ئەبێتەوە، لەسەر تەخت دائەنیشێ و بڕیار ئەدات لەسەر چارەنووسی ئەو گیانانەی کە ژیانیان بەجێ هێشتووە. بۆیە ئەم ئەفسانەیە پەیوەندی  بە نەریتی مردوو مۆمیاکردنەوەی هەیە. ئەفسانەکە دەڵێ: ئۆزیریس کوڕی زەمین بوو، (ئیزیس)یش کە هاوبەشی ئەکرد لە کردەوەی چاکەدا و ژنیشی بوو (سیث) پیلانێکی لە ئۆزیریسی برای کرد و توانی بیگرێ و بیخاتە سندووقێکەوە و فڕێی بداتە ناو ڕووباری نیلەوە. بەڵام (ئیزیس) لاشەکەی دۆزییەوە و دیسان (سیث) لاشەکەی فڕاندەوە و پارچە پارچەی کردو هەر پارچەیەی تووڕدایە شوێنێ، بەڵام ئیزیس پارچەکانی دۆزییەوە و تێکی خستەوە و گیانی بەبەردا کردەوە، بەڵام ئۆزیریس زەمینی بەجێ هێشت و بوو بە پاشای ئەو شوێنەی کە گیانی زەمینی تیا بەجێ دێڵێ (دەردەچێ) (موکری، ١٩٨٤، ٤١-٤٢).

هەموو ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن لەبەردەم نووسەران، بۆ ئەوەی سوود لە داب و نەریتی ئایینی و چیرۆکی پێغەمبەران (س.خ) و خواوەندەکانی ئاینە بەراییەکان وەربگرن، بە مەبەستی پیشاندان و

دەربڕینی مەغزا و مەبەستەکانی نووسەر ئەمەش بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ کێشەی سەردەم دەبێت، بە ئامانجی گەیاندنی پەیامەکانیان. مرۆڤی بەرایی بۆ هەر دیاردەیەک خواوەندێکی دانابوو دەیانپەرست، جیاواز لە ئاینی ئاسمانی کە خاوەنی تەنیا خوای تاک و تەنیان.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا چەندین ئەفسانەی ئاینی وەکو بەسەرهات و ناوی پێغەمبەران و ناوی خواوەندەکانی شارستانیەتە کۆنەکان و ئاینی زەردەشتی بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە ئاینی زەردەشتیدا باس لە (زەردەشت و ئاهورامەزدا و ئەهریمەن و بازەکەی زەردەشت) کردووە لەو کاتەی کە کارەکتەری سەرەکی لە کۆڕەوەکەدا ڕێدەکات و سەر هەڵدەبڕێ و بازێک دەبینێ، نووسەر ئەم بازە بە بازەکەی زەردەشت دەچوێنێ کە دەڵێ ((بازێکی چیایی نزم، هەرە نزم دەفڕێ و سێبەرەکەی سەرت پێ هەڵدەبڕێ. لاپەڕەی ئاسمانی خۆی لە ڕەنگاوی خۆڵەمێشی هەڵکێشاوە. بازەکەش، وەکو بازەکەی زەردەشت، پەڕ قاوەیی و دەنووک زەرد. دەشێ هەر ئەوبێ. زەردەشت.. زەڕ...دەشت. دەشتایی و تۆ. زێڕی تێزاب. خۆت بەزارا[٢] دەزانی...)) ل٥ .

لە شوێنێکی تردا دەڵێ ((ئەوەتانێ بازێکی چیایی لەڕەنگی بازەکەی زەردەشت نەوی نەوی بە بان سەرمەوە دەفڕێ...)) (ل٨٧-٨٨) کەوا ڕاستەوخۆ ناوی زەردەشت دێنێ و ئاماژە بۆ ناونانەکەی دەکات، بەشێوەی لێکچوون و هاوشێوەبوون لەنێوان هەردوو بازەکە بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی .

کارەکتەری سەرەکی خۆی بە زەردەشت دەچوێنێ و جوانی سروشتی کوردستان و بۆن و دەنگی ئەم سروشتە هەستەکانی تژی دەکەن و لە دڵخۆشییان وەختە باڵ بگرن و بفڕن کە دەڵێ، ((... دەبمە زەردەشتێکی ڕاماو... کێشم نامێنێ و... باڵ دەگرم... دەخوازم بفڕم...)) ل٩. هەروەها لە شوێنێکی تردا هەستەکەی پێچەوانە بۆتەوە کاتێ سەیری کۆڕەوان دەکات و ترس و

برسیەتی شالاوی بۆ هێناون کە دەڵێ ((...چوار مەشقییەکی زەردەشتیانە دادەنیشی و بیر لە سەدان مەرگی کۆچڕەوەکە دەکەیتەوە.)) ل١١، ڕۆماننووس بە تەکنیکی دەرکەوتن و بە شێوەی لێکچوواندن ئەم ئەفسانەیەی مەزراندووە.

لە شوێنێکی تردا (ئاهورامەزدا)ی خواوەندی خێرو چاکەی ئایینی زەردەشتی وەکو ڕەمزێکی بالا هێناوەتەوە. نووسەر دوو جار دووبارەی کردۆتەوە کە لەوەتەی ئادەم پێغەمبەر (س. خ.) لە بەهەشت دەرکراوە هەموو مرۆڤایەتی وێڵ و سەرگەردانی (یەکسانی و کامەرانی و ئاسوودەیی) بالان و بەدەستیان ناکەوێت. کە دەڵێ ((بڕوات بە یەکسانیی بالا، کامەرانیی بالا و ئاسوودەیی بالا نەمابوو، ئەو سێیەت بە تەیری عەنقا، قەقنەس و سەمەندەر دەزانی، کە لە بارەگای زیۆس و ئاهورامازدا و یەهوەشدا نین)) ل٩٤ ، لێرەدا نووسەر سوودی لە تەکنیکی گونجاندن بینیوە تێیدا بە لێکچوون و هاوشێوە بوونی مەزراندووە .

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا ئاماژەی بە ناوی چەندین پێغەمبەران یان کردەوەکانیان کردووە وەک (ئادەم، ئەیوب، نوح، موسا، مەسیح، دانیال، یونس)، بۆ نموونە نووسەر لە چەندین شوێن باسی تۆفان و کەشتیەکەی نوح پێغەمبەر دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک کارەکتەری سەرەکی بەناو دۆڵ و چیا و سروشتی کوردستاندا گوزەر دەکات، چیا وەک کەشتی نوح دەبینێ دەڵێ ((چیات بە کەشتی نوح زانی.)) ل١٢، کەوابێ چیاش وەکو کەشتی نوح ڕزگارکەری ئەو کەسانەیە کە بەسەرییەوەن، لێرەدا نووسەر لە تەکنیکی دەرکەوتندا سوودی لە لێکچوواندن بینیوە و ئەفسانەکەی مەزراندووە.

نووسەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەگۆچانی موسا پێغەمبەر کردووە، ئەو گۆچانەی وەکو کەرەستەیەکی ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لەبەر ئەوەی لە چەندین شوێن لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە هەروەک لە سورەتی ئەلشوعەرادا:

((فَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ ۖ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ)) (سورة الشعراء، آية: ٦٣) ، واته ((ئەوسا ئێمە وەحیمان نارد بۆ موسا کە: بە عەساکەت بماڵە بە دەریاکەدا، (هەر کە ئەو کارەی کرد) دەریا شەق بوو و هەر ڕێگە و شەقامێکی دەورە درا بە شەپۆلی گەورەی ئاو، کە وەک کێوی گەورە و مەزن وا بوو (ئاوەکە هەڵدرایەوە دوانزە کۆڵانی بۆ دوانزە تایەفەکەی نەوەی ئیسرائیل دروست کرد و بە نێوانیاندا پەڕینەوە))[٣] ئەو گۆچانە خاوەن هێزێکی لە رادەبەدەر بووەو بە فەرمانی خوای گەورە بۆ کاری چاکە بەکارهاتووە، موسا پێغەمبەر (س. خ.) بە فەرمانی خودا و بەهێزی ئەو گۆچانە گەلی بەنی ئیسرائیلی لە ژێر زوڵم و زۆرداری فیرعەن ڕزگار کرد. لەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە وەسفی کارەکتەری سەرەکی دەکات و باس لەو گومانانەی دەکات و دەڵێ ((...گومانت لەو گۆپاڵە کرد کە دەبووە مار یان ڕووباری نیلی شەق کرد)) ل٥٤، لەو کۆڕەوەدا گەلی کورد بەگشتی و پێشمەرگە بە تایبەتی پێویستی بە هێزێکی زۆر (پەرچوو ئاسا) بوو کە لەو حاڵەتە ناخۆش و بەئازارە ڕزگاریان بکات. نووسەر بە تەکنیکی برووسکەیی مەزراندوویەتی، کەوا پێویستە خوێنەر لێکدانەوەی بۆ بکات و باگراوەندێکی ئاینی و ئەفسانەی باشی هەبێ بۆ ئەوەی بزانێ کە گۆچانەکەی موسا پێغەمبەر (س. خ) بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە.

لە شوێنێکی تردا ڕۆماننووس ئاماژە بە(زیوس) خوای خواوەندەکانی یۆنانی کردووە. (زیوس یان جوبیتر)، سەرەتا خوای رووناکی و ئاسمانی بوو، بەڵام وردە وردە بوو بە خوای خواکان و خاوەنی بڕیاری ڕەها بوو دەتوانێ هەموو شتێک ببینێ و بزانێ،... ئەگەر هەر شتێک بە پێچەوانەی خواستی ئەو با، تووڕە دەبوو زەوی و ئاسمانی دەلەرزاند، لە هەمان کاتدا زیوس خوایەکی ژیر و میهرەبان بوو، بۆ هەر شتێ لە پێشدا تاوتوێ دەکرا و بە قانوونی بنەڕەتی و

چارەنووسەوە بەراوردی دەکات، تا سیستەمی دنیا تێکنەچێت) (شفا، ٢٠٠٥، ٥-٦)، زیوس لەم ڕۆمانەدا بەم جۆرە هاتووە: ((پێم نالێن : لە کام سەردەم و شوێنێکدا، ئەو قەقنەس و سەمەندەر و تەیری عەنقایە نیشتوونەتەوە؟ دڵنیام... تەنانەت لە بارەگای زیۆس و ئاهورامازداش نین، نەبوونە و نابن...)) ل١٥، نووسەر ئەم ئەفسانەیەی  بە تەکنیکی گونجاندن لە شێوەی لێکچوون و هاوشێوە بوون مەزراندووە.

هەندێ لە ژمارەکانیش ڕەهەندێکی ئەفسانەییان وەرگرتووە و لە خۆیانەوە نەهاتوون، چونکە زۆر دووبارە دەکرێنەوە و لە نێو بیروباوەڕی کۆنی میللەتان و شارستانیەتەکاندا گرنگی پێدراوە. هەروەک ژمارە ((١-٢-٣-٧-٩-١٢-١٣-١٤ - ٤٠)) (مولود، قەدەغە، ٩٤). بۆ نموونە ژمارە (٧) کە ژمارەیەکی ئایینی و پیرۆزە هەروەک (حەوت تەبەقەی ئاسمان و حەوت تەبەقەی ژێر زەوی و حەوت جار تەوافکردن بەدەوری کەعبەی پیرۆز، هەروەها خوای گەورە لە سورەتی (یوسف)دا دەفەرموێت ((وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ ۖ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِن كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ (آیـة٤٣)، واتە (شەوێک پاشا خەونێکی سەیری بینی و بوو بە مەراقی و لە کۆبوونەوەیەکدا) وتی: بەڕاستی من لە خەومدا بینیم کە حەوت مانگای قەڵەو لەلایەن حەوت مەنگای لەڕ و لاوازەوە خوران، حەوت گوڵەگەنمی سەوز و جوان و حەوتی وشکیشم بینی، ئەی زانا و شارەزایان ئەم خەوەم بۆ لێکبدەنەوە ئەگەر خەون لێکدەدەنەوە.))[٤]

لەم ڕۆمانەشدا نووسەر ژمارە حەوتی بە ئەفسانەی ئەفراندنەوە بەستۆتەوە کە دەڵێ ((ئێژن : زەوی و ئاسمان و زیندەوەری بە شەش ڕۆژ دروست کردووە بۆ تەماشاکردن و بەزم و گەمەی خۆی: لە ڕۆژی حەوتەمیندا، پشووی داوە!)) ل٧٧ ، لێرەدا ڕۆماننووس بە پشتبەستن بە چیرۆکی ئەفراندنی زەوی و ئاسمان لە

ئایینی مەسیحی و یەهودیدا و لە ڕوانگەی ئەوانەوە خستوویەتیە ڕوو، کە بەشێوەی دەقئاوێزان لە تەکنیکی دەرکەوتندا مەزراندوویەتی.

**سێیەم- ئەفسانەی هێماکاری (هێمایی-ڕەمزی):**

زۆربەی ئەفسانەکان تا لەسەر بنیاتێکی رەمزی دروست بوونە و پێکهاتوونە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ئەفسانەکان بەهۆی هێماکانەوە دەدوێن یاخود خوێندنەوەیەکی ڕەمزی بۆ دیاردەکە دەکەن. مرۆڤی بەرایی وەکو ڕاستییەک سەیری ڕەمزەکانی ناو ئەفسانەکانی کردووە، بەڵام کاتێ بیروهۆشی گەشەی کردووە و مەعریفەی فراوانتر بوو، بە گومانەوە سەیری کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی کردووە ، بۆیە ئەو کەسایەتیانەی بە شێوەیەکی ڕەمزی مەزراندووە و ئەمەش جۆری ئەفسانەی هێماییە (ڕەمزی)، کە لەم قۆناغەدا پەیدابووە، لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە ((پێشکەوتووترە لەو قۆناغەی کە ئەفسانەکانی پێشوو تێیدا پەیدابووە (گەردوونی و نەریت و بۆنە ئایینییەکان)، ئەم چەشنە خۆی نابەستێتەوە تەنیا بە گەردوونەوە، بەڵکو لەناو جەرگەی ژیانی ئادەمیزادەوە هەڵئەقوڵێ) ( موکری،١٩٨٤، ٤٢).

کەواتە ئەم جۆرەی ئەفسانە ئەو هێمایانە لە خۆ دەگرێ کە پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە و گوزارشت لە قۆناغێکی ئاڵۆزتر لە ئەفسانەکانی تر دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نزیکیەکی لەگەڵ ئەفسانەی شیکاریدا هەیە وەک لە ئەفسانەی ئەفراندن و بۆنە ئایینییەکانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ئەفسانەیە ((بەشێوەیەکی خوازەیی گوزارشت لە بیرۆکەیەکی ئاینی یان گەردوونی دەکات)) ( غراب خدیجة، ٢٠١٤، ١١).

لە ئەفسانەی هێماییدا ((هێز و دەسەڵات دەگۆڕێت بۆ هێمایەکی بەرجەستەکراو سیفەتەکانی مرۆڤ لە خواوەندەکان یان پاڵەوانە خورافییەکان دادەماڵێنێ و ئاوێتە دەبێ لەگەڵ هەندێ لە توانا سنووردارەکانی مرۆڤ بەو

هێزە گەورەیەی کە توانای خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و زاڵبوون بەسەریدا)) (خورشید ، ١٩٧٨، ٢٥) هەروەها هەندێ کەسایەتی کە تایبەتمەندیی لە ڕادەبەدەریان هەیە بوونەتە هێمایەک کە لە ڕێزی خواوەندەکان یان پاڵەوانەکان تێدەپەڕێنێ.

نموونەی ئەم جۆرەی ئەفسانەیەش لە ناو زۆربەی میللەتان بوونی هەیە، بۆ نموونە لەکلتووری (ئیغریقی)دا هەروەکو ئەفسانەی بسیشیە و کیوبید و فینوس[5].

**سیزیف:**

سیزیف پاشایەکی یۆنانی بوو، بەیەکێک لە گاڵتەجاڕترین کەسایەتییەکانی میتۆلۆژیای یۆنانی دادەنرێ، کە توانی خوای مەرگ (ثاناتۆس) هەڵخەڵەتێنێت. بەمەش زیۆسی گەورەی خواکانی تووڕە کرد و بەوە مەحکومی کردبوو کە بێ ناوبڕ تاوێرە بەردێکی قورس بەرەو لووتکەی شاخێک ببات کە لەبەر قورسییەکەی، دووبارە لەوێوە غلۆر دەبۆوە بۆ خوارەوە، کە ئەمەش کارێکی بێ ئەنجام و بێهوودەیە، بۆیە خواوەندەکان باوەڕیان وا بوو کە هیچ سزایەک نییە هێندەی ئەو سزایە سەخت بێ کە هەم بێهوودەیە و هەم ئومێدی هیچی لێ ناکرێ ( کامۆ ، ٢٠١٤، ١٩٥). ڕۆماننووس بۆ هەمان مەبەست ئەم ئەفسانەیەی مەزراندووە. لەکاتی کۆڕەوەکەی کوردان، کە چ هەستێکی نائومێدییان هەبوو و بەرەو کەنارێکی نادیار هەنگاویان دەنا، نووسەر وەکو ڕەمزێکی بێ ئومێدی و بێهوودەیی وەریگرتووە کە دەڵێ ((ئەگەر سیزیف ئەفسانەی نموونەی ناهومێدی بێ، وا ئێمە بووینە هەزاران سیزیفی ڕاستەقینەی سەدەی بیستەم، کۆڵمان بەشانەوەیە. نائومێدی لەپاش نائومێدی بەرپێمان دەگرێ.)). ل٤٤ ئەم ئەفسانەیە لە فۆرمی لێکچواندن و هاوشێوە بوون لە تەکنیکی گونجاندندا مەزرێنراوە.

**ڤینۆس:**

خوداوەندی عەشق و جوانی و بەپیتییە لە ئەفسانەی ڕۆمانییەکاندا، لە ئەفسانەی یۆنانیشدا بە ناوی (ئەفرۆدیت) دێت، کچی (زیوس)ە. هەندێ لە ڕۆمەکان باوەڕیان وابوو کە ڤینۆسی خواوەند لە دەریادا لەدایک بووە و لە کەرەی دەریا (زبد البحر) دروست بووە. ڕۆماننووس ئاماژەی بە هەمان ئەفسانە کردووە و زۆر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی کردووە و دەڵێ ((چۆن ڤینۆس لە کەفچڕی شەپۆڵەکانەوە هاتۆتە وجوود؟!)) ل٥٤، لێرەدا ڤینۆس وەکو ڕەمزی جوانی و قەشەنگی بەکارهاتووە. گێڕەرەوەی ناو ڕۆمانەکە باس لە گومانی کارەکتەری سەرەکی دەکات کە چۆن ڤینۆس بەو هەموو جوانییەی خۆیەوە لە کەف و کەرەی سەر دەریا دروست بووە، بە تەکنیکی دەرکەوتن و شێوەی دەقئاوێزان مەزرێنراوە، چونکە دەقی ئەو ئەفسانەیە لە زۆربەی سەرچاوەی خواوەندەکانی ڕۆمانی و یۆنانیدا ئاماژەی پێدراوە.

**پرۆمسیۆس:**

یەکێک بوو لە شەڕکەرە بەهێزەکانی تیتانییەکان، بەڵام لە شەڕی نێوان خواوەندەکانی ئۆڵەمپیک و تیتانییەکان، سەرەتا بەشداری نەکرد و دواتریش کە زانی تیتانییەکان تێکدەشکێن هاتە بەرەی خواوەندەکان، خوای خواکان (زیۆس) کردیە ڕاوێژکاری خۆی، بەڵام پرۆمسیۆس ئەو قینەی هەر لە دڵ مابوو، بۆیە مرۆڤەکانی فێری زانست و دانایی خواکان دەکرد و وای دەکرد شت فێر بن و سەر بۆ خواوەندەکان دانەنەوێنن، ئەمەش (زیوس)ی تووڕە کرد، هەروەها بەمەش نەوەستا پارچەیەک لە ڕۆژی دزی و دایە مرۆڤەکان. زیوس لێی تووڕە بوو، بەهاوکاری چەند خواوەندێکی تر پرۆمسیۆسیان دەستگیرکرد و دەست و پێیان زنجیر کرد و لەسەر بەرزایی کێوەکانی قەوقازدا بە تاشە بەردێکیان بەستەوە، هەموو ڕۆژێک هەڵۆیەکی دەنارد بە درێژایی ڕۆژ جگەری

دەخوارد بەشەو بەجێی دەهێشت، بەڵام جگەر لە خۆوە پەیدا دەبۆوە، بۆ بەیانی هەڵۆ دەستی دەدایەوە کاری خۆی، دوای ئەوە هەرقەل توانی پرۆمسیۆس ڕزگار بکات (ڕەسول، ٢٠١٠، ١٨ ).

ڕۆماننووس ئەم ئەفسانەیەی مەزراندووە تا کەسایەتی ئەفسانەیی پرۆمسیۆس لەگەڵ پێغەمبەر موسادا بەراورد بکا و چۆنیەکییەکی لە نێواناندا دروست بکا لەوەدا کە هەردووکیان سوودیان بۆ گەلەکەیان هەبووە و ڕێگای ڕاستیان پیشان داون، کارەکتەری سەرەکیش خۆی وەکو ئەوان دادەنێ و دەڵێ (( هەندەم نەماوە خۆم بە موسا بزانم ، یان پرۆمسیۆس...ئەوا منیش ڕووەکی تیشکدەر بۆ گەلەکەم بە خەڵات و دیاری دەبەم)) ل٧٨، مەبەستی ئازادی و ڕووناکییە بۆ گەلی کورد. بەتەکنیکی گونجاندن ئەم هاوشێوەبوونەی دروست کردووە.

### کچی کافرۆش و سفنکس (ابوالهول/ Sphinx)

کچی کافرۆش لەناو کوردەواریدا بە ڕەمزی جوانی ناسراوە، چیرۆکێکی ئەفسانەیی لەسەر دروست بووە کە کچێکی کوردی زۆر جوان و دڵگیر و سەرنجڕاکێش بووە، کاتێ ئینگلیزەکان هاتوونەتە کوردستان لە ساڵی (١٩١٨ز) ئەفسەرێکی ئینگلیز حەزی لێ کردووە و لەگەڵ خۆی بردووە ، واتە ڕفاندوویانە، لە کاتێک دەڵێن لەناو فڕۆکەدا بوو خۆی فڕێ داوە بۆ ئەوەی نەبێتە دیلی دەستی چەپەڵی ئینگلیز ، ئیتر ئەم ڕووداوە بۆتە چیرۆکێکی ئەفسانەیی و دەماودەم گێڕدراوەتەوە)). ( پیرباڵ، ٢٠٠٩، ١٩٢ )

(سفنکس) بوونەوەرێکی ترسناکە لە ئەفسانەی یۆنانی و میسریەکاندا هەیە. لاشەی شێرە و سەری ژن و باڵی هەڵۆیە، شاری (تیبە) لێی دەترسێن تا ئۆدیب دێت و نهێنییەکە چارەسەر دەکات.

ڕۆماننووس ڕەمزی جوانی کچی کافرۆش و ڕەمزی ترس و کوشتنی سفنکس بەیەکەوە وەکو دوو شتی پێچەوانەی یەکتر دێنێتەوە، گێڕەرەوە باس لە کێشانی وێنەی بۆراقێک دەکا لەسەر دەرگای سندووقە دارینەکانی جاران کە دەڵێ (( جارێک وێنەی بۆراقێکت کێشا و جووتە باڵەکەیت لە پەڕی تاووس ڕەنگاند، نەرمە زینێکی ڕەنگاوڕەنگ بەپشتییەوە. تۆ بۆ ئەو میعراجە ( کچی کافرۆش )ت دانابوو لە جیاتی کەسێکی دی... لەژێری نووسیت: ئەمەیە (sphinx) سفنکسی کوردەواریمان )) ل٧٣ لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیە، گێڕەرەوە باس لە کەسایەتی سەرەکی دەکات، کە جارێکیان وێنەیەکی لەسەر دەرگای سندووقە دارینەکەیان کێشاوە و دەیویست وێنەی کچی کافرۆش دەرچێ، بەڵام کاتێ وێنەکە تەواو دەبێ، بۆراقێک و جووتێ باڵی کێشاوە، و وێنەی سفنکس دەرچووە کە داویەتیە پاڵ نەتەوەی کورد. رۆماننووس هەردوو ڕەمزی تەنیا بە شێوەی ناوهێنان مەزراندووە کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە. تەکنیکی دەرکەوتندا بەڕاشکاوانە ناوی هەردوو ئەفسانەی هێناوە و مەزراندوویەتی.

**ئینانا و میدۆزا:**

ئینانا: خواوەندێکی میزۆپۆتامیایە کە بەخواوەندی خۆشەویستی و جوانی و سێکس و ئارەزوو و بەپیت و فەڕی و جەنگ و دادپەروەری و دەسەڵات بەستراوەتەوە. سەرەتا لەلایەن سۆمەریەکانەوە دەپەرسترا ، دواتریش لەلایەن ئەکەدی و بابلی و ئاشووریەکان بەناوی (عەشتار) پەرستراوە.

**میدۆزا:** ئەفسانەیەکی گریکییە دەڵێ ( کچێکی زۆر جوان و قەشەنگ هەبووە. ناوی میدۆسا بووە، هەموو کات بە جوانیی خۆی نازیوە و گوتوویەتی: من لە (ئەثینا)ی خواوەندی هونەر و حیکمەت و زانیاریی گریکی جوانترم، بۆیە ئەم خواوەندە کردوویەتیە گیانلەبەرێکی زۆر ناشیرین و ڕقی لێ بۆتەوە، بەشێوەیەک ناشیرینی کردووە کە قژو کەزییەکانی کردۆتە مار و روخسارێکی

ناشیرینی پێداوە، هەر کەسێک سەیری (میدۆسا)ی کردبێ یەکسەر بۆتە بەرد) (یونس، ١٩٨٣ ، ١٩٩) .

نووسەر زۆر بە وردی و تێروتەسەلی ئاماژە بەو ئەفسانە سۆمەرییە دەکات و گێڕەرەوە وەسفی هەستی کارەکتەری سەرەکی دەکا دوای دیمەنی سامناکی کۆمەڵکوژی و زیندەبەچاڵ کردنی کوردان (کە وریا بۆی گێڕایەوە)، دەڵێ ئەم ئەفسانەیە بە موڵکی خۆت دەزانی بەشداریت لەو گەشتە کردووە لەگەڵ خواوەند (ئینانا) بۆ عالەمی ژێر زەمین لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤ لە مردن و تاریکی. کەوا لەوێش شاژنی ژێر زەمین (خوشکی ئینانا)یە خۆی بۆ پێشوازیەکی سامناک ئامادە کردووە نووسەر بۆ چنینی ئەم دیمەنە (ڕووداوە) سوود لە هەردوو ئەفسانەی (ئینانا) سۆمەری و (میدۆزا)ی گریکی وەرگرتووە ((میدۆزا ئاسا خۆی بۆ پێشوازییەکی سامناک تەیار کردووە، تۆ ئەم ئەفسانە سۆمەرییە بە موڵکی خۆت دەزانی، بۆیە لەگەڵ ئینانادا، پێکەوە دادەبەزی بۆ ناخی ژێر زەوی)) ل ٨٠، ڕۆماننووس لێکچوواندن و هاوشێوەبوونێکی دروست کردووە و بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی، لەنێوان ئەو ئێش و ئازارەی کە لەگەڵ خواوەند (ئینانا)دا لە عالەمی ژێرەوە بە دەستی خوشکەکەی چەشتوویانە، لەگەڵ ئەو دیمەنە سامناکەی کە کارەکتەری لاوەکی (وریا) باسی زیندە بەچاڵکردنی کوردانی کردووە بە دەستی ڕژێمی بەعسی. لە هەمان کاتدا (ئیریشکیگال)ی وەکو ڕەمزی دڕندە و خوێن مژ هێناوەتەوە کە سەرکردە دکتاتۆرەکانی بەو چواندووە کە دەڵێ ((نەک لەژێر زەمین، ئەوەتا لە سەدەی بیستەم و لەسەر گۆی ئەو زەوییەدا، ئیریشکیگال بەرگی دەیان هۆلاکۆ و نیرۆن و مۆسۆلینی و پاتێستا و گوبلز و مۆباسا و هیتلەر و سەددامی پۆشیوە!! ئەوانە هەرگیز ناگەنە پلەوپایەی سەددامی لەمەڕ خۆمان بۆیە هیچ ناو و ناتۆرەیەکی وەکو خوێن مژ و فاشیست و نازی و دڕندەی لێ نانێم، با ناوەکەی خۆی بێ و بەس)) ل ٨٠.

**چوارەم- ئەفسانەی مێژوویی:**

لە پەیوەندیی نێوان ئەفسانە و مێژوودا* جۆری ئەفسانەی مێژوویی بەرهەم دێت، لەم جۆرەدا ( مێژوو و خورافە تێکەڵ کراوە (بەیەکەوە دێت)، لەشێوەی حیکایەتێکە کە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و لە کۆمەڵێک توخمی مێژوویی و کۆمەڵێک شتی نائاسایی و سەیرو سەمەرە و لە ڕادەبەدەر پێکدێت) ( زکی، ١٩٧٩، ١٢).

هەروەک دەزانین مێژوو لەگەڵ دەرکەوتنی نووسین دەست پێدەکات، بەڵام ئەفسانەکان بۆ پێش ئەو کاتە دەگەڕێنەوە، هەر لە سەرەتاوە ئەفسانەکان شێوازێکی گێڕانەوەییان هەبووە و پڕن لە توخمەکانی (پاڵەوان، ڕووداو، شوێن،.....) هەروەها ناوەڕۆک و مەبەستی سەرەکی بابەتەکە خاڵی گرنگی ئەفسانەکە بوو.

ئەوانەی باسکران لەناو ئەفسانەکاندا ڕەهەندێکی مێژووییان تۆمارکردووە لە نێو نەوەکاندا دەماودەم گێڕدراونەتەوە وەکو مێژوویێکی تۆمار نەکراوی لێ هاتووە. یان بەواتایەکی تر بۆ نموونە هەندێ کەسایەتی یان ڕووداوی مێژوویی هەیە، بەهۆی کردەوە لە ڕادەبەدەرەکانیان لە ئاستی واقع بەرز بۆتەوە و بۆ ئاستێکی ئەفسانەیی، نموونەی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەم جۆرەی ئەفسانە وەک: ((داستانی گلگامش) لای بابلییەکان (سۆمەرییەکان) و (شەڕی تەروادە) لای یۆنانییەکان هەروەها ئەفسانەی (تۆفان) و کۆمەڵ کوژی بە ئاگری ئاسمانی یان (الاعاصیر)) (الجواري، ١٩٩٨، ٢٤). ئەفسانەکانی ئەم نموونانەی سەرەوە لەسەر بنەمایەکی مێژوویی ڕاستەقینە و تێکەڵ بە رەگەزەکانی خورافە دامەزراون.

ڕۆماننووس ناوی کەسایەتی ئەفسانەیی مەغۆلەکان (هۆلاکۆ)ی تەنیا بە ئاماژە هێناوە. هۆلاکۆ: سەرکردەیەکی مەنغۆلیا (مەغۆلی) بوو کە توانی زۆربەی وڵاتانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا داگیر بکات. مەغۆلەکان بە خوێن ڕێژ و

دڵڕەق و دڕندە دادەنرێن. ڕۆماننووس باس لەو ئازار و ناڕەحەتیانە دەکات کە لە ڕێگای کۆڕەوەکەدا تووشی هاتوون. لەسەر زاری گێڕەرەوە باسی کارەکتەری سەرەکی دەکات دەڵێ ((پاش شەش حەوت شەو و ڕۆژ، بەو ڕێگە دوورو درێژەدا، لە ئاشیانەی خۆت هەڵکەندرای و کەوتیتە ژێر سمی ئەسپە کێوییەکانی هۆلاکۆ و تازە مەغۆلەکانەوە، شارەکانیان کردە ئەسینا و بابل و سادوم و عامورا)) ل٧٧. مرۆڤ لە شوێنی خۆی سەنگینە، ئەگینا دەکەوێتە بەر زەبرو زەنگی زاڵمان، بەشێوەی لێکچوون و هاوشێوەبوون بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی، ئەم لێکچوونەش لە نێوان هۆلاکۆ و سەرکردەکانی حزبی بەعس بووە ، لەڕووی دڕندایەتی و زوڵم و ستەمکردن و وێرانکردنی شارەکان.

ئەسکەندەری شاخدار یان ئەسکەندەری مەقدۆنی لەم ڕۆمانەدا وەکو کەسایەتیەکی مێژوویی ئەفسانەیی ناوی هاتووە و باس لە نهێنیی شاخەکانی دەکات. کەوا لە ئەفسانەیەکی کوردی وای دەگێڕنەوە (ئەسکەندەر لەبەر ئەوەی شاخی هەبووە ، هەر کەسێک ببوایە سەرتاشی و باسی شاخەکانی بۆ خەڵک بکردایە، ئەسکەندەر دەیکوشت، دەڵێ : سەرتاشێک ماوەیەکی زۆر سەرتاشی ئەسکەندەر بوو و باسی ئەو نهێنییەی نەکردووە، بەڵام تا دەهات ڕەنگ زەرد و لاواز دەبوو، ڕۆژێک چووە لای حەکیمێک باسی حاڵی لاوازیی خۆی کرد، ئەویش گوتی تۆ نهێنییەکت لە دڵدایە و پێویستە بیدرکێنی، سەرتاشیش گوتی ناتوانم لای هیچ کەس باسی بکەم، چونکە تیای دەچم. حەکیمیش گوتی بڕۆ لە دەشت لەناو چاڵێک بە دەنگی بەرز نهێنییەکەت بدرکێنە، ئەویش بەم شێوەیە ئەنجامیدا. پاش ماوەیەک باران باری و لەناو چاڵەکە قامیش سەوز بوو، شوانان لەو قامیشە (نای)یان دروست دەکرد و کاتێ فوویان تێدەکرد، نای دەیگوت: (ئەسکەندەر دوو شاخی هەیە، ئەسکەندەر

دوو شاخی هەیە). (حەسەن ا،٢٠٢٠، ٢١٩-٢٢٠). لە ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو)یشدا بەم شێوەیە هاتووە (( بوویتە بە سەرتاشەکەی ئەسکەندەری شاخدار، کە چۆن رازی پەنگاوەی دەروونی، بە گوێی قامیش و زەل و نەیستاندا چرپاند. تۆش لێرەدا، ڕازی نهێنییەکەت ڕەها کرد... بۆ گوێچکەی شەو و تاریکی و تەنیایی...)) ل٨، نووسەر ، لەم ئەفسانەیەدا درکاندنی نهێنی شاخی ئەسکەندەر لەلایەن سەرتاشەکەی و درکاندنی نهێنی کارەکتەری سەرەکی بەگوێی شەو و تاریکی و تەنهاییدا، لێکچوون و هاوشێوەبوونێکی دروستکردووە و بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی.

**پێنجەم- ئەفسانەی گیانەوەران:**

ئەم جۆرەی ئەفسانە هەروەک لە ناوەکەی ئاماژەی پێدەکا ، ئەو زیندەوەرانەن کە پەیوەستن بە ئەفسانەکانەوە، کە لە ئەفسانەکانی هەندێ میللەت و کلتووری جیاوازدا دەردەکەون. ئەم گیانلەبەرانە خاوەنی هێز و چەند تایبەتمەندی و سیفەتێکن کە لە ئاژەڵانی تر جیایان دەکاتەوە.

گیانلەبەران لە ئەفسانەکاندا ڕۆڵی خۆیان هەیە و گەلێ جار وەکو یارمەتیدەری خواوەند و مرۆڤەکان دەردەکەون، واتە ((لە زۆربەی ئەفسانان گیانلەبەر یان ئەوەتا ڕۆڵی سەرەکی هەیە و ئەفسانەکە لەسەر ڕۆڵی ئەو بەرامبەر بە مرۆڤ و کەسایەتییەکانی تری نێو ئەفسانە دامەزراوە، یان هەر سەرلەبەر گیانلەبەران ئەفسانەکە بەڕێوەدەبەن. لەم جۆرە ئەفسانانەشدا گیانلەبەران زۆر ڕەوشتی چاک و خراپی مرۆڤ لە کار و کردەوەکانیاندا پەیڕەو دەکەن و شێوەی سروشتیی خۆشیان دەپارێزن)) (حەسەن پ ،٢٠٢٠، ٥٢).

**قەقنەس**

سەڕاج لەو ڕۆمانەدا ناوی چەند گیاندارێکی هێناوە و بۆ مەبەستی جیاجیا مەزراندوویەتی، بۆ نموونە لە دوو شوێن ناوی قەقنەس و عەنقا ی هێناوە ، کە

هەردووکیان هەمان باڵندەن، قەقنەس باڵندەیەکی خەیاڵییە لە داستانە کۆنەکانی عەرەب و فارس و گریکی و ڕۆمانی و میسری ... بەکاریان هێناوە، وەکو بێچووە باڵندەیەکی پیرۆز بەکاریان هێناوە، داستانێکی یۆنانیی کۆنە، باڵندەکە خۆی و هێلانەکەی دەسووتێنێ و دەبێت بە خۆڵەمێش، دووبارە لەو خۆڵەمێشەوە دروست دەبێتەوە.

سەڕاج ئەو باڵندەیەی بە نەمانی یەکسانی و کامەرانی و ئاسوودەیی چواندووە،کە دەڵێ ((... بڕوات بە یەکسانی و کامەرانی و ئاسوودەیی باڵا نەمابوو، ئەو سێیەت بە تەیری عەنقا، قەقنەس و سەمەندەر دەزانی.)) ل ٩٤. واتە لە ڕێگەی تەکنیکی دەرکەوتنەوە لە شێوەی لێکچوون و هاوشێوەبووندا مەزراندوویەتی.

**مار**

ڕۆماننووس بە پەیڤەکانی (مار، شامار، ماری ئاشقەوماشقە) ئاماژەی بەم خشۆکە کردووە، مار لە ئەفسانەکاندا (یەکێکە لەو زیندەوەرانەی کە بە هەموو شێوەیەک بە چاکە و خراپەوە ، پاڵەوانیەتی ئەفسانە دەکات) (حەسەن ا،٢٠٢٠، ٣٦٤). نووسەر لە شوێنێکدا باسی نەدرکاندنی نهێنی دەکات لەلایەن کارەکتەری سەرەکییەوە و بە ئەفسانەی شامارانی دەبەستێتەوە و دەڵێ ((ئەو ڕازە پیرۆزە، ئەو نهێنییە متفەڕکە،.... بەسانایی بۆ گوزارشت ناکرێ، چونکە دڵنیای لەگەڵ ئاشکراکردنی ، دەستبەجێ بینایيت کوێر دەبێ... ئەوە قسەی شامارەکەیە.)) ل ٦، لێرەدا شامارەکە وەکو دۆستێکی مرۆڤ دەرکەوتووە، ڕۆماننووس بە بنیادێکی هونەری بە تەکنیکی دەرکەوتن مەزراندوویەتی.

کەچی لە شوێنێکی تردا مار وەکو دوژمنی یەکەمی مرۆڤ و ئەنجامی کوشتنی یەکێک لە مارەکانی ئاشقەو ماشقە، وا هاتووە ((... دوژمنی کۆنینەمانە!! دایکە حەوای لە خشتە بردووە و ... ئێمەمانان، من و تۆی کلۆڵی لە

بەهەشتی دڵارا بێبەری کردووە!!)) ل ٧١، سەڕاج بە شێوەیەکی هونەری ئاماژە بەو ئەفسانەیە دەکات و بە تەکنیکی دەرکەوتن مەزراندوویەتی.

هەندێ لە باڵندە و گیانەوەر هەن کە وێنە و ڕەهەندێکی ئەفسانەییان وەرگرتووە، بۆ نموونە پەپولەسلێمانە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو باڵندەیەی لەلایەن پێغەمبەر سلێمانەوە ئەرکێکی پێ سپێردرابوو. ئەو باڵندەیە (پەپو سلێمانە) لەناو میللەتاندا چەمکێکی پیرۆزی وەرگرتووە و ڕابەرایەتی بۆ حەزرەتی سلێمان کردووە، لەبەرئەوەی خوای گەورە بەهرەی تێگەیشتنی لە زمانی ئاژەڵان پێ بەخشیوە، بۆیە پەپولەسلێمانە هەواڵی ڕاست و تەواوی لەبارەی (مەملەکەتی سەبەئی) بۆ حەزرەتی سلێمان بردووە. لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس لێکچوواندنێکی دروستکردووە لە نێوان کارەکتەری لاوەکی (وریا) و هەموو ئەو ئێش و ئازارانەی بە دەستی دەسەڵاتدارانی بەعسیەکانەوەی چەشتووە لەگەڵ ئەسپەکانی (ژێرنیکا و جەواد سەلیم و شەودێز) کە ئەوانیش لەبەر ئازارەکانیان دەیانویست بفڕن و ببنە باڵندە، ڕۆماننووس دەڵێ : ((...تۆ لە ئاستیاندا، ئەسپێکی سەرکێش و ڕەسەنیت، لەو دەمانەدا بیر لە ئەسپەکانی ((ژێرنیکا)) و ((جەواد سەلیم، و شەودێز)) دەکەیتەوە، کەوا لەناو ژانەکانیان، زامەکانیان دەیانویست و دەیانەوێ باڵ بگرن و ببنە پەپو سلێمانکە)) ل٧٣، ئەمەش بەتەکنیکی دەرکەوتن بەشێوەی بنیادی هونەری مەزرێنراوە کەوا بە ناڕاستەوخۆ سوودی لە هێزی فڕینی پەپو سلێمانە وەرگرتووە.

**شەشەم- ئەفسانەی چاکە و خراپە:**

ئەم ئەفسانەیە لە دوو بەشی دژ بەیەک پێکدێت و لە چاکە و خراپەی مرۆڤەکان دەکوڵێتەوە. ئەم جۆرەی ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەتووتری بیرکردنەوەی میللەتان، بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای مێژووی جۆرەکانی تری ئەفسانە، چونکە ئەفسانەی چاکە و خراپە دەگەڕێتەوە بۆ

قۆناغی باوەڕبوون بە ئاینە ئاسمانییەکان. بۆیە هەروەکو پێشتر بەدوای هۆکاری ڕوودانی دیاردە سروشتییەکان نەدەگەڕا و شیکردنەوەی جۆراوجۆری نالۆژیکی بۆ نەدەکرد، بەڵکو ئەم دیاردە سروشتیيانەی بۆ هێزی خودا و باوەڕ بوون بە ئایینە ئاسمانییەکانەوە دەگەڕاندەوە.

لە ئەفسانەی چاکەدا ((مرۆڤە چاکەکان کەسایەتی واقیعی ناو میللەتن و بەکردەوە باشەکانی کە سیمای باشە و قارەمانیەتیە لە کەسانی تر جیا دەکرێنەوە، ئەرکی ئەفسانەش لەو حاڵەتەدا ئەوەیە کە چاکە بەرجەستە بکات، بۆئەوەی ببێتە نموونەیەک و چاوی لێبکرێ)) (ابراهیم، ١٩٧٤، ٤٩-٥٠)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانین و متمانەی هەر میللەتێک بۆ ئەو جۆرە کەسایەتیانە کە وەکو نموونەیەکی چاکە و خێرکەر دەربکەون و لە کار و کردەوەکانیاندا ڕەنگبداتەوە، هەموو کات کەسێکی یارمەتیدەرە و خۆشەویستی دەبەخشێ.

ئەفسانەی خراپە، بەپێچەوانەی ئەفسانەی چاکەیە، لەم جۆرەدا باسی مرۆڤی خراپەکار دەکرێت، کەوا ئالنگاری (تحدی) گەردوون (دنیا، جیهان) دەکات لە پێناو تێرکردنی حەز و ئارەزووە ماددییە تایبەتەکانی خۆی، بە شێوەیەکی خراپ و ناشیرین وێنای مرۆڤ دەکات و (بیرۆکەی خراپە لە کەسێکی دیاریکراو بەرجەستە دەکات، تەنیا خراپە ئەنجامدەدات دوور لە یاسا ئاسمانییەکان ئەمەش دەبێتە هۆی لەعنەت لێکردن لێی. ئەو جۆرە مرۆڤە لەسەر هەوا و هەوەستی شەیتان دەبێ (دێت و دەچێ/ یسیر) لەو کاتەدا دوو شت بەسەریدا زاڵ دەبێ، یەکەمیان گومانە، گومان لە ئایین و توانای دروستکەر (خواکەی) دەکات، دووەمیان (طموح)ە کە بە دوای هۆکاری هەموو شتێدا دەگەڕێ هەتا ئەو شتانەش کە ناتوانرێ شیکردنەوەی بۆ بکرێ.) (ابراهیم،١٩٧٤، ٥٣).

کەسایەتییەکانی ئەم جۆرە ئەفسانەیە لە کۆتاییدا تووشی لەدەستدانی هەموو شتێک دەبن لە ژیانیاندا، چونکە مرۆڤی خراپەکار و خۆبەزلزان نەفرەتی ئاسمانی لێکراوە و ئارامی و دڵنیایی و سەقامگیریی دەروونی لێ سەندراوەتەوە.

**خدری زیندە :** لەلای زۆرێک لە ئایینە ئاسمانییەکان بە کەسێکی پیرۆز دادەنرێ و هەندێک بە پێغەمبەر و هەندێک بە پیاوچاک و فریادڕەسی هەژاران و لێقەوماوانی دادەنێن، کە ڕوخسارێکی نوورانی هەیە و لە شێوەی پیاوێکی ڕیش سپی دەردەکەوێ. هەندێ ڕا هەیە کە دەڵێن ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە و نەمرە، بۆیە لە هەموو کات و ساتێک و لە هەر شوێنێکدا بێ بە ئەمری خوای گەورە بە هانای کەسانی ژێردەستە و لێقەوماو دەچێ.

لە ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو)دا، کاتێ کارەکتەری سەرەکی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو مێروولانە دەکات کە لە ڕێگای کۆڕەوەکەدا گەنمی ئەوانی خواردووە و دەڵێ نەماندزیوە، بەڵکو بە قەردوقوڵ لەسەرمانی بنووسن. دەیەوێ برسیەتی میللەتی کورد لە کۆڕەوەکەدا پیشان بدا، دواتریش مێروولەکان بە خدری زیندە دەسپێرێ، لەبەر ئەوەی خدری زیندە پاسەوانی بێ دەسەڵاتەکانە و ڕەمزی پیاوچاکی و فریادڕەسی لێقەوماوانە، دەڵێ (( ... دەی بە (خدری زیندە)ت دەسپێرم. دوور بیت لە هەزاران پاژنەی کەمتەرخەم و.... سمی هەزاران بەرانە کێوی. ئەوانە بەڵای ناگەهانن و پەرێشانت دەکەن.)) ل ٧٦، لێرەدا دەکرێ مەبەستی ڕۆماننووس میللەتی کورد بێ و بە خدری زیندەیان بسپێرێ، لەبەر ئەو بارە ناهەموارەی تووشی بوون لەکاتی کۆڕەوەکەدا، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە تەنیا ناوی خدری زیندەی هێناوە و بە تەکنیکی دەرکەوتن مەزراندوویەتی.

**یەهودا/ یەهوزا:** یەکێکە لە شاگردەکانی پێغەمبەر عیسا (س. خ). لە کتێبی پەیمانی نوێ و لە قورئاندا ئاماژە بە خیانەتی یەهودا بەرامبەر بە مەسیح کراوە. کەوا بەرامبەر چەند پارچە زیوێک شوێنی مەسیحی بە جوولەکەکان گوتووە و خیانەتی لێ کردووە و ڕادەستی ئەوانی کردووە. ئەم خیانەتەش بە یەکێک لە بەناوبانگترین خیانەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێ. بە هەمان شێوە نووسەر لەم ڕۆمانەدا یەهوزای وەکو کەسێکی خراپ پیشان داوە و باسی ئەو ماچە دەکات کە یەهوزا بە جوولەکەکانی گوتبوو کاتێ گەیشتینە ئەو شوێنە ئەو کەسەی ماچم کرد ئەوە مەسیح (عیسای ناسریە)، بۆیە عیسا (س. خ) وتە بەناوبانگەکەی پێ گوت ( ئەی یەهودا ئایا بە ماچێک مرۆڤ ڕادەست دەکەی؟) ، لێرەدا یەهودا وەکو کەسێکی خراپی ئەفسانەیی دەردەکەوێت. (سەڕاج) دەیەوێ ئەوە بخاتەڕوو کە کاری خراپە و دزین و ئازار و ئەشکەنجەدانی میللەتی کورد وەکو نموونەیەکی نەشاز بێنێتەوە، بۆیە کەسە خراپەکانی بە یەهودا چواندووە کاتێ دەڵێ ((... یەهوزا مەسیحی ماچ کرد و... ماچکردن بووە هێمای بەدکاری و مەرگهێن!!)) ل٤٠، بەمەش لێکچوون و هاوشێوەبوونی لەنێوان دوژمنانی گەلی کورد و یەهوزا دروست کردووە و بە تەکنیکی گونجاندن مەزراندوویەتی.

**ئەنجام**

١. مەزراندن وەکو تەکنیکێکی ئەدەبی و هونەری ، دەنگی ئێستا و ڕابوردوو بە یەک دەگەیەنێ و نووسەران بۆ گەیاندنی پەیامی جیاواز بەکاری دێنن.

٢. لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەودا کە بابەتە سەرەکیەکەی کۆڕەوی کوردانی ساڵی ( ١٩٩١ )ە، زۆرترین جۆری ئەفسانەی بیانی و کوردی تێدا مەزرێنراوە، وەک: ئەفراندن، نەریت و بۆنە ئاینییەکان، ڕەمزی، مێژوویی، گیانلەبەران، چاکە و خراپە.

٣. زۆرترین جۆری ئەفسانەی مەزرێندراو لە ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەودا بریتییە لە ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان و ئەفسانەی ڕەمزی.

٤. ڕۆماننووس لە مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانەدا پشتی بە چەند تەکنیکەکانی مەزراندن بەستووە، ئەوانیش (دەرکەوتن، گونجاندن، برووسکەیی)ن، لە نێو ئەو تەکنیکانەشدا (دەرکەوتن) لە دوو جۆرەکەی تر زیاتر بەکارهاتووە.

## پەراوێزەکان

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم یاسایانەی بروناڵەوە بڕوانە (جبابلية،٢٠١٧، ٢٠٥-٢٠٨، عوادي، ٢٠١١، ٣٢-٣٧، بن بوط، ٢٠١٣، ٢٤-٢٦).

[2] زارا: سەبارەت بەو ناوانەی کە ئەم ئاینەی پێ ناسێنراوە، ناوە ڕاستەقینەکەی لە ئاڤێستادا (زارا شوەشترا)یە، بڕوانە: شەنوکەوێک دەربارەی ناوی پێغەمبەر زەردەشت . Astana. org.

[3] وەرگێڕانی ئەم ئایەتە لە تەفسیری ئاسان، نووسینی بورهان محمد امین وەرگیراوە.

[4] وەرگێڕانی ئەم ئایەتە لە تەفسیری ئاسان، نووسینی بورهان محمد امین وەرگیراوە.

[5] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نبيلة ابراهيم، ص١٩-٢٠.

## سەرچاوەکان


١. قورئانی پیرۆز

**کوردی:**

٢. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٩)، *کورد لە دیدی رۆژهەلاتناسەکانەوە*، چ٣، چاپخانەی شڤان، هەولێر.

٣. حیتۆ ، عارف (١٩٩٧)، *نەژاد و پەیدابوونا ئەفسانێ*، گ. پەیڤ ژ (٥) .

٤. حەسەن أ، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، *پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی* ، چ١، چاپخانەی تاران، ماڵی سوهرەوەردی.

٥. حەسەن ب، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، *قەدەغە شکێن دارەڕێی ئەفسانەی کوردی*، چ١، چاپخانەی تاران، ماڵی سوهرەوەردی.

٦. حەسەن پ ، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، *گەڕان بەدوای نەمریدا*، چ١، چاپخانەی تاران، ماڵی سوهرەوەردی.

٧. خۆشناو، فەرهاد (٢٠١٣)، *ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەویەکان*، هەولێر ، چاپخانەی حاجی هاشم.

٨. ڕەسول، عزەددین مستەفا (٢٠١٠)، *لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*، چ ٣، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٩. ڕەشید، سابیر (٢٠٠٧)، *ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار - بەشی یەکەم*، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٠. سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٣)، *ڕۆمانی کۆچڕەو کۆچڕەو* ، هەولێر ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
١١. شفا، شجاع الدین (٢٠٠٥)، *ئەفسانەی خواکان- زیوس-* ، وەرگێڕانی بۆ کوردی: عومەر ڕەسول خدر، چ١، سلێمانی ، چاپخانەی قانع.
١٢. کامبڵ، جۆزیف (٢٠٢٠)، *پاڵەوانی هەزار ڕوو*، و: سەلاح حەسەن پاڵەوان، چ١، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
١٣. کامۆ، ئەلبێرت (٢٠١٤)، *ئەفسانەی سیزیف*، و. ئازاد بەرزنجی، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران.
١٤. محمد امین ، بورهان (؟).*تەفسیری ئاسان*.
١٥. موکری، کامەران (١٩٨٤)، *ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*، چ١، هەولێر ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

**عەرەبی:**

١. ابراهيم، نبيلة (١٩٧٤)، *أشكال التعبير في الادب الشعبي*، مصر (القاهرة)، دار النهضة، مطبعة دار العالم العربي.
٢. ابن منظور، ب. ت، (؟).*لسان العرب* ، مصر، دار المعارف.
٣. ايلياد، ميرسيا (١٩٩٥)، *ملامح من الاسطورة*، ت: حسيب كاسوحة، سورية، دمشق، منشورات وزارة الثقافة.
٤. بن بوط، فاطمة زهراء (٢٠١٣)، *تجليات الاسطورة في رواية (رامة و التنين) ل ادوارد الخراط*، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي، الجزائر.
٥. بن منصور ، رجاء (٢٠١٥) ،*الاسطورة في الرواية الجزائرية*، اطروحة دكتورا، كلية اللغات، قسم اللغة العربية. جامعة الحاج الخضر- باتنة، الجزائر.
٦. بوخنوف، شهيرة (٢٠١٢)، أساطير *و طقوس الاستقاء و استقبال الربيع في منطقة خرائط (بجاية)- مقارنة انثولوجية*، ماجستير، جامعة مولود معمري- تيزى وزو- كلية الاداب و اللغات، الجزائر.

٧. جابيلة، لويزة (٢٠١٧)، *الرؤيا الاسطورية في الشعر عبدالعزيز المقالح* ، دكتورا، كلية اللغة والادب العربي و الفنون، جامعة باتنه، جزائر.
٨. الجوراني، وداد جاسم (١٩٩٨)، *الرحلة الى الفردوس و الجحيم في اساطير العراق القديم*، بغداد ، المكتبة الوطنية.
٩. خديجة ، غراب (٢٠١٤)، *تجليات الاسطورة في الرواية الحوات و القصر ل : الطاهر وطار*، الماجستير، جامعة العربي بن مهيدي- ام البواقي- كلية الاداب و اللغات- قسم اللغة و الادب العربي.
١٠. خورشيد ، فاروق (١٩٧٨)، *اديب الاسطورة عند الغرب، جذور التفكير و اصالة الابداع*، الكويت، عالم المعرفة، سلسلة كتب شعرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب، ع ٢٨٤.
١١. راثفين، ك. ك. (١٩٨١)، *الاسطورة*، ت: جعفر الخليلي، ط١، بيروت ، منشورات عويدات.
١٢. رحاحلة، احمد زهير عبدالكريم (٢٠٠٧)، *توظيف الموروث الجاهلي في الشعر العربي المعاصر*، ماجستير، كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية.
١٣. زايد، على عشري (١٩٩٧)، *استدعاء الشخصيات التراثية في الشعر العربي المعاصر*، *القاهرة*، دار الفكر العربي.
١٤. زكى ، احمد كمال (١٩٧٩)، *الاساطير*، ط٢، بيروت، دار العودة.
١٥. السواح، فراس (١٩٨٨)، *مغامرة عقل الاولى*، دمشق، دار الحكمة.
١٦. عبد التواب، أيمن (٢٠١٩)، *الاسطورة الاغريقية من النشأة الى التفسير*، القاهرة.
١٧. عجينة ، محمد (١٩٩٤)، *موسوعة أساطير العرب عن الجاهلية و دلالاتها*، ط١، بيروت- لبنان- دار الفارابى.
١٨. علي، عبدالرضا ١٩٧٨)، *الاسطورة في شعر السياب*، الجمهورية العراقية، منشورات وزارة الثقافة والفنون، سلسلة دراسات.
١٩. عوادي، ياسمينة (٢٠١١)، *تجليات الاسطورة في" رواية فاجعة الليلة السابعة بعد الالف – رمل الماية ج١ لواسينى الاعرج*، درجة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة قاصدى مرباح ورقلة، جزائر.

٢٠. المفرح، حصه بنت زيد سعد (١٤٢٦)، *توظيف التراث الادبي في القصة القصيرة في الجزيرة العربية*، ماجستير ، كلية الاداب ، جامعة الملک سعود.
٢١. يونس، عبدالحميد (١٩٨٣)، *معجم الفولكلور*، بيروت.
فەرەنسی:
1 . Brunel, p. (1992). *Mythocritique,* prsses Universitaires de France.
لینکی ئەلیکترۆنی: https://www.albawabhnew.com
شەنوکەوێک دەربارەی ناوی پێغەمبەر زەردەشت .Astana. org

## الملخص

## توظيف الأسطورة في الرواية الكوردية

## كوجرەو كوجرەو ل عبدالله سراج نموذجا

هذه الدراسة هي محاولة لبيان أنواع الأساطير من وجهات نظر مختلفة. أي بمعنى أن البحث يعرض التصنيفات المختلفة لأنواع الأساطير. وفيها يتم التأكيد على التوظيف والتقنيات، وذلك لإظهار كيفية توظيف الأساطير في الرواية ، أي نوع التقنية التي تكرس فيها كل أسطورة. أن الغرض من البحث هو مناقشة كيفية توظيف الأسطورة في الرواية. تكمن أهمية البحث في إظهار كيفية استخدام أنواع الأساطير في نص الرواية لتحقيق أغراض مختلفة. وهذا يعني أن البحث يركز على انعكاس الاسطورة بأنواعها وتقنيات توظيفها في الرواية. ويستند البحث إلى جزئين ، فالجزء الأول مدخل نظري لعرض مصطلح ومفهوم التوظيف والأسطورة، ثم يسلط الضوء على تقنيات التوظيف. والجزء الثاني يتناول أنواع الأساطير وتوظيفهم في رواية كوجرەو كوجرەو ل عبد الله السراج. وفي النهاية تعرض النتائج وقائمة المصادر.


الكلمات الدالة: توظيف، تقنيات التوظيف، الاسطورة، انواع الاسطورة، كوجرەو كوجرەو.

## Abstract

## The Use of Myth in Kurdish Novel, Abdullah Saraj's Kochraw Kochraw as an example

This study is entitled "The Use of Myth in Kurdish Novel, Abdullah Saraj's Kochraw Kochraw as an example". The study is an attempt to present the types of myth from different perspectives, that is, it highlights the classifications for the types of myths. In this study, the Use of myth and its techniques are emphasized in order to present how the myths have been used in the novel. That is, the study is concerned with various techniques of the Use of myth in the mentioned novel. The significance of the study lies in the way myth is reflected in Kochraw Kochraw' novel. The study is divided into two parts. The focus of the first part is on introduction, the concept and term of Use, the definition of myth and then Use techniques. The second part embraces the types of myth and the Use of myth types in Abdullah Saraj's Kochraw Kochraw. Finally, the conclusion, references and Arabic and English abstracts of the study are presented.


Use, Techniques of Use, Myth, Types of myth, Kochraw Kochraw